
حیزبی دیموکراتی کوردستان
Kurdistan Democratic Party
1945
٢٥
کەمن مردم کورد نامری
شەهید دوکتور قاسملوو
ساڵوەگەری ٢٥ی ساڵەی شەهیدانی وییەن
ئامادە کردنی : رەحمان نەقشی

## پێڕست

١- لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چۆن بەرەو یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی د.قاسملوو بچین؟..................قادر وریا................ ٤
٢- ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٥ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو......................... ٥
٣- پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی د. قاسملووی نەمرەوە.................................. ١٠
٤- خالید عەزیزی: بە قازانجی بیرو ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو بوو کە ئێمە بەسەر یەکەوە بووایـن و بە یەکەوە یادی دوکتور قاسملوومان بکردایەتەوە.............................................................................................. ١١
٥- وتاری مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب،لە ڕێورەسمی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن، لە وڵاتی نۆروێژ............ ٢١
٦- قسەکانی د. فرێدریک تیسۆ کۆنسولی پێشووی فەڕانسە لە کوردستان لە سیمیناری ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی د. قاسملوو لە پارلمانی بریتانیا.............................................................................................. ٢٨
٧- قسەکانی دوکتور ئاسۆی حەسەن زادە لە سیمیناری ٢٥ ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملوو لە پارلمانی ئینگلستان.......................... ٣٠
٨- کاوە ئاهەنگەری: ڕوانینی ستراتیژیکو ڕووناکبیرانە لە پرسی نەتەوەییدا بەهێزترین لایەنی کەسایەتیی د. قاسملوو بوو............... ٣٣
٩- وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حدکو بەرپرسی کۆمیتەی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن....... ٣٦
١٠- لە بنکەی دەفتەری سیاسی حدک، ڕێورەسمی ٢٥ ساڵەی شەهید کرانی د. قاسملوو و هاوڕێیانی بەڕیوەچوو.................................. ٣٧
١١- بەڕێوەچوونی سمینارێک بۆ باس لەسەر ڕوانگەو بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو...................................................... ٣٩
١٢- بەڕێوە چوونی ڕێورەسمی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن لە گۆڕستانی پێرلاشێز.............................................................. ٤١
١٣- کۆڕیادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن لە ئۆسلۆی پایتەختی نۆروێژ بەڕێوەچوو............................................................. ٤٢
١٤- بەڕێوە چوونی سیمیناری پارلمانی بریتانیا بەبۆنەی ٢٥ ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملوو................................................ ٤٦
١٥- بەڕێوەچوونی کۆڕیادی ٢٥ ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملوو لە ڤانکۆڤەری کانادا....................................................... ٤٩
١٦- بەڕێوەچوونی هەڵمەتی نەمام چاندن لە یادی ٢٥ ساڵەی تێرۆری شەهید دوکتۆر قاسملوودا........................................ ٥٠
١٧- کار و چالاکییەکانی نێوخۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەر.......................... کوردستان و کورد ................ ٥١

* بەردەوامیی چالاکیی تەبلیغی لە بۆکانو ڕەبەت
* چالاکی تەبلیغی لە مەریوان بەبۆنەی ساڵیادی تیرۆرکرانی شەهید قاسملوو
* بەرزڕاگرتنی یادی دوکتور قاسملوو لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
* مانگرتنی کۆمەڵێک بەندیی سیاسی لە زیندانی ورمێ بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕەوە
* چالاکیی تەبلیغی لە مەهاباد، بانەو پیرانشار بە بۆنەی ساڵیادی تیرۆرکرانی قاسملوو و هاوڕێیانی
* چالاکیی تەبلیغی لە بانە بەبۆنەی ساڵرۆژی تێرۆری دوکتور قاسملوو
* پیرانشار: چالاکی تەبلیغی بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ٢٥ساڵەی شەهید بوونی د. قاسملوو

١٨- کۆماری ئیسلامی چۆن بەرەوڕووی ٢٢ی پووشپەڕبۆوە؟! ........................................................................... ٥٤
١٩- مانگرتنێکی جیاواز! (لە پەراوێزی بانگەوازەکەی ئەمساڵی حدک بۆ ٢٢ی پووشپەڕ)........................ ناسر باباخانی ............ ٥٦

# ٢٥ شەهیدانی وییەن


٢٠- سوپاسنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستان ڕێز لە وەفاداریو هەڵوێستی ئەمەگناسانەتان دەگرین.................... ٥٨

٢١- ٢٥مین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملووی نەمر،سیاسەتمەدارێک کە ڕەق و دوژمنایەتی لە دەروونیدا نەبوو... دکتر گلمراد مرادی....... ٥٩

٢٢- ئەوان نەک بۆ وتووێژ، بۆ کوشتنی پەیامهەڵگری ئاشتی هاتبوون....... بە قەڵەمی کریس کۆچێرا..........و. قادر وریا............ ٦٣

٢٣- بیری لێنین و باخەکانی سەمەرقەند : گەشتێک بەنێو کتێبخانەکەی دوکتور قاسملوودا..........ئاسۆی حەسەن زادە.......................... ٦٧

٢٤- بە بۆنەی ٢٥ مین ساڵی تێرۆری ڕێبەری هەڵکەوتوی کورد د.عەبدولرەحمان قاسملوو...................لوقمان زەهرایی............... ٧٠

٢٥- قاسملوو بۆ بەرەو پیلی مەرگ چوو؟..........................................................ئاگری باڵەکی................... ٧٥

٢٦- د.قاسملوو ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە گۆڕەپانی دیپلۆماتیکدا..................................هەژیر عەبدوڵڵاپوور............... ٧٩

٢٧- شرۆڤەیەک بۆ بنەماکانی خەباتی دوکتور قاسملوو.................ئارەش لورستانی.................و. سیروان موساپوور.............. ٨١

٢٨- قاسملوو، ڕێبەرێکی کوردستانییو ئەخلاق تەوەر لە سیاسەتدا..........وحدت قلی زادە پیرانجوق........و: سیروان مووساپوور.......... ٨٤

٢٩- ٢٢ی پووشپەڕ، ڕۆژی مەحکوومکردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی......................................قادر وریا............................. ٨٩

٣٢- تۆلە [ هۆنراوە ] ..............................................................................بێبەش........................ ٩٥




# لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چۆن بەرەو یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی د.قاسملوو بچین؟

قادر وریا

لە ٢٢ی پووشپەڕی داهاتوو دا(کەمتر لە مانگێکی دیکە) ٢٥سال بە سەر تیرۆری د.قاسملووو هاوڕێیانی بە دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، رادەبرێ. ٢٢ی پووشپەڕ، ئەو ڕۆژەیە کە د.محەممەد سەدیق کەبوودوەند چەند ساڵ لەمەوبەر لە پەیامێکی تایبەت دا لە بەندیخانەی ئێوینەوە،بە ڕۆژی دژایەتی لە گەڵ تیرۆری دەوڵەتی ناودێری کرد.




لە نیوەی دووهەمی دەیەی٩٠ی هەتاوییەوە، خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لە هیندێک شار و ناوچەکان، بە مانگرتنی گشتی و داخستنی دوکان و بازاڕ، لەم ڕۆژە دا بیزاریی خۆیان لە تیرۆری دەوڵەتی و وەفای خۆیان بۆ ئەم ڕێبەرە شەهیدە پێشان دەدا. بەڵام دامو دەزگای سەرکوتی ڕێژیم،بە کەلکوەرگرتن لە هەڕەشەو سزای جۆراوجۆر، سال بە ساڵ توندتر بەرەوڕووی ئەو خەڵکە دەبوونەوە کە بەشداری ئەو مانگرتنە گشتیە دەبوون‌و تێچووی ئەم جۆرە نارەزایەتیدەربڕینەیان جاربەجار پتر دەبردە سەر. ساڵانی دواتریش ڕێزگرتن لەو ڕێبەرە شەهیدەو بیزاری دەربڕین لە کۆماری ئیسلامی لە رۆژی تێرۆری ئەو ڕیبەرە کوردە دا،بە شیوەی دیکە درێژەی هەبووە. بەڵام ئاشکرایە شوێنەواری زاڵبوونی سەرکوت‌وکەشوهەوای ئەمنییەتیی ئێرانی پێوە دیار بووە.

ئەم یادە(تیرۆری د.قاسملوو) هەر تەنیا هی دیموکراتەکان نییەو خەڵکێکی زۆر لە دەرەوەی ئەندامان و لایەنگران و تیکۆشەرانی حیزبی دیموکرات هۆگرو لایەنگری ڕێگاو ئامانجەکان وکەسایەتیی ئەو ڕێبەرە گەورەیەن‌و هەر لەو کاتە دا،دەیانەوێ لە دەرفەتی گونجاودا کارنامەی تیرۆریستی‌و سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکەن. هەر وەها ئەم ڕۆژەو ئەم یادە لە مێژ ساڵە تیکەڵ بە جۆرێک لە نارەزایەتیدەربڕینی هێمنانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. بۆیە جێی خۆیەتی لە بازنەیەکی گەورەتردا قسە لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ساڵانەی ئەم یادە بکرێ ولە بەر ڕووناکایی ئەزموون و ئیدەی جۆراوجۆر،کردەییترین‌و گونجاوترین پێشنیارەکان بۆ چۆنیەتیی بەڕیوەبردنی یادی ٢٥ساڵەی تیرۆری د.قاسملوو ئامادە بکرێ.

شاراوە نییە کە باسکردن لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەم یادە، باری ئەمنیەتیشی هەیە کە بێگومان،رەچاوکردنی پێویستە.بەلام هەر لەو کاتەدا،هەڵسەنگاندنی ئەزموونەکانی ڕابردوو، لێکدانەوەی دروستی بارودۆخی نیوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان،کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر تاکتیکەکانی دەزگای سەرکوتی ڕێژیم،ئالوگۆڕی بیروڕا لە بارەی کەموکوڕییەکانی رابردوو وخستنەرووی ئیدەی داهینەرانەش بەشێکن لە پێویستییەکانی بەڕێوەبردنی سەرکەوتوانەی ئەم یادە.

لەم ڕوانگەیەوە،هاوفکری لە نێوان هەموو ئەو کەسانەی گرنگی بەم یادە دەدەن، بە پێویست دەزانم. ورووژاندنی ئەم باسەو هینانەگۆڕی ئەم پرسیارەی سەرەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، یارمەتیمان دەدا کارێک کە پێوەندیی بە ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە هەیە، نەک لە بازنەیەکی بچووک،بەلکوولەبەر ڕووناکایی باس وبیروراگۆڕینەوەیەکی خەسارناسانە وداهێنەرانە دا، بڕیاری لە سەر بدرێ. بەو هیوایەی بە هاوفکری و هاوبەشیی دلسۆزانەی هەموو ئەو کەسانەی ئەم یادە لای ئەوان،گرنگی و جێگایەکی تایبەتی هەیە، ئەمساڵ بە شێوەیەکی دیارتر،بیرەوەریی ٢٢ی پووشپەڕ لە نێوخۆی ولات دا بەڕێوە ببەین.

جێگای وەبیرهێناوەویە کەسانێک کە پێشنیار و ئیدەیەکی تایبەتیان هەیە و بە هۆی ئەمنیەتی نایانهەوێ لە شوێنی گشتی دا باسی بکەن، دەتوانن بۆ ڕێبەری و ڕێکخستنەکان و راگەیەنەکانی حیزبی دیموکراتی بنێرن تا بە تێبینییەوە باسیان لێ بکرێ و بڕیاریان لە سەر بدرێ.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١٦ای جوونی ٢٠١٤

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی د.قاسملووی ڕێبەرەوە

هاونیشتمانانی بەڕێز!

خەڵکی خەباتگێڕو خۆڕاگری کوردستان!

هۆگرانی ڕێگاو ئامانج و خزمەتەکانی قاسملووی نەمر!

لەمێژووی پڕکارەساتی نەتەوەکەمان‌دا٢٢ی پووشپەڕ وەبیرهێنەرەوەی یەکێک لەتاڵترین ڕووداوەکان و بەژانترین زامەکانی سەر جەستەو ڕۆحی گەلی کوردی مافخوراو و بێبەشە.

٢٥ساڵ لەمەوبەر لەم ڕۆژەدا،دڵی پڕلەئومێدی ڕێبەری بەتوانای بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، د.عەبدوڵڕەحمان قاسملووو هاوڕێ عەبدوڵلا قادری ئازەر، درایەبەر گوللەی چەکی قین لەدڵانی کۆماری ئیسلامی‌و بەو جۆرەزامێکی قووڵی دیکەکەوتەجەستەی کوردو بۆ جارێکی دیکەبەشەهیدکردنی ڕێبەرێکی کورد کەبۆ ئاشتی‌و ئازادی خەباتی دەکرد، پەیامی شەڕو ئینکارکردنی مافی نەتەوەی‌کورد بەگوێی جیهاندا درایەوە.

٢٥ساڵ لەمەوبەرو لە ڕۆژی ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ دا، کاتێک د.قاسملوو بەمەبەستی وتووێژ بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕی ماڵوێرانکەری ڕێژیمی ئێران لەدژی خەڵکی کوردستان‌و بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لەئێراندا، چووبووەڤییەنی پێتەختی ئوتریش، لەسەر مێزی بەناو وتووێژ لەگەڵ هاوڕێیانی کاک عەبدوڵلا قادری ئازەرو د.فازل ڕەسووڵ لەلایەن تیرۆریستە بە ڕواڵەت دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامی‌درانەبەرگوللەو شەهید کران. بەم جۆرە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ جارێکی دیکەش نییەتی دوژمنانەی خۆیان بەرامبەر بەمەسەلەی کورد ئاشکرا کردو جیهانیان لەم نیازەی خۆیان گەیاند کەئەوان ئاشتییان ناوێ و ئامادە نین لە گەڵ کورد ڕێک کەون.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کە بۆخۆیان داڕێژەری سەرەکیی ئەم پیلانە جینایەتکارانەیەبوون،باش ئاگاداری توانایی‌یەکان‌و ڕۆڵ‌و دەوری قاسملوو لەکاری سیاسی‌و دیپلۆماسی‌دا بوون و دەیانزانی شارەزایی و بەتایبەت نفووزی قاسملوو لەکۆڕو کۆمەڵەنێودەوڵەتییەکاندا چەکێکی گرینگەبۆ ناساندنی نێوەرۆکی دژەمرۆیانەی ڕێژیمەکەی ئەوان و لەقاودانی هەرچی زیاتری تاوان‌و پیلانەکانیان. ئەوان دەیانزانی قاسملوو تەنیا فەرماندەری هەزاران پێشمەرگەی خۆبەختکەر نیە کە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەنگەری بەرگری لە کەرامەتی ئینسانیی نەتەوەکەیان دان‌و ساڵانێکە بوون بەلەمپەرێک لەبەرامبەر سیاسەتی قەڵاچۆکردن‌و کپ‌کردنی دەنگی خەڵکی کوردستاندا، بەڵکوو ڕێبەرێکی سیاسیی بەتواناشە کەلەدەرەوەی سنوورەکانی کوردستانیش گوێ بۆ وتەکانی رادەگیرێ‌و سەرنج‌و تێبینی‌یەکانی سەبارەت بەمەسەلەی کوردو سیاسەتەکانی

# ۲۵ شەهیدانی ڤییەن

کۆماری ئیسلامی، لێ وەردەگیرێ. هەوڵدانی ئەوان بۆ شەهیدکردنی قاسملوو هەم بەنیازی بێبەشکردنی کورد بوو لەچنینەوەی بەرهەمی ئەو هەموو تێکۆشانەی د.قاسملوو لەلایەکو لەلایەکی دیکەش به خەیاڵی بەچۆکداهێنانی هێزی پێشمەرگەو لەو ڕێگەوە بەچۆکداهێنانی خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر بیری کۆنەپەرستانەو داگیرکەرانەی خۆیان‌دابوو.

ئەگەر ئاوڕێک لەرابردووی تێکۆشانی د. قاسملوو بدەینەوەدەبینین کەلەلەگەڵ ئەوەی لەتەمەنی کاری سیاسیی خۆیدا هەموو هەوڵی خۆی داوە بۆ دیتنەوەی ڕێگەچارەی گەیشتنی گەلەکەی بەمافەکانی، بەڵام قەت خۆی لەچوارچێوەی بیری تەسکی سیاسی‌و حیزبیدا، زیندانی نەکرد. ئەو کاتێک بەتەواوی قەناعەتەوەو بەباوەڕهێنان بەوەی کە مەسەلەی کورد بە ڕێبەریی حیزبێکی بەهێزی کوردی بە ئامانج دەگا، ڕووی کردەوەحیزبی‌دیمۆکراتی کوردستان، هەموو هەوڵی خۆی بۆ زیندووکردنەوە و بەهێزکردنی حیزبی دیموکرات دا. د.قاسملوو لە هەلومەرجێکدابڕیاری دا کە بگەڕێتەوەو ڕێبەریی حیزب بکا کە دەیزانی بارودۆخی سیاسیی وڵات بەرەو گۆڕان دەڕواو کورد دەبێ بۆ دەرخستنی پێگەی راستەقینەی خۆی دەوری کاریگەری لەو ئاڵوگۆڕانەدا هەبێ. لەکۆنفرانسی۳و کۆنگرەی۳دا حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی لەباری سیاسی، فیکری‌و بەرنامەییەوە بەجۆرێک ڕێکخستەوەکەسالانی دواتر، توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵوگۆڕە گەورانەی هەبێ کە لە ئێران‌و کوردستان دا روو دەدەن. کاتێک چەند ساڵ دواتر لەئێران شۆڕش‌کراو ڕیژیمی پاشایەتی ڕووخا،دەرکەوت کە هەوڵەکانی ساڵانی پێشووی قاسملوو چەندەگرنگ‌و بایەخدار بوون .

د. قاسملوو لەگەڵ ئەوەشدا کەزۆرگرنگیی بەکاری ڕێکخراوەیی‌و فیکری‌دەدا، وەک سیاسەتمەدارێک هەرگیز خۆی بەڕابردووەوەنەبەستەوە. ئەو بەمانای راستەقینەی وشە، سیاسەتمەدارێکی پراگماتیک بوو. سیاسەتی بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتو سەرکەوتن دەکرد، بۆیەلەهەر فورسەتێک‌کەهاتبایە پێش کەلکی وەردەگرت. خەڵکی کوردستان باش لەبیریانەکەلە قۆناغی دوای سەرکەوتنی شۆرشی ۱۳۵۷دا، ئەو ڕێکخراوانەی لە تێکۆشان و سیاسەتدا تازەکار بوون،ئەو بوێرییانەی قاسملوویان بەسازشکاری و فورسەت تەلەبی‌و موزاکرەجوویی ناودەبرد. ئەو دەم د.قاسملوو دەیگوت ئەگەر تەنانەت یەک رۆژ درەنگتر شەڕ دەست‌پێ‌بکا، بەقازانجی کوردە،بەڵام زۆر کەس بە داخەوە لەم رستە پڕمانایەتێنەدەگەیشتن.

هەر ئەو سەردەم‌کاتێک هێزی‌پێشمەرگەی کوردستان لەهەموو بەرەکانی شەڕدا سەرکەوتووانە پێشی بە پەلاماری لەشکری ڕێژیمی تازە گرتبوو، شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران و ئێراقیش دەستی پێکرد. د.قاسملوو لە یەکەم پەیامیدا وەک نەیزەکێک درێ بەبیری تاریکی کۆنەپەرستان دا کە بەردەوام هەوڵیان دەدا ئەوو حیزبەکەی‌و خەڵکی کوردستان وەک دوژمنێکی سوێندخواردووی خەڵکی ئێران نیشان بدەن. ئەو،رایگەیاند ئەگەر کۆماری ئیسلامی مافەکانی خەڵکی کوردستان بەرەسمی بناسێ، بەهەموو تواناوەلە بەرامبەردەستدرێژیی عێراق بۆ سەر خاکی ئێران ڕادەوەستین.

د.قاسملوو نەک لە خەیاڵدا بەڵکوو لە سەر ئەرزی واقیع سیاسەتی دەکرد، بۆیە هەر کات پێویست با قسەی خۆی‌دەکردو پەیامی خەڵکی کوردستانی بەهەموو لایەک رادەگەیاند، بەبێ ئەوەی‌ترسی لەتانەو ڕەخنەی کەس هەبێ. کاتێکیش پێشبینیی ئەوەی کرد کەشەڕی ئێران و عێراق پاش8 ساڵ بەردەوامی، بەرەو کۆتایی‌دەڕواو دەیزانی کەهەردوو وڵات زۆرلاواز بوون،دیسان ئەو هەلەی قۆستەوەو جارێکی دیکەش ڕێگەی ئاشتیی خستەبەردەم کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی. د.قاسملوو، هەوڵی‌دەدا حیزبی دیموکراتو بزووتنەوەی کوردستان لەگەڵ هەلومەرجێکی نوێ‌دا خۆبگونجێنن‌و بەو پێوانەسیاسەت بکەن ئەگەر کرا فورسەتەکان بقۆزنەوە. د.قاسملوو بەحەق باوەڕی بەوەهەبوو کەلەئێران کێشەی کورد بەشەڕ چارەسەر ناکرێ، بۆیە هەموو ڕێگەیەکی دەگرتەبەر بۆ ئەوەی شەڕ لە میللەتەکەمان لەرۆژهەڵات دوور بخاتەوەو تا ئەو جێگەیەی لەتوانادا هەیە، هەلی نوێ بۆ چارەسەری پرسی کورد،بخوڵقێنێ. بەڵام بەداخەوە ڕێبەرانی شەڕخوازو دژەکوردی کۆماری ئیسلامی، نیازپاکیی قاسملوویان بۆ نیازێکی شووم، بۆ لەداوخستنی ئەو ڕێبەرە کوردە قۆستەوەو شەهیدیان کرد.

د.قاسملوو لەهەموو ژیانی سیاسیی خۆی‌دا هەوڵی دەدا هاوڕێیانی‌و نەسلەکانی داهاتوو فێربکا کە بەشێلگێری‌و بەردەوامی‌بەدوای ئامانجەکانیان‌دا بڕۆن، لەسیاسەتکردن‌دا ئازابن، توانای ئەوەیان هەبێ لەگەڵ هەلومەرجەسیاسییەنوێیەکاندا خۆبگونجێنن. ئەو فێری کردین لەگەڵ پێداگری لەسەر پرەنسیپەکان تووشی چەقبەستوویی فیکری نەبین‌و وابکەین بۆ کەلکوەرگرتن لەهەر فورسەتێک‌و لەهەر قوناغێکی تایبەت لەخەباتدا،

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

هەمیشە دەستمان ئاواڵەبێ. بێگومان قاسملوو بۆ خەبات سیمبولێک و بۆ سیاسەت مامۆستایەکەنەتەنیا حیزبی دیمۆکرات بەڵکوو هەموو خەڵکی کورد بەتایبەت لەرۆژهەلاتی کوردستان جێی خۆیەتی شانازیی پێوەبکەن‌و وانەکانی لەبیرنەکەن.
بەم جۆرەقاسملوو شوێندانەرترین رێبەری سیاسی بووەلەبزووتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستاندا و هەتا ئێستاش پێگەی فیکری‌و سیاسیی ئەو لەپەرەئەستاندن‌دایە. ئیستاش ٢٥ ساڵ دوای شەهید کرانی د.قاسملوو، بە ڕوونی دەردەکەوێت کەپەیامەکەی لەجێی خۆیدایەو بیری ئینکارکردن‌و پەنابردن بۆ شەڕو سەرکوتو توندوتیژی‌نەیتوانیوەو ناتوانێ ئیرادەی نەتەوەیەک لەنێو ببا.

### خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!

لەو ٢٥ ساڵەداکە رێبەری شەهید د.قاسملوو لەنێومان‌دا نەماوە گەلێک گۆڕان،جیهان‌و بەتایبەت ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گرتوەتەوە. تێکچوونی دنیای دوو جەمسەری، رێگەخۆشکەر بوو بۆ دەربڕینی ئازادانەی بیرو خواستی نەتەوەیی‌و سەربەخۆبوون لەزۆر لەو ناوچانەدا کەنەتەوەکان بەزۆرەملی‌و بەدوور لەئیرادەی خۆیان لەژێردەسەلاتی رێژیمە توتالیتێرەکاندا ڕاگیرابوون. ئەوکاتو لەئاکامی ئەو گۆڕانانەدا زۆر لەو نەتەوانە، بڕیاری یەکلاکەرەوەیان لەسەر چارەنووسی خۆیان داو چەندین وڵاتو دەوڵەت، سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند.
لەعێراق ڕاپەڕینی خەڵک لەدژی رێژیمی بەعس‌و بەتایبەت راپەڕینە مەزنەکەی ٥ی مارسی ١٩٩١ ی کوردستان، ئەو ناوچەیەی بەرەو گۆڕانێکی گەورە پاڵ پێوەناو بووەهۆی ئەوە خەڵکی باشووری کوردستان لەبەشێکی گەورەی نیشتمانەکەیان‌دا دەسەلاتی خۆیان بگرنە دەست. ئەمەش بوو بەسەرەتایەک بۆ دامەزراندنی‌دەسەڵاتێکی دیموکراتیی خۆجێیی و پێکهێنانی پارلمان‌و حکوومەتی کوردی لە هەرێمی کوردستان‌دا.
لە باکووری کوردستان، سەرەڕای ئینکاری دەیان ساڵەی بوونی کورد لە تورکیە، بەدوای بەدەسەڵات گەیشتنی پارتی دادو گەشەپێدان و لەژێر کاریگەریی خەباتی بێ‌وچانی تێکۆشەرانی کورد لەو وڵاتە، دۆزی کورد رێگەی بەرەو مەسیری چارەسەری ئاشتیانەگرتوەتەبەر. لەگەڵ ئەوەی شەڕ بۆ لەنێوبردنی کورد دەیان ساڵ درێژەی هەبوو، لەولاشەوەخۆڕاگری و بەربەرەکانی بۆ مان و پاراستنی هوویەتی کوردی بەردەوام بوو، زۆر زووتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا زمانی ئاشتی جێگەی شەر و هەڕەشەی گرتەوەو هەرچەند هەتا ئێستاش چەکەکان بەتەواوی وەلانەنراون بەڵام ئومێدی زۆر هەیەکەقۆناغی کۆتاییهێنان بەشەڕو چەسپاندنی ئاشتی لەپێناوی دابینکردنی مافەنەتەوایەتیەکانی کورددا بگاتە ئەنجام، کەبێ‌گومان دەتوانێ زۆرترین کاریگەریی لەسەر گۆڕانەکانی داهاتوو لەناوچەکەدا هەبێ.
لەسووریەش بەدوای پەرەگرتنی شۆڕشی گەلانی عەرەب لە وڵاتە عەرەبییەکان‌داو پەلهاویشتنی ئاگری ئەو شۆرشەبۆ ئەو وڵاتە، دانیشتوانی ناوچەکوردییەکان لەباکووری سووریا، هەلێکی لەباریان بۆ رەخساو هەوڵیاندا ناوچەکانی خۆیان بپارێزن‌ودەسەڵاتی خۆجێیی‌کوردی لەو ناوچانەدا دروست بکەن. ئێستا لەبەشێکی ئەو ناوچەکوردییانەدا لەرێگەی دروستکردنی کانتۆنی جیاجیاوە، خۆبەڕێوەبەرییەکی کاتی دامەزراوەکەجێگەی خۆشحاڵیەو هیوادارین بەوردبینیی زیاترەوە رێبەری بکرێ‌و هاوتەریب لەگەڵ ئامانجەگشتیەکانی نەتەوەی کورد بەرەوپێش‌بڕواتو لەداهاتوودا ببێتە مەکۆیەک بۆ هەموو رزگاریخوازانی کورد لەم ناوچەیەدا.
بەڵام لەئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، رێبەرانی ریژیم هەتا ئێستاش لەسەر نەبوونی کێشەیەک بە ناوی مەسەلەی کورد لەئێراندا پێداگری دەکەن. کۆماری ئیسلامی لە٣٥ساڵ تەمەنی خۆی‌دا لە هەموو رێگەیەکو بەهەموو توانایەکەوەهەوڵی سەرکوتکردن و کپکردنی دەنگی خەڵکی کوردستانی‌داوە. لەهێرشی بەربڵاوی نیزامییەوە کەدەیان هەزار شەهیدی لێکەوتەوە، هەتا پڕکردنی زیندانەکان لەئازادیخوازانی کورد و ئێعدامی تاک تاکو بەکۆمەڵی رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیەو راوەدوونانی تێکۆشەرانی‌کورد خۆی نەپاراستوە.
رێبەرانی ڕێژیمی ئێران کەتەنیا بیریان لەسەرکوتی کورد و ئیرادەی مافخوازانەی ئەو نەتەوەیە دەکردەوە تەنانەت پەنایان بردەبەر تیرۆری رێبەرانی حیزبی دیمۆکرات و پێیان وابوو لەرێگەی ئەو زەبرەگەورەوەدەتوانن بەئاواتەکانیان بگەن. ئێستا دوای٣٥ساڵ لەتەمەنی کۆماری ئیسلامی و دوای تێپەڕبوونی٢٥ ساڵ بەسەر شەهید بوونی د.قاسملوودا

دەردەکەوێ کەهیچ یەک لەو ڕێگایانەنەیتوانیوە نیازە شوومەکانی ئەوان وەدی بێنێ. ئاشکرایەئیرادەی نەتەوەیەک بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی بەهیچ شتێک لەبن نایەو نەتەنیا شەڕو سەرکوت بەڵکوو تێرۆری ڕێبەرەکانیش ناتوانێ ئەوجۆرەی داگیرکەران دەیانەوێ، چارەسەری کێشەکان بکا.

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**

لەماوەی یەک ساڵی ڕابوردوودا و بەتایبەت لەدوای دەرچوونی بەیاننامەی ئاغای روحانی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لەئێراندا بەئیشارەو لە توێی هێندێک ئاماژەی ناڕوون، ڕووانینێکی تا ڕادەیەک نوێ سەبارەت بەمەسەلەی نەتەوەکان لەئێراندا- دیارە لە ژێر ناوی" اقوام ومذاهب"ی ئێرانیدا- هاتوەتە گۆڕێ.
هەرچەند حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە پشتبەستن بەوانەو ئەزموونەکانی ڕێبەرانی شەهیدی، بەردەوام ڕایگەیاندوەکەمەسەلەی کورد لەئێراندا پرسێکی تایبەتەو دەبێ کێشەکان وەک خۆیان ببینرێن و ڕێگەچارەی ئەم مەسەلەیەش، ڕێگەخۆشکردن بۆ پێکەوەژیانێکی ئاشتیانەلەئێرانداو دابینکردنی مافی نەتەوەییە کە ئەمەش تەنیا بە وتووێژو لێکتێگەیشتن وەدی دێت، بەڵام بەداخەوە سەرانی کۆماری ئیسلامی هەتا ئیستاش بە ڕوانینێکی ئەمنییەتییەوەسەیری مەسەلەی کوردستان دەکەن. سەرەڕای ئەو لێدوانە پچڕپچڕانەلەسەر مەسەلەی ئازادیی ئەقوام و مەزاهێب، هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سیاسەتی ڕێژیمدا سەبارەت بە کوردستان و هەوڵدان بۆ دیتنەوەی ڕێگەچارەی ئوسوولی، بەدی ناکرێ.
گۆڕانەکانی ئەو چەندساڵەی دوایی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەت دوو ئەزموونی گرنگی پێوەندیدار بەمەسەلەی کوردەوەلەتورکیاو عێراق ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کەڕێگەی پێکەوەمانەوە لەنێو نەتەوەکان و پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتیکدا، ڕێگەی لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنە نەک شەڕو سەرکوتو پەڕاویزخستن، وەک ئەوەی ئێستا لەعێراقدا دەیبینین. لەعێراق، دوای١٠ ساڵ دەسەڵاتداریی نوێ و دوای ١٠ساڵ هەوڵی کورد بۆ تێگەیاندنی هاوبەشە سیاسییە عەرەبەکانی لەمافەکانی و دوای ئەوەی کەهەموو هەوڵێکی بۆ برایەتی و پێکەوەژیان بێئاکام مایەوە، گۆڕانە چاوەڕوان نەکراوەکان کوردیان گەیاندۆتەقۆناغێکی نوێ لەدابینکردنی مافەکانیان. ئەوان لەباشووری کوردستان بە پشتبەستن بەئیرادەی خۆیان بەرەو چارەسەرییەکی یەکلاکەرەوەدەڕۆن. لێرەداجێی خۆیەتی کەهیوای سەرکەوتنیان بۆ بخوازین و دڵنیایان بکەینەوە کەڕێبوارانی ڕێگای قازی محەممەدو د. قاسملوو خۆیان بە پشتیوانیان دەزانن و لە پاڵپشتی و یارمەتیدانیان دریغی ناکەن.

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

ئەگەر ٢٥ ساڵ لەمەوبەر دەستی تیرۆرو جینایەت ڕێبەرێکی مەزنی لەئێمەئەستاندو ئێمەی لەزانستو تواناو ئەزموونەکانی بێبەش کرد، ئەو لە پاش خۆی حیزبێکی بەجێهێشت کەدڵنیا بوو بۆ خەبات و گەیشتن بەئامانجەکانی دەتوانێ درێژەبەتێکۆشان بدا.
قاسملوو دەیزانی لەحیزبەکەیدا کەسانێکی وا پەروەردەبوون کەبتوانن لەسەر ئەو ڕێبازەدرێژەبەسیاسەت بدەن و هەم دڵنیاش بوو لەوەی کە خەڵکی کوردستان وەک پشتیوانانی ڕاستەقینەو هەتاسەری حیزبی دیموکرات، لەبەرامبەر دوژمنانیدا لە پشت حیزبەکەیەوەدەبن و ئەمەی بە ڕەمزی سەرکەوتن دەزانی.. چونکەئەو باوەری وابوو کە سەرچاوەی هێزی بنەڕەتیی خەبات و تێکۆشان، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانن و هەتا ئەو خەڵکە پشتیوانی حیزبی دیمۆکرات بن، حیزب لەتێکۆشان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان ڕاناوەستێ.
ئێوە خەڵکی تێکۆشەرو ئازادیخوازی کوردستان! بە وەفاداریتان بە ڕێگاو ئامانجەکانی د. قاسملوو، نیشانتان داوەکەمەرگ، نەک هەر نەیتوانیوە ئەو ڕێبەرە مەزنەلە بەر چاوی ئێوە ون بکاو لەبیر ئێوەی بباتەوە، بەڵکوو ئێستاش دوای٢٥ ساڵ، ئێوەهەروا یاری وەفاداری ڕێگاو ڕێبازەکەی ئەون و قاسملووی نەمر، بۆ ئێوە سیمبوڵی ڕێبەرێکی هەمیشەزیندوویە. هەموو جیهانیان دەزانن دوای تێپەڕ بوونی ٢٥ساڵ لەشەهید بوونی ئەو

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

گەورە پیاوە، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستاش قاسملوولە نێو خۆیان دا دەبینن‌و لە خەباتی نەتەوەیی وئازادیخوازی‌دا بە ڕێبەری خۆیانی دەزانن.

تێکۆشەران،ئەندامان،لایەنگران‌و دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!

لەم بیرەوەرییە ناخۆشەداو لە پاش تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ بەسەرشەهید بوونی ڕێبەری مەزنمان د.قاسملوودا، دەبێ لەڕێگەی تێکۆشانی بەردەوام‌و برەوپێدانی تێکۆشان‌و چالاکی‌یەکانمان،هەر وەها کارکردن بۆ بەهێزبوون‌و بەرینترکردنی مەیدانی خەباتمان، بەسووربوون لەسەر داوا ڕەواکانمان و پێداگری لەسەر درێژەدانی خەبات تا گەیشتن بەئامانجەکانمان،یادی ئەو ڕێبەرە گەورەیەو هاوڕێی تاسەری، کاک عەبدوڵلا قادری‌و هەموو شەهیدانی کوردستان بەرز رابگرین. هەر لەم بیرەوەرییەش دا بەرێزەوە یادی نەمر کاک سەلام عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات دەکەینەوە کە ٢٥ساڵەی تیرۆری د.قاسملووی نەمر بەرامبەرە لە گەڵ پازدەیەمین ساڵی کۆچی دوایی ئەو ڕێڕەوو هاوخەباتە بەوەجەی قاسملووی مامۆستاو ڕێبەر.

حیزبەکەتان، حیزبی دیموکراتی کوردستان ٢٥ساڵ دوای شەهید بوونی د.قاسملووی ڕێبەر، وەفادار بە ڕێگا و ئامانجەکانی و دڵگەرم بە پشتیوانیی نەتەوە ئەمەگناسەکەی قاسملوو، بەگەشبینی‌و هیواوە بەرەوڕووی ڕووداوو ئاڵوگۆڕانی ناوچەو دەوروبەر دەچێ. دڵنیاشین ئەگەر درێژەدەرانی ڕێگەی قاسملووو نەتەوەکەی قاسملوو، هەروا بە وشیاری‌و لێبڕاوییەوە،درێژە بە خەباتی ڕەوای خۆیان بدەن، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە ئامانجەکانی دەگات و ئاواتی بەرزی قاسملو و هەموو شەهیدانی کوردستان وەدی دێ.

بەرزو بەڕێز بێ یادی ڕێبەری شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو،
سڵاو لە شەهیدانی ڤییەن‌و هەموو شەهیدانی ڕێگای رزگاریی کورد و کوردستان،
سەرشۆڕی بۆ ڕێژیمی تیرۆرستی کۆماری ئیسلامی،
سەرکەوتن بۆ خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و هەموو بەشەکانی کوردستان.

حیزبی دیموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
٢١ی پووشپەڕی ١٣٩٣
١٢ی جولای ٢٠١٤

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١٢ی جوولای ٢٠١٤

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی د. قاسملووی نەمرەوە

*خوشک و برایانی بەڕێز!*

*میوانانی ئازیز!*

*ژنانی خەباتگێڕ و مافخواز!*

ئێمە لێرە کۆبووینەوە تاکوو ڕێز لە یاد و بیرەوەریی گەورەپیاوی ناوداری کورد د. عەبدوالرەحمانی قاسملوو بگرین کە ٢٥ ساڵ لەوە پێش کەوتە بەر گوللەی رق و کینی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیەوە. ٢٥ ساڵ لەو غەدرە مێژوویە تێدەپەڕێ بەڵام فەزای لەدەستچوونی د. قاسملوو هەروا بەسەر کوردستاندا زاڵە. وا دیارە یاد و ناوی قاسملوو هەرگیز تۆزی فەرامۆشیی لەسەر نانیشێ و لە بیر و زەینی نەسلەکانی داهاتووشدا هەر بە نەمری دەمێنێتەوە.

*بەڕێزان!*

یەکیەتیی ژنان بە تایبەتی و ژنان لە ئێران و کوردستاندا زۆر قەرزداری د. قاسملوون. مەسەلەی ژن و دیفاع لە مافەکانی ژنان لەو مەسەلانەن لە لە کۆنەوە چ لە بەرنامەی حیزبەکەی د. قاسملوو کە بۆخۆی مامۆستاو دارێژەری بوو، چ لە وتار و وتووێژەکانیدا قەت غایب نەبووە. لە کتێبەکەیدا (چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا) زۆر بە جوانی ئاوڕی لە بارودۆخی ژنان لە کۆماری کورستان داوەتەوە و دامەزرانی یەکەتیی ژنان بە دەسکەوتێکی گرنگی کۆمار دەزانێ. د. قاسملوو لە دامەزراندنەوەی یەکەتیی ژنانیشدا یارمەتیدەر و مامۆستایەکی شێلگیر بوو.

د. قاسملوو خەباتی ژنانی لە پەنا خەباتی سیاسی و چەکداری بە شێوەیەک لە شێوەکانی خەبات دادەنا. لە ژێر کاریگەری و ڕێبەرایەتیی ئەو دابوو کە لە حیزبی دیموکراتدا ژنان جگە لەوەی کە وەک ئەندام یان پێشمەرگە کاریان کردوە کار دەکەن، بەڵکوو لە ئۆرگانەکانی حیزبدا لە خوارەوە تا ڕێبەری حوزووریان هەیە و خزمەت بە نەتەوەکەیان دەکەن. تەنانەت ژنان لە کوردستان لە دژوارترین شێوەکانی خەبات واتە خەباتی پارتیزانیدا بەشدار بوون. ڕەنگە یەکەم جار لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بێ کە پێشمەرگەی ژن لە سەنگەری هەرە پێشەوەدا شانبەشانی برا پێشمەرگەکەی خوێنی پاکی پێشکێش بە بارەگای ئازادی و نیشتمانەکەی کردبێ کە دیارە ژمارەی ئەو ژنانەش کەم نین. میللەتێک کە کوڕان و کچانی و، ژنان پیاوانی ئاوا شانبەشانی یەک بگەن بە لووتکەی خەبات و تێکۆشان، لە بەیانیی ئازادیدا ناتوانێ شاهیدی فەرق جیاوازیی نێوان ژنان و پیاوانی بێ.

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان وێڕای دەربڕینی نەفرەت لە تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و ئەو تێرۆریستانەی کە ئێستاش دەسەڵاتی واقعیی کۆماری ئیسلامیان بە دەستە، لە یاد و بیرەوەریی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی د. قاسملوو دا سەری ڕێز بۆ گیانی پاکی دادەنوێنێ و ڕێز لەو خزمەتە بێوێنانەیەی دەگرێ کە بە نەتەوەی کورد بە گشتی و بە ژنانی ستەملێکراوی کورد بەتایبەتی کردوونی.

سڵاو لە گیانی پاکی د. قاسملووی نەمر و هەموو شەهیدانی کوردستان.

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان

٢١ی پووشپەڕی ١٣٩٣ (١٢ی ژووئیەی ٢٠١٤) سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## خالید عەزیزی: بە قازانجی بیرو ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو بوو کە ئێمە بەسەر یەکەوە بووایین و بە یەکەوە یادی دوکتور قاسملوومان بکردایەتەوە

لە ٢٥ ساڵەی تیرۆری دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو سیاسەتمەداری ناوداری کوردو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتدا، کوردکاناڵ وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هێناوە کە لێرەدا دەقی پیادەکراوی ئەم وتووێژە دەخەینە بەر دیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان:



**کوردکاناڵ: کاک خالیدی بەڕێز زۆر بەخێر بێی سپاس کە داوای ئێمەت لە کوردکاناڵ قەبووڵ کرد.**

زۆر سپاس بۆ ئێوەش هەروەها بۆ سەرجەم بینەرانی کوردکاناڵو تێکڕای کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها جێی خۆیەتی کە لەو ڕۆژەدا سڵاوو ڕێزو ئیحترامو پێزانینی خۆمان بۆ روحی پاکی دوکتور قاسملوو بنێرین‌و جێگەی خۆشیەتی کە ئەوش دووپات بکەمەوە ٢٥ساڵ دوای دوکتور قاسملوو ئێمەی تێکۆشەرانی دێموکرات، خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سابیتمان کرد کە هەرچەند دوکتور قاسملوو لەنێوماندا نیە، بەڵام خەباتو تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بە تایبەتی بۆ جێبەجێ کردنی بیرو ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو، هەرچەند هەورازو نشێوی هەبووە، بەڵام بەردەوام چۆتە پێشێ، ئەوەش بە هیمەتو توانایی‌و ڕێزو حورمەتی خەڵکی نێوخۆی وڵاتو حیزبی دێموکراتو حیزبەکەی دوکتور قاسملوو بووە.

**کوردکاناڵ: کاک خالید! کە باس لە مێژووی چەند دەیەی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێتو لەو نێوەدا بە تایبەتی باس لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکرێت، زۆر نێوی دوکتور قاسملوو دیارە، زۆرجار باس لە دەورو ڕۆڵو نەقشی دوکتور قاسملوو کراوە پێم خۆشە لە زمان جەنابتەوە ببیسم، ڕۆڵ، نەقش‌ودەورو هەروەها ئەوجیاوازیانەی کە دوکتور قاسملووی لە ڕێبەرانی دیکە دەکردەوە چین؟**

زۆر تەبیعیە مادام تۆ ئاوڕ لە مێژووی سیاسی ئێران بە تایبەت لە ٣٥ساڵی ڕابردو بدەیەوە، بە مێژووی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە زۆر شت لە پێوەندی لەگاڵ قەزیەی کورد بە گشتی ئاور بدەیەوە، ناکرێ بە جۆرێک ئاماژە بە دوکتور قاسملوو نەکەی. دەورو کاریگەری دوکتور قاسملوو، بیرو هۆش‌و ئەندیشەی دوکتور قاسملوو و شۆێنەواری دوکتور قاسملوو دوای نەمانی خۆشی لە جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و گۆڕەپانی سیاسی ئێران بە جۆرێک هەر دیارە، ئەوە دەردەخات کە دوکتور قاسملوو لە هەمانکاتدا کە ڕێبەری حیزبی دێموکرات بوو و کەسێکی بە توانا بوو لە حیزبی دێموکراتدا، بەڵام لە دەرەوەی حیزبی دێموکرات بە هۆی بیر کردنەوەو شێوەی سیاسەت کردنی‌و خوێندنەوەی لە سیاستو دروست کردنی مەیدان بۆ حیزبی دێموکراتو هەروەها و جووڵانەوەی کورد، دوکتور قاسملوو لەوێ‌ڕا گەورەیەکەی پتریش دیارە. تەبیعیە بۆئێمە وەک ئەندامانی حیزبێک کە دوکتور قاسملوو ڕێبەرمان بووە، ڕێبەری خۆمان خۆش دەوێ، هەمیشە پێمان خۆشە بە چاوی ڕێزو ئیحترامو گەورەیی چاوی لێبکەین، بەڵام هونەری دوکتور قاسملوو ئەوە بوو لە دەرەوەی حیزبایەتی‌دا لە شێوە فکر کردنەوەی خۆی خەڵکێکی زۆری لە چوارچیوە سیاسەتەکانی خۆیی بەشدار دەکرد. بە باوەری من بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەوانە. جیاواز لەو لایەنە حیزبییەی، ئەگەر ئێران وڵاتێکی دێموکراتیک بوایە، لە ئینتخاباتێکی ئازادو دێموکراتیکدا توانیبات ڕێبەرانی ئیدارەی ئێران هەڵبژێری‌و ڕێبەرانی ئیدارەی کوردستان هەڵبژێری دڵنیام دوکتور قاسملوو یەکێک لە دوو یا سێ کەسی یەکەم دەبوو کە دەیتوانی وەک

دەوڵەتمەردێکی بە توانا هەم لە کوردستانی ئێران هەم لە ئێران دەورێکی باش بگێڕێ. ئەو هەڵسەنگاندنو ئاوڕدانەوانە لە ڕاستیدا بە حەق، حەقی خۆیەتیو ڕەنگە لەوە زیاتریش هەڵبگرێ.

**کوردکاناڵ: لە سیاسەتدا، لە دەرەوەی حیزبدا، تەنانەت ئەوەیکە شارەزای کەسایەتی سیاسی دوکتور قاسملوو بووە دەزانێ کە کەسایەتێکی دووگم نەبووە، لە یەک خانەدا لە سیاسەت نەماوەتەوە، ڕۆژێک باس لە هەڵبژاردن دەکات تەنانەت بۆخۆشی بەشداری دەکات وەک نوێنەری مجلیسی خبرەگان لە ئێران هەڵدەبژێردرێ، ڕۆژێک ئینتخابات تەحریم دەکا، ڕۆژێک دەچێتە فڵانە بەرەوە، ڕۆژێک دێتە دەرەوە بە هەر حاڵ زۆر دەگوترێ ئینعەتافی هەبووە، لە سیاسەتدا ئەمە یانی چی؟**

لە حیزبێکی سیاسیدا نەفەری یەکەم و ڕەییس جمهور یان سەرۆک وزیری وڵاتێک کاتێک دەچێتە نێو تەعامول لەگەڵ ڕووداوەکانو لە سیاسەتدا خۆی بەرامبەر بەو میللەتە یا ئەو حیزبە یا ئەو ئەرکەی پێی ئەسپاردراوە خۆی مەسئوول دەبینێو هەموو هەوڵوتێکۆشانی ئەوەیە کە چۆن بەستەری موناسب بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتەکانی خۆیی درووست بکا. مادام ئاوا چاو لە سیاسەت بکەیی بە مانای ئەوەیە کە سیاسەت وەک مەزهەب چاو لێناکەی، سیاسەت دەخەیە ناو بازنەیەکی گەورەی ئیحتمالاتو فورسەتو گونجانو نە گونجان. لێرەدا با من هێندێک برۆمەوە دواتر، ساڵی ١٩٧٩ی .ز. لە ئێران ئینقلابێک دەکرێ زیاتر لە ٣٥ساڵ پێش ئێستا هەر لەو وەختەدا دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کە دوای ئینقلاب کێشەی کورد بە موزاکرە چارەسەر بکرێ و لەو پێوەندیەدا چوونە نێو گەمەیەک یا بازیەک کە قەواعیدی بازی خۆی هەبوو. بۆ؟ بەو دەلیلە لە ئێران تازە ئینقلاب کراوە لە دەرەوەی کوردستان ئایەتوڵڵا خومەینیو ڕێبەرانی ئینقلاب ئێستا ماهیەتیان نازانرێ و لە ئێراندا لە تەنیشت ئەوە جەوێکی ئینقلابی لە گۆڕێدا هەیە، لە جەوی ئینقلابیدا عادەتەن ئیحساساتو عاتفەو توندوتیژیو شۆعار زۆرە، تۆ لە کوردستان مەوزوعێکت هەیە، مەوزوعی کوردستانو مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمان، لە لایەک خەڵک موسەلەح بووە خارج لە ئیرادەی تۆ کە لە حاڵەتی موسەلەح بووندا تەبیعەتەن جۆرێک روخساری ئینقلابیو شۆڕشگێرانەی دەبێ، لە لایەک چاو لێدەکەی دوڵەتی ئێرانیش، دەوڵەتێکی ئینقلابییەو تازە هاتۆتە سەرکارو هێزو توانایەکی زۆری هەیە، چی دەگەڵ دەکەی، چۆنی دەبێ تەعاموول دەگەڵ بکەیی؟ بە باوەڕێ من دوکتور قاسملوو جوان تەشخیسیدا کە تەعاموول و موعامەلە بە لەحازی نیزامیو شەڕ لەگەڵ حکومەتێکی تازە ئینقلابی ئاسان نیە، بۆیە زۆری ئیهتمام دا بە موزاکرە، هەوڵیدا بە شێوازی جۆراوجۆر کۆماری ئیسلامی بێنێتە سەر ئەو قەناعەتە و لە نێو خەڵکیشدا ئەو قەناعەتە دروست بکا دەبێ ئەو کێشەیە لە ڕێگای گفتوگۆوە چارەسەر بکرێ و لەو مەیدانەدا تەبیعەتەن زۆر قەزاوەتی لەسەر کراوە، قەزاوەتی عادڵانەی لەسەر کراوەو توندڕەوەکانی ئەو وەخت کە واقەعیییاتیان دەرک نەدەکرد.

**کوردکاناڵ: کاک خالید لە نەتیجەی ئەم هەڵوێستە جۆراوجۆرانە لە تێکۆشانی سیاسی دوکتور قاسملوو و هەروەها حیزبی دێموکراتدا زۆرجار ئەم تاکتیک گۆڕینانە ئەم هەڵوێستە جیاوازانە لەوانەیە کێشەی بۆ دوکتور قاسملوو دروست کردبێ کە دەڵێم کێشە لەوانەیە لە نێو خودی حیزبی دێموکراتیشدا موخالفینی خۆی هەبووبێ لە بەرامبەر ئەو سیاسەتە یان نەخێر لە دەرەوەی حیزبی دێموکراتدا زۆر جار لە باسی موزاکرەدا دوکتور قاسملوویان بە سازشکار ناو بردوە، ئەوانە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

بۆ کەسێک کە بیهەوێ گفتمان دروست بکا، بۆ ڕێبەرێکی سیاسی بەتایبەت کەسێکی وەک دوکتور قاسملوو لەو هەلومەرجەی ئەوکاتی ئێران، لەو جەوەی ئینقلابییەدا تەبیعەتەن گفتمان دروست کردن کارێکی ئاسان نیەو تۆ دەبێ ئەو ڕیسکانە بکەیو تەحەمولی ئەو بەرخووردە جۆراوجۆرانە بکەی. ئەگەر من برێک بگەڕێمەوە دواتر ئاماژە بە هێندێک شتە تایبەتییەکانی دوکتور قاسملوو بکەم ئەو کات کە موزاکرات دەکرا هەوڵی دەدا بە شێوازی جۆراوجۆر، نەهێڵێ موزاکرە بە شکست بگات. ئەوە هونەر بوو، جمهوری ئیسلامی ئیستراتژیکەکەی ئەوە بوو موزاکردە بە شکست بگا، ئیستراتژی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە بە شکست نەگا بۆ؟ بۆ ئەوەی کە خەڵکێکی زۆرتر لە ئێران لە قەزیەی کورد تێ بگەن و بە ئیعتباری

وان فشار بۆ کۆماری ئیسلامی بێ، دوایە دەبینین کە جەوی ئێران جەوێکی زۆر ڕادیکاڵو ئینقلابیو چەپو ئەوانە بوو و حیزبی دێموکراتیش باوەری بە سوسیالیزم بوو ئەوکاتی، وا چاوەڕوان دەکرا کە حیزبی دێموکرات ئەگەر بەرەیەکی دروست بکا دەبێ دەگەڵ حیزبە چەپو رادیکاڵەکان بەرەیەک دروست بکا، بەڵام دەبینین کاتێک هێرش دەکرێتە سەر موجاهیدینو هەروەها بەنی سەدر لە دەسەڵات دەکەوێ، حیزبی دێموکرات هەڵدەبژێرێ کە دەگەڵ بەنی سەدرو موجاهیدین بەرەیەک دروست بکا و لە نێو خودی حیزبیشدا هەر وەکی تۆ ئاماژەت پێدا ڕەخنەی لەسەر بوو، خۆشبینیو گەشبینی لە سیاسەتدا حەقی ئینسانێکە کە ستاسەتمەدار دەبێ خۆشبینو گەشبین بێ، بەڵام لە سیاسەتدا واقعبینی لە خۆشبینیو گەشبینی گەورەترە، بە باوەری من دوکتور قاسملوو ئەوەی زۆر تێدا بەرجستە بوو، چووە نێو «شورای میللی مقاومت» چون موجاهیدین مەترەح بوون، هێزیان هەبوو، ئاڵترناتیڤ بوونو دوای ئەوە بەنیسەدر بە شێوەیەکی قانوونی لە ئێران هەڵبژێردرا بوو، رەئیس جمهورێکی ئێعتراف پێکراو بوو، بە باوەری من ئەوە یەکێک لە واقعبینیەکانی دوکتور قاسملوو بوو. دوایە شەڕی ئێرانو عێراق دەست پێ دەکا، ئەو لە کۆمەڵگای ئێران هەر بێ تەفاوەت نەبوو، کۆماری ئیسلامی هەوڵی دەدا لە دەرەوەی کوردستان خەڵک لە دژی کوردستان هان بدا، بە زیدی ئینقلابو لایەنگری ئیمپریالیزمو سەر بە ئەمریکاو ئیسراییلمان بناسێنێ، بەڵام دوکتور قاسملوو گوتی ئەگەر کۆماری ئیسلامی مافەکانی ئێمە لەبەر چاو بگرێ، مافەکانی خۆمان بداتێ ئێمە ئامادەیین لە بەرەکانی شەڕ دژی حکوومەتی عێراق شەڕ بکەیین، ئەوانە زیرەکیو هونەری تایبەتی سیاسەت کردنی دوکتور قاسملوو بوو و لە هەمووی ئەوانە کە دێینەوە سەر موزاکرەش کە کاتی خۆی موزاکرە کرا و لەو موزاکرەدا کە لە ڤییەن بوو بە داخەوە دوکتور قاسملووی تێیدا تیرۆر کرا، جاری واهەیە دیسان لەسەر ئەو موزاکرەش قەزاوەتی جۆراوجۆر دەکرێ کە لەوێدا لە قەزاوەت کردنەکە بەوجۆرەی کە دوکتور قاسملوو دەبێ حەقی خۆیی پێ بدرێ غەدری لێ دەکرێ.

**کوردکاناڵ: هەر ئەم باسی موزاکرە لە ڤییەن کە ئاکامەکەی تیرۆری دوکتور قاسملووی لێ کەوتەوە ئێستاشی لەگەڵبێ ڕێبەران چ ڕێبەرانی پێشوو و ئێستای حیزبی دێموکرات رەنگە جوابێکیان بۆ ئەوە نەبێ کە بۆچی دوکتور قاسملوو تیرۆر کرا، باسی واقعبینیت کرد بە پێی چ واقعبینییەک دوکتور قاسملوو چووە سەر میزی موزاکرە یان لە ڕاستیدا هەڵەی کار لە کوێدا بوو کە دوکتور قاسملوو تێدا چوو؟**

یەکەم تۆ کاتێک باسی موزاکرە دەکەی یەک سێناریو دابنێی لەو سێناریویەدا دوو لای موزاکرە دەمێکە دەگەڵ یەک لە کێشەدان، لە رەقابەتدان هیچ لا نەیتوانیوە هیچ لا لە مەیدانەکە دەر بکا، ئەوە یەک. حالەتێک ئەوەیە لایەک تەشخیس دەدا لە مەوقەعییەتێک دایە و موقەعیەتەکەی لە دەوروبەر باش نیە، لە فورسەتێک دەگەرێ جەوی خەباتەکەو تێکۆشانەکە بگوازێتەوە بۆ ئاستێکی دیکە. ئەو موزاکراتەی کاتی خۆیی دوکتور قاسملوو دەگەل کۆماری ئیسلامی دەستی پێکردو لە ڤییەنا تیرۆریان کرد تۆ دەبێ لە بازنەیەکدا، لە مەوقەعیەتیدا کە ئەو کاتی ئێران، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شەڕی ئێرانو عێراق و قەزیەی کورد بە گشتی تێیدا بوو. لەو سەردەمەدا شەڕی ئێرانو عێراق ڕادەوەستێ، حیزبی دێموکرات حیزبێک بووە کە هەمیشە لە ئیلاقاتی خۆی دەگەل دەوروو بەر سەربەخۆیی خۆیی پاراستبوو، لەوە نیگەران بوو کە ئەو شەڕە ڕابوستێو فشارێکی لە لایەن حکوومەتی عێراقیشەوە بێتە سەری لە لایەن حکوومەتی ئێرانیشوە لە فشار دابێ و لە هەمان کاتیشدا لەو سەردەمدا هەڵەبجەو ئەنفالو ئەوشتانە کرابوو، لە سووریە کورد نەیدەتوانی بڵێ هاووڵاتیشم، لە تورکیە زۆر بە توندی ئینکاری کورد دەکرا، بۆیە ئەگەر ئێمە بە ئینسافەوە بگەڕێینەوە ٢٥ ساڵ پێش ئێستا کە کەشو هەوای کوردستان جەوێکی نائۆمێد کونەنندەی تێدا بوو. دوکتور قاسملوو بۆخۆی پێشوو لە کوردستانی عێراق بووە لە ساڵەکانی ٥٨ میلادی بەولاوە هاتۆتەوەو دوایە چۆتەوە دەرێو دوایە دیسان هاتۆتەوەو حیزبی دێموکراتی دروست کردۆتەوە، زۆر نیگەرانی وەی بووە جارێکی دیکە حیزبی دێموکرات ژیانی سیاسیەکەی بکەوێتەوە تەبعید، زۆر نیگەرانی وەی بووە کە حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵقەندرێو لە باشووری کوردستان نیشتەجێ بێتەوە، کە بە داخەوە وای لێهات. بۆ ئەوەی کە ئەو پێشبینیانەی کە هەیبوو ئەوانە نەیێنە دی و حیزبی دێموکرات تووشی ژیانێکی تاراوگە نەبێت. راستیەکەی هەوڵیدا لەو فەزایەی کە رەفسەنجانی هێنایە گۆرێ کەڵکی لێ وەربگرێ، هەوڵ دەدا موزاکرە بێنێتە پێشێ، ئەگەر وایە بە تەشخیس لەو کەشو هەوایە و بە تەشخیس لەوەیکە شەڕی

نیزامی ئێمە، خەباتی پێشمەرگانەی ئێمە سەرەڕای موقەدەس بوونی خۆی، باوەری قووڵی دوکتور قاسملوو بەو خەباتە نەیدەتوانی ئەو وەختی کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ، بۆ ئەوەی کە زەرەرو زیان کەمتر بێتەوە لە بەرەکانی شەڕو بە نیسبەت داهاتووو حیزبی دێموکرات هەوڵ دەدا بۆ موزاکرە.

**کوردکاناڵ: بەڵام نەتیجەی موزاکرەکە کاک خالید ڕێک بە پێچەوانەیە**

جەوهەری ئیدەی موزاکرە دەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە دوکتور قاسملوو هێناویەتە گۆڕێو ڕێبەرایەتی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتیش تەئیدیان کردووە کامیلەن درووست بووەو لە جێگای خۆیی دابووە، نەفسی رووداوەکە کە دوکتور قاسملوو تیرۆر دەکرێ نابێ ئیدەی موزاکرەو گفتوگۆو دیالۆگ دەگەڵ کۆماری ئیسلامی، لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی، هەرکەسێک بێ لە نێو ئێمەدا لەبەیین بچێ کە وایە قسە لە موزاکرە کردنەکە نیە کە شتێکی خراب نەبووە و شتێکی باشیش بووە بەڵام لەسەر دەرئەنجامی موزاکرەکە، ئەگەر موزاکرەکە دوکتور قاسملوویی تێدا تیرۆر نەکرابایەو هیچ نەتیجەشی نەبووایە بە باوەری من تاریخ ئاوای دەنووسی کە دوکتور قاسملوو هەوڵی داوە بۆ چارەسەری کێشەی کوردو مەوزوعەکانی خۆی هێنا گۆڕێو کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو لە ئێران ئاگادار بن، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەوەی قەبووڵ نەکرد بەڵام لەبەر ئەوەیکە لەو موزاکرەیەدا نەفەری یەکی حیزبی دێموکرات بە داخەوە تیرۆر دەکرێ، هەمووی قەزاوەتەکانو ئیحساسو عاتیفەی ئێمە کەوتە نێو ئەو بازنەیە. ئشکالی موزاکرە لە جەوهەری موزاکرەکەو ئیدەی موزاکرەکەدا نەبوو، لەوە دابوو بە لەحازی ئەمنییەتی ئیقداماتی دروستو پێویستو مکانیزمی موناسب ڕەچاو نەگیرابوو بۆوەی کە ئەو نیەتانەی کۆماری ئیسلامی کە لە پشتی ئەو موزاکرەیە هەییبوو ئەو نیەتانە هەروا بە ئاسانی جێبەجێ نەبن ئیشکالەکە لەوێ بوو.

**کوردکاناڵ: کاک خالید زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە کۆماری ئیسلامی بە تیرۆری دوکتور قاسملوو لە سیاسەتی لە پراوێز خستن و هەروەها کپ کردنی دەنگی بزوتنەوەی رۆژهەڵاتدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا نەزەری جەنابت چیە؟**

ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ ڕابردوو پێش تیرۆری کردنی دوکتور قاسملووش ڕێبەرانی کورد تەنانەت لە سەردەمی حکوومەتی پەهلەویش‌دا تیرۆر کراونو لە سێدارە دراون، ئەوە دەرکەوت کە ئەوە هەڵەیە یا ئەو ئیقدامە بێ مەسئوولانەی کە دەوڵەتە مەرکەزییەکان بە تایبەت کۆماری ئیسلامی بوویەتی لە بەین بردنی ڕێبەرانی ئێمە تەنیا نەتیجەکەی دەبێتە ئەوە کە ئەو کەسایەتییە لە ئێمە بستێنێ. ڕاستە لە دەست دانی دوکتور قاسملوو بۆ حیزبی دێموکرات خەسارەتێکی گەورە بوو، دوکتور قاسملوو پاشخانێکی دەوڵەمەندی لە سیاسەتو لە دیپلۆماسیو لە حیزبایەتیو لە ئێران ناسیو لە دنیا ناسیدا هەبوو، ئەگەر ئەو توانایییە لەسەر یەک وەک گەنجینەیەک مەجالێکی زۆرتریشی بوایە لە ڕێبەری حیزبی دێموکرات دەیتوانی دەورێکی زۆرتریشی هەبێ بۆ حیزبی دێموکرات. جووڵانەوەی کورد نە تەنیا سەرکوت نەکراوە، بە باوەری من تیرۆر کردنی دوکتور قاسملوو لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بێزاریو توورەیییەکی زۆر بە قووەتی بە دژی کۆماری ئیسلامی دروست کرد و لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا تەعەهوداتو ئیلزاماتی دروست کرد، تەعەهوداتو ئیلزامات بەو مانایە حیزبێک ڕێبەرەکەی ئامادەیە لە پێناو مافی میلەتەکەی‌دا گیانی خۆی دابنێ، دەی باشە ئەندامانی خوارەوەی ئەو حیزبە رووحی فیداکارییان تێدا بە قووەتتر دەبێ و بەقووەت بوونی رووحی فیدا کاریو تێکۆشان لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات ڕەنگی داوە، لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەڵکێکی زۆر هاتە نێو ئەوە، مادام کۆماری ئیسلامی ڕێبەرانمان لەسەر میزی موزاکرە تیرۆر دەکا ، ئیمە دەبێ خەباتو تێکۆشانی خۆمان بە قووەتتر بکەین لە دژی ئەو ڕێژیمە، ئەگەر سەردەمی تیرۆری دوکتور قاسملوو خەباتی کوردایەتیو نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شعووری سیاسی لەو پارچەیە بڵێین لە خوارەوەتر بوو یا مەنتەقیەکی مەحدودی داگرتبۆوە، هەر ئەو بێزاریو ڕقو کینەیە لە کۆماری ئیسلامی و مودیرییەت کردنی ئەو ڕقو بێزاریە لە

لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە تایبەت لەو دواییانەدا بوو بە هۆی ئەوە کە ئەو خەباتو تێکۆشانە زۆربەی زۆری ئوستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتەوە.

تیرۆر کردنی دوکتور قاسملوو لە ئاستی نێو دەڵەتیشدا بێزاری لە کۆماری ئیسلامیو ئەوەیکە ئەو حکومەتە ئاوا تەعامول دەگەڵ ڕێبەرێک دەکا، نیشان دا. لە هەمان کاتیشدا پێم خۆشە ئەوەش بڵێین زۆر جار ئێرانییەکان کە باسی ڕابردووی ئێرانو مێژووی دروست بوونی ئێران دەکەن چ بە کۆماری ئیسلامیو چ بە ئەوانی پێشوو باس لە تەمەدونی ئێرانی دەکەن. جارێکی من هەر لەو پێوەندیەدا لە شۆنێک دانیشتبووم کابرایەکی ئێرانیشی لێ بوو دوو-سێدانە کەسایەتی دەرەوەشی لێ بوون، وا تەسەور بکەم لە ئاڵمانیا بوو، چەند ساڵ پێش ئێستا بوو ئەو کابرایە زۆری باسی تەمەدونی ئێرانی کرد بەراستی بۆخۆم بە فکرم دانەدەهات، بەڵام ئەو کابرا ئاڵمانییە قسەیەکی زۆر جوانی کرد، گوتی تەمەدون ئەوەیە کەسێکی وەک دوکتور قاسملوو کە بۆ چارەسەری کێشەیەکی سیاسی دێ، ئاڵای سپی دێنێ بە موزاکرە تیرۆری بکەن؟ ئەو کابرایە بە تەواوی بێدەنگ بوو. جا جێگای خۆیەتی بڵێم ئەو پێ هەڵا گوتنە بە تەمەدونی ئێرانی کە ڕەنگە شتی باشی تێدا بووبێ، بەڵام ئەو جۆرە کردەوانەی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت تیرۆر کردنی دوکتور قاسملوو بەو شێوەیە زۆری زەرەر بە غرووری ئێرانیو بە تەمەدونی ئێرانی گەیاند. زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی ئێرانی غەیرە کوردیش کە لە دەرەوە قسە دەکەن بە موناسبەت ئاوڕ دەدەنەوەو تەعریف لە خۆیانو ئێرانی دەکەن زۆرجار ئەوەیان پێ دەڵێنەوە، ئەوەیە نیشانەی تەمەدونەکەتان کە ڕێبەرێکی وەک دوکتور قاسملووتان لە کاتی موزاکرە کردن‌دا تیرۆر کرد؟! بە باوەری من هەمووی ئەوانە بوونەوە بە وزەو تواناو عەکسولعەمەلێکی بەقووەت لە پێناو ئەندیشەو بیرو هۆشی دوکتور قاسملوو لە دژی کۆماری ئیسلامی.

**کوردکاناڵ: کاک خالید بەر لەوەی کە پچین باسی ٢٥ساڵ لە نەمانی دوکتور قاسملوو بکەین کە باسی تیرۆری دەکەین لایەنە ئەمنیەتییەکە جەنابت باست کرد زۆر زوو یەعنی تەقریبەن کەمتر لە دوو ساڵ پاش ئەوە ئێمە دیسانەکە مەجمووعەیەک لە ڕێبەرانمان و بەتایبەتی سکرتێری ئەو کات دوکتور سەعیدیشمان لە دەستدا باشە بۆ ئەوە نابێ کە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات خۆیان نەقد بکەن؟**

ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات نە تەنیا دەبێ خۆیان نەقد بکەن بەڵکو بە شێوەیەکی ئاسیبشناسی، مەسئوولانە، خۆماڵی، کوردانە، دێموکراتانە، ١٠یان ساڵ لە ڕابردووی خۆمان لە خزمەت بەهێزکردنی حیزبی دێموکراتیش‌دا نەقد بکەین.

ئێمە حیزبێکین نیزیک بە ٧٠ساڵ خەباتو تێکۆشانمان کردووە، لەو نیزیک بە ٧٠ساڵە، غەیری سەردەمی کۆمار دوای ئینقلابی ئێران دوو- سێ ساڵ مەجالی ئەوەمان هەبوو لەناو کۆمەڵانی خەڵک دابین، بەڵام بەشی زۆری ژیانی سیاسی ئێمە لە تەبعید دابووە، ئەوەی کە دوکتور قاسملوو لێی نیگەران بوو بۆیە چوو بۆ موزاکرە. ئێستا نیزیک بە ٣٠ساڵە لە هەرێمی کوردستان ماوینەتەوە و لەو دەورانەدا ئەگەر بڵێم لە ٥٠ ساڵی ئەخیردا کێشەی نێوخۆیی، تەحەموول نەکردنی یەکتر لە حیزبی دێموکرات‌دا کۆمەڵێک لەت بوون و ئینشعاباتی لە بەدووا دا بووە ئەگەر لەمن بپرسی هەم ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم هاوڕێیانی پێشوو جێی خۆیەتی پێکەوە دانیشین لە بەردەم ئاڵای کوردستان و عەکسی ڕێبەرانی شەهید کە هێمای ئێمەن بڵێین، ئێمە لە کوێوە بۆ کوێ، ئەگەر ئەو نەقدە لە خۆمان بکەیین سادقانەو بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، بە ئیحساسی مەسئوولیەتەوە ئاوڕ لە ڕابردووی خۆمان بدەینەوە و بەرچاوەروونی بدەین بە داهاتوو و بڵێین حیزبەکەی قاسملوو گەورە دەکەینەوە، دەتوانێ ئەو نەقدە شتی باشی لێ‌بکەوێتەوە. دووهەم؛ بە نیسبەت ئەوەیکە ئێمە دواتر لە میکونوس دوکتور سەعیدمان لە دەستدا، دیسان هەر ئەوە دەڵێمەوە، کارەکەی دوکتور سادقی شەرەفکەندی بۆ ئەوەی کە لە میکونوس بچێ دەگەڵ ئێرانییەکان گفتوگۆ و موزاکرە بکا بۆ ئەوەی کە بەرەیەک دروست بکا ئەویش نەک هیچ ئیشکالی تێدا نەبوو، لە جێگای خۆی‌دا بووە. کاری ئێمە ئەوەیە ئێستاش هەر ئەوە دەکەیین خۆ ناتوانین لە ژوورێکی بەستەدا دانیشین، دەبێ بگەڕێین پچینە کۆرو کۆبونەو سێمینارو موزاکراتو دانشتنو هەمووی ئەوانە. بەڵام دیسان لەوێ ئیقداماتی ئەمنییەتی خراپ نیە، ڕەخنەم لە ئیقداماتی ئەمنییەتی ئەو کارە هەیە کە لە ڕێستورانی میکونوس گیرابوو، نەک لە نەفسی کارەکەی دوکتور

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

سادقی شەرەفکەندی، ئەوە نەقسێکە لە ئێمەی دێموکراتەکانو ڕێبەرانی دێموکرات بوومانە کە ئیدەی باشمان بۆ دێتە گۆڕێ وەک بازی سیاسی بەڵام کە دەچینە نێو جێبەجێ کردنی ئیشکالمان هەیە لە مەسەلەی ئەمنییەتی خۆماندا.

**کوردکاناڵ: کاک خالید بە نەقدی دێموکرات مەجالی پرسیارێکی دیکەت کردەوە بۆ من پاش ٢٥ساڵ چۆن لە دێموکراتو دێموکراتەکان دەڕووانی؟**

پاش ٢٥ساڵ پێم خۆشە لە ڕۆژی یاد کردنەوەی شەهید دوکتور قاسملوودا ئاماژە بە یەک-دوو شت بکەم لە پێوەندی لەگەڵ دێموکراتو دێموکراتەکاندا، پێش هەموو شتێکی وا خۆش بوو یا وا باشبوو، وا بە قازانجی بیرو ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو بوو کە ئێمە بەسەر یەکەوە بووایێن و بە یەکەوە توانیبامان ئەو ئاڵو گۆڕە لە ئەقلیەتی واحید دا دروست بکەین کە بەشێکی دەیان ساڵ پێش ئەورۆ دوکتور قاسملوو لە گفتومانی سیاسیدا دروستی کردوە. ئێمە بە یەکەوە ئیدامەمان دابا و بەو ئەقلیەتە حیزبی دێموکراتمان لە نێو خۆی وڵات، لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بەرجەستە کردباوە، دووهەم؛ لەوە بەداخم کە حیزبەکەی دوکتور قاسملوو بە هەر دەلیلێک بێ ٧ساڵ پێش ئەڕۆ لەت بوو ئێستا دوو دێموکراتمان هەیە هەردووک لامان ئحترامان بۆ دوکتور قاسملوو، هەموو شەهیدەکانو ڕابردوو، بیرو ئەندیشەی دوکتور قاسملووش هەیە، بەڵام جێگەی داخە کە لەو ٧ساڵەی ئەخیر دا بە ڕێگا حەلێک نەگەیشتووین کە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین. ئەوەندەی پێوەندی بە ئێمەوە بێ لە ڕاستیدا هەوڵمان داوە کە بە موزاکرەو گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان ئەو کیشەیە چارەسەر بکەین و لە تەواوی ئەو چەند ساڵەی ئەخیردا کە ئێمە گفتوگۆو موزاکرەمان هەبوو هەوڵمان داوە بە موناسبەتی جۆراوجۆر هاوکاری لەگەڵ یەک بکەین، بە موناسبەتی ڕۆژی شەهیدان، ڕۆژی دوکتور قاسملوو، ڕۆژەکانی دیکە کە لەو شتانەڕا دەست پێ بکەین کە وردە وردە دێموکراتەکان لێک نیزیک بنەوە، بەڵام ئەوان ئەوەیان بە تەواوی بەستۆە و ئیستعدادی هێچ جورە هەماهەنگیو هاوکاریەکیان نەبووە. ئێمە گەڵاڵەیەکمان هێنا ئەوانیش گەڵاڵەیەکی ١٨ساڵ لەوەپێش هێناویانە، تا ئێستاش ئێمە داوامان لێ کردوون ئامادە نەبوون لەسەر ئەو گەڵاڵانە قسان بکەین، تا ئەو جێیەی پێوەندی بەو گەڵاڵەوە هەیە، گەڵاڵەی ئێمە بەرهەمی ڕێگا چارەی ئێمە بۆ چارەسەری کێشەی دێموکراتەکانە، ئی وانیش هی ئەوانە، ئەو دوو گەڵاڵەیە دەکرێ قسەی لەسەر بکەین، تەعدیلو تەئمیمی تێدا پێک بێنین، هەردووک لامان بۆ یەکتر لە پێناو دێموکراتێکی یەکگرتوو تەنازول بکەین. لەو پێوەندیەدا ئەوەی لە ڕوانگەی منەوە گرینگە بۆ چارەسەری کێشەی دێموکراتەکان، بە کورتە ئاوڕدانەوەیەک ئەوەیە کە کەرامەتو شەخسییەتو ئیحترامی ئینسانەکان، نەشکێندرێن، ئەمنییەتی سیاسی، حقوقی ئینسانی لە حیزبێکی واحید دا بۆ من لە هەموو شتێک گەورەترە، زۆرجار گوتومە ئینسانییەت لە حیزبایەتی گەورەترە. ئەگەر حیزبایەتی ئینسانییەتی ئینسانەکانی خراپ کرد، فێری تۆڵە کردنەوەو ئینتقامجوییو یەکتر وەلانانو دەستەبەندیو باندبازی لە نێو حیزبێک کرد کە ئەو ڕێبەرانەی لەدەست داوە و دەیهەوێ لە داهاتوودا ئیدارەی وڵات بکا ئەو حیزبایەتیە خراپە، من دڵنیام نە پێشەواو نە دوکتور قاسملوو نە دوکتور شەرەفکەندی کاتێک شەهید بوون لەسەر ئەو شتانە شەهید نە بوون، پێشەوا لەسەر دیفاع لە کۆماری کوردستان، دوکتور قاسملوو لەسەر چارەسەری کێشەی کورد  لەگەڵ تاران، دوکتور شەرەفکەندی لەسەر دیتنەوەی ڕێگا چارەیەک بۆ بەهێز کردنی بەرەیەک لە ئێراندا، کە وایە ئەو شتانە زۆر چووکەن کە ئێمە لەسەری لەت بووین و ئێستا تەوافوقیان لەسەر ناکەین. لە کۆتاییدا پێمخۆشە یەک شت بڵێم ئەویش ئەوەیە، ئێمە لەو کێشانەدا کە هەمان بووە تا ئێستا یەک شت بکەین، کەسایەتی دوکتور قاسملوو، کەسایەتی سیاسی دوکتور قاسملوو هەمیشە خارج لەو کێشانە ڕابگرین و بە نێوی دوکتور قاسملوو لەسەر تەعریفو تەمجید لە دوکتور قاسملوو موزاییدەی سیاسی نەکەین. خەڵکی وا هەیە تەعریف لە دوکتور قاسملوو دەکا کە بە حەق هەڵ دەگرێ بەڵام بۆ ئەوەی نیە کە جێگای خۆیی بداتێ بۆ ئەوەیە کە ڕەهبەرانی دیکە نەقد بکاو بیان کوتێ، ئیوا هەیە دەڵێ کاتێک دوکتور قاسملوو شەهید بوو حیزبی دێموکرات وەک هەتیوی لێهات، بێ سەرپەرەست بوو و ئەوەیکە دێموکراتەکان ئاوان دەلیلی ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو نەماوە. ئیوا هەیە کە نەقدی دوکتور قاسملوو دەکا دەیهەوێ لایەک لە دێموکرات نەقد بکاو ئەزیەتی بکاو شتی ڕابردوو شتی ئاوا بێنێتەوە. بە باوەری من ئێمە دوکتور قاسملوو وەک

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

موزاییدەی سیاسی لە دژی یەک ئیستفادەی لێ نەکەین، بەڵکوو لە فکرو ئەندیشەکەی دوکتور قاسملوو ئیستفادە بکەین لە دژی کۆماری ئیسلامی. وەک چێهرەیەکی سیاسی لە ڕیزی هەموو ڕێبەرانی سیاسی کورد بۆ خۆمان ئیحترامی بۆ دانێین. میللەتێک چێهرەکانی خۆیی بشکێنێ بە مردوو بە زیندۆوە، کەسایەتییە سیاسییەکانی خۆی بشکێنێ، ئەو میللەتە فێری ئەوە دەبێ کە خۆیی بشکێنێ، ئیحترام بۆ خۆی دانەنێ، بە داخەوە لە لەت بوونی دێموکراتەکاندا بە تایبەتی لە دوو- سێ ساڵی ئەوڵدا ئەو دیاردە دزێوە هەبوو، ئێستا بە خۆشییەوە ئەوە نەماوە، هیوادارم ئێمە لە 25ساڵەی یادی دوکتور قاسملوو جارێکی دیکە شانس بدەینەوە بەو موزاکراتو دانیشتنانە. ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا ئامادەین بۆ ئەوەی کە حیزبی دێموکراتێکی یەکگرتوو بتوانێ ئیدارەو ڕەهبەری جووڵانەوەی کورد بکا، لە هەمووی ئەو ئیحتمالاتو سیناریو نادیارو ناڕوونانەی کە لە داهاتوودا دێنە پێش، ڕێگاکەی ئەوەیە کە ئێمەی دێموکراتەکان کێشەی خۆمان چارەسەر بکەین. بە باوەری من، ئاواش فکری لێبکەیینەوە تۆ سبەینێ لەسەر مەوزوعێک هەزار کەس بە موناسبەتی دوکتور قاسملوو خڕ بکەیەوە یا یەک میلیون کەس، ئەگەر کێشەی دێموکراتەکان نەکەوێتە ئاقارێکی مەعقوول و جێبەجێ نەبێ ئەو دوو بەرەکیەو یەکتر بوغزاندنانە پچێتەوە نێو کۆمەڵگای کوردستانی ئێران، کەسایەتی دوکتور قاسملوو چوکە دەکاتەوە، بۆ؟ هەماهەنگیو وەحدەت نابێ، ئێنرژییەکە کەڵکی لێ وەرناگیرێ. بە خۆشییەوە پێم خۆشە ئەوە بڵێم لەو دواییانەدا ئەندامانی دێموکرات لە نێو خۆیی وڵات هەر دووک بەشی بە شێوەی مەعقوڵانە مەسئوولانە تەعامول دەکەن ڕەوابیتان دەگەڵ یەک خۆشە هەر ئەوەشیان لێ چاوەروان دەکرێ و ئەوان ئەو کێشانەی کە لێرە لە نێو ئێمەدا هەیە نەیگوێزنەوە نێو خۆیان، تێبکۆشن لە نێو خۆیی وڵات کە ئێمە هەمیشە ئەهەمییەتمان بۆ داناوە عەقلیەتی وەحدەتو یەک ڕیزی بە قووەت بکەن و فشار بێنن بۆ هەردووک لا.

**کوردکاناڵ: کاک خالید! سەرەڕای چەندین مانگ لەو گەلاڵە کە گوزەراوە، تەوافوقاتتان بە ئەنجام نەگەیوە، ئەمە پرسیاری خەڵکیشە، دەڵێن کە ئێوە تەنانەت ناتوانن لە پێرلاشێز لەسەر گۆڕی دوکتور قاسملوو دێموکراتەکان پێکەوە کۆ بنەوە، چی دەڵێی جوابی ئەو خەڵکە چی ئەدەیەوە وەک لایەنێکی قەزیەکە؟**

ئەمن ڕوو بە خەڵکی نێوخۆی وڵات و ڕوو بە ئەندامانی دێموکرات لە هەردووک لا دەڵێم، ئەگەر ئاوڕدانەوەک بە مێژووی دانیشتنەکانو موزاکرەکانو ڕێگا چارەکانو گفتومانی هەردووک لا بدەنەوە بەحەق دەزانن کە ئێمە زۆر مەسئوولانە، بە ئیحساسی مەسئولییەتەوە بە تێبینی، بە وردبینیو بە نیگەرانی بە نیسبەت داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو موقەعیەتی حیزبی دێموکرات تەعامولمان کردوە. لە هەوڵەکانی خۆمان‌دا جدی بووین و پێم خۆشە ئەوە بڵێم ئیبتکاری دەستپێکردنی ئەو گفتوگۆو دانیشتنانە بەشێکی ماندوویەتی ئێمە بووە. ئەو هاوڕێیانەمان ئەوایل خۆیان لێ نەدەدا بەڵام بە خۆشیەوە ئەوانیش دوای دوایین کۆنگرەی خۆیان هاتنە سەر ئەو قەناعەتە. بۆیە ئێمە کۆتاییمان نەکردوە و بۆ ئێمە کە دەڵێین دێموکرات یەک بگرێتەوە، بەراستی بە دوای ئەوە داین کە دێموکراتێک دابمەزرێتەوە کە هەموو لایەکمان تێیدا مورتاع بین. ئێمە کاری خۆمان کردوە، لەمەو بەدواش ئێمە هەوڵی خۆمان دەدەین، ئەگەر پێویست بێ ئێمە بۆئەوە تەنازول دەکەین، بەڵام ئەو فشارەی کە دەهێندرێ کە ئێوە ئینتزارتان لە ئێمە هەیە، ئێمە دیالۆگمان دەگەڵ ئێوە هەیە خەڵکێکی زۆر لە ئێوە دێن دەگەڵ ئێمە دادەنیشن باسی ئەوە دەکەن، ئێمە دەرکی ئەوە دەکەیین بۆیە ئەوەمان کردۆ ئەوەی کە بە قەولی جەنابت لەسەر پێرلاشێز نەمانتوانی لەسەر ڕۆژێک بە توافوق بگەیین ئەوە نوقتەیەکی زۆر مەنفیو خراپە بۆ دێموکراتەکان کە ناتوانن بۆ یادی دوکتور قاسملوو لە سەر گۆڕەکەی بە یەکەوە بیکەن ئێمە هیچ گوناحێکمان نیە هەموو هەوڵێکمان داوە. بەڵام ئەوان هەموو شت ڕەد دەکەنەوە سیاسەتێکی ئینحیسار تەڵەبی خراپیان هەیە و هیوادارم ئاڵوگۆر لەوانیش‌دا بە قووەتتر بێو پتر بێینە سەر ئەو قەناعەتە بە یەکەوە بین.

**کوردکاناڵ: کاک خالید! ئەمجارە باسی خۆت! لە قسەکانتان‌دا زۆر نیگەرانی بە نیسبەتی دێموکراتەکانەوە بە نیسبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، دیارە ئەو نیگەرانیانەت بە تایبەتی لە سەر بزوتنەوەی ڕۆژهەڵات بە گشتی نیگەرانێکانت چین بۆ هێندە بە نیگەرانیەوە باسی دەکەی وەک دەڵێی**

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

***کاتی خۆیی دوکتور قاسملووش ئاوا نیگەران بوو؟***

پێشەکی من بە داهاتووی خەباتو تێکۆشانی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر خۆش‌بینو گەش‌بینم، بە نیسبەت ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە پێموایە کورد لە مەوقەعیەتێک دایە دەتوانە ئیستفادەی زۆریان لێبکا، ڕۆژانە ئێمە خەڵکی نێو خۆیی وڵات دەبینین بەراستی ئەمن ئیحساسی خۆشحاڵی دەکەم، ئیفتخار دەکەم کە خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئوستانەکانی جۆراوجۆر سەرەڕای زەختو فشاری کۆماری ئیسلامی بە شێوازی جۆراوجۆر تەحەمولی موشکلاتێکی زۆر دەکا بەڵام لە خەباتی نەتەوایەتی، لە خەباتی سیاسیو مەدەنی خۆی تا ئێستاش ڕانەوەستاوە و بەردەوام چۆتە پێشێ. ئەوە هیوا بەخشە بۆ ئێمەو خەڵک لە نێو خۆی وڵات بە تایبەت بە دوای گفتومانی ئێمەدا تێدەکۆشن لەو فەعالیەتو جموجۆڵانەی نێو خۆی وڵات فورسەتەکان لە دەست نەدەن لە هەموو مەجالێک ئیستفادە بکەن بە شێوازی جۆراوجۆر جمهوری ئیسلامی بە چالش بکێشن ئەوە جێگای خۆشحالیە من گەش بینم بە داهاتووی خۆمان، بەڵام بۆ من لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە نیگەرانیەکەم لەوە دایە کە ئیحتمالات زۆر دێتە پێشێ کێ پێشبینی وەی دەکرد عێراق ئەو سوئالە گەورەی لەسەر بێ کە هەڵدەوەشێتەوە وەک واحیدێکی موشەخەس نامێنێ، لە شۆنێک ئیحتمالەن عێراق هەڵوەشێتەوە من دەڵێم ئیحتمالەن هەڵوەشێتەوە کە کورد تێیدا بووە بە دەسەڵاتێک و کورد بەرەو ئەوە دەروا کە لەسەر داهاتووی خۆیی بڕیار بدا. ئەوە گۆڕانێکی زۆرە ئیحتماڵێکی بەقووەتی هێناوەتە گۆڕێ کە تۆ دەبێ بۆی ئامادە بی. ئەوەی لە هەرێمی کوردستان ئێستا کەمێک لێی نیگەرانم و لە دانیشتنی خۆم لەگەڵ لایەنەکان لە لایەن دەفتەری سیاسی حیزبەوە کە پێمان ئەسپێردراوە ئەوە بووە کە وەحدەتو یەک ڕیزی خۆیان بپارێزن، ئەگەر وەحدەتو یەک ڕیزی خۆیان بپارێزن یەک دەنگو یەک گفتومانو یەک وتاریان هەبێ دڵنیام لەو ناوچە شێواوە کە دراوسێکانی کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر دەیان هەوێ بچنە نێو قەزیەکەو شکافو ناکۆکی لە نێوان ڕیزەکانی کورددا دروست بکەن ناموەفەق دەبن ئەو وەقتە کوردێکی یەک گرتوو دەبینن لەو حالەتەدا مەجبوورن موعامەلەی دەگەڵ بکەن بەو دەلیلە نیگەرام کە ئێمە بەو ئەقلیەتە، یەکتر تەحەمول نەکردنو دوو بەرەکیو چەند بەرەکیو ئینشعابو ئینشقاق پچینەوە نێو بازنەیەکی گەورەی سیاسی لە ئێراندا وڵامدەری ئەرکو مەسئولییەتەکانی خۆمان نەبین، ئەو کێشەو ئەو لایەنە ڕەوانیو یەکتر بۆغزاندنەو یەکتر ئەزیەت کردنە بەرینەوە نێو خەڵک، ئەگەر ئێستا ئێمە جەمعێک لێرەو جەمعێک لە دەرەوە پێی مەشغولین زۆرتر مەشغەلەی ئەندامانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتە، من لەوە نیگەرانم ئەو جەمعە ئەو کێشانە بەرێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو لە ئوستانەکانی کوردستاندا بەو شێوەی کە تا ئێستا تەعامولمان لەگەڵ یەک کردوە تەعامول لەگەڵ یەک بکەیین ئەو وەختە میلیونها لە خەڵکی کوردستانی ئێران دەکەوێتە نێو کێشەکانی دێموکراتەکانەوە، بەوجۆرە گۆڕەپانەکە دابەش بێ ئەوەیە من لێی نیگەرانم و جێگای خۆشیەتی کە من ئەو نیگەرانیە باس بکەم و هەر لەسەر ئەو نیگەرانیەیە کە ئیحساسی مەسئولیەت دروست دەکا بۆیە هەمیشە ئێمە پێش قەدەم بووین بۆ ئەوەیکە ڕێگا چارەیەک بۆ کێشەی دێموکراتەکان ببینینەوە.

***کوردکاناڵ: کاک خالید! باسی دوگم نەبوونی دوکتور قاسملوومان لە سیاسەتدا کرد هەڵوێستە جۆربەجۆرەکانی، گەمە سیاسییە جۆربەجۆرەکانیو تەنانەت چوونە سەر میزی موزاکرەش، پاس ٢٥ساڵ هەمان شت لە جەنابت دەبیندرێت دیارە بە نەقدەوە چاوی لێدەکەن کە سکرتێری حیزبی دێموکرات واتە خالیدی عەزیزی ڕۆژێک دەگەڵ هەڵبژاردنە ڕۆژێک نیە، ڕۆژێک باس لە مادەی ١٥و ١٩ قانونی ئەساسی لە ئێراندا دەکا کە لە ئاستێکی خوارەوەیە و تەنانەت لە چەند مانگی ڕابردودا باس لە دانیشتنی جەنابت بە مەبەستی موزاکرە لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی کرا، چی ئەڵێی جەنابت ئەمە ئینعیتافە ئەمە خاڵی لاوازە، نەخێر خاڵی بە قووەتە؟***

کاتێک ئەتۆ دێیە نێو هەمووی ئەو مەوزوعاتە، مەسەلەی موزاکرە مەسەلەی مادەی ١٥و ١٩ ، مەسەلەی دروست کردنی حیزبێک لە نێو خۆی وڵات، مەسەلەی خەباتی مەدەنی، مەسەلەی کەڵک وەرگرتن لە فورسەتەکان، هێنانە گۆری زمانی زگماکی، ئەوانە بەشێکن لە پرۆژەو پرۆسەی جێبەجێ کردنو جێ خستنی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمان. من ئاماژەم بەوە کرد کە دوکتور قاسملوو سیاسەتی یەک بۆعدی نەدەدیت، سیاسەتی

ئاوا چاو لێ دەکرد، لە سیاسەتی یەک بۆعدیدا یەک ڕێگا حەل بەسەرتدا تەحمیل دەکرێ، لە سیاسەتێکی ئەوا دا تۆ ئەنواعی ئیحتمالات موتالەعە دەکەی‌و ئەنواعی ڕێگا حەل دەبینیەوە. من لەو کەسانەم لە نیزیکەوە لەگەڵ دوکتور قاسملوو بە ڕاستی کارم نەکردوە، نە عوزوی ڕێبەری حیزب بووم ئەو کاتە، نە ئەو مەوقەعیەتە حیزبو تەشکیلاتەشم ئەوەندە لە سەروە بووە، بەڵام هەمیشە کە ئاوڕ دەدەمەوە بە شێوەی سیاسەت کردنی دوکتور قاسملوو، ئەوەی کە دوکتور قاسملوو زۆر ڵیبراڵ‌و زۆر واقعبین چاوی لە شتەکان دەکرد بە تایبەت لە جامەعەی پیچیدەی ئێراندا ئەوە بە لای منەوە زۆر گرینگی هەبوو، جا کاتێک ئەو مەوزوعاتە دێتە گۆڕێ ئێمە وەک حیزبی دێموکرات، ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات وەزیفەمان ئەوەیە نەقشیەکی سیاسی گەورەی ئێران دەبنێین مەجال‌و دەرفەتەکان، ئاستەنگەکان، فورسەتەکان، توانایی خۆمان، داهاتووی ئێران، ئێران چۆن دروست بووە، چۆن دەگۆڕێ، ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەزع لەوێ، چمان بۆ دەکرێ چمان بۆ ناکرێ، ئاوا چاو لە خەباتو تێکۆشان‌و وەزیفەکانی خۆمان بکەین، بە باوەری من کۆماری ئیسلامی ئەو گفتومانەی ئێستای حیزبی دێموکرات کە ئەو شتانەی ئاماژەم پێ کردووە خەڵک تەشویق دەکا لەسەر وانە کار بکەن بە زەرەدی کەمتر، خەتەری زۆر بۆ خۆیان دروست نەکەن تا بە راحەتی تێدا نەچن بەڵکە لەو چوارچێوەدا تەعامووڵ بکەن ئەو گفتومانە مەدەنیە، کۆماری ئیسلامی لەو گفتومانە مەدەنیەی ئێمە دەترسێ و لەو گفتومانە مەدەنیەی نێوخۆی وڵات دەترسێ، کۆماری ئیسلامی کە بە عەقلیەتی سپای پاسداراڕ‌و خەڵکی دەوروبەری وەلی فەقی شکڵی گرتووە بە دیدی ئەمنییەتی چاو لە کوردستان‌و هەموو ئێران‌و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکا، هەمیشە پێی خۆشە موخالفینی کۆماری ئیسلامی شوعار بدەن باسی توندو تیژی بکەن حاڵەتهای نا ئەمنی بێنە گۆڕێ، هەڕەشەو گوڕەشە بکەی، لەو حالەتەدا ئەو ئیستعدادی زۆرە بۆ بەربەرەکانی تۆ لەو جورە شوعارانە کە هەر هەڕەشەو گوڕەشە بێ، شوعار بەدەی خۆت دێڵێیەوە، شوعارەکان ئەگەر وابوون کە خەڵکێکی زۆر خۆی تێدا نەدیتەوە، ئەوە کۆماری ئیسلامی پێی خۆشە، بەڵام ئێمە کە ئێستا مەجالی خەباتی چەکداری ڕاستەو خۆی پێشمەرگانەمان نیە، ئێمە حیزبێکی ئازاد نین لە نێوخۆی وڵات ئەو خەباتە ڕێبەری بکەین ڕێگامان ئەوەیە گفتومانی خۆمان بە شێوەیەکی مەدەنی بخەینە نێو کۆمەڵانی خەڵک، ئەگەر وایە ئێمە شتێکمان دەست پێکردوە کە کۆماری ئیسلامی لێی نیگەرانە. بە نیسبەت هەمووی ئەوانە هەدەفەکەی ئێمە ئەوەیە ئەوەی دوکتور قاسملوو لێی نیگەران بوو کاتی خۆی مەجبوور بوو موزاکرەی کرد کە حیزبی دێموکرات تووشی ژیان لە تەبعید دا نەبێ، لە جێگای خۆی نەمێنێتەوە کە بەشێکی موشکلاتی ئێمە لەوهوە سەری گرتووە. هەدەفی ئێمە و گفتومانێک کە ئەمنیش کۆمەکم پێ کردووە ئەوە بووە کە خەڵکێکی زۆر خۆیان رووبەرووی کۆماری ئیسلامی ببینەوە.

ئەگەر ئەو حیزبە هەر لە باشووری کوردستان بمێنێتەوەو کۆماری ئیسلامی نەرووخێ‌و ئێمە نەتوانین بچینەوە نێوخۆی وڵات، با عەقلیەتی حیزبی دێموکرات و ئەو حەلە مەدەنیانەی دێنێتە پێشێ کە خەڵکێکی زۆر لە خەباتەکەدا بن لەوێ لە گۆڕەپانەکەدا رووبەرووی کۆماری ئیسلامی بێتەوە.

ئەگەر کۆماری ئیسلامی بۆخۆی پێیوایە حیزبەکەی ئێمەی لە تاراوگەدا هێشتۆتەوە بەڵام بیرو هۆشی حیزبی ئێمە لە نێو خەڵکێکی زۆر دەبێ بێتە گۆڕێ و لەوێدا رووبەرووی ببنەوە، لەسەر موزاکرە ڕەنگە شتێکی زۆرم نەبێ ئێستاش لەو باوەڕەدام ئەگەر کۆماری ئیسلامی داوای موزاکرە لە ئێمە بکا، ئێمە دەبێ لەگەڵی دابنیشین کە داوا دەکا مەوزووعاتێکی هەیە و دەبێ گوێی بدەیینێ و بڵێین کە ئێمەش لەسەر موزاکرە ئەو تێبینیانەمان هەیە ئەگەر مەوزوعێک دێنێتە گۆڕێ ئێمە نابێ نادیدەی بگریین، شتەکەی خۆمان باس کەین ئێمە نەکەوینە ئەو خانەیە. دیارە با بڵێم رووخانی کۆماری ئیسلامی باشترین شتە بۆ دێموکراسی‌و بۆ خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەرچەند عەواقیبو عەواریزی خۆی هەیە، بەڵام ئێمە نابێ لێی بترسێین. بەڵام هەر لەو خانەیەدا گیر نەکەیین مادام ٣٥ساڵە بۆمان نەرووخاوە شتی دیکە نەهێنینە گۆڕێ، بەحسو قسە دەبێ بخەینە نێو خەڵک بۆیە گفتومانی موزاکرەش بە باوەڕی من هەر لە جێی خۆیدایە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی پەیامێکی بۆ ئێمە ناردبێ‌و ئێمە وڵاممان داوەتەوە ئەوە لە جێگای خۆی دایە، ئەو سیاسەت دەکا بە دووای بەرژەوەندێکەنی خۆیدا دەگەرێ ئێمەش سیاسەت دەکەیین بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆماندا دەگەرێین هەرچەند ئێمە ئێستا چالاکی نیزامیمان نیە کە کوتم بە شێوەی ئازادانە کار بکەین، بەڵام بۆی دەرکەوتووە لە هەمووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئیلامەوە بگرە تا کرمانشان‌و ئوستانی سنەو ئوستانی ورمێ‌و کوردەکانی خوراسان‌و کوردەکانی هەمەدان‌و مەنتەقەی لۆرستان‌و کوردەکانی تاران کە ئەقلیەتی دیفاع لە مافەکانی نەتەوایەتی خۆمان لە پەرەگرتن دایە، بۆی دەرکەوتووە کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە فاکتۆرێک، بۆی دەرکەوتووە ئەو سەردەم بەسەر چوو کە کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا بە کێشەی فەلەستین‌و

ئیسراییل باسی لێدەکرا ئێستا قەزیەیەک بە نێوی قەزیەی کورد هاتۆتە گۆڕێ، درەنگ یا زوو پێی کۆماری ئیسلامی دەگرێتەوە، بۆیە ئێمە دەبێ لە لایەنێکی دیکەشەوە بێینە سەر دروست کردنی زەمینەو بەستەری موناسب بۆ ئەو جۆرە گفتومانە.

**کوردکاناڵ: کاک خالید وەکو دوایین پرسیار لەم بەرنامەیەدا کە زیاتر تایبەت بوو بە یادی دوکتور قاسملوو، باس لە کەسایەتی سیاسی دوکتور قاسملوو بوو، ئێستا پاش ٢٥ساڵ لە نەمانی دوکتور قاسملوو دەبینین لە باشووری کوردستان باس لە ڕێفراندۆم دەکرێت، جەنابت چۆن لەو دۆخە دەڕوانی؟**

دەکرێ بڵێم هەرچەند ئێستا دوکتور قاسملوو لە نێوماندا نەماوە بەڵام ٢٥ساڵ دوای تیرۆر کردنی شەهید دوکتور قاسملوو بەشیک لەو پرۆژەو ئەو ئارەزوانەی دوکتور قاسملوو بە دوایدا دەگەڕا، وەدی هاتووە. قەزیەی کورد لە سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان بە خۆشییەوە لە مەوقەعیەتێک دایە کە تازە بەرەو دوایە ناچێتەوەو بەرەو پێش دەچێ. تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو شۆێنەی دوکتور قاسملوو لێی لەدایک بووە و هەموو ئارەزووکانی ئەوە بووە کە حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە لەوێ بتوانێ دەوری هەبێ لەسەر دروست کردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو عەقلییەتێکی سیاسی لەوێ ئێمە ئیستا ئەو مەوقەعیەتمان نیە، لە تەواوی ئەو باسانەی کە مەربووت بە پارچەکانی دیکەیە پێم خۆشە ئاماژە بە یەک شت بکەم ڕاستە لە هەرێمی کوردستان بەرەو ئەوە دەچێ کە ڕاپرسێک بکرێ شتێکی باشە لەسەر چارەنووسی خۆیان بڕیار بدەن، بەڵام ئەوە قەزیەی چارەنووسی باشووری کوردستانە ئەگەر قسەش لە دەوڵەتی کوردی بکرێ قسە لە دەوڵەتی کوردی بۆ باشووری کوردستانە قسە لە دەوڵەتی کوردی یا چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیە، ئەگەر وایە ئەرکو تێکۆشانو وەزایفەو کاری خۆمان چ بۆ ئێمە حیزبی دێموکرات چ بۆ خەڵک لە نێوخۆی وڵات وەک خۆی لە جێگای خۆی دا هەیە، دەبێ بەردەوام بچێتە پێشێ و دەبێ تێبکۆشین لە هەمان کاتدا حیزبی دێموکرات هەوڵدەدا هەڵوێستێکی مەسئوولانەی نەتەوەیی هەبێ نیسبەت بە باشووری کوردستان و بە شێوازی جۆراوجۆر بە ئێرانییەکان بڵێین کە ئەگەر لە باشووری کوردستان لەسەر چارەنووسی خۆیان بڕیار بدەن حەقو مافی خۆیانە ئەوەشمان لەبەر چاو بێ ئێمە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانین حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان کوردستانی ئێران زۆرتر دە فکری بەشەکەی خۆمان دابین زۆرتر بەوێوە فکرمان مەشغوول کەین، بۆ ئەوێ بنووسین بۆ ئەوێ قسە بکەین، بۆ ئەوێ سیاسەت بکەین، بۆ ئەوێ دیپلۆماسی بکەین، بۆ ئەوێ لۆبی بکەین و دەبێ فکری سەرەکیو مەشغەلەی فکری فەعالینی سیاسی لە نێوخۆی وڵات هەر لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ ئەگەر ئێمە لەوێ بەقووەت بین، دەنگمان بە هێز بێ، قەڵەمان باش کار بکا، خەڵکێکی زۆر لە ئێران لە کێشەکەی خۆمان بگەیەنین، بەوجۆرە دەتوانین کۆمەک بکەین بە خوێندنەوەیەکی مەسئوولانەی کۆمەڵگای ئێران بەرامبەر بە داهاتووی باشووری کوردستانیشو حکوومەتی کۆماری ئیسلامی مەجبوور بە هەڵوێستێکی مەسئوولانە بێو نەکەوێتە خانەی تێکدان، بۆیە بۆ جارێکی دیکە دێمەوە سەر ئەوە کە ئەمن گەشبینم بە داهاتووی کورد بە گشتی بەڵام لە تەنیشت ئەوەدا تەئکید لەسەر واقعبینییەک دەکەمەوە کە دوکتور قاسملوو هەمیشە بەلایەوە گرینگ بوو، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام دەبێ خۆمان ئەرکدار بکەینو کاری بۆ بکەینو هەوڵو تێکۆشانمان هەر بۆ ئەوێ بێ ئەگەر باشووری کوردستان هیوادارم بەرەو ئەوە بڕوا ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەتی خۆشی پێک هێنا ئەوە بۆ خۆیان بۆ باشووری کوردستان دەوڵەتی کوردیان دروست کردووە نەک بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبیرمان بێ ئێمە دەوری ٢٠دەوڵەتی عەرەبیمان هەیە هەرکەسە مەسئوولە بەرانبەر بەو شۆێنەی تێیدا هەیە.

**کوردکاناڵ: بەڕێز کاک خاکید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆشحالم کە ئەو مەجالەت بۆ ئێمە ڕەخساندو میوانی ئەم بەرنامەوە بووی.**

زۆر سپاس بۆ ئێوەشو بۆ هەمووی بینەرانی کوردکاناڵ هەر وەکی لە ڕاگەیاندراوەکانی هەردوو لای دێموکرات هاتووە ئێمە خۆمان مەسئوولو

# ٢٥ شەهیدانی ڤییەن

مووزەف دەبینین کە یادی دوکتور قاسملوو بکەینەوە ڕەنگە زۆر ئاسان نەبێ لە ژێر فشارو تەهدیدو عەقلیەتی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کۆردستان بە ڕاحەتی ئیجازەمان پێ بدرێ ئەو ئەرکە بە جێ بگەیەنین، بەڵام هیوادارم هەمووی خەڵک بە هەر جۆرێک بۆیان دەکرێ‌و بە هەر شێوەیەک بۆیان عەمەلیە بە جۆرێک یادی ئەو ڕێبەرە مەزنە بکەنەوە تەواوی ژیان‌و ئەندیشەو فکری خەباتو تێکۆشان بوو بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەر لەو پێناوەش‌دا تیرۆر کرا، هەموو لایەکتان هەر ساغ‌و سلامەت بن هیوادارم لە داهاتوویەکی نیزیک‌دا بیرو ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قانونی بێ، مۆئەسەسەیی بێ، بێ بە دەسەڵات و ئێمەش بە مافەکانی خۆمان شاد بین.

لە ژمارە ٦٣٦ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٢٢ی جوولای ٢٠١٤

## وتاری مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، لە ڕێوڕەسمی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن. لە وڵاتی نۆرویژ

بەڕێزان نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان!

بەڕێزان کەسایەتییە سیاسی، فەرهەنگی، هونەری و کۆمەڵایەتییەکان!

بەڕێزان ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان!

بەشدار بوانی بەڕێز!

لە دەوری یەک کۆبوینەوە تا یادی کارەساتێکی دڵتەزێن بکەینەوە کە تێی‌دا ڕێبەرێکی بێ هاوتای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و نەتەوەی کورد شەهیدی ڕێبەر دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملو، هاوڕێ لە گەڵ دوو کەسایەتی هەڵکەوتوی دیکەی حیزبی دێموکڕات وکورد کاک عەبدوڵلا قادری ئازەر ئەندامی کومیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و دوکتور فازل ڕەسوڵ کەسایەتی سیاسی کوردی باشووری کوردستان بوونە قوربانی لە ڕێگای وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان و لە ڕێگای ئاشتی، ئازادی و دێموکڕاسی دا بۆ کوردستان و دەراوسێکانی کوردستان . لە لایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە سپاستان دەکەم کە لە یادی ٢٥ ساڵەی ئەو بیرەوەرییە تاڵە دا لە گەڵمان بەشدارن. بێگومان ئەو یادە تاڵە هەم بیرەوەریەکی ناخۆشە بۆ هەمومان و هەم ورەمان بۆ درێژەدانی ڕێگای شەهیدانی ڕێبەری وەک قاسملو پتەوتر دەکا. بە پێویستی دەزانم وێڕای ناردنی سڵاوێکی بەتین بۆ ڕوحی پاکی هەمو شەهیدانی کوردستان بەگشتی و شەهیدانی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە بە تایبەتی، باسێکی کورد لەسەرچۆنیەتی خۆ پێگەیاندن و هەوڵ و تێکۆشانە سیاسیەکانی شەهیدی ئاشتی و شەهیدی ڕێبەر دوکتور قاسملو بکەم.



عەبدولڕەحمان قاسملوو ساڵی ١٩٤٥ / ١٣٢٤ تێکۆشانی سیاسیی خۆی بە دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە شاری ورمێ دەست پێ

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

کرد. ساڵی ١٣٢٥ کۆماری کوردستان لە مەهاباد رووخا. بە دوای ئەو دا ئەویش بۆ خوێندن چووە تاران. ساڵی ١٣٢٧ بۆ درێژە پێدانی خوێندن چوو بۆ پاریس پایتەختی فەرانسە. گەیشتنی بە پاریس هاوکات بوو لەگەڵ تەقە کردن لە شا لە زانستگەی تاران (٢٥ی رێبەندانی ١٣٢٧) کە بوو بە هۆی لە نێو چوونی ئەو نیمچە ئازادییە دێموکراتیانەی کە هەبون لە سەرانسەری ئێراندا. بەو بۆنەیەوە کۆبوونەوەیەکی بەرینی خوێندکارە ئێرانییەکان لە پاریس پێک هات کە لەوێ دا عەبدولرەحمان قاسملوو بە درێژی لە دژی شاو رێژیمەکەی قسەی کردو لە ئاکام دا خوێندکاران پەیامێکی ئیعترازییان بۆ حەمە رەزا شا نارد. ئەم کارە بوو بە هۆی فشاری باڵیۆزخانەی ئێران لە پاریس، تەنانەت لە لایەن حکوومەتی فەرانسە وە بۆ سەر قاسملوو. سەرئەنجام ناچار بوو پاریس بە جێ بهێڵێو وەک یەکەم بوورسیەی ئێرانیی "یەکیەتیی نێونەتەوەیی خوێندکاران" چوو بۆ پراگ پێتەختی چیکوسلۆواکی. هەر لەو ماوەیەدا کە لە فەرانسە بوو، بە هاوکاریی چەند خوێندکاری دیکەی کورد"کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروووپا"یان دامەزراند. دوکتور قاسملو هەرچەند لە دەرەوەی وڵات بو، بەڵام هەرگیز پەیوەندی خۆی لە گەڵ جوڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان نە پچڕاند. لە رێکخستنەوەی تەشکیلات حیزب دا و بە تایبەت لە بوژانەوەکانی ساڵی ١٣٣٢ دا نەخشی بەرچاوی هەبو. لە دەرەوە ڕا پەیوەندی هەبو لە گەڵ جوڵانەوەی ساڵەکانی ١٣٤٦ / ١٣٤٧ و پەیوەندی موکاتەبەیی لەگەڵ بەرپرسانی ئەو جوڵانەوەیە وەک سولەیمانی موعینی و مەلا ئاوارە و حەمەدەمینی سیراجی هەبو. لە ساڵی ١٩٦٩ ی میلادیشەوە و لە کۆنفرانسی ٣ وە بە کردەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی رێبەری کردو بە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو حیزب هەنگاوێکی گەورەی بەرەو نوێبونەوە، پێکهێنانی تەشکیلاتێکی بەهێزو دیپلۆماسیەکی بەهێزی نێونەتەوەیی هاویشت. لە شۆڕشی گەلانی ئێران دا بە رێبەرایەتی دوکتورقاسملو، حیزب توانی رۆڵی سەرەکی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت ئێران ببینی. وەک یەکەم رێبەری کورد توانی کاندید بێ و هەڵبژێدرێ بۆ مەجلیسی پسپۆڕانی ئێران. توانی لە هەنگاوەکانی وتووێژ دا نەخشی یەکەم بگێڕێ، لە کاتی شکستهێنانی وتووێژی ئاشتی و هێرشی دڕندانەی کۆماری ئیسلامیش دا وەک رێبەرێکی کارامە بۆ بەرگری لە گەلەکەی دەرکەوێ. دوکتور قاسملوو توانی پەیوەندییەکی دیپلۆماسی بەهێز لە گەڵ دنیای دەرەوە پێک بێنێ و لەو هەموو گرژی و ئاڵۆزیانە دا کە لە ناوچە پێکهاتن و بەو هەموو گرفتانەشەوە کە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کورد هاتنە پێش، فەرمانی حیزب و شۆڕش بە جۆرێک هیدایەت بکا، کە ئێستاش ئێمە بێسڵینەوە بتوانین شانازی بە رابردوی حیزبەکەمانەوە بکەین. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژێر رێبەرایەتی ئەودا تەنانەت یەک هەڵوێستی سیاسی ئەوتۆشی نەبوو کە مەجبوربین بیشارینەوە، یا بە حەزەرەوە باسی بکەین. دیارە دەبێ ئەوە بڵێم کە ڕەنگە تەنانەت لە ژێر رێبەرایەتی ئەو گەورە رێبەرەش دا هەڵەی تەشکیلاتی و بڕیاری هەڵە درابێ، کە ئەوەش لە کاری سیاسی دا ڕوو دەدا. بەڵام لە گەڵ هەموو هەڵەکانیش دا حیزبی دێموکراتی کوردستان دەتوانێ شانازی بەو سەردەمەیەوە بکا کە شەهید دوکتور قاسملو رێبەری بوو.

بە داخێکی گرانەوە رۆژی ٢٢ی پووشپەری ساڵی١٣٦٨ (١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩) لە کاتێکدا بۆ دۆزینەوەی رێگای چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێراندا لەگەڵ چەند نوێنەری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە وییەن لە سەر مێزی وتووێژ دانیشتبوون، مامۆستای رێبەر دوکتور قاسملوو لەگەڵ هاوڕێی تێکۆشەر کاک عبدالله قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە ئورووپا و دوکتور فازل رەسووڵ کوردی باشووری کوردستان و مامۆستای زانستگە لە وییەن بە دەستی بە ناو نوێنەرانی دەوڵەت بۆ وتووێژی ئاشتی، شەهید کران.

ئەو تیرۆرە تەنیا دژی حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو نەبوو، بەڵکو لە هەمان کات دا دژایەتییەکی کوێر و قین لەدڵانە بوو لە گەڵ ئاشتی،

دێموکراسی و ئازادی. رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە چەند بواردا دوژمنی سەر سەختی دوکتور قاسملو بوو. رژیم دژی کەسایەتییەک بوو کە لە لایەکەوە گەورەترین هێزی نەتەوەیی، مافخواز، دێموکراسیخواز ، پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕی رێبەری دەکرد. لە لایەکی دیکەوە دیارترین کەسایەتی سیاسی، ئاشتیخواز، دێموکراسیخواز، بە توانا لە بواری زانستی دا و بە ناوبانگ لە دیپلۆماسی و پەیوەندی دا بوو.

جێگای خۆیەتی ئیشارە بەوە بکەم کە زۆر کەسایەتی کورد و غەیرە کورد لە سەر دوکتور قاسملووی نەمر هەر ئەو بۆچونەیان هەبوو. کە دەتوانین لێرەدا ئیشارە بە مادام میتران کە کەسایەتیەکی گرنگی فەرانسەیی و هاوسەری فرانسوا میتران سەرۆک کۆماری پێشوی فەرانسە، دوکتور

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

بێرنارد کۆشنەر وەزیری دەرەوەی پێشووی وڵاتی فەڕانسە،کارڵ جێچ هاو خوێندکار و هاوکاری دوکتور لە زانستگای پڕاگ، تۆماس هامابێری سوئێدی، دوکتور ئیسماعیل بێشکچی، دوکتور مەحموود عوسمان کەسایەتی سیاسی باشووری کوردستان، پێیەر مۆروا، سیاسەتوانی فەڕانسەیی، دوکتور کەنداڵ نزان کەسایەتی سیاسی باکووری کوردستان، کریس کۆچێرا ڕۆژنامەوانی بەناوبانگی فەڕانسەیی، دوکتور بێرنارد گرانژۆن فەڕانسەوی، سەلاح بەدرەددین کەسایەتی سیاسی ڕۆژئاوای کوردستان و زۆر سەرکردە و کەسایەتی دیکەی کورد و غەیرە کورد بکەین.

دوکتور قاسملو ئەو تاقیکردنەوە، زانست و پایەگا گەورەیەی لە خۆڕا بەدەست نەهێنابو. هەم لە بنەماڵەیەکی ناودارو کوردپەروەر لە دایک ببوو، هەم لە تەمەنێکی زۆر لاودا ڕێگای خەبات و تێکۆشانی گرتبۆە بەر. بۆ خۆی لەم بارەیەوە لە کتێبی "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی"دا لە باسی سەفەری ٣٠ کەس لە کوردەکان بۆ باکۆ لە سەر بانگهێشتنی دەوڵەتی شوورەوی، دەنووسێ :"هەر چەند ئەو کاتە من تەمەنم یازدە ساڵ بوو، بەڵام وەک زۆر منداڵی ئەو سەردەمە سیاسەت سەرنجی راکێشا بووم.

بابم یەکێک لە ئەندامانی ئەو هەیئەتە بوو. زۆر باشم لە بیرە کە لە باکۆ هاتەوە چەندین تاقەندی لەگەڵ خۆی هێنابوو، تا پڕێکی باشیشی پێ بوو. وادیارە سۆڤیەتیەکان قەندو تفەنگو شتی دیکەیان بە دیاری دابوو بە هەموو ئەندامانی هەیئەت. قەند بە تایبەتی زۆر بە نرخ بوو، چونکە ئەو کاتە لە ئێران زۆر کەم و گران بوو. من ئەو کارەم زۆر پێ سەیر بوو، چونکە لە ماڵی ئێمە براکانم و ئامۆزاکانم کە لە من گەورەتر بوون، باسی ئەوەیان دەکرد کەبابم لەگەڵ چەند کەسی دیکە چوون بۆ باکۆ حەقو ئازادیی کوردان داوا بکەن. بۆیە راستو رەوان لە بابم پرسی: ئەدی مافی کوردان چی لێ هات؟"

هەربۆیە کۆماری ئیسلامی لە تێرۆڕی دوکتور قاسملوی نەمر دا چەندین ئامانجی تاقیب دەکرد. دیارە ئامانجی سەرەکی لە ناوبردن، یا لاواز کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەو ڕێگایەشەوە بە چۆکداهێنانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بوو. ئامانجێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی لەناوبردنی کەسایەتیەکی سیاسی ئاشتیخواز و دیپلۆمات بوو کە بە شێوەیەکی زانستی، مرۆڤدۆستانە و لە چوارچێوەی مەنشور و بڕیارنامە نێودەوڵەتییەکان دا، بە چەندین زمانی زیندووی دنیا، دەیتوانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی و پێشێلکاریەکانی بواری مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامی دا، لە هەموو دنیا لە قاو بدا. لە لایەکی دیکەوە دوکتور قاسملوو و ئەو حیزبەی کە دوکتور قاسملوو ڕێبەری دەکرد، لەو سەردەمەدا ببوونە پێشەنگی جووڵانەوەی ئازادیخوازی لە سەرانسەری ئێران دا. لە هەموو پانتایی ئێرانەوە ئازادیخوازان ڕوویان لە حیزبی دێموکڕات و دوکتور قاسملوو دەکرد. لە ڕاستیدا بەرهەڵستکاری سەرەکی کۆماری ئیسلامی و نیزامە دژی مرۆییەکەی کۆماری ئیسلامی دوکتور قاسملوو و حیزبەکەی بوون. هەروەها تیرۆڕی دوکتور قاسملوو بە ئامانجی تیرۆڕی بیر و بۆچوون و هزری دوکتور قاسملوو بوو. بیر و بۆ چونێک کە بە پێچەوانەی ڕێژیم، بە شێوەیەکی مۆدێرن هەوڵی دەدا عەقڵییەتی لیبراڵ، فرەحیزبی و دێموکڕاتیک لە کۆمەڵگای کوردستان و ئێران دا نەهادینە بکا و پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە بکاتە مۆدێلی ژیان لە ئێران و کوردستان دا. ئەوەش دیارە بە تەواوی دژی مۆدێلی ویلایەتی فەقیهی کۆماری ئیسلامی بوو کە تەواوی هەوڵی ئەوە بو کە گەلانی ئێران بە ڕێگای ژیانێکی ئاراستەکراوی خەت و نیشان بۆ کێشراو وداخراو دا هیدایەت بکا و لە کۆتایی دا کۆمەڵگایەکی موتیع بۆ وەلی فەقیە و بێ فکر و هزر لە بەڕێوەبردنی خۆی دا، بەرهەم بێنێ.

کۆماری ئیسلامی بیری لەوە کردبۆوە کە بە لە نێوبردنی ڕێبەرێکی وەک دوکتور قاسملوو جووڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ سەردەکا و بیری نەتەوەیی پێشکەوتنخواز و گرێدراو بە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییە مرۆڤدۆستەکانەوە، بەرەو لاوازی دەبا. ئەوە لە ڕاستی دا خەونی هەموو ڕێژێم و حکوومەتە دیکتاتۆرەکانە. ئەوان هەمیشە بۆ چونیان ئەوە بووە کە بە لە نێو بردنی ڕێبەری جوڵانەوە، خودی جوڵانەوەکە لە نێو بەرن. ئێعدامی پێشەوا قازی محەممەد لە پێش تێرۆڕی دوکتور قاسملوو دا و تیرۆڕی دوکتور شەرەفکەندیش لە دوای تێرۆڕی دوکتور قاسملوو هەر بەو ئامانجە ئەنجام دراون. ئەو جینایەتانە لە مێژووی پڕ کارەسات و قوربانی دانی نەتەوەکەمان بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بەداخەوە لە هەموو قۆناغەکان دا ئەنجام دراون. بێگومان دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە لە داهاتوش دا، هەرچەند ڕەنگە بە بەرنامەی جیاوازەوە، دژی ڕێبەرانمان و کەسایەتییە لێوەشاوەکانمان درێژەی دەبێ. بۆیە جێگای خۆیەتی ڕێبەر و کەسایەتییە شەهیدەکانمان لەبیر نەکەین و قەدری کەسایەتی و ڕێبەرە زیندووەکانیشمان بزانین.

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

**بەڕێزان!**

*لە گەڵ هەمو ئەوانەشدا کە باسمان کرد، یەک پرسیار ڕەنگە لە زەینی هەموومانادا بێت و بچێ. بەڕاستی چۆن بوو کە دوکتور قاسملوو، لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی دانیشت و بەم شێوەیە شەهید کرا؟*

*بە بڕوای من وەڵامی ئەو پرسیارە دەتوانین لە چوارچێوەی هزر و بۆ چوونی دوکتور قاسملوو دا پەیدا بکەین. ڕەوشی ئاشتیخوازانەی دوکتور قاسملوو هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران دا دەست پێ دەکا. هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری حکوومەتی تازەوە هەوڵی داوە تا مەسەلەی کورد لە ئێران دا بە شێوەی وتوویژ چارەسەر بکا. لە هەر دەرفەتێک کە هاتبێتە پێش کەڵکی وەرگرتوە و هیچ پێشنیارێکی ئاشتی ڕەت نەکردوەتەوە. لە بیرمە لە دوای شەڕی سێ مانگە و بەدوای بێ ئاکام مانەوەی وتوویژی هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد لە گەڵ حکوومەت، زۆر هەوڵی دا ڕێگایەکی دیکە بدۆزێتەوە. باسی گەڵاڵەی شەش ماددەیی هێنایە گۆڕ و حیزب هەوڵی دیکەی ئاشتی دا. دوکتور قاسملوو پێی وابوو تەنانەت یەک ڕۆژ وەدوا کەتنی شەڕیش نیعمەتە بۆ دێموکراسیخوازانی کوردستان و ئێران و زۆر هەوڵی دەدا شەڕ لە ناو بەرێ یا لانی کەم وەدوای بخا. هەر ئەوەش بوو کاتی خۆی زۆر لایەن بە حیزبی دێموکراتیان دەگوت سازشکار.*

*دوکتور قاسملوو نەزەری وابوو کە شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە ئەو کەسە نییە کە شەڕ ساز دەکا، بەڵکوو ئەو کەسەیە کە بە هەموو هێزیەوە هەوڵ دەدا بۆ ئاشتی، بەڵام ئەگەر هێرش کرایە سەر گەلەکەی بەو پەڕی تواناوە بەرگری دەکا. کەوابو مێتۆدی خەباتی دوکتور قاسملوو ئەوەبو کە بەرگری بکا بۆ سەپاندنی وتوویژ و ئاشتی. هەر ڕاست بە خاتری ئەو مێتۆدە بوو کە جارێک بە گەڵاڵەی ٢٦ ماددەیی، جارێکی تر بە گەڵاڵەی ٦ ماددەیی هەوڵی دەدا کە نەهێڵێ وتوویژ ڕابوەستێ و شکست بخوا. جگە لەوە دوکتور قاسملوو دەیهەویست لە هەر دەرفەتێک کەڵک وەرگرێ. ئەو باوەڕی بەوە هەبوو کە سیاسەت هونەری مومکینە. ئاکرێ لە سیاسەت دا یا هەزارت بوێ یا هیچ. بەڵکوو ژمارەی دیکەش لەو بەینەدا هەن. مخابن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە و تا ئێستاش باوەڕیان بە چارەسەری ئاشتیخوازانە بۆ مەسەلەی کورد نەبوو و نیانە.*

*کەوابو ئوسول و مێتۆدی دوکتور قاسملوو ئەوەبوو کە وتوویژ ڕەت نەکاتەوە. بە ئاگایی لەو ئاشتیخوازییەی دوکتور قاسملوش بوو کە کۆماری ئیسلامی پلانی تیرۆرکردنی ئەوی لە چوارچێوەی هێنانەگۆڕی وتوویژ دا داڕشت. بەڵام دەبێ ئیقرار بەوەش بکەین کە چ شەخشی شەهیدی ڕێبەرمان، چ هاوڕێیانی لەو دانیشتنەدا بەشدار بوون و چ حیزب بە گشتی و تەشکیلاتی حیزب بە تایبەتی بێ موبالاتییەکی گەورەیان کردوە، لە چۆنیەتی ئۆرگانیزەکردنی دانیشتنەکە دا. کۆماری ئیسلامی بە داڕشتن و بەڕێوەبردنی ئەو پیلانە لاپەڕەیەکی ڕەش و جینایەتکارانەی دیکەی بە مێژووی پڕ لە شورەیی خۆی زیاد کرد و دەبێ بڵێین زەربەیەکی گەورەشی لە حیزبی دێموکراتی کورستان و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی و لە سەرانسەری کوردستان بە گشتیدا. هەروەها خەسارێکی زۆر گەورەی بە پرۆسەی دێموکراسی و ئازادی لە سەرانسەری ئێران گەیاند. بەڵام هەرگیز نەی توانی بە هەموو مەبەستە گەڵاوەکانی خۆی بگا. کە بەر لە هەمو شتێک بریتی بو لە بەچۆک داهێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.*

*ئێستاش قوتابیانی قاسملوو درێژە بەڕێگاکەی دەدەن و وەفادارن بە هزر و وتە بەنرخەکانی ئەو ڕێبەرە. ئێستاش وشەکانی ئەو ڕێبەرە کە دەیگوت: "باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگایانە".*

**بەڕێزان!**

*پەروەندەی ئەو جینایەتە بەداخەوە هەر وا بە هەڵواسراوی ماوەتەوەو تەنانەت بە دواداچونی قەزاییشی بە تەواوی بۆ نەکراوە. حکوومەتی ئوتریش هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی ئەو جینایەتە دا، بازرگانی بەو مەسەلەیەوە کرد و لە جیاتی تاقیبی جینایەتکاران و بەند کردنیان و سپاردنیان بە دادگا، ئەوکەسەی کە گیرابووش ڕەوانەی ئێرانی کردەوە. حیزبی دیموکرات لە قۆناغی جیاوازدا ئەوەی لە توانای دابوێ هەوڵی*

# ۲۵ شەهیدانی وییەن

داوە ئەو پەروەندەیە زیندو ڕابگرێ و لە دەرفەتێک دا بیگەیەنێتە دادگایەکی سەڵاحییەتداری نێونەتەوەیی. تەنانەت دوو ساڵیش لەمەوبەر ئێمە لە دەرەوە کامپینێکمان وەڕێ خست و زۆر ئیمزامان لە کە سایەتی ناودار کۆکردەوە. سەردانی حکوومەتی ئوتریشمان کرد و لە ڕێگای حیزبەکانی ئەوێوە، بە تایبەت لە ڕێگای سەوزەکانەوە مەسەلەکەمان گەیاندە پارلەمانی ئەو وڵاتە. بەڵام تا ئێستاش مخابن بە جێگایەکی مەتلوب نەگەیشتوین. بە باوەڕی من پێویستە هەردوک لای دێموکراتپێکەوە بەو گرنگە هەستن و کومیتەیەکی هاوبەشی بۆ دانێن تا بە جیددییەتی زۆرترەوە بەدوای ئەو مەسەلە گرنگە دا بچن. هەر لێرەوە دەستی هاوکاری بۆ هاوڕێیانی حدکا درێژ دەکەم و هیوادارم ئەوانیش ڕازی بن تا پێکەوە لە دەرەوەی وڵات کومیتەیەک پێک بێنین و هەوڵی زۆرتر بدەین. هەروەها لەو تریبونەوە داوا لە شارەزایانی بواری قانوونی نێونەتەوەیی دەکەم کە هەر پێشنیارێکیان لەو پەیوەندیە دا بە زەین دەگا، پێمانی ڕابگەیەنن تا بەڵکوو بەهەموان بتوانین ڕێگایەک بۆ هێنانەوە بەرباسی ئەو جینایەتە لە دادگا نێو نەتەوەییەکان دا بدۆزینەوە.

باسێکی دیکە ئەوەیە کە چۆن دەتوانین قەرەبوی ئەو خەسارە بکەینەوە کە لێمان کەوتوە. بە باوەڕی من تەنیا ڕێگا بۆ قەرەبوی ئەو خەسارە درێژە دان بە ڕێبازی شەهیدان و بە ئومێدەوە هەنگاونان تا سەرکەوتنە. بە بڵاو کردنەوەی تۆوی نائومێدیو حەسرەت خواردن هیچ ناکرێ و ڕوحی شەهیدانیش بەتایبەت ڕوحی ڕێبەری مەزن شەهید دوکتور قاسملوو شاد نابێ. هەرچەندە کەلێنی ڕێبەرانی شەهید زۆر گەورەیە و بە تایبەت لە سەردەمی ئەوڕۆدا زۆر هەستی پێدەکەین، بەڵام دەبێ لە خۆ ڕاببینین و بڵێین کە نەتەوەکەمان ئەوەندە شۆڕشگێڕ و بەهێزە کە دەتوانێ بە سەر گرفتەکانی دا زاڵ بێ و ڕێگای شەهیدان پڕ بکا لە ڕێبوار. ئەرکی سەرشانی تەک تەکی نەتەوەی کوردە کە بیر لە تێرۆڕی ڕێبەرانی بکاتەوە و ئامانجەکانیان بەدی بێنێ. نرخی خوێنی شەهیدان تەنیا ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانە و دەسکەوتی لەوە کەمتر بایی خوێنی ئەو هەموو شەهیدە و ڕێبەرانمان نییە.

### خۆشەویستان!

جێگای خۆشحاڵیە کە ئەمڕۆ لە هەموو کات و ساتێک زیاتر ئاسۆی گەلی کورد بە گشتی ڕوون و پڕ دەسکەوت دیارە. لە باشووری وڵاتەکەمان بەخۆشییەوە حکوومەتێکی گەلی وەک بەرهەمی خەباتێکی دوور و درێژ و پڕکارەسات، دامەزراوە. کورد لەو بەشەی کوردستان خاوەنی سەرۆک، پاڕلەمانو دەوڵەتی خۆیەتی. خاوەنی هێزی لشکریی پێشمەرگەو دام و دەزگای پاراستنی خۆیەتی و لە ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی عێڕاقیش دا نیشانیدا کە دەتوانێ پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی بکا لە بەرامبەر هەر هەڕەشەیەک دا و بە خۆشییەوە بۆ یەکەم جار توانی هەموو سنورەکانی باشووری کوردستان بخاتە ژێر فەرمانی حکوومەتی هەرێم و ناوچە دابڕێنراوەکان بگێڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. جگە لەوە لە سیاسەتێکی حەکیمانەی سەرۆکایەتی هەرێم، پاڕلەمان و دەوڵەت دا ڕادەگەیەنێ کە بەدەستی خۆی نێوەرۆکی ماددەی ۱۴۰ی جێ بەجێ کردوە و کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان کۆتایی پێ هاتوە. هەروەک لە هەڵوێستێکی نەتەوەیی و کوردستانی دیکە دا ڕاێگەیاند کە هێزەکانی پێشمەرگە بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی دەزانن پارێزگاری لە هەموو کوردستان بکەن و جارێکی دیکە هیچ بەشێک لە خاکی کوردستان بەجێ ناهێڵن و بەوپەڕی تواناوە پارێزگاری لێدەکەن. لە هەمووشیان گرنگتر داوای سەرۆکی حکوومەتی هەرێم بو لە پاڕلەمانی کوردستان تا مەسەلەی ڕیفڕاندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان تاو و توێ بکا، بڕیاری لەسەر بدا و بیکاتە قانون تا گەلی کورد لە باشور بتوانێ لە ڕیفڕاندۆمێکی ئازاد دا چارەنوسی خۆی دیاری بکا. بێگومان بەو دەست و بردەی پێشمەرگە و بەو هەڵوێستە نەتەوەییەی حکوومەتی هەرێم، ڕوحی قاسملووی مەزن و هەمو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان شاد دەبێ. بێگومان ئەو سیاسەتە ئازایانە و حەکیمانەی باشوری وڵاتەکەمان بەر لە هەموشتێک بەرهەمی یەکگرتویی هێزە خەباتگێڕەکانی و پێکهاتنی حکوومەتی نیشتمانی بنکە فراوانە کە هەموو هێزە براوەکانی هەڵبژاردنی تێدایە. هیوادارین وەک گلێنەی چاویان پارێزگاری لە و یەکیەتییە بکەن و هەرگیز و لە ژێر هیچ فشارێکی دەرەکی ، ئابووری و تەنانەت نیزامیش دا پاشەکشە لەو هەڵوێستە نەتەوەییە یان نەکەن.

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

هەروەها لە ڕۆژئاوای کوردستانیش کورد خەریکی پێکهێنانی بنکەکانی خۆبەڕیوەبەریە. هەڵوێستی بوێرانەی دەسەڵاتی کوردی لە و بەشەی کوردستان کە بەشداری نەکرد لە هەڵبژاردنە کارتۆنیەکەی ڕژیمی ئەسەد دا، نیشانەی ئیرادە بۆ خۆ بەڕێوەبەری یە. هیواداریِن لەو بەشەش یەکیەتیەکی نەتەوەیی لە هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکان پێک بێ و پێکەوە حکوومەتێکی بنکە فراوانی نیشتمانی دامەزرێنن و لە و دەرفەتەی بۆیان هاتوەتە پێش ئەو پەڕی کەڵک وەرگرن و بە یەکگرتویی بەرگری لە دەسکەوتەکانی نەتەوەکەمان لەو بەشە بکەن.

*بەڕێزان!*

لە باکووری کوردستانیش هەتا دێ ئاسۆکە ڕونتر دەبێتەوە. حکوومەتی تورکیا هەرچەند بە هەنگاوی سست و جار و بار پاشەکشەوە، بەڵام هەتا دێ لە واقیعبینی زۆرتر نیزیک دەبێتەوە. دیارە ئەوەش لە دەرک کردنی ئەو مەسەلەیە دایە کە بۆ دەوڵەتی تورک کوردستانێکی دۆست وەک دەراوسێیەک کە دەکرێ لە باری ئابووریەوە لە ئیمکاناتە زۆرەکانی کەڵک وەرگری، زۆر باشترە لە کوردستانێکی دوژمن کە دەبێ بە ملیاردها دۆلار لە ساڵدا سەرف کەی تا بتوانی مەهاری بکەی. وێ دەچێ دەوڵەتی تورک لەوە تێگەیشتبێ کە هیچ سودێک نابینێ لەوەی کە بە هێرشی نیزامی جووڵانەوەی کورد بە چۆک دابێنێ. دەیان ساڵ ئەو سیاسەتە هەڵەیەی بەڕێوە بردوە و هیچی بۆ نەکراوە. ئەگەر لە مەودواش بەو سیاسەتە هەڵەیە کار بکا، جگە لە زیان هیچی دەست ناکەوێ. دیارە دەتوانێ زیان بە کورد بگەیەنێ، بەڵام دۆڕاوی سەرەکی بۆخۆی دەبێ. کورد لە تورکیا نەک تەنیا توانیویەتی بوونی خۆی بسەپێنێ، بەڵکو خەریکە دامەزراوە پێک دێنێ و داوای شەراکەتی دەسەڵات دەکا. خۆکاندید کردنی سەلاحەددین دەمیرتاش بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری لە تورکیا بە لانی کەمەوە نیشانەی باوەڕبەخۆبون و هەڵسوکەوتی کوردە لە ئاستێکی بەرز دا. هەروەها لەبیرمان نەچی کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان نەخشێکی زۆر کاریگەر دەگێڕێ لە سیاسەتی کورد و تەنانەت لە ڕاددەی تورکیاش دا. ڕیبەری پ.ک.ک هەرچەند لە زیندان دایە، بەڵام نەخشی ڕێبەرێک دەگێڕێ کە شوێنکاری لەسەر داهاتوی باکووری کوردستان و تورکیاش هەیە. هەر بەو پێیەش پ.ک.ک ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە دارشتنەوەی پەیوەندییەکانی کورد و تورک لە داهاتوی ئەو وڵاتەدا. گومان لەوە دانیە بە پێشکەوتن و سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی و دێموکراسی لە باکووری کوردستان و تورکیە، هەم مەسەلەی کورد چارەسەر دەبێ و هەم وەڵاتی تورکیە هەنگاوی گەورەتر بەرەو پێشکەوتن داوێ.

بەڵام ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەداخەوە لە هەلومەرجێکی تەواو جیاواز دا دەژی. لە لایەکەوە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی تا ئێستاش هەر بە مێتۆدی کۆن و لە ڕێگای سەرکوت و بە ئەمنییەتی کردنی مەسەلەی کوردەوە دەڕوانێتە مەسەلەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران و تا ئێستا توانیویەتی بە ئێعدام، هێرشی نیزامی و لشکرکێشی ئاورەکە لە ژێر خۆڵەمێش دا ڕابگرێ. ڕەنگە بۆ هێندێک هێز و لایەن و بۆ هێندێک کەس ئەوە بەمانای سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتکردنی خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران لە قەڵەم بدرێ. بەڵام گومانم لەوە دا نییە کە دۆڕاوی سەرەکی لەو یارییە سیاسیەدا حکوومەتی کۆماری ئیسلامی و شۆوێنیزمی ئیرانییە. ئەوان خۆیان زۆر بە زیرەک دەزانن، بەڵام وەک دەڵێن دەعبای زیرەک بە دەندوکێ پێوە دەبێ. زۆر دەمێکە سیاسەتوانانی ئێرانی پێیان وایە دەتوانن فێل لە خەڵکی خۆیان و هەموو جیهانیش بکەن. بەڵام لە ئاخری دا ئەوەی بە دوا کەوتویی ماوەتەوەو لەو سەردەمەدا نەی توانیوە ڕێگای پێشکەوتن بپێوێ، هەر ئەوانن. وەڵاتێکی بەهێز، بە ئیمکاناتێکی زۆری سروشتی وەک نەوت گازەوە و بە خەڵکێکی زیرەک و لێهاتووەوە، ئێستا چەندین هەنگاو لە دوای تورکیایەکی بێ نەوت وگازە و تەنانەت لە سیاسەتی ناوچەیی و نێونەتەوەیش دا پێی دۆڕاندوە. لە حاڵێک دا لە ڕووی مێژوویی و فەرهەنگییەوە ئێران لە کورد نیزیکترە، بەڵام ئەوە تورکیایە کە کەڵکی زیاتری ئابووری لەو دەرفەتە وەردەگرێ کە لە باشووری کوردستان هاتوەتە ئاراوە. کاربەدەستانی ئێرانی غیرەتی گۆڕینی سیاسەتی خۆیان نییە. هەر لە مێتۆدە دواکەوتوەکەی ئەمنییەتی و نیزامی کەڵک وەردەگرن و پێیان وایە دەکرێ و دەتوانن لەم سەردەمەش دا بە ئێعدام و کوشتار و گرتن و ڕاونان دژبەرانی خۆیان لە مەیدان وەدەرخەن. ئەوان بە بیانوی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران کە بە زۆر و ستەم پێکیانەوە لکاندوە، نەتەوەکانی ئێران سەرکوت دەکەن و ئینکاری پێکهاتەی فرەنەتەوە بوونی ئێران دەکەن. ئەوان بەداخەوە لەو ڕاستیە

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

تێناگەن کە سەردەمی ئەو مۆدێلە بەسەر چوە و ڕاست ئەو سیاسەتە دەبێتە هۆی پارچەبوونی ئێران. چونکە چیدی نەتەوەکانی ئێران و لە پێش هەموویانەوە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانن ئەو سیاسەتە شۆوێنیستی و دژ بە مرۆڤایەتیە قەبووڵ کەن و ئەگەر هەر بەو جۆرە ئینکار بکرێن و مەسەلەکەیان لە چوارچێوەی ئێران دا جێ بەجێ نەبێ، بێگومان بڕیار لە چارەنوسی خۆیان دەدەن و لەو مەینەتیە دێنە دەر. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە هەل و مەرجیش بۆ ڕزگاری نەتەوە ژێر دەستەکان و بەتایبەت گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی دنیا کە کوردە زۆر گۆنجاوە. جێگای نیگەرانیو داخە کە تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری ئێرانیش، چ لە ناوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات، تا ئێستاش هەرلە چوارچێوەی سیاسەتی ئێنکاری دوای جەنگی جیهانی یەکەم دا قەتیس ماوەو ئێستاش پێی وایە تەنیا ڕێگای پاراستنی سنووری جوغرافیایی ئێران، ئینکاری فرەنەتەوە بوونی ئێرانە. دەنا دەبوو دەمێک بێ هەموویان فیدراڵی نەتەوەییان قەبووڵ کردبایە کە تەنیا ڕێگایە بۆ پاراستنی ئێران لە دابەش بوون و بۆ وەدی هێنانی دێموکراسی لە ئێران و بۆ ڕیعایەت کردنی مافی مرۆڤ و بۆ ئاوڕدانەوە لە مافەکانی ژنان و چین و توێژە جیاوازەکان و بەکورتی تەنیا ڕێگای پێشکەوتنی ئێرانە. جێگای خۆیەتی لانی کەم ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و ڕوناکبیرانی ئێرانی هەست بەو زەرورەتە بکەن تا درەنگ نەبوە.

**بەڕێزان!**

لە لایەکی دیکەشەوە جووڵانەوەی کورد بە سەردەمێکی زۆر دژوار دا تێدەپەڕێ. زوڵم و زۆری ڕێژیم و خراپی باری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی لە لایەک و پرش و بڵاوی نێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان، سستبونی هیوا بە کاری سیاسی و حیزبایەتی، نا ئومێدی ڕوناکبیرانی سەربەخۆ لە لایەکی دیکەوە، تا ڕاددەیەک سستی بەسەر جووڵانەوەی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان دا هێناوە. بەڵام گومانم لەوە دا نیە کە ئەو دەورانی پرش و بڵاوی و نائومێدیەش بەسەر دەچێ. ئەو هێزانەی کە هۆکاری سەرەکی بۆ پرش و بڵاوی هێزەکانن، ڕۆژێک تێدەگەن کە ئەم وەزعە بەر لە هەموو لایەک بە زیانی ئەوانە. سەهۆڵەکان دەتوێنەوە و زەرورەت یەکیەتی پێک دێنێ. بێلایەن لە مەسەلەیەکی گرنگی ئاوادا نامێنێ و هەرکەس ڕێگای خۆی دەبینێتەوە. بێگومان بۆ سەرکەوتن کاری سیاسی و حیزبایەتی پێویستە و هەموان ئاخرەکەی هەست بەوە دەکەن و ڕێگای خۆیان هەڵدەبژێرن. حیزب و ڕێکخراوەکان لێک نیزیک دەبنەوە و ئاخرەکەی تێدەگەن کە قازانجی نەتەوەکەیان و تەنانەت قازانجی خۆشیان تەنیا لە یەکگرتنیان دایە. زەمانە هەموان مەجبور دەکاو ئاسۆی ئاڵوگۆڕەکان کە وادیارە وەک دەرفەتێکی تازە بۆ نەتەوەی کورد سەر وەدەر دەنێ، هەموان لێک نیزیک دەکاتەوە. ئەوەندەی پێوەندی بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە بێ، دەمێکە لەو ڕاستیانە گەیشتوە کە باس کران. کار کردن بۆ یەکڕیزی نەتەوەیی بە ئەرکی خۆی دەزانێ. چ لە بواری وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکڕاتەوە بێ و چ لە بواری پێکهێنانی یەکیەتیەکی نەتەوەیی بنکە فرەوان ترەوە بێ هەمو کاتێک کاری بۆ کردوە و لە مەودواش بە گوڕتر لە جاران کاری بۆ دەکا. چونکە گومانی نیە لەوە دا کە قازانجی نەتەوەکەمانی تێدایە و ڕوحی شەهیدەکانیش تە نیا بە وە شاد دەبێ.

جارێکی دیکە سپاستان دەکەم بۆ بەشداری لە یادی شەهیدانی وییەن دا و بۆ ڕاگەیاندنی وەفاداریتان بە ئامانجی شەهیدان بەگشتی و قاسملوی ڕێبەر بەتایبەتی.

هەر سەرکەوتو بن.

سەرچاوە : ماڵپەڕی حدک میدیا / ڕێکەوتی : ١٥ی جوولای ٢٠١٤

## قسەکانی د. فرێدریک تیسۆ کۆنسولی پێشووی فەڕانسە لە کوردستان لە سیمیناری ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی د. قاسملوو لە پارلمانی بریتانیا

ئەمن یەکجار زۆر خۆشحاڵ و هەژاوم کە ئەمڕۆ لێرە لەگەڵتانم بۆ یادکردنەوەی کەسێک کە ئەمن بە مامۆستای خۆمم دەزانی، واتە دوکتور



عەبدولڕەحمان قاسملوو کە هەروەک هەموو دەزانن بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر بەدەستی ڕێژیمی ئێران تێرۆر کرا. ئەمساڵ چەندین ڕێوڕەسم بەو بۆنەوە لە گۆڕستانی پێرلاشێز و هەروەها لە پارلمانی فەڕانسەش بەڕێوە چوون.

کەس دوکتور قاسملووی لەبیر نەچۆتەوە. کەس ناتوانێ دوکتور قاسملوو لەبیر بکا. هەموو ئەوانەی دەیانناسی دەزانن کە چەندە زیرەکییەکەی و روانینی ئەو بۆ جیهان هیوابەخش بوو. ئەو کەسێک نەبوو کە سیاسەت تەنیا لە گەیشتن بە دەسەڵات و پۆستێکدا ببینێ. بنەمای خەبات و تێکۆشانی وی بەڕاستی بیروباوەڕ بوو و لەبیروباوەڕیشیدا هەتا سەر دەچوو و پێی وابوو کە دەبێ بە تەواوی ئەو نەخشە بنوێنێ کە مێژووی میللەتەکەی لێی داوا دەکا.

ئەمن بەختی ئەوەم هەبوو کە لە مانگی فێبریواریی ١٩٨١ دا لەگەڵی ئاشنا بووم، لە شوێنێک کە بۆ پاراستنی لە بۆمبارانی دژمن دروست کرابوو. ئەو بە تەواوی لە خزمەت مەسەلەی کورددا بوو. پرسیاری سەرەکییش ئەوە بوو کە ئایا دەکرێ بە ئاشتی بگەین بەبێ ئەوەی ئامادە بین لەگەل دژمن وتوویژ بکەین؟ هێندێک کەس ئێستاش لۆمەی دوکتور قاسملوو دەکەن کە بۆخۆی راستەوخۆ و بە قیمەتی گیانی خۆی لەگەڵ دژمنەکەی دانیشتووە. بەڵام بەڕاستی ئەگەر دوکتور قاسملوو باش بناسین، دەکرێ لەوەدا کە لۆژیکی ئاشتیخوازانەی خۆی تا سەر جێبەجێ کردووە و گیانی خۆی لەو پێناوەدا بەخت کردوە لۆمەی بکەین؟

ئەمن ئەو پیاوەم پڕ بەدڵ خۆش دەویست، مرۆڤێکی باش و راستگۆ کە قەت حازر نەبوو لەپێناوی ناسران و دانپێدانانی خەباتەکەیدا پەنا بۆ تێرۆریزم بەرێ. ئەوەی قاسملوو خەباتی بۆ دەکرد شتێک نەبوو جگە لە هەقی مان و مەوجوودییەتی گەلەکەی لەنێو ئێرانێکی دێموکراتیکدا و بەڕەسمی ناسران و گەشەسەندنی ناسنامەی گەلەکەی، مافی ئەوە کە کوردەکان بتوانن زمان و فەرهەنگی خۆیان بۆ مناڵەکانیان بگوازنەوە. ئەمانە شتێک بوون کە ئەودەم لە ئێراندا ڕێگەیان پێ نەدەدرا و بەداخەوە ئێستاش هەر مافی کوردەکان لەو وڵاتەدا بەڕەسمی نەناسراوە و ڕێزی لێ ناگیرێ.

ئەمن بەڕاستی قاسملووم خۆش دەویست. قاسملوو مامۆستایەکی بە تەواوی مانای وشە بوو. ئەو ناوچەی خۆی و گەلەکەی خۆی و هەموو کۆت و بەندەکانی ژیئۆپۆلیتیکی ئەو ناوچەیەی گەلی کوردی بەسەر چەند پارچەدا دابەش کردبوو بەباشی دەناسی. ئەمن زۆر شت لەو پێوەندییەدا لەو فێر بووم. بەتایبەتی ئەوە کە چۆن لە پاش کۆماری کوردستان لە مەهابادەوە فەزای سیاسی جاری وابوو کەمێک کرابۆوە و زۆربەی کاتیش بەتەواوی داخرابۆوە. ئێمە ئەو کاتە پزیشک بووین و لەسەر داوای دوکتور قاسملوو چووبووینە کوردستان هەتا کەمێک یارمەتیی پزیشکی بە خەڵکی کورد بگەیەنین، چونکە ئەو کاتە کوردستان هیچ خزمەتێکی پزیشکیی لێ نەمابوو.

ئەمن ئەمڕۆ لێرەم هەتا لەگەڵ دۆستانی کوردمان لە لەندەن و لەگەڵ ئەو بریتانیاییانەی پشتیوانی لە کورد دەکەن ڕێز لە یادی دوکتور قاسملوو بگرین. دەستخۆشیش بە پارلمانی ئینگلستان دەڵێم کە لەم دواییانەدا هەنگاوی گەورەی لەبواری بەڕەسمی ناسینی کۆمەڵکوژیی کوردانـدا هەڵێناوەتەوە.

ئەمن تا ماوەیەک پێش ئێستا بۆ ماوەی پێنج ساڵ کۆنسولی گشتیی فەڕانسە لە هەولێر بووم. ئەمە شتێک نەبوو جگە لە درێژە و سەرەنجامی بەسەرهاتێکی کوردی کە لەگەڵ دوکتور قاسملوو دەستم پێ کردبوو.

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

لەم کات و ساتەدا ناتوانم ئیشارەیەکیش بە بارودۆخی کوردستانی عیراق نەکەم. بیر بکەنەوە ئەگەر ئەمڕۆ دوکتور قاسملوو مابا گفتگۆی چەندە سەرنجڕاکێشمان سەبارەت بە بارودۆخی ئێستا لەگەڵی دەبوو. بێگومان نە دەزانم ئەگەر مابا ئەمڕۆ چی دەگوت و نە دەشمهەوێ بە زمانی ئەوەوە قسە بکەم. بەڵام ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە مێژوو دووبارە نابێتەوە مەگەر لە هەڵەکانیدا. بەڵام کاتێک ئومێدێک هەیە، کاتێک پەنجەرەیەک دەکرێتەوە، وا باشە بە هەڵەشە پڕی نەدەینێ. پێویستە پەنجەرەکە بە کراوەیی بێڵینەوە هەتا دەرفەتی گونجاو ڕێک کەوێ کە لە ڕێگەیەوە دەستمان وەودیوی پەنجەرەکە ڕابگا. وێنای ئەم پەنجەرە کراوەیە بۆ من تەواو واقیعی ئەمڕۆی کوردستانی عیراق دەردەخا.

ئێمە مێژووی عیراق و لەبەریەکهەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانی لەسەر دەستی فەڕانسە و بریتانیا لە ساڵی ١٩١٦ دا دەناسین. دەشزانین لەو سەردەمەدا دەسەڵاتە ڕۆژئاواییەکان چ بەشێکیان دایە گەلی کورد بەگشتی و گەلی کورد لە عیراق بەتایبەتی. بەشەکەش جگە لە حاشاکردن لە مافەکانی کورد و سەرکوتی ئەم گەلە لەلایەن ڕێژیمی بەغداوە شتێکی دیکە نەبوو. لەحاڵێکدا عیراق وڵاتێکی عەرەبی نیە، بەڵکوو وڵاتێکە بە دوو نەتەوە و چەندین کولتورەوە. ئەم کولتورانە ئەمڕۆ بە زمانی توندوتیژی خۆیان دەردەخەن.

وەک خۆم پێم وایە ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە کە گەلی کورد بە سەربەخۆیی بگا، مافێک کە لە مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان و مەنشووری مافی مرۆڤدا بەڕەسمی ناسراوە. هەر بەڕاست پێتان وایە ئەگەر ئەمڕۆ دوکتور قاسملوو مابا، بە هۆکاری ژێئۆستراتژی کە دیپلۆماتەکان زۆریان حەز لێیە، دژایەتیی لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستانی عیراق دەکرد؟ ئەمن بۆخۆم باوەڕ ناکەم کە وای کردبا.

ئەمە ئەو چەند بیر و هەستە بوو کە ویستم لەو دەرفەتەدا لەگەڵ ئێوەی بەش بکەم. سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە ئەو ڕێورەسمەیان وەڕێ خستووە و سپاسیان دەکەم کە منیان دەعوەت کرد بۆ ئەوەی لە هەژانی یادکردنەوە و ڕێزگرتن لە دوکتور قاسملوودا لەگەڵتان بم. هیوادارێشم ساڵێکی دیکە هەر دوو لای دێموکراتی پێکەوە لەگەڵ دۆستانی دوکتور قاسملوو یەک ڕێورەسمی هاوبەش لە گۆڕستانی پێرلاشێز بەڕێوە بەرن، نەک دوو ڕێورەسمی جیاواز. ئەم کارە دەتوانێ پەنجەرەیەک بەسەر کوردەکانی ئێرانیشدا بکاتەوە.

لە ژمارە ٦٣٦ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٢٢ی جوولای ٢٠١٤



## قسەکانی دوکتور ئاسۆی حەسەن زادە لە سیمیناری ٢٥ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو لە پارلمانی ئینگلستان

بەڕێزان!

بۆ من شەرەفێکی گەورەیە کە لەم شوێنە بەپرستیژەم بۆ ئەوەی سەبارەت بە دوکتور قاسملوو و خەباتی کوردەکان لە ئێران قسە بکەم.



سوپاسی پارلمانی بریتانیا دەکەم بۆ وەخۆگرتنی ئەم یادە پیرۆزە.

ئێمە سەرلەنوێ لێرە کۆ بووینەوە هەتا یادی عەبدولڕەحمان قاسملوو بکەینەوە کە بیست و پێنج ساڵ پێش ئێستا بە دەستی هەر ئەو کەسانە تیرۆر کرا کە بەڕواڵەت هاتبوون لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سەبارەت بە چارەسەرێکی سیاسیی پرسی کورد لە ئێران وتووێژی لەگەڵ بکەن.

دوکتور قاسملوو شایانی ئەوەیە بەردەوام یاد بکرێتەوە و ڕێزی لێبگیرێ. ئێمە یەکجار زۆر قەرزداری ئەوین. ئەو تەواوی ژیانی خۆی خستە خزمەت ئازادیی گەلی کورد و هەموو هەوڵێکی دا هەتا مەسەلەی کورد بە دنیا بناسێنێ، لە سەردەمێکدا کە کوردەکان تەنانەت خراپتر لە ئێستاش سەرکوت دەکران و حاشا لە مافەکانیان دەکرا، سەردەمێک کە لەودا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەحاڵ ئاگاداری بارودۆخی خراپ و تەنانەت مەوجودییەتی گەلی ئێمە بوو. هەربۆیە ئەم بۆنەیە بۆ یادکردنەوەی دوکتور قاسملوو نیشانەی ئەمەگناسیی ئێمە لەحاند خزمەتەکانی دوکتور قاسملوو بە نەتەوەکەیدایە.

هەر لەو کاتەدا، کەسایەتی و بیروباوەڕی قاسملوو دەبێ لەو خەباتەدا کە ئەمڕۆ ئێمە بۆ ئازادیی گەلەکەمان و بۆ دێموکراسی لە وڵاتەکەماندا بەڕێوەی دەبەین ڕێنیشاندەرمان بێ. هەربۆیە یادکردنەوەی دوکتور قاسملوو تەنیا وەبیرهێنانەوەیەکی سەمبولیک نیە. بۆ ئێمە کوردەکانی ئێران کە بکوژانی قاسملوو هێشتا چنگیان بەسەر وڵاتەکەماندا گرتووە و بارودۆخی ژێئۆپۆلیتیک و نێونەتەوەییش هێشتا هانابەخشمان نیە، ئەم یادکردنەوەیە کردەوەیەکی سیاسیشە.

ئەگەر قاسملوو ئەوەندە لە یادەوەری سیاسی و بەکۆمەڵی کوردەکان بەتایبەتی لە ئێراندا زیندووە، ئەمە تەنیا لەبەر کاریزما و کەسایەتیی بەڕاستی بێوێنە و فرەڕەهەندی ئەو نیە. بەڵکوو لە سەرووی هەموو شتێکەوە لەبەر ئەوەیە کە قاسملوو هێمای مێژوویەکی بەردەوام و زیندووە. قاسملوو هێندێک خیسڵەتی بە خەباتی کوردەکانی ئێران بەخشی کە ببوونە هۆی ئەوە کە ئەو خەباتە تەنیا لە هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی ئەواندا خۆی کورت نەکاتەوە. قاسملوو و لە ڕێگەی ئەویشەوە حیزبەکەی و خەباتەکەی لەڕاستیدا دژە مۆدێل و ئانتی تێزی جەهانبینی و فەلسەفەی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامی بوون. هەر ئەم دژایەتییە ئاشتی هەڵنەگرە و خەباتی بەکردەوەی قاسملووش بەدژی ئەو ڕێژیمە بوون کە کۆماری ئیسلامییان هێنابووە سەر ئەوە کە قاسملوو وەک ئامانجێکی سەرەکی بخاتە نێو لیستی ئەو دژبەرانەی دەیویست لە دەرەوەی وڵات لەنێویان بەرێ. لەڕاستیدا شەپۆلی چڕ و تازەی کوشتاری نەیارانی ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق بە تیرۆری دوکتور قاسملوو دەستی پێ کرد.

لە ڕۆژهەڵاتێکی نێوەڕاستدا کە بەدەست ئیفراتیگەری و دابەشبوونەکانەوە هەنجن هەنجن ببوو، قاسملوو نوێنەرایەتیی چەشنێک لە عەقڵانییەت و هاوسەنگیی دەکرد. لەکاتێکدا بۆخۆی بەرهەمێکی ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگای خۆی و سەردەمی خۆی بوو، قاسملوو دەیویست ڕۆڵی ئاشتکەرەوەیەکی ئەو دژایەتی و ناتەبایەیانە بگێڕێ کە پرسی کورد و مەسەلەی دێموکراسی لە ناوچەیاندا دەوره دابوو. ئەو کە دواتر بووە مارکسیستێک و ڕێبەرێکی ناسیۆنالیستی کوردی لێ دەرچوو، ساڵی ١٩٣٠ لە دایکێکی مەسیحیی ئاسۆری و باوکێکی فئۆدال کە بەشداریی لە

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ دا کردبوو، لە دایک ببوو. لەحاڵێکدا کە لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووەوە هاتبوو، هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی تێکۆشانی سیاسی بەدژی ڕێژیمی شا، ڕێگای مۆدێرنیتە و زانستی لە پاریس و پاشان لە پراگ گرتبووە بەر و خوێندنی لەبواری ئابووریدا تەواو کردبوو. بەڵام فراوانیی ئاسۆی بیری و خۆشەویستیی بۆ زانست و فێربوون وای کردبوو کە شارەزایەتییەکی زۆر لە بواری پسپۆرییەکەی ئەولاتر بێ. ئەو کە نزیک بە دە زمانی زیندووی دنیای دەزانی، بەسەر بوارەکانی وەک مێژوو و ئەدەبیاتیشدا زۆر زاڵ بوو و هەموو ئەوانەی دیتبوویان و لەگەڵی دانیشتبوون هەستیان بەوە کردبوو کە لەگەڵ ئەنسیکلۆپیدیایەکی زیندووی فەرهەنگ بەرەوڕوون.

بەڵام قاسملوو هەر بەتەنیا پیاوی بیر و تیئۆری نەبوو، پیاوی کردەوەش بوو، لەگەڵ ئازایەتییەکی کەموێنە و توانایەکی گەورە بۆ داهێنان و دەسپێشخەری و ریسک کردن. چ لەسەردەمی ژیانی ئەکادیمییدا و چ بەدرێژایی ژیانی سیاسیی، هەڵوێستە بوێرەکانی زۆر جار تووشی کێشە و گیروگرفتیان کردبوو، بەڵام ئەو هەمیشە ئەوەی پێ باشتر بوو تا ئەوە کە پرەنسیپەکانی خۆی وەژێر پێ بنێ و حاشایان لێ بکا. لەنێو هەموو ئەو پرەنسیپانەشدا سەربەخۆیی سیاسی بۆ ئەو لە هەموویان گرینگتر بوو و قەت حازر نەبوو سەربەخۆیی خۆی بە پێویستییەکانی پشتیوانی و هاوپەیمانی بگۆڕێتەوە.

قاسملوو بەقووڵی باوەڕی بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد هەبوو، بەچەشنێک کە دەیگوت ئەگەر ڕۆژێک کوردەکان دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن کە هەموو کوردستان وەسەریەک بخاتەوە، ئەمە تەجزیەتەڵەبی نیە بەڵکوو یەکگرتنەوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، بە ناسیارییەک کە لە ئاڵۆزیی پرسی کورد و واقیعییەتە ژێئۆپۆلیتیکەکانی ئەوسای هەبوو، ئەو بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لەنێو ئێرانێکی دێموکراتیکدا خەباتی دەکرد. بەڵام دانانی خەباتەکەی لە چوارچێوەی ئێراندا بە مانای پشتگوێ خستنی بەستراوەیی و هاوپێوەندیی لەگەڵ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان نەبوو و لەو باوەڕەدا بوو کە بزوتنەوەی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان دەبێ ئاگای لە بەرژەوەندییەکانی کورد لە پارچەکانی دیکە بێ، بەتایبەتی لە کانتێکستی پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا.

سەرەڕای ئیمانی پتەو و پرەنسیپە ڕوونەکانی، قاسملوو سیاسەتمەدارێکی پراگماتیست بوو کە حازر نەبوو بچێتە ژێر باری دیکتاتۆریی دۆگمەکان. لەحاڵێکدا ئەو مرۆڤێکی بەتەواوی مانای وشە لائیک بوو، پاش ئینقلابی ١٩٧٩ی ئێران و تەنانەت پاش بایکۆت کردنی ریفراندۆمی کۆماری ئیسلامی وەک تەنیا نوێنەری لائیکی مەجلیسی خوبرەگان هەڵبژێردرا. کاندیداکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەها لە یەکەمین هەڵبژاردنی پارلمانیی پاش ئینقلابیشدا بەشدارییان کرد. بەڵام ڕێژیمی نوێ هەڵبژاردنی ئەوانی هەڵوەشاندەوە و قاسملوو بۆخۆیشی بەهۆی مەترسی بۆ سەرگیانی و هەڕەشەی ڕاستەوخۆی شەخسی ئایەتوڵڵا خومەینی هەرگیز لە کۆبوونەوەکانی مەجلیسی خوبرەگاندا بەشدار نەبوو.

قاسملوو هەمیشە ڕێگاچارەی سیاسی و ئاشتیخوازانەی کێشەکانی تەرجیح دەدا. پاش ئەوەی خومەینی فەتوای جیهادی بەدژی کوردستان دەرکرد، ئەو قبووڵی کرد لەگەڵ ئەو ڕێژیمەدا کە بە ڕێژیمێکی سەردەم بەسەرچووی دەزانی دەست بە وتووێژ بکا. ئەو پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عیراق بۆ جارێکی دیکە ئەم کارەی کرد. بەڵام دەرکەوت کە وتووێژەکانی یەکەم شتێک نەبووە جگە لە تاکتیکێک لەلایەن ڕێژیمەوە هەتا بۆ داگیرکردنەوەی ناوچە کوردییەکان کات بکڕێ و وتووێژی دووەمیش داوێک بوو بۆ کوشتنی قاسملوو.

ئەخلاقی سیاسی کە ئەوەندە لەلای قاسملوو گرینگ بوو لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا جێبەجێی دەکرد. لەحاڵێکدا ئەو جیهانەی ئەو لێی هاتبوو و تێیدا خوێندبوو لەو سەردەمەدا تەواو کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئایدئۆلۆژیی کۆمۆنیستی، ئەو دوودڵ نەبوو لەوە کە بەدژی دەخالەتی سۆڤیەتی لە چێکوسلۆواکی لە ساڵی ١٩٦٨ ڕاوەستێ. ئەو هەروەها لە مەحکوم کردنی گرتنی سەفارەتی ئەمریکا لە تارانیش لە ساڵی ١٩٧٩دا دوودڵیی نەکرد. بەلەبەرچاوگرتنی فەزای دژە ئیمپریالیستیی ئەو سەردەمە، ئەم هەڵوێستانە بەتەواوی ریزپەڕ (ئیستسنا) بوون. دواتر لە ساڵەکانی ١٩٨٠دا لەحاڵێکدا ڕێبەرایەتیی خۆڕاگریی چەکدارانەی بەدژی ڕێژیمی ئێران دەکرد، دوکتور قاسملوو سۆسیالیزمی دێموکراتیکی هێنایە نێو پرۆگرامی پارتەکەی. ئامانجی ئەو لەو کارە ئەوە بوو کە هەم مەودایەک بخاتە نێوان خۆی و حیزبەکەی لەگەڵ سۆسیالیزمی مەوجوود بەهۆی نەبوونی دێموکراسی تێیدا و هەم ئەو سەرنج و پشتیوانییەی لە ڕۆژئاوا بەدوایدا دەگەڕا باشتر پاساو بدا و ڕێگەی بۆ خۆش بکا.

# ٢٥ شەهیدانی ویینەن

قاسملوو ئەو رێبەرە کوردە بوو کە زۆرترین هەوڵی بۆ بەنێونەتەوەیی کردنی مەسەلەی کورد دا. لە سەردەمێکدا کە جیهانی دەرەوە سەرنج و هۆگرییەکی زۆر کەمی بۆ پرسی کورد لە خۆی نیشان دەدا، ئەو پێی وابوو کە کوردەکان نابێ پێوەندییەکانیان تەنیا لەسەر بنەمای پێوەری ئیدئۆلۆژی دابمەزرێنن. بەم چەشنە ئەو پێوەندیی دۆستانەی لەگەڵ سۆسیال دێموکڕاتەکانی ئوورووپا دامەزراند کە زۆربەیان یەکجار زۆر کەوتنە ژێر کاریگەریی کەسایەتی و روانگەی سەرووئاسایی دوکتور قاسملوو. ئەو هەروەها بڕیار بوو چەند رۆژێک پاش ئەو رۆژەی تێیدا تێرۆر کرا سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکا. جێگەی داخە و فردریک تیسۆ لێرە دەتوانێ ئەو قسەیەم تەئید بکا کە سەرەڕای خیسڵەتی رەوا و پێشکەوتنخوازانەی خەباتەکەی، سەرنج و پشتیوانییەک کە دوکتور قاسملوو بۆ ئەو خەباتەی وەدەست هێنا تەنیا مرۆڤدۆستانە بوو. دیارە یارمەتیی مرۆیی لەو سەردەمە سەختەدا بۆ گەلی ئێمە یەکجار بەنرخ بوو و کوردەکانی ئێران بۆ هەموو ئەو شتانەی کەسانی وەک دوکتور تیسۆ ئەوکاتە بۆ گەلەکەمانیان کرد، ئەمەگناسیانن.

لەحاڵێکدا دوکتور قاسملوو شۆڕشگێڕێک و سەرکردەیەکی کاریسماتیک بوو، ئاشقی ژیان و هیومانیستێکی مەزن و دێموکڕاتێکی واقیعی بوو. ئەو دژی فەردپەرەستی بوو و دەیتوانی وەک پێشمەرگەکانی لە سەختترین بارودۆخی ژیاندا بژی. ئەو پێی وابوو کە خەبات بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد نابێ ببێتە هۆی پشتگوێ خستنی ئیدئالەکانی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان، بەتایبەتی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو. هەروەها پێی وابوو ئەوە کە ئێمە بەدژی رێژیمێکی دڕندە خەبات بکەین کە رێز لە هیچ شتێک ناگرێ – نە یاسای نێونەتەوەیی و نە تەنانەت رێساکانی خۆیشی- نابێ پاڵمان پێوە بنێ کە ئێمەش بە نۆرەی خۆمان بەهاکانمان سەبارەت بە کەرامەتی مرۆڤ بەتایبەتی لە مەیدانی شەڕدا ژێر پێ بنێین. بەم چەشنە بوو کە ئەو فێری پێشمەرگەکانی خۆی کرد کە لەگەڵ دیلەکانی شەڕ بە باشی رەفتار بکەن و هەمیشە ئازادیان بکەن. هەروەها فێری پێشمەرگەکانی کرد کە لە پەنابردن بۆ مێتۆدی تێرۆریستی خۆ ببوێرن، ئەگەرچی زۆر باش دەیزانی کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە مێدیاکانی جیهان کەمتر باسی خەباتەکەی بکەن.

### دۆستانی خۆشەویست!

ئەگەر گوتم کە داستانی قاسملوو داستانێکی بەردەوامە ئەوە هەروەها لەبەر ئەوەیە کە بۆ ئێمە بیرەوەریی دوکتور قاسملوو بریتییە لە برینێکی ئاوەڵا. ئاوەڵا چونکە ئێمە تەنیا بەدەست پیلانێکەوە ماتەمبار نین کە بەشێوەی نائینسانی و بە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە حوسنی نیەتی ئینسانێک، گەلەکەمانی لە رێبەرێکی بێوێنە بێبەش کرد. ئێمە هەروەها بەهۆی ئەو ئابڕووچوون و ناعەداڵەتییەوە بێزار و تووڕەین کە دەوڵەتی ئوتریش بە ئازادکردن و ئیسکۆرت کردنی تێرۆریستەکان بۆ پەروازی «ئیران ئەیر»ی فرۆکەخانەی ڤییەن ئەنجامی دا. ئەم جینایەتە هیچ لێکەوتێکی قەزایی کاریگەری نەبوو و رێگە بە جێبەجێ بوونی عەداڵەت نەدرا. بەخۆشیەوە ئەو شانتاژە ئابووری و ئەمنیەتییانەی دەوڵەتی ئوتریش تەسلیمیان بوو نەیانتوانی پێش بەوە بگرن کە لە ساڵی ١٩٩٧دا قازییەکانی ئاڵمان لە کەیسی میکۆنۆسدا سەبارەت بە تێرۆری جێگرەوەی قاسملوو، سادق شەرەفکەندی، رابگەیەنن کە پایەبەرزترین کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەرپرسیاری ئەو ماشێنی تێرۆرەن کە ئەو حکومەتە بۆ لەنێو بردنی نەیارانی خۆی لە دەرەوەی وڵات دایمەزراندووە.

بەشێوەیەکی گشتی‌تر، لەحاڵێکدا کە مافە هەرە سەرەتاییەکانی کوردەکانی ئێران بەشێوەی ئاشکرا و سیستماتیک هەروا پێشێل دەکرێن، قبووڵی ئەوە کە کۆمەڵگای جیهانی هێشتا چارەنووسی ئەو گەلە پشت گوێ دەخا، ئاسان نیە. چۆن دەکرێ قبووڵی بکەین کە تەواوی پرسی مافی مرۆڤ و دێموکڕاسی بەهۆی مشت و مڕەکانی نێوان کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و رێژیمی ئێران لەسەر پرسە ئەمنیەتەکانی وەک دۆسیەی ناوکی و ئەمڕۆش قەیرانی سوریە و عیراق بکەوێتە پەراوێز؟ درەنگ یا زوو دەوڵەتی ئوتریش و بنیاتە ئوورووپاییە پێوەندیدارەکان دەبێ رووبەڕووی بەرپرسیارێتیی ئەخلاقیی خۆیان ببنەوە و قبووڵی بکەن کە رێگەدان بە پێڕاگەیشتنی کەیسی تێرۆری قاسملوو هەر تەنیا رەوا و ئەخلاقی نیە، بەڵکوو لەباری سیاسیشەوە بەبەرهەم دەبێ. درەنگ یا زوو، دەسەڵاتە نێونەتەوەییەکان دەبێ رووبەڕووی ئەو راستییە ببنەوە کە بەبێ هەبوونی

دەوڵەتانێکی بەرپرسیار لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە لەپێشدا ڕێز لە مافی هاووڵاتیانی خۆیان بگرن، ئاشتی و تەبایی نێونەتەوەیی کە ئەمنیەتی میللی و تەنانەت قازانجی ئابووریی ئەو دەسەڵاتانەی پێ بەستراوەتەوە، واقیعی و پایەدار نابێ.

*دۆستانی خۆشەویست!*

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە هەموو کاتێک زیاتر لە جۆش و خرۆشدایە. سەرەڕای ڕێژەیەکی هەرگیز نەدیتراو لە توندوتیژی و وەحشیگەری، و سەرەڕای مەترسیی جۆراوجۆر لە دەوروبەری ئێمە، هێندێک پەنجەرەی نوێ خەریکن بەڕووی پرسی کورددا دەکرێنەوە. لە خۆم دەپرسم ئایا ئەوە قاسملوو بوو کە زۆر لەپێش سەردەمی خۆیەوە هاتبوو یان ئەوە مێژوو بوو کە مەوعیدی خۆی لەگەڵ قاسملوو لەکیس چوو؟ ئیجازەم بدەن هیوادار بم کە بیرەوەریی قاسملوو و دەرس و ڕێنوێنییەکانی، بەرچاو و بەرپێی هەموومان لەسەر ئەو ڕێگا سەخت و درێژە کە بۆ وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد و بەگشتی بۆ ئاشتی و دێموکڕاسی لە ناوچەدا لەپێشمانە، ڕووناک بکاتەوە.

سوپاسی سەرنجتان دەکەم.

لە ژمارە ٦٣٦ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

*سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٢٢ی جووڵای ٢٠١٤*

## کاوە ئاهەنگەری ئەندامی ڕێبەریی حدک: ڕوانینی ستراتیژیک‌و ڕووناکبیرانە لە پرسی نەتەوەییدا بەهێزترین لایەنی کەسایەتیی د. قاسملوو بوو

**کوردستان:** ئەگەر لە ڕوانگەی کەسێکی سیاسییەوە کە ئەمڕۆکە لە کوردستان و ئێران بە کاری سیاسییەوە سەرقاڵە، بڕوانینە کردوەی دوکتور قاسملوو، بەڕێزتان کام تایبەتمەندیی سیاسی و هزری دوکتورتان پێ بەرزترە کە تا ئەمڕۆکەش بەرچاوە؟



**کاوە ئاهەنگەری:** شەهید دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی کەم وێنە و گەورە بوو، زۆر لایەن و بواری ژیانی ئەم ڕێبەرە مەزنە دەتوانین بخەینە بەر باس. بەڵام بۆ وەڵامی پرسیاری بەڕێزتان دەڵێم کە ڕوانینی ستراتیژیک‌و ڕووناکبیرانەی لە پرسی نەتەوەیی بە لایەنێکی بەهێز و کەم وێنەی شەهید دکتور قاسملووی دەزانم.

**ئارەش لۆرستانی:** بە بڕوای ئێوە دوکتور قاسملوو چ میتۆد و شێوازێکی بۆ هاوسەنگ ڕاگرتنی کاری سیاسیی نێوان کوردستان و ئێران بەکار دەهێنا؟ ئایا ئەو میتۆدانە هێشتاش وەڵامدەرن؟

**کاوە ئاهەنگەری:** دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان، یەکێک لە مێتۆدە سیاسییەکانی دکتور قاسملوو بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا بوو. ئەم دروشمە زۆر باس هەڵدەگرێ. لە لایەکەوە پێ لەسەر دێموکراسی و دێموکراتیزە کردنی ئێران وەک بەستەر و

هەوێنێک بۆ وەدی هێنان یان وەدی هاتنی خەونێکی دیکە کە هەمان کیانێکی سیاسیو خودموختار بو کورد لە ئێراندا بوو، دادەگرێ.  ئەم مێتۆدە نە تەنیا بۆ کورد لە ئێران بەڵکوو ئەمرۆکە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە سوودە ، بە زمانێکی دیکە دەکرێ بە یارمەتی وەرگرتن لە دێموکراسی وەک بەستەرو بنەما بۆ چارەسەری کێشەکانی نێو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەڵکی لێ وەربگیردرێت. ڕووبەڕوو بوونەوەی دێموکراتیک لە گەڵ کێشەکان و رێگەچارەی دێموکراتیکی پرسە هەلپەسێردراوەکان، بنەمای بیری تیژو ستراتژیکی دوکتور قاسملوو بوون. لە لایەکی دیکەوە بە کەم بوونەوەی ئەژماری دیکتاتۆرەکان و کرانەوەی زیاتری هەلومەرجی سیاسی لە وڵاتانی لە حاڵی گەشە، دەبینین کە رۆژ بە رۆژ دێموکراسی لە سەرکەوتن و پەرەگرتنداپە و رێژیمە دیکتاتۆڕەکان لە هەر چەشن و جۆرێک لە حاڵی کەم بوونەوەدان. ئەوەش بە ئێمە دەڵێ کە دێموکراسی و دێموکراسیخوازی رۆژ بە رۆژ لایەنگری زیاتر دەبێو گەلانی جیهان زیاتر بەرەو پیلی دەچن. دێموکراسی مەڕامی بەرز و بنەڕەتی دکتور قاسملوو بوو.

*ئارەش لۆرستانی: پرسی کورد بوون و ئێرانیبوون کە زۆر کەوتووەتە بەرباس و گەنگەشە، لای دوکتور قاسملوو چ پێناسەیەکی هەیە و ئایا بەردەوامیی ئەم تاکتیکە بەرەو ئاشتی و دیمۆکراسیمان دەبات؟*

*کاوە ئاهەنگەری:* من پێموایە کە ئەم هەڵسەنگاندنە لە جێی خۆیدا نیە. واتە پێم وانیە کە دوکتور قاسملوو کورد بوون و ئێرانیبوونی بە یەک پێوابێ یان لە هەمبەر یەکتری دانابێ. ئەم دووانە لە یەک جنس نین تا بتوانین پێکەوە هەڵیان سەنگێنین. کوردمان هەیە  ئێرانی نیە بەڵام کوردە، ئێرانییش هەیە کە کورد نیە بەڵام ئێرانیە. ناتوانین لە نێوان دوو شت کە لە تایبەتمەندیو پێناسەدا یەک نین، هەڵسەنگاندێک بێنینە ئاراوە. کە چاو لە نەتەوەی کورد لەو چەند وڵاتەدا دەکەی بە روونی دیارە کە کورد بوون حەتمەن بە مانای ئێرانیبوون نیەو ئێرانی بوونیش هەمیشە بە مانای کورد بوون نیە. کورد لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایەو لە نێو هەر جوغرافیاییەکی سیاسیدا بە دونیا بێ، هەر کوردە بەڵام حوکم نیە حەتمەن ئێرانی بێ.  گومان لەوەدا نیە کە دوکتور قاسملوو باوەڕی بە شوناسو پێناسەیەکی شوناسخوازانەی جیا لە نەتەوەو شوناسەکانی دیکەی نێو ئێران بۆ کورد هەبوو. دەنا بە جیا زانینی کورد لە فەرهەنگ و زمانی دەستەڵاتدار و داوای خودموختاری کردن بۆ کوردستان چ مانایەکی دەبوو ئەگەر هەستو دەرک بە جیاوازیو جیایی نەکرابا؟ دروشمی خودموختاری بۆ کوردستان لە نێو ئێراندا راست ئەوە دەسەلمێنێ کە کورد لە عەینی حاڵدا کە لە ئێراندا دەژیت، بەڵام کوردە هەر بۆیەش داوای حکوومەتێکی خودموختار بۆ ئیدارەی کوردستان دەکا. قەبووڵی ئەم جیاوازییە لە عەینی پێکەوە ژیاندا، راست بە مانای بەهێزکردنی هزری پێکەوە ژیانی هێمنانە بە هەبوونی جێگەو پێگەی شیاو بۆ هەموو ئەندامانی پێکهاتەکەیە.

*ئارەش لۆرستانی: دانوستانی دوکتور قاسملوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئێوە دژی دانوستانن، یان دەگەڵ دانوستانێکن کە تێچووەکەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو بوو؟*

*کاوە ئاهەنگەری:* من پێموایە کە دەبێ لە نێوان وتووێژ و مکانیزم و شێوازەکانی وتووێژ جیاوازی دابنێین. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتی حیزبی دێموکرات کە دابین کردنی مافی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد لە ئێران دایە. بە واتایەکی دیکە مەبەست لە خەباتی ئێمە دابینکردن و گەیشتنە بە مافە نەتەوایەتییەکانمانە بۆ ئەم مەبەستەش رێکار و شێوازی جۆراوجۆر هەیە کە وتووێژ یەکێکە لەوان. ئەگەر قەرار بێ لە رێگای وتووێژەوە بە مافەکانمان بگەین چ پێویست دەکات پەنا بۆ شێوازی دیکە بەرین؟ بۆیە مادام کە ئەساسی وتووێژی شەهید دکتور قاسملوو دابین کردنی مافی نەتەوایەتی بووە ، هیچ ئیرادێک لەم کارەدا نابینم. ئەوەی جێی رەخنەیە، مکانیزمیو چۆنێتی ئەنجامی وتووێژەکەیە لە باری تیکنیکییەوەیە. من پێموایە  دەبوو بە مێتۆد و تەئمینات و ساز وکارێکی دیکەوە ئەم وتووێژە ئەنجام درابا. سەبارەت بە نرخی ئەم وتووێژەش پێموابێ تا کورد مابێ ئەم داخەش دەمێنێ چوون دکتور قاسملوو رێبەرێکی کەم وێنە بوو.

# ٢٥ شەهیدانی ویەن

**ئارەش لۆرستانی:** بوونی دوکتور قاسملوو لە مێژووی نەتەوەی کورددا و بەتایبەت حیزبی دیموکراتدا چ کاریگەرییەکی لەسەر داڕشتنی هێڵی سیاسی کوردستان هەبووە؟ ئەو کاریگەرییانەو بە ئاسانی بتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ حیزبی دیموکرات و دوکتور قاسملوو چین؟

**کاوە ئاهەنگەری:** بۆ وڵامی ئەم پرسیارە دەبێ بگەڕێینەوە کەمێک دواتر، ساڵەکانی پەنجا و بە سکرتێر بوونی دکتور قاسملوو دۆخی حیزبی دێموکرات پێش سکرتێری دکتور قاسملوو و دوای هەڵبژێرانی وەک سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان. شوێندانەریی بنیاتنەرانەی دکتور قاسملوو بۆ هەموو کەس ئاشکرایە. چ لە رووی تەشکیلاتییەوە، چ لە رووی سیاسییەوە. بە هاتنەوەی دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکراتو حیزبایەتی دەچێتە فازێکی دیکەوەو گۆڕان لە باری چەندایەتیو چلۆنایەتییەوە دێتە گۆڕێ. لە باسی سیاسییەوە چ لە ئاستی حیزبیدا کە باسم کرد و چ لە ئاستی کوردستانیدا وەک رێبەرێکی بێ هاوتا لەو کاتادا و چە لە ئاستی ئێراندا وەک سیاسەت مەدارێکی کارا توانی کاریگەریی هەبێ. تەنانەت وەک دیپلۆماسی بۆ کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، توانی رۆڵێکی مێژوویی بگێڕێ. بە هۆی ئەوە کە حیزبی دێموکرات یەکەم حیزب و گەورەترین حیزبی کوردستانی بوو، بێگومان سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتیش لە باری سیاسیو شوێندانەری سیاسییەوە جێگەو گرینگی تایبەت بە خۆی دەبێ، هەر بۆیە رۆڵی شەهید دکتور قاسملوو بێ وێنە و شوانیندانەر بووە. وەک تایبەتمەندییش دەتوانم بە گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکراتو رۆڵی سەرەکی دکتور قاسملوو لەم پێوەندییەدا لە ئاستی کوردستانی و ئێرانی و جیهانیدا بکەم. بە جەماوەری کردنی خەبات، بەرەو ' سیاسەتی رووناکبیرانە' بردنی حیزبایەتیی و دوور کەوتنەوە لە حیزبایەتی سوننەتی، ناساندنی پرسی کورد لە ئاستی جیهانیدا و رابەرایەتیی بزووتنەوەیەکی میللی دێموکراتیک لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە تایبەتمەندییەکانی حیزبی دێموکراتن.

**ئارەش لۆرستانی:** بە بڕوای ئێوە پێویست دەکا دوکتور قاسملوو بۆ نەوەی نوێ دووبارە پێناسە بکرێتەوە؟

**کاوە ئاهەنگەری:** وتەیەکی باو لە نێو یاران و قوتابیانی دوکتور قاسملوودا هەیە کە دەڵێ: 'قاسملوو لە رێبازیدا زیندووە'. پێویستە ئێمە درێژەدەری ئەم رێبازە بین و بە پێی سەردەم بۆ بە تازە کردنەوە و دەوڵەمەندتر کردنی ئەم رێبازە لە تێکۆشانیدا بین.

**لە کۆتاییدا ئەگەر شتێکی پێویست هەیە بیڵێ، تکایە بفەرموون.**

لە دەستچوونی دوکتور قاسملوو خەسارێکی گەورە بوو بۆ بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کورد لە ئێرانو حیزبی دێموکرات. تەنیا وەفاداری و درێژە پێدانی ئەم رێگایەو وەدیهێنانی ئامانجەکانی دوکتور قاسملوو دەتوانێ قەرەبووی ئەم خەسارە بکاتەوە. هیوای بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ قوتابیانی دکتور قاسملوو دەخوازم.

لە ژمارە ٦٣٥ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١١ی جوولای ٢٠١٤

## وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حدکو بەرپرسی کۆمیتەی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن



دوکتور قاسملوو یەکێکە لەو ڕێبەرانەی کورد، کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەکەی متمانە بەخۆیی رەچاو کرد. ئەو ڕێبەرە مەزنە، پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ وەک سکرتێری گشتی حیزب و سەرپەرشتی تیمی دانوستانکار، لە پێناو هێنانە دی ئاشتی و چارەسەریی ئاشتیخوازانەی پرسی کورد چووە ڤییەن پێتەختی ئوتریش. بە پێچەوانەی چاوەڕوانی گەلی کورد، دوکتور قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حیزب و دوکتور فازل رەسووڵ بە دەستی تیرۆریست دیپلۆماتەکانی ئێران لە سەر مێزی دانوستان شەهید کران. لەم کورتە وتووێژەدا هەوڵمان داوە لە ٢٥ ساڵەی تیرۆری ئەم کەسایەتییە مەزنەدا، مەولود سوارە بەرپرسی «کۆمیتەی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن» بدوێنین.

**ئارەش لورستانی: کاک مەولود سوارە! دەکرێ بفەرموون یەکەم جار لە لایەن کێوە پێشنیاری دروست بوونی ئەم کۆمیتەیە کرا ؟**

**مەولوود سوارە:** سڵاو و ڕێز، کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەمەبەستی یادکردنەوەی شەهیدانی ڤییەن، پێشنیاری کۆمیتەیەکی کردو بۆ ئەو مەبەستە ٥ کەس دیاری کران بۆ هاسانکاری و هەروەها بۆ بەرنامەڕێژی ئەم یادە.

**ئارەش لورستانی: تکایە ئەگەر دەکرێ لە سەر کات و شوێنی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە زیاترمان بۆ بدوێن؟**

**مەولوود سوارە:** لە پێوەندی لەگەڵ کاروباری کۆمیتەی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن، ئێمە ئەمساڵ بۆ یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن لەو سێ شوێنە بەرنامە ڕێژیمان کردوە:

١- لە نۆروێژ ئۆسلۆ ڕێکەوتی ١٢ی جولای ٢٠١٤ کاتژمێری ٢ بۆ ٦ی ئێوارە هەر بەو بۆنەوە سمینارمان دەبێت، هەریەک لەبەرێزان کاک مستەفا شەلماشی و کاک سمایل بازیار، دکتور گلمراد مرادی و کاک ئەحمەد رەفعەت بەشداری دەکەن.

٢- پێرلاشێز ڕێکەوتی ١٣ی جولای ٢٠١٤ کاتژمێری ١ بۆ ٥ی پاشنیوەڕۆ کە کۆمیتەکانی فەرانسە، بریتانیا، ئالمان، سویس، ئوتریش و بلژیک بەشداری دەکەن و وتارو برنامەمان دەبێت، لەم بەرنامەیەدا بەرێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزب وتاری دەبێت، دوکتور فردریک تیسۆت دۆستی لەمێژینەی کورد، کاک عەزیز ماملی، دکتور حوسین لاجوردی، دوکتور حوسین قاسمی و دوکتور حەسەن کیانزاد وتاریان دەبێت.

٣- پارلمانی بریتانیا ڕێکەوتی ١٤ی جولای ٢٠١٤ کاتژمێری ٧ی ئێوارە لە ژووری کۆمیتەی ژمارە ٢ لە پارلمانی بریتانیا سمینارمان دەبێت و هەریەک لە بەرێزان جێرمی کوربین ئەندامی پارلمانی بریتانیا و جێگری مافی مرۆڤ لە پارلمان،کیت فاز ئەندامی پارلمانی بریتانیا، دوکتۆر فردریک تیسۆت سەفیری پێشوی فەرانسە لە کوردستان، لویس ئەیالا سکرتێری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست و کاک ئاسۆی حەسەن زادە وتاریان دەبێت

ئارەش لورستانی: ئەگەر پێتان وایە زانیارییەکی زیاتر پێویستە بوترێ، بفەرموون.

مەولوود سوارە: کۆمیتەکانی سوئێد، نۆرویژ، فینلەند و دانمارک بەشداری سمیناری ئوسلۆ دەکەن جێگای ئاماژەیە کە ئێمە بەهاوکاری ناوەندی پەرەسەندنی کورد لەبریتانیا ئەم کۆبونەوەیەی پارلمانمان رێکخستوە.
پۆستری تایبەت بە وێنەی کە تائیستا بلاو نەبۆتەوە پۆستەری تایبەتمان ئامادە کردوە و هەروەها فەیس بووکی تایبەتمان بەنێوی دوکتور قاسملوو ئامادەکراوە کە زیاتر لە ٧هەزار کەسی تێدایە.

لە ژمارە ٦٣٥ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی : ٨ی جوولای ٢٠١٤

## لە بنکەی دەفتەری سیاسی حدک، رێورەسمی ٢٥ ساڵەی شەهید کرانی د. قاسملوو و هاوڕێیانی بەڕیوەچوو

[ قاسملوو بۆ خەبات سیمبولێکو بۆ سیاسەت مامۆستایەکە کە نەتەنیا حیزبی دیمۆکرات بەڵکوو هەموو خەڵکی کورد جێی خۆیەتی شانازیی پێوە بکەنو وانەکانی لەبیرنەکەن]




حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبەڕێوەبردنی رێورسمی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و عەبدوڵلا قادریئازەر یادو بیرەوەریی شەهیدانی ڤییەنی بەرز ڕاگرتو پەیمانی بەڵێنو وەفای لەگەڵ ئامانجی شەهیدانو درێژەدان بەرێبازیانی نوێ کردەوە.
ئەو رێورەسمەرۆژی ٢١ی پووشپەڕ بەبەشداریی کۆمەڵێک میوان لەکەسایەتییەسیاسییەکانو نوێنەرانی حیزبەکوردستانییەکانی باشووری کوردستانو سەدان کەس لەکادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بەسروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیبو راگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لەیادو بیرەوەریی شەهیدانی حیزبو گەل دەستی پێکرد.
لەو رێورەسمەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٥ ساڵەی رووداوی تێرۆری ڤییەن لەلایەن کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوەپێشکێش کرا.
کاک کەماڵ کەریمی سەرەتا بەبیرهێنانەوەی رووداوی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لەلایەن کۆماری ئیسلامی، گوتی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی کە بۆخۆیان داڕێژەری سەرەکیی ئەم پیلانە جینایەتکارانەیەبوون، باش ئاگاداری توانایییەکانو رۆڵو دەوری قاسملوو لەکاری سیاسیو دیپلۆماسیدا بوون و دەیانزانی شارەزایی و بەتایبەت نفووزی قاسملوو لەکۆرو کۆمەڵەنێودەوڵەتییەکاندا چەکێکی گرینگەبۆ ناساندنی نێوەرۆکی

دژەمرۆیانەی ڕێژیمەکەی ئەوانو لەقاودانی هەرچی زیاتری تاوانو پیلانەکانیان.

ئەوان دەیانزانی قاسملوو تەنیا فەرماندەری هەزاران پێشمەرگەی خۆبەختکەر نیە کە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەنگەری بەرگری لە کەرامەتی ئینسانیی نەتەوەکەیان دانو ساڵانێکە بوون بەلەمپەرێک لەبەرامبەر سیاسەتی قەڵاچۆکردنو کپکردنی دەنگی خەڵکی کوردستاندا، بەڵکوو ڕێبەرێکی سیاسیی بەتواناشە کەلەدەرەوەی سنوورەکانی کوردستانیش گوێ بۆ وتەکانی رادەگیریو سەرنجو تێبینییەکانی سەبارەت بەمەسەلەی کوردو سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، لێ وەردەگیرێ.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات تیشکی خستەسەر ئەوەی د. قاسملوو لەگەڵ ئەوەشدا کەزۆرگرنگیی بەکاری ڕێکخراوەییو فیکریدەدا، وەک سیاسەتمەدارێک هەرگیز خۆی بەڕابردووەوەنەبەستەوە. ئەو بەمانای راستەقینەی وشە، سیاسەتمەدارێکی پراگماتیک بوو. سیاسەتی بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتو سەرکەوتن دەکرد، بۆیەلەهەر فورسەتێککەهاتبایە پێش کەلکی وەردەگرت. خەڵکی کوردستان باش لەبیریانەکەلە قۆناغی دوای سەرکەوتنی شۆرشی ١٣٥٧دا، ئەو ڕێکخراوانەی لە تێکۆشان و سیاسەتدا تازەکار بوون،ئەو بوێرییانەی قاسملوویان بەسازشکاری و فورسەت تەلەبیو موزاکرەجوویی ناودەبرد. ئەو دەم د.قاسملوو دەیگوت ئەگەر تەنانەت یەک ڕۆژ درەنگتر شەڕ دەستپێبکا، بەقازانجی کوردە، بەڵام زۆر کەس بە داخەوە لەم رستە پڕمانایەتێنەدەگەیشتن.

کاک کەماڵ کەریمی جەختی کردەوەکەد.قاسملوو نەک لە خەیاڵدا بەڵکوو لە سەر ئەرزی واقیع سیاسەتی دەکرد، بۆیە هەر کات پێویست با قسەی خۆیدەکردو پەیامی خەڵکی کوردستانی بەهەموو لایەک رادەگەیاند، بەبێ ئەوەیترسی لەتانەو ڕەخنەی کەس هەبێ. دوکتور قاسملوو لەهەموو ژیانی سیاسیی خۆیدا هەوڵی دەدا هاوڕێیانیو نەسلەکانی داهاتوو فێر بکا کە بەشێلگێریو بەردەوامیبەدوای ئامانجەکانیاندا بڕۆن، لەسیاسەتکردندا ئازابن، توانای ئەوەیان هەبێ لەگەڵ هەلومەرجەسیاسییەنوێیەکاندا خۆبگونجێنن. ئەو فێری کردین لەگەڵ پێداگری لەسەر پرەنسیپەکان تووشی چەقبەستوویی فیکری نەبینو وابکەین بۆ کەلکوەرگرتن لەهەر فورسەتێکو لەهەر قوناغێکی تایبەت لەخەباتدا، هەمیشە دەستمان ئاواڵەبێ. بێگومان قاسملوو بۆ خەبات سیمبولێک و بۆ سیاسەت مامۆستایەکەنەتەنیا حیزبی دیمۆکرات بەڵکوو هەموو خەڵکی کورد بەتایبەت لەرۆژهەلاتی کوردستان جێی خۆیەتی شانازیی پێوەبکەنو وانەکانی لەبیرنەکەن.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەبەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا بەئاماژەبەپێشکەوتنی پرسی کورد لەبەشەکانی دیکەی کوردستان تیشکی خستەسەر ئەوەی کەلەئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، رێبەرانی ریژیم هەتا ئێستاش حاشا لەبوونی کێشەیەک بە ناوی مەسەلەی کورد لەئێراندا دەکەن. کۆماری ئیسلامی لە٣٥ساڵ تەمەنی خۆیدا لە هەموو ڕێگەیەکو بەهەموو توانایەکەوەهەوڵی سەرکوتکردن و کپکردنی دەنگی خەڵکی کوردستانیداوە. لەهێرشی بەربڵاوی نیزامییەوە کەدەیان هەزار شەهیدی لێکەوتەوە، هەتا پڕکردنی زیندانەکان لەئازادیخوازانی کورد و ئێعدامی تاک تاکو بەکۆمەڵی رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیەو راوەدوونانی تێکۆشەرانیکورد خۆی نە پاراستوە. ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێران کەتەنیا بیریان لەسەرکوتی کورد و ئیرادەی مافخوازانەی ئەو نەتەوەیە دەکردەوە تەنانەت پەنایان بردەبەر تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دیمۆکرات و پێیان وابوو لەرێگەی ئەو زەبرەگەورەوەدەتوانن بەئاواتەکانیان بگەن. ئێستا دوای٣٥ساڵ لەتەمەنی کۆماری ئیسلامی دەردەکەوێ کەهیچ یەک لەو ڕێگایانەنەیتوانیوە نیازە شوومەکانی ئەوان وەدی بێنێ.

کاک کەماڵ کەریمی لەبەشێکی دیکەی پەیامەکەی بەخوێندنەوەی ڕووداوەکانی ئێستای ئێران بەتایبەت دوای هاتنەسەر کاری دەوڵەتی ڕوحانی گوتی هەرچەند حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەپشتبەستن بەوانەو ئەزموونەکانی ڕێبەرانی شەهیدی، بەردەوام رایگەیاندوەکەمەسەلەی کورد لەئێرانیدا پرسێکی تایبەتەو دەبێ کێشەکان وەک خۆیان ببینرێنو ڕێگەچارەی ئەم مەسەلەیەش، ڕێگەخۆشکردن بۆ پێکەوەژیانێکی ئاشتیانەلەئێرانداو دابینکردنی مافی نەتەوەییە کە ئەمەش تەنیا بە وتووێژو لیکتێگەیشتن وەدی دێ، بەڵام بەداخەوە سەرانی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش بە ڕوانینێکی ئەمنییەتییەوەسەیری مەسەلەی کوردستان دەکەنوسەرەڕای ئەو لێدوانە پچڕپچڕانەلەسەر مەسەلەی ئازادیی ئەقوامو مەزاهێب، هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سیاسەتی رێژیمدا سەبارەت بە کوردستان و هەوڵدان بۆ دیتنەوەی ڕێگەچارەی ئوسوولی، بەدی ناکرێ.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕات لەبەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا ڕوو لەخەڵکی کوردستان گوتی قاسملوو دەیزانی لەحیزبەکەیدا کەسانێکی وا پەروەردەبوون کەبتوانن لەسەر ئەو ڕێبازەدرێژەبەسیاسەت بدەنو هەم دڵنیاش بوو لەوەی کە خەڵکی کوردستان وەک پشتیوانانی ڕاستەقینەو هەتاسەری حیزبی دیموکرات، لەبەرامبەر دوژمنانیدا لەپشت حیزبەکەیەوەدەبنو ئەمەی بە ڕەمزی سەرکەوتن دەزانی، چونکەئەو باوەری وابوو کە سەرچاوەی هێزی بنەڕەتیی خەبات و تێکۆشان، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاننو هەتا ئەو خەڵکەپشتیوانی حیزبی دیمۆکرات بن، حیزب لەتێکۆشان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان ڕاناوەستێ.

لەبڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی ئەو حیزبو لایەنانەخوێندرایەوەکەبۆ ئەو کۆڕیادەهاتبوونو لەدرێژەدا کۆرسی کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سروودی " ناچی لەبیر"یان پێشکێش بەڕووحی دوکتور قاسملووی نەمر کرد.

لەدرێژەی ئەو ڕێورەسمەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لەلایەن خاتوو حەلیمەڕەسووڵی خوێندرایەوەو شاعیری پێشمەرگەکاک ئەحمەد قادری شێعرێکی لەپەسنی دوکتور قاسملوودا خوێندەوە.

شایانی باسەکەڕێوڕسمی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و عەبدوڵلا قادریئازەر بەسروودی پڕ لەهەستو جۆشی " ڕێبەری منْ" لەلایەن کۆرسی گرووپی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوەکۆتایی پێهات.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١٢ی جوولای ٢٠١٤

## بەڕێوەچوونی سمینارێک بۆ باس لەسەر ڕوانگەو بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو

کۆمیسیۆنی پەروەردەو لێکولێنەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ باس لە سەر ئەندێشەو ڕوانگەکانی شەهید دوکتور قاسملوو، سمینارێکی بۆ کاک قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتو دوکتور ئاسوی حەسەنزادە، ئەندامی کومیتەی ناوەندی پێک هێنا.



لەو سمینارەدا کە ڕۆژی شەممە، ١۴ ی پووشپەڕو بە بەشداریی نیزیک بە ١٠٠ کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتو لە دوو پەنێلی جیاوازو، لە ژێر ناوی " خوێندنەوەیەکی ئەمڕۆیی بۆ بیرو باوەڕەکانی دوکتور قاسملوو"دا بەڕێوە چوو، باس لە بیرو بۆچوونە سیاسییەکانی دوکتور قاسملوو لە ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونیدا کراو ئاوڕ لە ئەندێشەو هۆگرییەکانی دوکتور قاسملوو درایەوە.

لە پەنێلی یەکەمی ئەو سمینارەدا کاک قادر وریا بە هێنانەوەی کۆمەڵێک فاکتی مێژوویی‌و خوێندنەوەی ڕووداوە سیاسییەکانی دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە کوردستانو تاوانبارکردنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو دوکتور قاسملوو لە لایەک بە شەڕەنگێزیو لەلایەک بە سازشکاری! لەگەڵ کۆماری ئیسلامی؛ باسی لە بنچینە فیکرییەکانی دوکتور قاسملوو بۆ داکۆکیی ڕەوا، وتووێژو دانوستان کردو لە مەیدانی کردەوەدا تیشکی خستە سەر واقعبینیی سیاسیی شەهید قاسملوو.

کاک قادر وریا لە پێوەندی لەگەڵ تیۆریی زانستیو تەتبیقدانی لەگەڵ واقعییەتو ئەمری واقع لەلایەن شەهید دوکتور قاسملوو کۆمەڵێک فاکتو ڕووداوی مێژوویی بە نموونە هێنایەوە.

باسکردن لە بنەما فیکرییەکانی دوکتور قاسملوو لەسەر پێویستیی هاوکاریی هێزەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لەگەڵ یەکترو دەستێوەرنەدان لە کاروباری یەکتر، پێوەندیی هێزە سیاسییەکانی کورد بە وڵاتانی داگیرکەری ناوچەو چۆنیەتیی ڕێکخستنی ئەو پێوەندییە لە

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

ڕوانگەی دوکتور قاسملوو لە سەر بنەمای "هاوکاریو پێوەندی بەڵێو خیانەت نا"؛ تەوەرێکی دیکەی باسەکەی کاک قادر وریا بوو کە لەو پێوەندییەشدا کۆرگێڕ چەند فاکتی مێژوویی بۆ باسەکەی هێنایەوە.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تەوەرێکی دیکەی باسەکەی بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە تەرخان کرد کە دوکتور قاسملوو لەگەڵ هەموو باوەڕی بە بوونی کورد وەک نەتەوەو کوردستان وەک نیشتمانی کوردان بۆ داوای خودموختاریی بۆ کوردستانی ئێران دەکردو بۆ جیاوازییەکانی دوو چەمکی سازشو سازشکاری لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە شی کردەوە.

باوەڕی دوکتور قاسملوو بە دێموکراسیو کارکردن بۆ جێخستنی فەرهەنگی دێموکڕاسی، پلۆرالیزمو فرەحیزبیو دژایەتیی دوکتور قاسملوو لەگەڵ هێژمونیخوازی تەوەرێکی دیکەی باسەکەی کاک قادر وریا بوو کە لەو بەشەشدا بە ئاماژە بە چەند فاکتو ڕووداوێکی مێژوویی لە کوردستانو ئێران کۆرگێڕ باسی لە ئەندێشەو بۆچوونەکانی دوکتور قاسملووی لەو پێوەندییەدا کرد.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب دوایین بەش لە باسەکەی بۆ خوێندنەوەی دوکتور قاسملوو بۆ چەند چەمکی وەک تێرۆریزم، ڕەخنەی دوکتور قاسملوو لە تێگەیشتنی ڕۆژئاوا بۆ تێرۆریزم لەو کاتەداو هەروەها بۆچوونی قاسملووی نەمر بۆ مافی تاکو نەتەوەی خاوەن ماف لە سەر بنەماکانی نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی، ستەمی چینایەتیو خەبات بۆ ئازادیو لابردنی ستەمی سیاسیی کرد.

لە پەنێلی دووهەمی ئەو سمینارەدا دوکتور ئاسۆی حەسەنزادە باسەکەی لە ژێرناوی " بیری لێنینو باخەکانی سەمەرقەند؛ گەشتێک بەنێو کتێبخانەکەی دوکتور قاسملوودا" پێشکێش کرد. دوکتور ئاسۆ لە سەرەتای باسەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ناسین و تێگەیشتن لە ناخو کەسایەتییو بیروباوەڕی مرۆڤە گەورەکان تەنیا بە پشتبەستن بە گێڕانەوە ڕەسمییەکانی ژیانیان و قسە و کردەوەی ئاشکرایان نایەتەدی. بەڵکوو دنیا و دیکۆری نێو ژیانی تایبەتیی ئەوان و هەڵسوکەوتیان لەو بەستێنەشدا سەرچاوەیەکی زۆر بەنرخی ئەم دەرک و بەدواداچوونەیە.

ئەندامی کومیتەی ناوەندی پاشان هاتە سەر ئەوەی کە ڕەهەندێکی گرینگی ئەم دیوە کەمتر دیارەی ژیانی کەسایەتییەکان – بەتایبەتی هی ڕێبەرانی سیاسی- بواری خوێندنەوە و موتاڵایە کە بە سەرنجپێدان و لێوردبوونەوەی دەکرێ بە بوارەکانی سەرنج و هۆگریی کەسایەتییەکە ئاشنا بین و تا ڕادەیەک بۆمان دەربکەوێ کە لەژێر کاریگەریی کامە بەرهەمە فیکری و ئەدەبی و کامە تێز و لێکۆڵینەوانەدا دەزگای هزر و ڕوانین و شێوازی ئاخاوتن و دەربڕینی کەسایەتییەکە بیچم و نێوەرۆکی وەرگرتووە.

دوکتور ئاسۆی حەسەنزادە لە درێژەی باسەکەیدا کتێبخانەکەی دوکتور قاسملووی بە نموونەی ئەو یادگارییانە هێنایەوە کە دەکرێ لەو دنیایەو لە دەروازەیەوە باشتر قاسملووی نەمرو ئەندێشەو هۆگرییەکانی بناسینو لەو پێوەندییەدا گوتی گەشتێک بەنێو کتێبخانەکەی دوکتور قاسملوودا وێستگە یەک لەدوای یەکەکانی ژیان و خەباتی ئەومان بیر دەخاتەوە و زۆر شتی تازەمان لەبارەی کەسایەتی و بیروباوەڕی ئەو پیاوە سیاسییە کە کتێب خوێنەوەیەکی بەبڕشتیش بوو فێر دەکا.

ئەندامی کومیتەی ناوەندی لەو بەشەی باسەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە سەبارەت بە کتێبەکانی دوکتور قاسملوو و ئامرازی دەستنیشانکردنی ڕادەی گرینگیان هێندێک نیشانە هەن کە دەتوانن یارمەتیدەر بن. بەشێک لە بەرهەمەکان ڕێچکە و شوێنەواریان بە ڕوونی لە قسەکانی دوکتور قاسملوودا وەبەرچاو دەکەوێ، لە نووسینەکانیدا بۆخۆی ڕاستەوخۆ وەک سەرچاو کەڵکی لێ وەرگرتوون، یا لە کۆڕی دۆستان و هاوڕێیانیدا زۆر جار ئاماژەی پێ دەکردن. پێوەندیی نێوان کتێبەکان و دوکتور قاسملوو و کاریگەرییان لەسەر بیر و خەیاڵی، بێگومان لەو حاڵەتانەشدا ئاسانتر دەدۆزرێتەوە کە لەلایەن نووسەرەکانەوە پێشکەشی کراون یان قەددیان شکاوە و جار جارە و لێر و لەوێ سەرەقەڵەمێکی دوکتور قاسملوویان تێدا بەجێ ماوە.

کۆرگێر پاشان گەشتێکی بە نێو کتێبخانەکەی دوکتور قاسملوو لە بواری زمانو نێوەرۆک لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا کردو خوێندنەوەی خۆی بۆ هەر کام لەو بوارانەدا هێنایەگۆڕێ.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٥ی جوولای ٢٠١٤

## بەڕێوە چوونی ڕێورەسمی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن لە گۆڕستانی پێرلاشێز

دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی ١٣ی جولای ٢٠١٤ بە ئامادەبوونی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڕێز خالید عەزیزی و بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و میوانانی ئێرانی و کوردستانی، بە بۆنەی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، مەراسمێکی بەشکۆ لە گۆڕستانی پێرلاشێز لە شاری پاریس بەڕێوەچوو.




پێشەکی هاوڕێ مەولوود سوارە، ئەندامی ڕێبەریی حیزب و بەرپرسی کۆمیتەی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ویيەن وێڕای بەخێرهێنانی میوانەکان و بەشدارانی ڕێورەسمەکە و سپاس کردن لە کۆمیتەکانی حیزب لە وڵاتەکانی سویس و فەرانسە و ئاڵمان و بێلژیک و بریتانیا کە هاوکاریی بەڕێوەچوونی مەراسمەکەیان کردوە ڕایگەیاند کە ئێستا دوو میوانی بەڕێز لە کوردستانەوە بەشدارن کە بریتین لە کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب و کاک عومەر باڵەکی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب و داوای لێکردن پێکەوە چەپکەگوڵی ڕێز و وەفاداری لە سەر گۆڕی شەهیدان دابنێن.

دواتر هاوڕێ ئارەش زەمانی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێز لە گیانی پاکی شەهیدانی ویيەن و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی ڕاگەیاند و وێڕای بەخێرهاتن کردنی هەموو لایەک داوای لە بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد بۆ پێشکەش کردنی وتەکانی.

بەڕێز سکرتێری گشتی لە سەرەتای قسەکانیدا وێڕای بەخێرهێنانی هاوڕێیانی حیزبی، نوێنەرایەتیی حیزب و لایەنە سیاسیە کوردستانی و ئێرانییەکان، ئاماژەی بە نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ شەهیدانی ویيەن و درێژە پێدانی خەباتی نەتەوایەتی تا وەدیهاتنی ئامەنجەکانی شەهید دکتور قاسملوو کرد و بە داخبوونی خۆی دەربڕی کە دوو مەراسم لەلایەن دوو لایەنی دێموکراتەوە بۆ یەک قاسملوو بەڕێوە دەچێ. بەڕێزیان لە درێژەدا سەبارەت کۆماری ئیسلامی و ئەو تاوانەی ئەنجامی داوە وتی کە باشترین سزا بۆ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، نەمانی ئەو نیزامەیە.
کاک خالید ئینجا باسی تەجرووبەی ئێستاکەی عێراق و کێشەکانی نێوان کوردستان و بەغدا و بە ئاکام نەگەیشتنی هەوڵەکانی کوردەکان لە گەیشتن بە ڕێگە حەلێکی دێموکراتیک و ئاشتیانە کرد و وتی کێشەی کورد لە ئێرانیش نابێ وەک هەڕەشە چاو لێ بکرێ بەڵکوو وەکوو دەرفەت سەیربکرێ و دەبێ هەموو هەوڵ بدەین مەسەلەی کورد لە ڕێگەی ئاشتیانەوە حەل بکرێ. بەڕێز سکرتێری گشتی هەر لەم پێوەندییەدا هەڵسوکەوت و هەوڵەکانی دکتور قاسملووی بە شارستانیانە وەسف کرد و لە درێژەدا ئاماژەی بە ڕۆڵی بەرچاوی شەهید قاسملوو لە بنیاتنانەوەی ئێراندا کرد هەر بۆیەش کەوتە بەر ڕق و کینی سەرانی کۆماری ئیسلامی.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا دکتور سیروسی ئاموزگار چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەنووسی ئێرانی وێڕای ڕێزدانان بۆ دکتور قاسملوو ئاماژەی بە ڕۆڵی کورد لە ئێرانی قەدیم و ئێستاکە کرد و باوەڕمەندبوون بە پلوراڵیسمی سیاسی وەک لایەنێکی بەرچاوی کەسایەتی سیاسی دکتور قاسملوو پێناسەکرد. لە درێژەدا ناوبراو وتی کە دکتور قاسملوو کەسێک بوو کە لە خۆی گوزەرابوو و خۆی فیدای غەیرە خۆی کرد. لە کۆتاییدا بەڕێزیان وتی کە کوشتنی قاسملوو تەنیا نەهێشتنی جەستەی ئەو بوو بەڵام لە ڕاستیدا بە نەمانی دکتور قاسملوو هەزاران قاسملووی بە دونیا هێنا و هەر ئەوانەشن کە فریای خەڵک دێن.

کاک عەزیزی مامڵێ ماف ناس و چالاکی سیاسی وێڕانی بەخێر هاتنی هەموولایەک ئاماژەی بەوە کرد کە دکتور قاسملوو وەدوای حەلی مەسەلەی

کورد لە ئێران کەوتبوو. بەڕێزیان لە درێژەی باسەکەیدا وتی کە وەزعیەتی ئێستاکەی عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی هەڵدەگرێ کە ئێرانییەکان بە دیدێکی دیکەوە بڕواننە مەسەلەی کورد لە ئێران.

دواتر دکتور جمشید اسدی چالاکی سیاسی و مامۆستای زانکۆ لە پاریس وتارێکی پێشکەش کرد و وێڕای ڕێز بۆ دکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، ئاماژەی بەوە کرد کە کەسانی وەک دکتور قاسملوو و دکتور بەختیار کوژران، بەڵام ئێستا پرسیار ئەوەیە کە لەمڕۆدا دەبێ چی بکەین؟ ئایا ببورین یان نا؟ ئایا دەتوانین قاتڵەکان سزا بدەین یان بیان بوورین؟ ئایا مادام کە ناتوانین سزایان بدەین، لێبوردنی ئێمەش بێهوودە نیە؟ بەڕێزیان لە درێژەدا وتی کە بە باوەڕی من قاتلەکان ئێستاش دەتوانن قەتڵ بکەن بۆیە ناتوانین بیانبوورین و لە کۆتاییدا هیوای خواست کە ڕۆژێک بتوانین پێکەوە لە کوردستان ڕێز لە شەهیدانمان بگرین.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا دکتور حوسێن لاجەوەردی سەرۆکی ئەنجوومەنی لێکۆڵەرانی ئێران وتاریان پێشکەش کرد. بەڕێزیان وتی کە دوو جاری دوکتور قاسملوو دیوە و لە دووهەمین جاردا پێموابوو کە دکتور قاسملوو ڕێبەرێکە بۆ داهاتووی ئێران. ناوبراو لە درێژەدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئازادی بە بێ بەرابەری پێکنایە و دەبێ لە پێشدا بەرابەر بین. لە درێژەدا وتی کە کۆماری ئیسلامی بەهەموو لقەکانییەوە وەک یەک دەچن و دەبێ تەکلیفی خۆمان لەگەڵ کۆی کۆماری ئیسلامی مەعلووم بکەین و لە هەموو زەرفیەتەکان بۆ دامەرزانی ئێرانێکی نوێ کەڵک وەرگرین.

شایانی باسە کە نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئوروپا، ڕێکخراوی سکولار دێموکراتی ئێران و ئەنجومەنی دژی سەرکووت وئەشکەنجە لە ئێران وێڕای بەشداری کردن پەیامی خۆیان پێشکەش بە کومیتەی یادکردنەوەی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی وییەن کرد.

لە کۆتاییدا ئامادەبووانی ڕێوڕەسمەکە چوونە سەرگۆڕی شەهیدانی میکۆنوس و بە دانانی چەپکەگوڵی ڕێزو وەفاداری ڕێزیان لە یادی شەهید دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی گرت. لەوێ کاک عومەر باڵەکی بۆ سپاس لە بەشدارانی ئەو ڕێوڕەسمە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و رایگەیاند کە لەگەڵ شەهیدانمان بەڵێن نوێ دەکەینەوە کە هەتا سەر وەفادار و ڕێبواری ڕێگایان بین و بەم شێوەیە کۆتایی بە ڕێوڕەسمەکە هات.

کۆمیتەی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی وییەن

سەرچاوە : ماڵپەڕی حدک میدیا / ڕێکەوتی : ١٣ای جوولای ٢٠١٤

## کۆڕیادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی وییەن لە ئۆسلۆی پایتەختی نۆڕوێژ بەڕێوەچوو

**ناوەندی هەواڵ - نۆروێژ:** ڕۆژی شەممە، ٢١ی پوشپەڕی ١٣٩٣ی هەتاوی، کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆ، کۆڕیادی ٢٥ساڵەی تێرۆری شەهیدانی وییەن لە ئۆسلۆی پایتەختی نۆرویژ بەڕێوەچوو.



کۆریادەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان دەستی بە کارەکانی کرد کە بابەت و هەڵسەنگاندنی ٥ کەسایەتی سیاسی کورد و غەیرە کوردی لە خۆ گرتبوو .

کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە مەبەستی ڕێزگرتن لە یادی ٢٥ساڵەی تیرۆری ناجوامێرانەی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو و هاوڕێیانی بە دەستی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی، لە ئۆسڵۆی پایتەختی نۆڕوێژ، ڕێوڕەسمێکی پێکهێنا، کە جگە لە کۆرگێرانی ئەم کۆڕیادە، سەدان کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتانی سوئێد، نۆروێژ، دانمارک و فینلاند و بەشێک لە ئەندامانی رێبەرایەتی حیزب، هاوکات بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و کاک حەسەن ڕەستگار لە راوێژکارانی دەفتەری سیاسی و سیما ناسراوەکانی ناو ریزەکانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێیدا بەشدار بوون.

پاشان لە لایان هاوڕێ ئەسعەد خزری، بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی ئامادەکاری یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدکرانی دکتوور قاسملوو و هاوڕێیانی و کومیتەی نۆروێژەوە بەخێرهاتنی میوانان کرا و هاوڕێ کوێستان بابایی ریزی بەرنامەکانی پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب و بەرپرسی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزب، سمایل بازیار، کەسایەتی و تێکۆشەری دێرینی ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و مامۆستای زانکۆ، ئەحمەدی رەئفەت رۆژنامەوان و نووسەر و ئامادەکاری بەرنامەی تەلەفزیونی و دکتور گوڵمراد مرادی وتەبێژی ئەنجوومەنی نێونەتەوەیی قەڵەمی ئێران و یان بۆیەر نوسەرو دۆستی گەلی کورد لە کۆرگێڕانی ئەم کوڕیادە بوون کە هەریەک لایەنێکی ژیانی سیاسی دکتوور قاسملوویان خستە روو.

سەرەتا بەڕێز مستەفا شەڵماشی لە لایان حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە سوپاسی هەموو بەشدارانی ئەم یادە کرد و گوتی: لە دەوری یەک کۆبووینەوە تا یادی کارەساتێکی دڵتەزین بکەینەوە کە تێیدا رێبەرێکی بێ هاوتای حیزبی دێموکراتی کوردستان و نەتەوەی کورد، شەهیدی رێبەر دکتور عەبدوڵڕەحمان قاسملوو، هاوڕێ لەگەڵ کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی کومیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و دکتور فازڵ رەسووڵ کەسایەتی سیاسیی کوردی باشووری کوردستان بوونە قوربانیی وەدەستهێنانی مافە رەواکانی گەلەکەمان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە سوپاستان دەکەم کە لە یادی ٢٥ ساڵەی ئەو بیرەوەریە تاڵەدا لە گەڵمان بەشدارن.

شەڵماشی وێرای ئاماژەدان بە رابردوو و ژیانی سیاسی شەهید دکتور قاسملوو، گوتی: ئەو تیرۆرە تەنیا دژی حیزبی دێموکرات و دکتوور قاسملوو نەبوو، بەڵکوو لە هەمانکاتدا دژایەتییەکی کوێر و قین لە دڵانە بوو لەگەڵ ئاشتی، دێموکراسی و ئازادی. رژیمی کۆماری ئیسلامی لە چەند بواردا دوژمنی سەرسەختی دکتوور قاسملوو بوو. رژیم دژی کەسایەتییەک بوو کە لە لایەکەوە گەورەترین هێزی نەتەوەیی، مافخواز، دێموکراسیخواز، پێسکەوتوو و شۆڕشگێری رێبەری دەکرد. لە لایەکی دیکەوە دیارترین کەسایەتی سیاسی، ئاشتیخواز، دێموکراسیخواز، بەتوانا لە بواری زانستیدا و بەناوبانگ لە دیپلۆماسی و پەیوەندیدا بوو.

سەبارەت بە بۆچوونی دکتوور قاسملوو لە هەمبەر ئاشتی گوتی: دکتوور قاسملوو نەزەری وابوو کە شۆڕشگێری راستەقینە ئەو کەسە نییە کە شەڕ ساز دەکات، بەڵکوو ئەو کەسەیە کە بە هەموو هێزییەوە هەوڵ دەدا بۆ ئاشتی، بەڵام ئەگەر هێرش کرایە سەر گەلەکەی، بەو پەری تواناوە بەرگری دەکا، کەوابوو مێتۆدی خەباتی دکتوور قاسملوو ئەوە بوو کە بەرگری بکا بۆ سەپاندنی وتووێژ و ئاشتی.

بەڕێز شەڵماشی لە پەیوەندی لەگەڵ پەروەندەی ئەو جینایەتە گەورە و تیرۆری شەهیدانی وییەن، رایگەیاند: پەروەندەی ئەو جینایەتە بە داخێکی گرانەوە هەروا بە هەڵواسراوی ماوەتەوە و تەنانەت بەدواداچوونی قەزاییشی بە تەواوی بۆ نەکراوە. حکوومەتی ئوتریش هەر لە یەکەم رۆژەکانی ئەو جینایەتەدا، بازرگانی بەو مەسەلەیەوە کرد و لە جیاتی تاقیبی جینایەتکاران و بەندکردنیان و سپاردنیان بە دادگا، ئەو کەسەری کە گیرابووش رەوانەی ئێرانی کردەوە.

سەبارەت بە وەگەڕخستنەوەی ئەو پەروەندەیەش ئاشکرای کرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قۆناغی جیاوازدا ئەوەی لە توانایدا بووبێ هەوڵی داوە ئەو پەروەندەیە زیندوو رابگرێ و لە دەرفەتێکدا بیگەیەنێتە دادگایەکی سەڵاحییەتداری نێونەتەوەیی. گوتیشی: تەنانەت دوو ساڵ لەمەوبەریش ئیمە لە دەرەوە کامپینێکمان وەڕێخست و زۆر ئیمزامان لە کەسایەتی ناودار کۆ کردەوە. سەردانی حکوومەتی ئوتریشمان کرد و لە رێگای حیزبەکانی ئەوێوە، بە تایبەت لە رێگای سەوزەکانەوە مەسەلەکەمان گەیاندە پەرلەمانی ئەو وڵاتە، بەڵام تا ئێستاش مخابن بە جێگایەکی مەتلوب نەگەیشتووین. بە باوەڕی من پێویستە هەر هەردووک لای دێموکرات پێکەوە بەو ئەرکە گرینگە هەستن و کومیتەیەکی هاوبەسی بۆ دابنێن تا بە جدییەتی زۆرترەوە بەدوای ئەو مەسەلە گرینگەدا بچن. هەر لێرەوە دەستی هاوکاری بۆ هاوڕێیانی حدکا درێژ دەکەم و هیوادارم ئەوانیس رازی بن تا پێکەوە لە دەرەوەی وڵات کومیتەیەک پێک بهێنین و هەوڵی زۆرتر بدەین. هەروەها لەو تریبوونەوە داوا لە شارەزایانی بوار

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

قانوونی نێونەتەوەیی دەکەم کە هەر پێشنیارێکیان لەو پەیوەندییەدا بە زەین دەگات، پێمانی رابگەیەنن تا بەڵکوو بە هەمووان بتوانین رێگایەک بۆ هێنانەوە بەرباسی ئەو جینایەتە لە دادگا نێونەتەوەییەکاندا بدۆزینەوە.

بەڕێز مستەفا شەڵماشی سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای ناوچەکە بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، باسی لەوە کرد کە ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر ئاسۆی گەلی کورد بە گشتی روونە و وێڕای لێکدانەوەی بارودۆخی باکووری و رۆژئاوای کوردستان، لەسەر باشووی کوردستان هەڵوەستەی کرد و گوتی: لە باشووری وڵاتەکەمان بە خۆسییەوە حکوومەتیکی گەلی وەک بەرهەمی خەباتیکی دوور و درێژ و پر کارەسات، دامەزراوە. رووداوەکانی ئەم دواییانەی عێراقیش نیشانی دا کە کورد دەتوانێ پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی خۆی بکات لە بەرامبەر هەر هەڕەشەیەکدا و بە خۆسییەوە بۆ یەکەم جار توانی هەموو سنوورەکانی باشووری کوردستان بخاتە ژێر فەرمانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. لە هەمووشیان گرینگتر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو لە پەرلەمانی کوردستان تا مەسەلەی رێراسندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان تاوتوێ بکاو بڕیاری لەسەر بدا و بیکاتە یاسا تا گەلی کورد لە باشوور بتوانێ لە رێفراندۆمێکی ئازاددا چارەنووسی خۆی دیاری بکات. بێگومان بەو دەست و بردەی پێشمەرگە و بەو هەڵوێستە نەتەوەییەی حکوومەتی هەرێم، روحی قاسملوو و هەموو شەهیدانی ریگای رزگاری کوردستان شاد دەبێ.

ئەوجار دکتوور ئەحمەد رەئفەت نووسەر و رۆژنامەوانی ئێرانی باسێکی لە سەر چۆنیەتی ئاشنابوونی لەگەڵ شەهید دوکتوور قاسملوو و روانگەو پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو رێبەرە کوردە هێنایە بەرباس و هاوکات سپاسی حدک ی کرد کە ئەو شانازییەی پێ بەخشیووە تا بتوانێ لەسەر کەسایەتی دکتوور قاسملوو بۆ ئامادەبووانی ئەو کۆڕیادە بدوێ.

رەئفەت لە باسەکەیدا خۆی وەک قوتابییەکی سیاسی دکتوو قاسملوو پێناسە کرد و گوتی لە ناوبراو فێری زۆر شت بووە، فێر بووە کە سیاسەت چییە.

بەرێزیان هاتە سەر باسی جێگە و پێگەی ئەو کەسایەتییە مەزنەو ئاماژەی بەوەدا کە دکتوور قاسملوو تەنیا رێبەرێکی کورد نەبوو، بەڵکوو کەسایەتییەک بوو کە دەیتوانی کاریگەری لە سەر تەواوی ئێران هەبێ. دکتوور قاسملوو پێش حیزبەکەنی تری ئێران باسی لە دێموکراسی دەکرد، هەر بۆیە زۆربەی حیزبەکانی تری ئێرانی ناوبراویان وەک رێبەرێکی خۆیان قبووڵ بوو، هەر ئەمەش بوو کە دەتوانێ یەکێک لەو هۆکارانە بێ کە ببێتە هۆکاری ترۆرکردنی.

ئەحمەد رەئفەت رۆژنامەنووسی ئێرانی گوتی: قاسملوو قوربانی رێگای وتووێژ بوو، ئەو چەک بەدەست نەکوژرا، بەڵکوو چەکێکی گرینگتری بەدەستەوە بوو کە ئەویش چەکی دیالۆگ بوو. سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی و داهاتووی ئێران گوتی: هەر کەسێک دژی پارچەبوونی ئێرانە، دەبێ بۆ دامەزراندنی سیستمێکی فێدراڵی هەوڵ بدا.

بەرێز سمایل بازیار، کەسایەتی و تێکۆشەری دێرینی ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و مامۆستای زانکۆ، یەکێکیتر لەو کەسایەتیانە بوو کە باسێکی لە ژێر ناوی قاسملوو، "ناسیونالیزم و ئەندێشەی چەپ" پێشکەش کرد. بازیار باسی لە دوو هێڵی سەرەکی سیمای قاسملوو کرد کە ئەویش نەتەوەیی بوون و چەپ بوونی بوو. لە باسەکەدا ژیانی سیاسی دکتور قاسملوو بەسەر سێ قۆناغدا دابەش کرابوو و کاریگەری ئەو فەزا سیاسییە و ئەو گوتارە چەپییەی کە بەسەر ئێران و زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهاندا زاڵ بوو، خرابووە روو.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەڵگانەی خستە روو کە چۆن دکتور قاسملوو لە چەپێکی کوردەوە دەبێتە کوردێکی چەپ و چۆن هەستی نەتەوەیی و بیری نەتەوەیی وا لە قاسملوو دەکات کە زیاتر وەک کوردێکی چەپ بۆ چارەسەر کێشەی کورد هەنگاو هەڵبگرێ و لە ئاسۆی دوورتری ستراتیژی قاسملوودا کوردستانی سەربەخۆ هەبێت و تەنانەت تێڕوانینی بۆ یەکگرتنەوەی هەر چوارپارچەی کوردستانیش هەبێت و بۆ سەرجەم ئەو باسانەش بازیار بەڵگە و دیکۆمێنتی خستە روو.

یان بۆیەر نوسەرو دۆستی نیزێکی گەلی کورد وەک سێیەم کۆرگێڕی ئەم کۆڕیادە، ئەویش باسی لە هزری پێشکەوتووی دکتوور قاسملوو و داهاتووی کورد کرد و لە بەشێک لە باسەکەیدا ئاماژەی بەوەدا کە دکتوور قاسملوو واگەورە ببوو کە سیاسەت بکات و بیر و هزر و خوێندنەوەی

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

دروستی بۆ ئەو سەردەم و بۆ ئێستا هەبێت و ئەو لێکدانەوانەسی بۆ ئێستا دروست لە ئاو دەرهات. بە هۆی ئەوەی شارەزای زۆربەی زمانە دەستەڵاتدارەکانی ئەو کات بوو، دەیزانی چ میتۆدێکی سیاسی بۆ ئەو هەلومەرجەی ئەو کاتی کوردستان گونجاو بوو.

"بۆیەر" پێی وابوو کە کوردی باشوور سەربەخۆ دەبن، بەڵام کوردی باشوور و بارزانی نابێ بەشەکانی دیکەی کوردستان لەبیر بکەن.

دوا بەدوای"یان بۆیەر"، دکتوور گوڵمراد مورادی نووسەر و وتەبێژی ئەنجوومەنی نێونەتەوەیی قەڵەمی ئێران، وەک چوارەم کۆرگێری ئەو کۆڕیادە، وێڕای ئاماژە بە کەسایەتی دکتوور قاسملوو و ئەو پیلانانەی کە دوژمنان دژ بە ڕێبەرە هەڵکەوتەکانی گەلی کورد دەیگێڕن، گوتی: دکتوور قاسملوو بە پێچەوانەی بۆچوونە ناکۆکەکان، سیاسەتمەدارێک بوو ئاگا لە بواری بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەیزانی چۆن دەبێ لەگەڵ دژبەراندا بجوڵێتەوە، هەر چەند ئامانجی دژبەران تەنیا لەنێوبردنی هەڵکەوتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری وەکوو خودی خۆی و کەسانی وەک ئەو بوو.

ئەو بە دروستی ئەیزانی کە نائاگایی دەستەڵاتی هەیە بەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و دەبێ ئەو کەموکورییە لەنێو بچێت. ئەو بێگومان دەیزانی کە ئەوان شتێکیان لە سەوەتەکەیاندا نییە، بەڵام ئەو نمرە بۆ سەلماندن بە هەموو نەتەوەکانی ئێران ئاگایانە ئەو ریسکەی کرد و دەیویست هیچ بیانوویەک نەداتە دەستی دوژمنەوە کە بە خەڵک بڵێن پارتە کوردییەکان نایانەوێ لەسەر چارەسەری کێشەکان لەگەڵ ئێمەدا وتووێژ بکرێ. دکتوور قاسملوو بەدروستی لە خاڵە لاوازەکانی کەمایەتییە نەتەوەییەکانی، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە هەمان نائاگایی و ناکۆکی سیاسییە تێگەیشتبوو.

ئەو یەکێک بوو لە یەکەم ڕێبەرانی حیزبە سیاسییەکان کە بەو خاڵە گرینگانە گەیشتبوو و دەیزانی هەتاکوو نەتەوەکان ماف و مێژووی خۆیان نەزانن، ناتوانن لە ڕێگای یەکگرتندا دەست بدنە دەستی یەک و بە دڵ و گیان یەکگرتووانە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان خەبات بکەن.

ئەو هێز و لایەنانەی بەشداری ئەو کۆڕیادەی بوون، بریتین لە:

* پارتی دێموکراتی کوردستان
* یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
* پارتی سەربەخۆی کوردستان
* کۆنگرەی نەتەوەیی کورد
* پارتی یەکێتی دێموکراتی سوریە" پەیەدە"
* کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵات

بەشی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نۆرویژ

سەرچاوە : ماڵپەڕی حدک میدیا / ڕێکەوتی : ١٣ی جوولای ٢٠١٤

## بەڕێوە چوونی سیمیناری پارلمانی بریتانیا بەبۆنەی ٢٥ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو

لە ٢٥ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملووی نەمردا، بە دەسپێشخەری و ڕێکخستنی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا، ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ١٤ ی ژوئیەی٢٠١٤ سیمینارێک بە بەشداریی خاتوو بەیان سامی عەبدولڕەحمان نوێنەریی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی حیزب و لایەنەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و کۆمەڵێک ڕێکخراوی ئێرانی و دەیان کەس لە کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگییە کورد و ئێرانی و بیانییەکانی دانیشتووی لەندەن، سیمینارێک لە یەکێک لە هۆڵەکانی پارلمانی بریتانیا بەڕێوە چوو.



لە سەرەتای سیمینارەکەدا بەڕێوەبەری کۆڕەکە خاتوو ڕۆزا بۆرک بەناوی هاوڕێ مەولود سوارە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا و "سەنتەری پەرەپێدانی کورد"ەوە بەخێرهێنانی بەشدارانی سیمینارەکەی کرد و وێرای ئاماژە بە ئامانجی سیمینارەکە کۆڕگێڕەکانی ناساند.

بابەتی یەکەمی سیمینارەکە لەلایەن د. ئاسۆ حەسەن زادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێشکەش کرا. د. ئاسۆ لە سەرەتای باسەکەیدا ئیشارەی بە گرینگیی بیرەوەری و یادکردنەوەی دوکتور قاسملوو کرد و گوتی ئەم یادکردنەوەیە هەر تەنیا بۆ دەربڕینی ئەمەگناسی و ڕێزدانان لە کەسایەتیی دوکتور قاسملوو نیە کە هەموو ژیانی خستە پێناو ئازادیی نەتەوەی کورد، بەڵکوو کردەوەیەکی سیاسیشە لە چوارچێوەی مێژووی بەردەوام و زیندووی پرسی کورد لە ئێران و لە ناوچەدا چونکە دوکتور قاسملوو بە کەسایەتیی مەزن و بیروباوەڕی بەرزی خۆی مۆرکی خۆی لە خیسڵەت و ماهیەتی ئەم پرسە دابوو. پاشان ناوبراو باسی هۆکاری تیرۆری دوکتور قاسملوو لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە کرد کە بە باوەڕی ئەو بریتی بوو لەوە کە نەک هەر دوکتور قاسملوو ڕێبەرایەتیی خەباتێکی جیددی و مەیدانیی دەکرد و کۆماری ئیسلامی وەک مەترسییەکی جیددی بۆ سەر هەرمانی خۆی لێی دەڕوانی، بەڵکوو لە بنەڕەت ڕا دوکتور قاسملوو نوێنگەی هەرە درەوشاوە و ناوبەدەرەوەی جەهانبینیەکی سیاسی بوو کە لەگەڵ فەلسەفەی وجوودیی کۆماری ئیسلامیدا لە ناکۆکییەکی ئاشتیی هەڵنەگردا بوو.

ئاسۆی حەسەن زادە لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا ئاماژەی بە بەشێک لە بیروباوەڕ و تایبەتمەندییەکانی دوکتور قاسملوو کرد. ناوبراو لێرەدا بەتایبەتی جەختی لەسەر نێوەرۆکی ئەقڵانی و بنیاتنەری ڕوانگە و ڕەفتاری سیاسیی دوکتور قاسملوو، خاوەن هەڵوێستی و سەربەخۆیی ناوبراو لە کردەوەی سیاسیدا، و پراگماتیسم و ڕەتکردنەوەی حوکمی دۆگمەکان لە فەزای ئیدئۆلۆژیک و ئارامانگەرایانەی ئەوسادا کرد. ئەو هەروەها باسی ئەوەی کرد کە لەگەڵ ئەوەدا کە ستراتژیی دوکتور قاسملوو وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە ئێراندا بوو، بەڵام باوەڕی قووڵی بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد و وەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان هەبوو. ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە لەگەڵ ئەوەدا کە دوکتور قاسملوو ڕێبەرایەتیی بزوتنەوەیەکی مەیدانی و شۆڕشگێڕانەی دەکرد، باوەڕی بە جێبەجێکردنی بایەخە ئینسانی و شارستانییەکان لەو خەباتەدا هەبوو و هەمیشەش ڕێکارە سیاسی و ئاشتییەکانی تەرجیح دەدا.

د. ئاسۆ حەسەن زادە لە کۆتایی قسەکانیدا وێڕای وەبیرخستنەوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاودەستیی دەوڵەتی ئوتریش لە بێئاکام کردنی پەروەندەی ئەم جینایەتەدا، سەبارەت بەم پرسە و بەگشتی سەبارەت بە مامەڵەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ڕایگەیاند کە درەنگ یا زوو دەسەڵاتە نێودەوڵەتییەکان دەبێ مل بەو ڕاستییە بدەن کە ئاشتی و هێمنایەتیی نێونەتەوەیی کە ئەمنیەتی

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

نەتەوەیی و قازانجە ئابوورییەکانی ئەو دەسەڵاتانەی پێ بەستراوەتەوە تەنیا کاتێک وەدی دێ کە لە ناوچەی ئێمەدا حکومەتی بەرپرسیار بێنە سەر کار کە پێش هەموو شتێک رێز لە مافی هاووڵاتییانی خۆیان بگرن.

پاشان دوکتور فریدریک تیسۆ کۆنسوولی گشتیی پێشووی فەرانسە لە کوردستان و دۆستی نزیکی دوکتور قاسملوو باسێکی لەبارەی رابردووی دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ دوکتور قاسملوو و تێگەیشتنی لە کەسایەتی و بیروباوەڕی ناوبراو کرد. ناوبراو لە سەرەتادا باسی ئەو هۆکارانەی کرد کە بوونەتە هۆی ئەوە کە یاد و بیرەوەریی دوکتور قاسملوو ئەوەندە بە زیندوویی لە نێو دڵی هۆگران و ئەویندارانیدا بمێنێتەوە. ئینجا هاتە سەر تایبەتمەندییەکانی دوکتور قاسملوو و باسی ئەوەی کرد کە دوکتور قاسملوو خەبات و تێکۆشانی وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە پۆست و دەسەڵات چاو لێ نەدەکرد، بەڵکوو بنەما و پاڵنەری سەرەکی و هەتا سەری کاری سیاسی بۆ ئەو بیروباوەڕ بوو و کەسێکیش بوو کە هەتا سەر پابەندی ئەو پرەنسیپ و ئامانجانە بوو کە ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردبوو.

لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا دوکتور فرێدریک تیسۆ باسی ئەوەی کرد کە ئێستاش کەسانێک هەن کە لۆمەی دوکتور قاسملوو دەکەن کە بۆچی بۆخۆی راستەوخۆ لەگەڵ دژمن وتووێژی کردووە و بۆچی ئەو ریسکە گەورەیەی کرد، بەڵام بە ناسیارییەک کە لە کەسایەتیی دوکتور قاسملوومان هەیە ئایا بەراستی کەس دەتوانێ لەوەدا کە دوکتور قاسملوو لە مەنتقی ئاشتیخوازانەی خۆیدا تا سەر رۆیشتووە، لۆمەی دوکتور قاسملوو بکا؟

دوکتور تیسۆ پاشان وێڕای ئاماژە بەو ئامانجانەی دوکتور قاسملوو خەباتی بۆ دەکردن کە شتێک نەبوو جگە لە ویستی رەوای کوردەکان بۆ بەرەسمی ناسین و رێزگرتن لە زمان و کولتور و ناسنامەیان، باسی ئەو سەردەمەی کرد کە دوکتور تیسۆ و پزیشکانی دیکەی جیهانی لەسەر خواستی دوکتور قاسملوو هاتبوونە هانای خەڵکی کوردستان و ئیشارەی بە هەموو ئەو دەرس و زانیارییە بەنرخانە کرد کە دوکتور قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ گەلی کورد و واقیعییەتی ناوچەکەدا فێری کردووە.

لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا کۆنسولی پێشووی فەرانسە ئاماژەی بە بارودۆخی ئێستای باشووری کوردستان و هەنگاوانی کوردەکانی باشوور بەرەو سەربەخۆیی کرد. ناوبراو وێڕای خستنەڕووی روانگەی خۆی لەو پێوەندییەدا و پشتیوانی لە مافی سەربەخۆیی کورد، گوتی لەو باوەڕەدا نیم کە ئەگەر ئێستا دوکتور قاسملوو مابا بە هۆکاری بەرژەوەندی سیاسی و دیپلۆماسی موخالفەتی لە گەیشتنی کوردەکانی باشوور بە سەربەخۆیی کردبا.

دوکتور تیسۆ لە کۆتایی قسەکانیدا هیوای خواست کە ساڵی داهاتوو دۆستان و لایەنگرانی قاسملوو هەموو پێکەوە یەک رێورەسمی هاوبەش لە گۆڕستانی پێرلاشێز بەرێوە ببەن و ئەمە هەنگاوێک بێ بۆ ئەوەی لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا پەنجەرەیەکی نوێ بەسەر کوردەکانی رۆژهەڵاتیشدا بکرێتەوە.

ئینجا نۆرە گەیشتنە پەیامی لویس ئەیالا سکرتێری گشتیی رێکخراوی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست کە بەهۆی کۆبوونەوەی لەگەڵ جۆرج پاپاندریۆ سەرۆکی ئەو رێکخراوە لە سەفەر بوو و نەیتوانیبوو بۆخۆی بەشداری سیمینارەکە بێ. لە سەرەتای ئەو پەیامەدا کە لەلایەن خاتوو لەتیفە پیری بەرپرسی بارەگای ناوەندیی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست لە لەندەن خوێندرایەوە، لویس ئەیالا ئیشارەی بە پێوەندیی مێژوویی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست لەگەڵ کوردەکان کردبوو کە لەرێگای دوکتور قاسملووەوە دامەزرابوو و گوتی هەروەک چۆن دوکتور قاسملوو بەشێکی بەرچاوی تێکۆشانی سیاسیی خۆی بۆ ناساندنی پرسی کورد لە ئێران بەدنیای دەرەوە لەرێگای ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستەوە کردبوو، کۆتایی ژیانیشی بە چەشنێک بەو رێکخراوە بەسترایەوە چونکە تەنیا سێ حەفتە پاش بەشداریی لە کۆنگرەی هەژدەهەمی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست لە ستۆکهۆڵم، تێرۆر کرا.

لویس ئەیالا وێڕای وەبیر خستنەوەی پێکەوە گرێدراویی ئەو بایەخانەی دوکتور قاسملوو خەباتی بۆ دەکردن لەگەڵ ئامانج و پرەنسیپەکانی سۆسیالیستەکانی جیهان، باسی ئەوەی کردبوو کە مەرگی دوکتور قاسملوو بووە هۆی ئەوە کە زۆر لە بزوتنەوە و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی هەموو قاڕەکانی جیهان لەدوای ئەوە زیاتریش سەرنج بدەنە پرسی کورد و هەوڵ بدەن زیاتر لەگەڵ کەسایەتیی قاسملوو و خەباتی کوردەکان ئاشنا

# ٢٥ شەهیدانی ڤییەن

بێن. بەتایبەتی کە ماوەیەکی کەم پاش تیرۆری دوکتور قاسملوو، جێنشینەکەی واتە دوکتور سادق شەرەفکەندیش هەر لە پەراوێزی کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیستدا تیرۆر کرا.

سکرتێری گشتیی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست لە کۆتایی پەیامەکەیدا ئاماژەی بە روانگەکانی رێکخراوەکەی بۆ پرسی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە وڵاتاندا کردبوو و لەو باوەڕەدا بوو کە بەبێ دانپێدانان و بەرەسمی ناسینی بەکردەوەی ناسنامە و مەوجوودییەتی پێکهاتە جۆربەجۆرەکانی نێو ئەم وڵاتانە دێموکراسی نە دەتوانێ مانای هەبێ و نە دەتوانێ پایەدار بێ. لویس ئەیالا هەروەها رایگەیاندبوو کە میراتی دوکتور قاسملوو بەشی هەرە بەنرخی ناسنامەی سیاسیی کورد و مەسەلەی کوردە و لەو رێگایەدا کە کوردەکان لە خەبات بۆ وەدیهێنانی مافەکانیاندا لە پێشیانە، رێنیشاندەر و ئیلهامبەخشی خەبات و تێکۆشانی ئەوان و پشتیوانی و هاوپێوەندیی دۆستەکانیان لە دنیای دەرەوەدایە.

دوایین کۆڕگێڕی سیمیناری ٢٥ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو لە پارلمانی ئینگلستان بریتی بوو لە بەڕێز جێرێمی کۆربین ئەندامی پارلمانی بریتانیا و جێگری بەرپرسی کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە پارلمانی ئەو وڵاتە. جێرێمی کۆربین لە سەرەتای باسەکەیدا وێڕای دەسخۆشی و خۆشحاڵی دەربڕین لە بەڕێوەچوونی ئەم بۆنەیە وەک دەرفەتێک بۆ هێنانە بەر باسی پرسی کوردەکانی ئێران، باسی بیرەوەریی خۆی لە کاتی تیرۆری دوکتور قاسملوو کرد کە چ دەنگدانەوەیەکی لە بەستێنی سیاسی و مێدیایی بریتانیادا هەبووە و بۆخۆیشی هەر ئەو کاتە بەدواداچوونی بۆ کردووە. بەڕێز کۆربین پاشان هاتە سەر ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی بۆ پرسی کورد و باسی رووداوەکانی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و نەخشی بریتانیا و زلهێزەکان لە کێشانەوەی سەرلەنوێی نەخشەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کرد کە ئاکامەکەی بۆ کورد لە هەموو ئەو وڵاتانەدا کە کوردیان بەسەر دابەش بوو شتێک نەبوو جگە لە بێمافی و چەوسانەوە و سەرکوت لە خراپترین شێوەکانیدا. ناوبراو ئینجا روانگەکانی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستاندا و مامەڵەی دەوڵەتی بریتانیا لەگەڵ هەر کام لە دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا کرد و لەو باوەڕەدا بوو کە پێویستە لە بەرامبەر رەفتاری خراپی ئەم حکومەتانە لەگەڵ کوردەکاندا هەنگاوی ئەوتۆ هەڵبێنینەوە کە ئەم دەوڵەتانە ناچار بە وڵامدانەوە و بەخۆداچوونەوە بێن.

لە کۆتایی قسەکانیدا جێرێمی کۆربین وێڕای جەختکردن لەسەر پێویستیی یەکگرتنی کوردەکان و ئیشارە بە هێندێک رێکار لەو بارەوە لە پێوەندی لەگەڵ پارلمانی ئینگلستاندا، رایگەیاند کە خەباتی کوردەکان خەباتێکی رەوایە و بە داخ و پەژارەوە بۆ تیرۆری دوکتور قاسملووی روانییەوە و گوتی قاسملوو مرد بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە باشتر بژین.

بەشی دووەمی سیمینارەکە بۆ پرسیار و را و بۆچوونی بەشدارانی سیمینارەکە تەرخان کرابوو کە لەو بەشەدا ژمارەیەکی زۆر پرسیار سەبارەت بە پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و پرسی کورد لە ئێران و ئایندەی دێموکراسی لەو وڵاتەدا و بارودۆخی سیاسیی ناوچە و بەرپرسیاریەتیی وڵاتانی رۆژئاوا سەبارەت بە هەموو ئەو بابەتانە رووبەرووی هەریەک لە دوکتور فرێدریک تیسۆ و دوکتۆر ئاسۆ حەسەن زادە و بەڕێز جێرێمی کۆربین کرابوونەوە کە لەلایەن ئەوانەوە وڵام درانەوە.

شایانی باسە کە دەیان کەسی دیکە کە بۆ بەشداری لەو سیمینارەدا هاتبوون بەهۆی نەبوونی جێگە نەیانتوانی لە سیمینارەکەدا بەشدار بن.

هەربۆیە کۆمیتەی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ڤییەن بە پێویستی دەزانێ سەبارەت بەو بابەتە داوای لێبوردن لە هەموو ئەو بەڕێزانە بکا.

کۆمیتەی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی ویەن

سەرچاوە : ماڵپەڕی حدک میدیا / رێکەوتی : ١٥ی جووڵای ٢٠١٤

## بەڕێوەچوونی کۆڕیادی ٢٥ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو لە ڤانکۆڤەری کانادا

**ناوەندی هەواڵ- کانادا:** لە ڕۆژاوای کانادا و لە ٢٥ ساڵەی تیرۆری ڤییەنژدا یاد و بیرەوەریی شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بەرز ڕاگیرا.



ئەو ڕێورەسمە ڕۆژی شەممە، ٢١ی پووشپەڕ بە بەشداریی دەیان کەس لە چالاکانی سیاسیو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڤانکوڤێری کانادا و بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان و لە سەروو هەموویانەوە شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی دەستی پێکرد.

پاشان هاوڕێ خەلیل ئەشکانی، بەرپرسی پێوەندییەکانی کۆمیتەی حیزب لە ڕۆژاوای کانادا باسێکی لەسەر کەسایەتی و ڕۆڵی شەهید دکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە سەر بزوتنەوەوەی ڕزگاریخوازانەی گەڵی کورد پێشکش کرد.

بەڕێز ئەشکانی بە ئاماژە بە توانا و لێوەشاوەیی دوکتور قاسملوو لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی حیزبو بردنە پێشی دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باسی لە گەشە و بەرەوپێشچوونی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی سکرتێریی دوکتور قاسملوو دا کرد و ئەو سەردەمەی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلەکەمان، بە سەردەمی زێڕینی دیپلۆماسیی کورد ناو برد کە توانی پرسی کورد لە جیهانو لە کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا بێنێتە بەرباس .

باوەڕەکانی دوکتور قاسملوو بە دێموکراسی، نەتەوەبوون، فرەحیزبی، ئاشتیو دیالۆگ و باس لە چەند تایبەتمەندییەکی دیکەی ڕێبەری شەهیدمان بەشێکی دیکە لە باسەکەی خەلیل ئەشکانی پێک هێنابوو.

لە برگەکانی دیکەی ئەو کۆڕیادەدا پەیامی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەلایەن کاک حەمید بەهرامی، پەیامی بزووتنەوەی گۆڕان لەلایەن کاک وریا، پەیامی ماڵی کورد لە ڤانکوڤێر لەلایەن کاک محەممەد ڕانییەیی،یەوە خوێندرانەوە.

شایانی باسە لەو کۆڕیادەدا شاعیری خاوێ هەستی کورد نادر قازی، ناسراو بە خاڵە قازی چەند بەرهەمی شێعریی خۆی لە پەسنی دوکتور قاسملوودا خوێندەوە و کۆڕیادەکە بە نوێکردنەوەی پەیمانی وەفا و بەڵێن لەگەڵ دوکتور قاسملوو و هەموو شەهیدانی گەلەکەمان کۆتایی پێهات.

حیزبی دیموکراتی کوردستان- کانادا

سەرچاوە : ماڵپەڕی حدک میدیا / ڕێکەوتی : ١٤ی جوولای ٢٠١٤

## بەڕێوەچوونی هەڵمەتی نەمام چاندن لە یادی ٢٥ ساڵەی تیرۆری شەهید دوکتۆر قاسملوودا

یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی ڕێبەری مەزنی کورد شەهید عبدولرەحمان قاسملوو و ١٥ ساڵەی مەرگی کاک سەید سەلام عەزیزی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب هەڵمەتێکی نەمام چاندی بۆ بەرزڕاگرتنی یادو بیرەوریی ئەوان بە ڕێوە برد.

لەو ڕیورسمەدا کە دوانیوەڕۆی شەمە ٢١ی پووشپەڕو بە بەشداریی دەیان کەس لە خوێندکارانو لاوانی ئەم ڕێکخراوەیە بۆ مەحکوومکردنی تێرۆری دوکتور قاسملووو هاورێیانی بەڕێوە چوو، پەیامی یەکیەتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە لایەن بەیان چووکەلی، ئەندامی ئەم ڕێکخراوەیە پێشکێش کرا.

خاتوو بەیان لە پەیامەکەیدا ویڕای ئاماژەیەکی خێرا بەو کارەساتە نامرۆڤانەیە گوتی کە ئەگەرچی لە دەستدانی قاسملووی ڕێبەر بۆ گەلی کورد و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان کارەساتێکی گەورە بوو، بەڵام لاوانو ڕێبوارانی ڕێگای قاسملوو هەر زوو سەلماندیان کە بە شەهیدکردنی سەرکردەکان شۆرشی ئەم گەلە ڕاناوەستێ.




بەیان چووکەلی لە درێژەی پەیامەکەیدا بە ئاماژە بە شێوازی کاری شەهید قاسملوو و لە بەرچاوگرتنی بنەمای واقعگەرایی لە سیاسەتدا گوتی قاسملووی مەزن هەلێکی بەرفراوانی بۆ ناساندنی زیاتری کێشەی کورد بە گەلانی دونیا ڕەخساندو هەردەم بە پێی هەلومەرج مێتۆدێکی نوێ لە سیاسەتو خەباتی کورد دەهێنایە ئاراوە.

بەیان چووکەڵی لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا بە خستنە بەر باسی سێ ڕەهەندی خەباتی چەکداری، مەدەنیو دیپلۆماسی گوتی قاسملوو لە هەر سێ بوارەکەدا هاوکات هەوڵی دەدا و هیچ کات یەک ڕەهەندی خەباتو سیاسەتی قوربانیی ڕەهەندەکانی دیکەی شۆڕش نەدەکردو بە سیاسەتێکی قووڵو فرە ڕەهەندییەوە کێشەکانی چاو لێ دەکرد.

بەیان چووکەلی لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە یەکیەتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لەو بڕوایە دایە خوێندکارانی کورد لەم سەردەمەدا بە خەباتی ئاکادێمیکو ئیرادەیەکی پۆڵایین دەتوانن بە وەدیهێنانی هەردوو بژاردەی خەباتی مەدەنیو شۆڕشی رادیکاڵ خۆیان لە بەرانبەر گەلەکەیاندا بە بەرپرسیار بزانن. ئەو گوتی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لەو بڕوایە دایە کە هێزو لایەنە کوردستانیەکانو لایەنە ڕۆژهەڵاتیەکان بە تایبەت بە مەحکوومکردنی دەوڵەتی ئوتریش و هەروەها گونجاندنی برگەیەک وەک پرەنسیب لە پڕۆگرامو بەرنامەکانیان دا چ لە ئێستاو چ لە داهاتوودا و لە کوردستانی ئازاددا لە هەرچەشنە پێوەندییەک لە گەڵ دەوڵەتی ئوتریش خۆ بپارێزن.

لە بەشی دیکەی ئەم ڕێورەسمەدا بە چاندنی ٢٥ نەمام بە دەستی کوڕانو کچانی ئەندام لەو ڕێکخراوەیەدا بەرنامەکە درێژەی پێدراو م ڕێورەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی " ئەی شەهیدان " کۆتایی پێهات.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١٢ی جوولای ٢٠١٤

# کار و چالاکییەکانی نێوخۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ

## بەردەوامیی چالاکیی تەبلیغی لە بۆکان و ڕەبەت

بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی تیرۆرکرانی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە زۆربەی شارەکانی کوردستان چالاکیی تەبلیغی کراوەو ئەندامانو لایەنگرانی حیزب بە بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهیدانو نوسینی دروشمو بڵاوکردنەوەی تراکتی تەبلیغیی حیزب یاد بیرەوەریی شەهیدانی ڤییەنیان بەرز ڕاگرتوە.



بە پێی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەوی ٢١ ی پووشپەڕ لە شاری بۆکانو دەوروبەری بە بڵاوکردنەوە کورتەنامەو چالاکیی تەبلیغی لە جادە حەسار، ٥٥، جادەی بۆکان میاندواوو گوندەکانی حوسێنمامە، ساروقامیشو عەلیاباد چالاکیی تەبلیغی کراوە.

لە نێو شاری ڕەبەتیش لە زۆربەی گەڕەک و شەقامەکانی شار بە بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهیدانو تراکتی حیزبی کاری تەبلیغی کراوەو یادو بیرەوەریی شەهید دوکتور قاسملوو بەرز ڕاگیراوە.

*سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١٣ی جووڵای ٢٠١٤*

## چالاکی تەبلیغی لە مەریوان بەبۆنەی ساڵیادی تیرۆرکرانی شەهید قاسملوو

بە بۆنەی ٢٥مین ساڵوەگەڕی تیرۆرکرانی شەهید دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملووو هاوڕێیانی، لە شاری مەریوان چالاکی تەبلیغی کراوە.




بە پێی ڕاپۆرتی ناوەندی هەواڵی کوردستانو کورد شەوی ٢٤ لەسەر ٢٥ی پووشپەڕ کاتژمێر ١١ی شەو پۆلێک لە لاوانی خوێن گەرمی ئەم شارە کە نزیک بە ٤٠ کەس دەبوون لە پارکی ٢٦ی گوڵانی شاری مەریوان کۆبوونەوەو ٢٥ مۆمیان بە بۆنەی تیرۆرکرانی شەهید قاسملوو داگیرسان و بە دەرکردنی بەیاننامەو بڵاوکردنەوەی تراکتو وێنەی شەهید قاسملوو و هاوڕێیانی ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان مەحکوم کرد.

*سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١٧ای جووڵای ٢٠١٤*

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

## بەرزڕاگرتنی یادی دوکتور قاسملوو لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سەرەڕای زەبرو زەنگی کۆماری ئیسلامیو فشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکان بۆ ڕێگەگرتن لە بەڕێوەبردنی یادی ٢٥ ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملوو، خەڵکی کوردستان بە هەر شێوەیەک لە دەستیان هاتبێ، یادو بیرەوەریی شەهید قاسملوویان بەرز ڕاگرتو سیاسەتی تێرۆری کۆماری ئیسلامییان مەحکوم کرد.




بە پێی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانئەگەرچی ئیدارەی ئەماکنو ئیدارەی کاروباری سینفی لە ڕۆژانی پێش ٢٢ی پووشپەڕدا دووکان بە دووکان گەڕابوونو هەڕەشەیان لە دوکاندارەکان کردبوو کە نابێ دوکانەکانیان دابخەن، بەو حاڵەو سەرەڕای ئەو زەبرو زەنگەش زۆر کەس لە زۆربەی شارەکانی کوردستان ە دوکانەکانیان داخست، یان بۆ شوێنەونکە قفڵی دووکانەکانیان کردبۆوەو شووشەبەندەکانیان داخستبوو.

هەر بە پێی ئەو ڕاپۆرتو زانیارییانەی بە ناوەندی هەواڵی کوردستانو کورد گەیون، ئیدارەی ئیتلاعات بە بڵاوەپێکردن بە هێزە لیباس شەخسییەکانی لە نێو شارەکاندا جموجۆڵی خەڵکیان خستبۆ ژێر چاوەدێری، بەڵام خەڵکی کوردستان چ پێش ٢٢ ی پووشپەڕ بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغیو هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە شوێنە جۆراوجۆرەکانو، چ لە ڕۆژی ٢٢ ی پووشپەڕدا ئەوەندەی بۆیان کرابێ بە داخستنی دووکانو بازاڕ، نەهاتنە دەرێ لە ماڵو کوژاندنەوەی چرای ماڵەکانیان یادو بیرەوەریی شەهید دوکتور قاسملووی ڕێبەریان بەرز ڕاگرت.

شایانی باسە ناوەندە ئەمنیەتییەکان کە زراویان لە تووڕەییو نارەزایەتیی خەڵکی کوردستان چووە، لە ڕۆژی ٢٢ ی پووشپەڕدا بە جێگرکردنی هێزە لیباس شەخسییەکانی لە نێو شارو هەروەها بە پاڕێزیت خستنە سەر کوردکاناڵو تیشک داماویو ترسی خۆیان لە گرکانی پەنگخواردووی خەڵک ئاشکرا کرد.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١٤ای جووڵای ٢٠١٤

## مانگرتنی کۆمەڵێک بەندیی سیاسی لە زیندانی ورمێ بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕەوە



کۆمەڵێک بەندیی سیاسی لە زیندانی ورمێ بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕەوە مانیان لە خواردن گرتوە.

ئەمڕۆ ٢٢ی پووشپەڕ٢۴ کەس لە زیندانیانی سیاسیی زیندانی ورمێ ڕایانگەیاند کە لە یادی ٢٥ ساڵەی تێرۆری د.قاسملوودا بۆ ماوەی٢۴ کاتژمێر مان لە خواردن دەگرن.

بە پێی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو مانگرتووانە هەموو زیندانیی سیاسیی کوردنو مانگرتنەکە یەک ڕۆژەیەو بە ئاشکراش ڕایانگەیاندوە کە بۆ مەحکومکردنی تێرۆری دوکتور قاسملوو مانیان لە خواردن گرتوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١٣ای جووڵای ٢٠١٤

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

## چالاکیی تەبلیغی لە مەهاباد، بانەو پیرانشار بە بۆنەی ساڵیادی تیرۆرکرانی قاسملوو و هاوڕێیانی

بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی تیرۆرکرانی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە زۆربەی شارەکانی کوردستان چالاکیی تەبلیغی کراوەو ئەندامانو لایەنگرانی حیزب بە بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهیدانو نوسینی دروشمو بڵاوکردنەوەی تراکتی تەبلیغیی حیزب یاد بیرەوەریی شەهیدانی ڤییەنیان بەرز ڕاگرتوە.



بە پێی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەوی ١٩ لەسەر ٢٠ی پووشپەڕ لە ناوچەی مەهاباد لە گوندەکانی داشخانە، کۆنەدێ، گردی یاقووب، قوڵقوڵە، قەرەقشڵاق، کۆسەکەرێزە کاری تەبلیغی کراوەو دیواری نیزک پادگانی کۆسەکەرێزە بە درێژایی دیوارەکەبە دروشمی شۆڕشگێڕی و یادی دوکتور قاسملوو نووسراوە.

بە پێی ئەو ڕاپۆرتە لە سەر دیوارەکانی نیزیک لەو پادگانە بە نووسینی دروشمەکانی بژی حیزبی دێموکراتی کوردستان"، "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە"، "قاسملوو لە نێو دەڵی میللەتدا دەژی"، "مەرگ بۆ ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران"، "مەرگ بۆ خائین و خۆفرۆش"، "سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان" چالاکیی تەبلیغییان کردوە.

هەر لە ناوچەی مەهاباد لە گوندی خێراوا کۆبوونەوەیەکی ڕۆڵەکانی دێموکرات بەرێوەچووەو لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداران لەگەڵ یادکردنەوەی دوکتور قاسلووو نوێکردنەوەی پەیمانو بەڵێنی، سرودی شۆڕشگێڕییان گوتوتۆتەوە.

هەر بە گوێرەی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە شاری بانەش بۆ دووهەمین جارو ئەمجارەیان لە گەڕەکەکانی خوریاوا، عوسمانئاوا، پیرموراد، دوکانان، دەوروبەری ئەماکین، پادگان، کۆنەپردی بانە، مزگەوتی مەلاساڵەو جادەی ئەحمەداوا چالاکیی تەبلیغی کراوەو خەڵک بە ناردنی کورتە نامەی مۆبایلو گۆڕینەوەی پەیامی تایبەت یادو بیرەوەریی شەهید قاسملوویان بەرز ڕاگرتوە.

لە ناوچەی پیرانشاریش لەو شوێنانە چالاکیی تەبلیغی کراوە: مزگەوتی زەرگەتەن، دەوروبەری قەبرستانی زەرگەتەن، کۆنەخانێ، شەقامی سەید برایم، شەقامی سەید قوتب، مەولەوی، زانکۆی پەیام نورو شارەداری. هەروەها لە گوندەکانی دربکە، زەنگئاباد، شنۆزەنگو ئاوایی بەردقل.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بایەخەوە لە کارو چالاکیی ئەو ئەندامانەی دەڕوانێو وێڕای دەسخۆشی بۆ کارو هیمەتیان، سڵاویان بۆ دەنێرێ.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١٢ای جوولای ٢٠١٤

## چالاکیی تەبلیغی لە بانە بەبۆنەی ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور قاسملوو




لە شاری بانە بەبۆنەی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی چالاکیی تەبلیغی کراوەو بەو کارە یادو بیرەوەریی شەهیدانی ڤییەن بەرز ڕاگیراوە.

بە پێی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە شاری بانە بۆ نوێکردنەوەی بەڵێنی وەفا لەگەڵ دوکتور قاسملووی شەهید بە چالاکیی تەبلیغیو بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕێبەرانی شەهیدو تراکتو دروشمی

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

حیزبی، یادو بیرەوەیی شەهید دوکتور قاسملووو عەبدوڵلا قادری ئازەریان بەرزو پیرۆز ڕاگرتوە.

شایانی باسە ئەو شوێنو ناوچانەی چالاکیی تەبلیغییان تێدا کراوە بریتین لە

هەمزاوا، ساڵح ئاوا، شەقامی سەردەشت، دەبیرستان سەدووقی، گەڕەکی تەوحید، ئازادگان، مزگەوتی محەممەدی، مزگەوتی ئیسماعیلی، بلواری مامۆستا هێمن، پاشاژی نوور، بەهەشتی بانە، گوڵستان، جادەی سەقزو کوی فەرهەنگیان.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بایەخەوە لە کارو چالاکیی ئەو ئەندامانەی دەڕوانێو وێڕای دەسخۆشی بۆ کارو هیمەتیان، سڵاویان بۆ دەنێرێ.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١١ی جوولای ٢٠١٤

## پیرانشار: چالاکی تەبلیغی بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ٢٥ساڵەی شەهید بوونی د. قاسملوو




ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١۴ی پووشپەڕ لە ٢٥ساڵەی شەهیدکرانی ڕێبەری مەزنمان د. قاسملوودا لە ناوچەی پیرانشار چالاکی بەرینی تەبلیغی کرا.

ڕێبوارانی ڕێگای د. قاسملوو لە شار و ناوچەکانی پیرانشار بۆ یادو بیرەوەریی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕ و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێگاو ئامانجی ڕێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملوو، بە شێوەیەکی بەرین وێنە و تراکتی تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕیان لە نێو گوندو شاردا بڵاو کردەوە.

شایانی باسە بەشێک لەو شوێنانەی کاری تەبلیغییان تێدا کراوە بریتین لە:

ترکەش، کەوپەڕ، گەپلەسەن، لاوێن ، ڕکاوێ و کاسەکەران.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٧ی جوولای ٢٠١٤

## کۆماری ئیسلامی چۆن بەرەوڕووی ٢٢ی پووشپەڕبۆوە؟!

(ڕاپۆرتێک لە هەنگاوە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕووبەروو بوونەوە لە گەڵ چالاکییەکانی پیوەندیدار بە ٢٢ی پووشپەڕەوە)




دامودەزگا ئیتلاعاتیو سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بە ئاگاداری لەو ڕاستییە کە خەڵکی کوردستان،ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ڕۆژی تیرۆری د.قاسملوو بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بەرامبەر کۆماری ئیسلامیو نوێکردنەوەی وەفاداری لە گەڵ ئەو ڕێبەرە سەهیدە بەکار دێنن، هەموو ساڵی بە ئامادە کاریی نوێوە بەرەو ئەو ڕۆژە دەچن.

ئەمساڵ بەو هۆیەوە کە ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی د.قاسملوو بووو حیزبی دیموکراتی کوردستانو تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵیش زووتر لە ساڵانی پێشوو بەرەو ئەو یادەوە چوون، هەر وەها بە هۆی کۆمەڵێک ڕووداوو ئاڵوگۆڕ لە ئاستی ناوچە داو کاریگەرییان لەسەر هەستو

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

بیرکردنەوەوهەڵوێستی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆماری ئیسلامییش بە هەستیاریی زیاترەوە خۆی بۆ بەرپەرچدانەوەی چالاکییەکانی پێوەندیدار بەو یادە ئامادە کرد. دەتوانین بەم جۆرە ئاماژە بە قاییمکاریو هەنگاوە ئەمنییەتییەکانی دامو دەزگا ئیتلاعاتیو سەرکوتکەراکانی ڕێژیم بکەین:

* لە ڕۆژانی پێش ٢٢ی پووشپەڕ،لە شارەکانی سەر بە پارێزگای ورمێ کۆبوونەوەی تایبەت لە ئیدارەی ئیتلاعاتی هەر شارێک بە بەشداریی بەرپرسانی ئیتلاعاتیو ئینتیزامیی ئەو شارەو بە ئامادەبوونی نوێنەری ئیتلاعاتی ئوستان لە بارەی چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ٢٢ی پووشپەڕ پێک هات. پرسی سەرەکی لەو کۆبوونەوانە دا چۆنیەتیی پێشگیری لە داخستنی دوکانو بازاڕو کۆنترۆڵی وەزعەکە لەو ڕۆژە دابووە. بۆ وێنە لە مەهاباد ئەم کۆبوونەوەیە ڕۆژی ٢١ی پووشپەڕ بەڕێوە چوو و هەر لەوێش سەرگورد کەرەمی سەرۆکی ئیدارەی ئەماکن رادەسپێردرێ بۆ کراوەڕاگرتنی دوکان و بازاڕ.

* بە پێی بڕیارو ڕێنوێنییەکانی ئەو کۆبوونەوانە، لەکاتژمێر١١ی شەوی ٢١ی پووشپەڕەوە هەتا کاتژمیر ١٢ی شەوی ٢٣ی پووشپەر، هێزی ئینتیزامی، سوپاو ئیتلاعات لە ئامادەباشدا بوون. لە مەهاباد شەوی ٢١ی پووشپەڕ، ١٦ ماشێنی ئیدارەی ئیتلاعات و سپاو هێزی ئینتیزامی هەتا بەیانی لە سەقامەکانو دەوروبەر خەریکی گەڕانو چاوەدێریی جموجۆڵەکان بوون.

* لە ڕۆژانی پێشترەوە بە تایبەتی ڕۆژی ٢١ی پووشپەڕ لە ڕێگای ئیدارەی بەرقەوە بە ژووری ئەسنافی شارەکان راگەیەندرابوو کە هەر دوکاندارێک دوکانەکەی بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ دابخا، لە گەڵ بڕینی بەرق بۆ ماوەیەکی نادیار بەرەوڕوو دەبێ. جگە لەمە لە ڕێگای دیکەشەوە ئیتلاعات و دامودەزگا سەرکوتکەرەکان هەڕەشەیان کردبوو کە دوکان داخستن جەریمەی قورسی ماڵیی بەدواوە دەبێ.

* هێزە ئینتیزامیەکانی هەر شارێک ڕاسپێردرابوون شەوانی شەممەو یەکشەمە ٢١ و ٢٢ی پووشپەڕ، لە کاتژمێر ١ی شەوەوە دوکانەکان دابخەن (بۆ ئەوەی کەسانێک بە بیانووی کار لەو دوکانانە و هاتوچۆ بۆ ئەوان، نەتوانن کاری تەبلیغی وسازماندەهیی مانگرتن بکەن).

* هاتوچۆ بۆ هێندێک شارەکان لە حەوتوویەک بەر لە ٢٢ی پووشپەڕەوە بە شیوەیەکی توندتر کۆنترۆڵ کراوە. شنۆ، پیرانشار، سەردەشت، نەغەدە، ورمێ، مەهابادو بۆکان لە پارێزگەی ورمێ لەو شارانە بوون. لە پارێزگەی کوردستانیش هێندێک شار بۆ وێنە سەقز، بانە، مەریوان، کامیاران و سنە کۆنترۆلی وروودیی شارەکان زیاتر ببوو.

* لە گوندەکان، بەسیجییە چالاکەکان راسپێردرابوون بۆ کۆنترۆلی جموجۆلە تەبلیغی و ئێعترازییەکانی وەک دروشم نووسین، بلاوکردنەوەی تراکت و هەڵکردنی ئالای کوردستان. ئەو بەسیجییانە گەشتو گەڕانی شەوانەی لاوەکانیان خستبووە ژێر چاوەدێڕی و ڕاپۆرتی جموجۆلەکانیان دەدایەوە ئیدارەکانی بەسیج و ئیتلاعاتی ناوچەی خۆیان.

* تەلەفۆنەکانی ئێرانسێل لە ماوەی٢٤ سەعاتی شەو و ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ بە شێوەیەکی ناوبەناو دەپچران، پچرانەکە بە ئەنقەست و لە ناوەندی پارێزگاوە هیدایەت دەکران. جگە لەمەش خەتی ئەنترنێت لە ڕۆژانی ٢١ و ٢٢ی پووشپەڕ، هەم خێرایی کەم ببووە هەم لە گەل گرفتی دیکەی بەرەوڕوو بوو.

* لەهەموو پارێزگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی لە هیندێ شاری وەک کرماشان، پاوەو سنە لە چەند ڕۆژ پێش ٢٢ی پووشپەڕەوە کاناڵە تەلەڤیزیۆنییە کوردییەکان بە تایبەتی کوردکاناڵ، پارازیتیان دەخرایە سەر. کورد کاناڵ لە هێندێک شار و ناوچەی پارێزگەی ورمێ، ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ ، چەند جار لە گەڵ پچڕانی دەنگ و تەسویر بەرەوڕوو بوو.

* لە شاری مەهاباد و لە هێندێک شار و ناوچەی دیکەش هەم شەوی ٢١ی پووشپەڕ، هەم ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، بەرقی سەراسەری چەند جار قەتع کرا. دیار بوو ئەمە بۆ ئەوەیە چراکوژاندنەوەی گشتیی خەڵک لە کاتژمێر ١٠ی شەوی ٢٢ لە سەر٢٣ی پووشپەڕ، وەک کێشە و گرفتی تیکنیکیی ئیدارەی بەرق پێشان بدرێ.

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

* وێڕای ئەو هەنگاوە ئەمنییەتی و پۆلیسیانەش، ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ژمارەی هێزە ئینتیزامییەکانو بەکرێگیراوانی ئیتلاعاتو سوپا بە تایبەت لیباس سەخسییەکان لە زۆربەی شاروشارۆچکەکان زیاد کرابووو بە هاتوچۆو حاڵەتی هەڕەشە دەیانەویست خەڵک چاوترسێن بکەن.

سەرەرای هەمووی ئەمانە خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ٢٥ ساڵەی کارەساتی ڤییەن دا، لە بەشی زۆری شارو ناوچەکان بە کاری تەبلیغی،بایکۆتکردنی شەقام و بازاڕ، داخستنی دوکان، لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی، چوون بۆ سەردانی بنەماڵەی شەهیدان و بەندییە سیاسییەکان،کورتەنامەناردن بۆ یەکتر،و زۆر شێوەی ئیبتیکاریی دیکە، بیزاریی خۆیان لە ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی، دووپات کردەوەو وەفاداریی خۆیان بە ڕێگا و ئامانجەکانی د.قاسملووی شەهید دووپات کردەوە. هەر بۆیە هەڵوێستی بوێرانە و ئەمەگناسانەیان جێگای سوپاس و پیزانینە.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی

حیزبی دیموکراتی کوردستان

٢٥ی پووشپەڕی ١٣٩٣

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١٥ی جووڵای ٢٠١٤

## مانگرتنێکی جیاواز! (لە پەراوێزی بانگەوازەکەی ئەمساڵی حدک بۆ ٢٢ی پووشپەڕ)

**ناسر باباخانی**

نافەرمانی مەدەنی بریتییە لە دەنگ هەڵبڕین و مانگرتنێکی جەماوەری بە دژی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر بەبێ توندوتیژی لەهەمبەر سیاسەت و



یاساکانی ئەم دەسەڵاتەدا. ڕەنگە دیارترین سیمای بیردۆزی نافەرمانی مەدەنی "جین شارپ" بێ کە تێزە بنەڕەتییەکەی بریتییە لەمە کە حکوومەتە دیکتاتۆرەکان هێزی سەرەکیی خۆیان لە گوێڕایەڵیی خەڵک وەردەگرن و شارۆمەندانی ئەم وڵاتە دەتوانن بە خۆ قوتار کردن و دەرباز بوون لەم گوێ لە مست بوونە ببنە هۆی ڕووخانی حکوومەت یان لانیکەم ئاڵوگۆڕی جیددیی تێدا ساز بکەن. ئەو پێی وایە لەسەر بنەمای خۆبواردن لە توندوتیژی بە ڕەچاو کردنی هەندێ میکانیزمی تایبەتی دەکرێ خەباتی خەڵک سەرکەوێ. دیارە خۆی کوتەنی ئەمە شەڕی نەرم نییە، هەرچەند لە هەندێ ڕووەوە وێکچوونێکی زاتی هەیە لەگەڵ بیردۆزییەکەی جۆزێف نای واتە هێزی هۆشمەند (smart power) کە تێکەڵاوێکە لە هێزی نەرم (soft power) و هێزی سەخت (hard power) کە بۆ حکوومەتی ئەمریکا پێشنیار کرابوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ وڵاتانی دیکتاتۆری بەتایبەتی هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، بەڵام جیاوازییەکە لەمەدایە کە بەردەنگی جین شارپ خەڵکی ئەم وڵاتانەن کە لە ژێر زەخت و گوشاری دیکتاتۆرەکاندا دەناڵێنن.

***

بێگومان دیارە کەم نین ئەم ڕۆژانەی کە لە مێژووی خەباتی گەلی کورددا دەدرەوشێنەوە و کوردیش وەک میراتێکی بەنرخ هەتا هەنووکە پاراستوونی. بەڵام جیاوازی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ لەگەڵ ڕۆژەکانی تردا لەمەدایە کە ئەم ڕۆژە بۆتە سیمبولێک بۆ نافەرمانی مەدەنی لە کوردستان

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

و لە هەمان کاتیشدا یەکرێزی و یەکدەنگی خەڵکی کوردستان لەهەمبەر ئیدانەی تیرۆریزمی دەوڵەتی. هەر بۆیە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی گەڵاڵەی تایبەتی هەیە بۆ ئەم ڕۆژە و بە هەموو شێوەکانی هێزی نەرم (soft power) و هێزی سەخت (hard power) بەرەنگاری ئەم ڕۆژە دەبێتەوە!

***

بانگەوازی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی یادی ٢٥ ساڵەی تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو ئەمجارەیان بانگەوازێکی جیاواز بوو. یەکەم داواکاریی ئەم حیزبە لە بانگەوازەکەیدا بەم شێوەیە: خەڵکی شار و گوند لە چەند ڕۆژ پێشترەوە پێداویستییەکانی خۆیان لە بازاڕ دابین بکەن بۆ ئەوەی لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا، دانیشتووانی شار لە ماڵەکانیاندا بمێننەوە و ڕوو لە بازاڕ نەکەن و خەڵکی دێهاتیش لە چوون بۆ شار خۆ بپارێزن. دیارە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەردەوام حیزبی دیموکرات داوای لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کردووە کە بە بۆنەی ئەم ڕۆژە بێزاری خۆیان لە تیرۆری دەوڵەتی بەشێوەی مانگرتنی گشتی وەک داخستنی دووکان و بازاڕ، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، کوژاندنەوەی چرای ماڵەکان بۆ چەند خولەک، دەبەر کردنی جلەبەرگی کوردی و... دەرببڕن و خەڵکیش بەوپەڕی توانایان بەرەوپیری ئەم بانگەوازانە چوون و کاردانەوە و ڕەنگدانەوەی باشی لەسەر ئاستی ناوچەییدا هەبوو. ئەم مانگرتنە وەک نافەرمانییەکی مەدەنی زۆر جاران هەزینەیەکی زۆری سیاسی بە سەر دەسەڵات دا سەپاندووە، بەڵام دیارە دەسەڵاتیش لەهەمبەر ئەم کردەوە مەدەنییەی خەڵک دژکردەوەی لە خۆی نواندووە بۆ پێشگیری لەم دەنگ هەڵبڕینە هێمنانایە، بۆیە دەستی دە کرد بە بانگ کردن و هەڕەشە و تۆقاندن و دەسبەسەر کردنی خەڵک بۆ ئەوەی هەزینەی ئەم نافەرمانییە ئەوەندە بەرز کاتەوە کە خەڵک واز لە مانگرتن بێنن. هەر بۆیە بە تایبەتی لەم شەش حەوت ساڵەی دواییدا دەسەڵات بە شێوەیەکی بەربڵاو و توندی ئەمنییەتی لەگەڵ سەرجەم ئەم کەسانە هەڵسوکەوتی کرد کە دەوریان هەبووە لە داخستنی دووکان و بازاڕدا و خۆیان و بنەماڵەکانیانی تووشی ئەزیەت و ئازار کرد. کە دەڵێم بانگەوازی ئەمجارەیان بانگەوازێکی جیاواز بوو دەگەڕێتەوە سەر واقیعبینیی دەقی بانگەوازەکە کە بەرپرسانە سەرەتا ئاسایش و کێشە و گرفت ساز نەبوونی بۆ خەڵکی کوردستان ڕەچاو کردووە و دواجار بە پێی هەلومەرجی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم شێوە نافەرمانییە مەدەنییەی وەک گونجاوترین ڕێکار بۆ دەربڕینی ڕق و بێزاری لە تیرۆریسمی کۆماری ئیسلامی هەڵبژاردوە، چونکە لە هەمان کاتدا کە هەزینەیەکی زۆر لە باری سیاسییەوە دەخاتە ئەستۆی دەسەڵات لە هەمان کاتیشدا کەمترین گرفت بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ساز دەکا. بێتوو دەزگا ڕاگەیاندنەکانی کوردی، میدیا، ڕۆژنامە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، نووسەران و ڕۆشنبیرانی ناوخۆ لە سەر ئەم داواکارییەی حیزبی دیموکراتی کوردستان مانۆڕێکی گشتگیر بدەن لەم ماوەی ئەم یەک هەفتەیەدا، هەروەها خەڵکی کوردستان بە یەکریزی و یەکدەنگی لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ لە ماڵ نەیەنەدەر، بێگومان دەبێتە خاڵ گۆڕانێکی مێژوویی بۆ نەتەوەکەمان. ئەم مانگرتنە گشتییە (مانەوە لە ماڵەکانماندا) لانیکەم لە ئێستادا دەکرێ وەک ئیستراتیژییەکی مەزن سەیر بکرێ کە دەکرێ وەک گونجاوترین میتۆد بۆ نافەرمانی مەدەنی نەک تەنیا بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ بەڵکوو بۆ هەر چەشنە دەنگ هەڵبڕینێک لە کوردستان کەلکی لێوەرگیرێ.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٣ی جوولای ٢٠١٤

## سوپاسنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستان ڕێز لە وەفاداریو هەڵوێستی ئەمەگناسانەتان دەگرین

***خەڵکی ئەمەگناسی کوردستان!***

***هۆگران و ئەویندارانی ڕێگا و باوەڕ و ئامانجەکانی د.قاسملووی ڕیبەڕ!***

***تێکۆشەران، ئەندامان، لایەنگران و دڵسۆزانی دیموکرات!***

یادی ۲۵ ساڵەی شەهیدبوونی د.قاسملووی ڕێبەڕ، جارێکی دیکەهەموومانی لەدەوری یەک کۆ کردەوەبۆ ئەوەی وێکڕا ئاوڕ لەخەبات و تێکۆشانی سیاسیی ئەو کەسایەتییەگەورەیەبدەینەوە. بۆ چەند حەوتوو دەچێ، کوردستانو هەروڵاتو شوێنێک کە ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی نیشتمانپەروەرو ئەمەگناسیان لێ دەژین، بوون بەمەیدانی چالاکیی سیاسیی،ڕۆشنبیری، نەتەوەیی و خەباتکارانەبەمەبەستی ڕێز گرتن لەیادی ئەو ڕێبەرەبەتوانایەی خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەکەمان لەرۆژهەلاتی کوردستان.

لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێوەهۆگرانی ڕێگاو ئامانجەکانی د.قاسملووی ڕێبەڕ لەحەوتوویەک زووترەوەقۆڵتان لەیادکردنەوەی ڕێبەری شەهیدی خۆتان هەڵماڵی. بەکاری تەبلیغیی بەرینو بڵاوکردنەوەی وێنەو وتەکانی د.قاسملووی نەمر لەزۆربەی شارو گوندەکانی کوردستانو شەکاندنەوەو هەڵاوەسینی ئاڵای کوردستانو پوستێری د.قاسملوو، وەفاداریی خۆتان بەڕێگاو ئامانجەکانی ئەو ڕێبەرەنەمرەدووپات کردەوە. رۆژی ۲۲ی پووشپەر، لە گەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی، زۆر لە شارەکانی بە هێزە ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی تەنیبوو، پارێزیتی خستبووە سەرکاناڵە تەڤیزیۆنییە کوردییەکان، خەتی ئەنترنێت و پێوەندەییە تەلەفۆنییەکانی لە گەڵ کێشە و گرفت بەرەوڕوو کردبوو، ئێوە بەبایکۆتکردنی شەقام وبازاڕو شوێنەگشتییەکانو لەزۆر شوێنیش بەداخستنی دوکانو بازاڕو زاڵکردنی کەشوهەوای نەتەوەییو حەماسی بەسەر شوێنی ژیانتان دا، جارێکی دیکە سەلماندتان کەتاوانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر د.قاسملووو نەتەوەکەی لەبیر ناکەن. شەوی ۲۲ لەسەر ۲۳ی پووشپەڕیش بەکوژاندنەوەی چرای ماڵەکانتان لەساتەوەختی شەهیدکرانی د.قاسملووو هاوڕییانی دا، ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیتان سەرلەنوێ مەحکووم و ڕیسوا کردەوە.

لە هەرێمی کوردستانو لە وڵاتە ئورووپاییەکانیش، ڕێبوارانو درێژەدەرانی ڕێگای د.قاسملوو، بە بەشداریی کوردانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ودۆستانی ئێرانیو بیانیی نەتەوەی کورد، یادی کارەساتی تیرۆریستیی ڤییەن و کەسایەتیی د.قاسملوویان کردەوە. لە کۆڕو کۆبوونەوەو سمینارو مراسمی تایبەت دا، ڕێزیان لەخزمەتەکانی ئەو ڕێبەرە بە توانایە بە خەباتی نەتەوەکەی گرت، تیشکیان خستە سەربیروبۆچوونو روانگەکانی، وتەو ئامۆژگارییەکانیان وەبیر هێنایەوە، تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیو ساتوسەوداوهەڵوێستی شەرماویی دەوڵەتی ئوتریشیان مەحکووم کردو لە گەڵ گیانی ئەو ڕێبەرە پەیمانیان نوێ کردەوە کە هەتا وەدیهێنانی ئامانجەکانی، لە تێکۆشان و خەبات دا بەردەوام دەبن.

ڕەهەندێکی دیکە لە یادکردنەوەی ۲۵ ساڵەی تیرۆری د.قاسملوو، گرنگیدانی ڕاگەیەنە کوردییەکانو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە بیرەوەریی تیرۆری د.قاسملوو وئەندێشەو خزمەتەکانی ئەو کەسایەتییە زانستی وخەباتکارە بوو. نووسەران، چالاکانی بواری میدیاوهەڵسووڕاوانی دنیای مەجازی بە بایەخەوە ئاوڕیان لە ڕۆڵی بێوێنەو شوێندانەری د.قاسملوو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و دیموکراسیخوازی لە ئاستی کوردستانو ئێراندا دایەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە ڕێزو پێزانینەوە دەڕوانێتە وەفاداریو هەڵوێستی ئەمەگناسانەی هەمووی ئێوە هۆگرانو ئەویندارانی بیرو خزمەتەکانی د.قاسملوو. بە بۆنەی بەشداریتان لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی یادی ۲۵ ساڵەی تیرۆری ئەو ڕێبەرە مەزنەدا دەستخۆشیو ماندوونەبوونیتان لێدەکەین..خۆشحاڵین کە ئێوە بە هەڵوێستی ساڵ بەساڵ گشتیتر و یەکگرتووانەترتان، بە کردەوە رۆژی شەهیدبوونی

د.قاسملووتان کردوە بە رۆژی مەحکوومکردنی تیرۆرو سەرکوتو، لەم رۆژە دا بە کۆماری ئیسلامیی دەیسلمێننەوە کە قاسملوو ئەگەر بە جەستە لە نیومان دا نەماوە، بیرو رێگاوئامانجەکانی و خەبات لە پێناویان دا، هەر زیندوو و بەردەوامە.

ئێمە وەک سامانێک دەڕوانینە وانەو ئەزموونەکانی نارەزایەتیدەربڕینی ٢٢ی پووشپەڕی خەڵکی کوردستانو، نیازو هیوامان وایە بەم سامانە خەباتکارانەیە، یەکگرتوویی نەتەوەیی وهاوخەباتیمان لە لە بۆنە و ساڵانی داهاتوو دا،بەهێزتر و دەوڵەمەندتر بکەین.

سڵاوی دووبارە لە گیانی پاکی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕو سەرجەم قوربانیانی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی،
سەربەرزی و سەرکەوتن بۆ خەباتی رەوای نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

حیزبی دیموکراتی کوردستان
کۆمیسیۆنی تەشکیلات
٢٤ی پووشپەڕی١٣٩٣ / ١٥ی جولای٢٠١٤

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## ٢٥ مین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملووی نەمر، سیاسەتمەدارێک کە رەق و دوژمنایەتی لە دەروونیدا نەبوو(١)

دکتر گلمراد مرادی

ئامادەبووانی بەرێز،
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان،
تێکوشەرانی بەرێز و خەباتگێر،
یەکێک لەو ئاواتانەی نێو دڵی منە، پێش بە جێ هێشتنی ئەم دونیایە، یەکیتی حیزبەکەی قازی محەممەد (دامەزرێنەر) و دوکتور قاسملوو (بنیاتنەرەوە) یە، من بە هیوای ئەو رۆژە دەژیم.



ئیمرۆ ٢٥مین سالرۆژی تیرۆری یەکێک لە کەسایەتیە ناودارەکانی گەلی کوردە و ئێمە لێرە کۆبووینەتەوە تا یادی ئەو کەسایەتیە گەورەی مێژووی کورد و پەیام هێنەری ئاشتی و تەبایی بکەینەوە، و دەرس وەر بگرین لە چارەدۆزی و ئەزموونە پڕ بایەخەکانی (گران).

بێ گۆمان لە سەرانسەری دونیادا و لە هەر جێگایەکی کە کورد بوونی هەبێ بە دڵ گرانیەوە ناوی ئەو رۆژە تاڵە دێنن و وەبیریان دا دێتەوە کە بۆچی هێندێک لە قارەمانەکان گیانی خۆیان لە رێگای نەتەوە ی خۆیاندا بەخت دەکەن و بۆ چی دوژمن ئەکەوێتە شوێن ئەم ئامانجە تاوانکارانە؟! وەڵامەکانیان زۆر ئاسانە. هەموو رێبەران و سیاسەت وانان بڕوایان هەیە بەو رێگایە کە بە باوەڕەوە هەڵیانبژاردوە بۆ رزگاری نە تە وەکان و بە وتەی هاوڵاتی خۆشەویستم کاک هیوا بەهرامی کە لە ٢٣ هەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوودا گوتوویەتی:" ... بەڵام من پێموایە کە دوکتور قاسملوو مەترسیەکانی ئەو سەفەرەی دەناسی و دەیزانی کە لەوانەیە سەفەرێکی بێ گەڕانەوە بێ". مەبەست چوونی بوو بۆ پای مێزی وتو وێژ لە

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

گەڵ بکوژانی خۆیدا. سروشتیە کە دوژمن نەتەوە ژێر دەستەکان نایەوەێ هەڵکەوتویەک ببینن کە بە مەنتیقەوە قسە ئەکات و بابەتی زۆرانبازی ئەخاتە ئەو لاوە (کنار) و داوای مافی یاسایی خووی دەکات.

بێ گومان، هەر بەو جۆرە کە نیشاندرا، دوکتور قاسملوو نە یەکەم کەس بووە و نە دوایین کەسە، کە بە داخەوە بینیمان.

هەوڵی نەیارانی ئازادی و یەکسانی بۆ لە نێو بردنی هەڵکەوتەکانی کۆمەڵگا و رێبەران سیاسی نەتەوە چەوساوەکان بە درێژایی مێژوو بوونی هەبووە، لە داهاتووشدا، ئەگەر بە خەبەر نە یە ین (بیدار نە مینن)، هەر بوونی دەبێ.

مێژووی خوێناوی نەتەوەی کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ و هەموو سەدەی ٢٠ لە هەر چوار پارچەی کوردستان دا بۆ خۆی شایەتی ئەو ڕاستیەدڵهەژێنەیە.

لە مەحموود خانی دزڵی ناوچەکانی وان تا شێخ عەبدولسەلام بارزانی، جافر خانی شکاک برا گەورەی ئیسمائیل ئاغەی شکاک و خۆیشی، شێخ ڕەزا دەرسیمی، قازی محەممەد و هاوڕێانی و رێبەرانی دیکەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە ئێراندا وەکو دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێانیان مان هەبووە کە هەموویان بە فرت و فێڵ و درۆ و بۆختانی دوژمن کوژراون، لە سێدارە دراون یان تیرۆر کراون.

بۆ وێنە ژێنیراڵە تورکەکان بە واژۆ کردنی(ئیمزای) قورئان توانیان مەحمود خانی دزڵی لە شاخە کانی کوردستان هێنایە خوارەوە و بە فێڵێکی ئیسلامی قوڵبەستیان کرد و بە شێوەیە کی درندانە کوشتیان. ئەویان بەستە دارێکەوە وهەنگوینیان لە دەم وچاوی هەڵساوی و ژمارەیەکی زۆر لە هەنگەکانی (وە وە کانی) کوردستانیان بەردایە گیانی. شێخ عەبدولسەلامیش تەنیا لە بەر ئەوەی کە ئەیوت کوردەکانیش خاوەن مافن و دەبێ ئازاد بن لە لایەن تورکە ناسیۆنالیستەکانەوە لە سێدارە درا جافر خانی شکاکیان لە بەر ئەوەی کە نەیدەویست باج بدات بە دەوڵەتی ئێران ودەیویست بەکاری بێنێ بۆباشتر کردنی ژیانی کوردەکان، لە لایەن ئۆستانداری تەورێزەوە هەربەو شێوەی تورکەکانە وە، کێشرایە سەر مێزی وتو وێژ و گولەبارانیان کرد.

ڕەزاخانی میرپەنج هەمان بەڵای بە سەر ئیسمائیل ئاغای سمێتکۆ برای بچووک تری جافرخاندا هێنا. تورکەکان شێخ رەزای دەرسیمیان بە تاوانی هەبو ونی پەیوەندی لە گەڵ بیگانەکاندا قوڵبەست کرد و سزای لە سێدارەدرانیان بە سەردا سەپاند.

ئەو پیاوە گەورەیە لە ژێر پەتی سێدارەدان وتی: "من ٧٥ ساڵمە و هیچ زمانێکی بیگانە نازانم و لە هەموو ژیانمدا تائەمڕۆ کە لە سێدارە ئەدرێم یەک بیگانە یشم رو بە رو نە بینیوە. بەڵام بە تاوانی هەبوونی پەیوەندی لە گەڵ بیگانەکاندا لە سێدارەم ئەدە ن".

قازی محەممەدی نەمر وهەمیشە زیندوو بە فرت وفێڵ قوڵبەست وزیندانی کراو بۆ ئە وە جارێک خۆیشی وتبووی کە داوای لە خەڵکی مەهابادەکات هیچ بەرگرییەک لەخۆیان پیشان نەدەن نە وەک کەسێک، لە لایەنەکان بکوژرێ. دوکتور قاسملووی نەمر یان بە فێڵ و تەڵەکە کێشایانە پای مێزی وتو وێژی نهینی و تیرۆریان کرد. دوکتور شەرەفکەنی کە یەکێک لە پێڕەوانی سیاسەتی دوکتور قاسملوو بوو، لە سەر مێزی وتو وێژ لە گەڵ هێزە دژ بەرەکانی ڕژیم لە ڕستورانی میکۆنوس لە برلین، بە بەکار هێنانی هەزاران دولار لە بودجەی خەڵک، تیرۆر کران. ئەڵێن دوژمن لە نێوانیاندا نفووزی هەبووە و شوێنی چاوپێکە وتنەکە لە ژێر چاوەدێریدا بووە. بێ گومان ئەم تیرۆرانە، دێر یان زوو بە شێوە فریودەرانە کانی دیکەی وەکو کرینی جاشەکان و فریودانیان بە پووڵ درێژەی ئەبێت.

ئێمە ئەبێ وریا بین و خۆمان نەخەینە داوی دوژمنەوە، چۆن بێگومان دوژمن تەنا نەت ڕەقیبەتی لەو جاشە بەکار ێگیراوانەش و ئەوانیش دوای ئەوەی کە کەرەکەی لە پرد پەڕیەوە لە نێویان دەبات. چۆن نایە وێ خاڵێکی لاوازی (لاغری یا ضعف) هەبێ یان خاڵێکی لاواز (نقطە ضعف) بە جێ بهێڵێ.

یەکەم ئاواتی من و ملیۆنها کورد و هەموو ئێوەی بەشداربووان وئاواتی دڵی نەمر دوکتور قاسملوو، ئازادی نەتەوەی کورد لە هەموو کوت (غل و زنجیر) و بەندەکان بووە و تا ئێستاش خەباتی بۆ دەکەین. هەر لە بەر ئەوەش بوو کە دوژمن ئەو و هاوڕێانی تیرۆر کران و لە هەوڵدایە تا هەموو رێبەرانی کورد کە لەو ڕێگایەدا هەنگاو هەڵ دێنن، لە نێو بەرێ (ببات).

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

چۆن نایە وێ دەنگی مافخوازانەی نەتەوە چەوساوەکان بگاتە گوێی خەڵکی دونیا. هەر وەک ئاماژەی پێ کرا ئەو دوژمنە، تەنانەت بە ملیۆنان دولار لە ماڵی خەڵکی بە کار دێنی تا بەرگریکارە ڕاستەقینەکانی بەشێگەلێک لەو خەڵکە لە نێو ببات. بۆ وێنە ئێستا ئەگەر چاومان بە ڕووی کردەوەی جاشە خۆجێییەکان (محلی) لە ئاستی جۆراوجۆردا هەر لە لاوێکی خۆ بە مێژووزانی وەکو قانعی فەرد "ڕووناکبیر" هەتا شوفێر و گاردی پارێزوانی و نیزافەتچی و هی دیکە، دا ببەستین کە لە ڕووی نەزانی یان لە ڕووی پاوانخوازی و خۆبەزل زانینەوە، حازر دەبن بە هەر قیمەتێک ئەژین و هەموو شتێک (شەرەف و ویجدان و تەنانەت نیشتمانیش) لە بەر زێرِ ئامرازی زیندوو مانەوە و جێگا و جەلال، بفرۆشن، کەم ترین کارێک ئەتوانرێ بکرێ. تەنیا ئەتوانرێ لەقاوبدرێ و هۆشمان بێ. بەڵام ئەوەی کە نیزیکترین کەسەکان بە پارە، ئەو زێرە پرِ بایەخە ئەکرِن و لە هەر ڕێگایەکەوە تا ئاستی ڕێبەرایەتی حیزبێک نیزیک ئەکرێتەوە و تەنانەت لە خزمە هەرە نیزیکەکان ئەخەنە پاڵ دەستی ڕێبەرانی حیزب، ئەمە ئیتر قسەیەکە و ئەبێ بە وریایە کی زیاترەوە پێشی پێ بگیردرێ.

زۆر ئاسایی دیارە کە، ئامانجی دوژمن نائەمنی و برەو پیدانی بێمتمانەییە لە نێوان کادر و ڕێبەرایەتی حیزبە سیاسیەکان دژبەرەکانیدا. تەنیا ڕێگای لە نێو بردنی ئەو نائەمنیە، بێ گۆمان لە نێو بردنی نائاگاهی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسیە. بۆ نموونە ئەگەر فێربین کە دەنگەکانمان بە چلو کە بایێک نەفرۆشین، هەر وەک ئەوەی هاوتەمەنەکانی من کردیان و بۆ ملیونێک، ڕیبەر، چالاکی سیاسی و نیشتمانی خۆمان بە دوژمن نفرۆشین، بێ گۆمان ئەوە دوژمنە کە ئیتر شانسی زیندوومانەوەیە نیە.

ئەمە چ زەمانێکە؟ زەمانێکە کە ئێمە ڕیشەی نەزانیمان لە بن دەر هێنابێ. چۆن هەر مرۆڤێکی ئاگا هیچ کات شەرەف و جوامێری خۆی بە هیچ قیمەتێک نافرۆشێ. بۆیە بەو جۆرە کە دەیبینین، دوژمنی هەموو گەلان و لە پێش هەموویانەوە دوژمنی نەتەوەی کورد بیکار دانەنیشتووە، ئێمە دەبێ دڵی خۆمان خۆش نەکەین کە بە وریایی ڕێبەرانی حیزب، دوژمن تا ئێستا توانیویەتی بە فریو و ساختەکاری کردەوە تاوانکارانە و نامرۆڤانەکانی خۆی، بۆ نموونە لە سەر مێزی وتو وێژ بۆ بە ڕەسمی ناسینی مافەکانی نەتەوەی کورد و لە دانیشتنەکانی پەیوەندیدار بە یەکگرتوویی هەموو نەتەوەکانی دیکەوە دەیکا.

ئەو دوژمنە بە بێ ڕەوشترین شێوە کە تا سنوری گەوادی ئەچێ هەتاکو دژبەرەکانی لە سەر ڕێ لادات. ئێمە دەبێ وریا بین و ئەگەر تا ئێستا خەوتووین بە خەبەر بین و بایەخێکی زۆر بە دوژمن نەدەین. تەنیا ڕێگای سەرکەوتنی دوژمن نە زانی و پاوانخوازی هێندێک لە خەڵکی ماف پێشێلکراوە. ئەگەر ئەو دوو ئامرازە لە نێو ببردرێن، بێ گۆمان دوژمن چەک دەبی و ئیتر نابێ لێ بترسین.

لەم دیدەوە تەنیا ڕێگای سەرکەوتنی هەموو نەتەوە چەوساوەکان ئەوەیە کە وێرای وریاکردنەوە و ئاگابوونەوەی خەڵک لە بۆاری کۆمەڵایەتی و مافی سیاسی، بەسیجی ئەوان لە ڕێگای چالاکان و ڕووناکبیرانەوەیە. دەبێ بە هەموو هێزەوە لە خۆمان بەرگری کەین، بە دڵسۆزی و ئاگایی تەواو و باوەڕ بە خۆ و بە پیرۆزی نەتەوەکەمان بەرگری لە ڕێبەرانمان بکەین

مەتەڵێکی بە ناوبانگ هەیە کە ئەڵی: ئەزموون(تجربە) ماموستایەکی بێرِەحمە، سەرەتا تاقیمان ئەکاتەوە و دواتر دەرسمان پێ ئەڵێ. بۆیە دەبێ لەو ئەزموونە ناخۆشانە کە بە نرخێکی زۆر گران بۆ نەتەوەکەمان بە دەست هاتوە، دەرس وەربگرین. فێر بین ئەو خاکە کە تێدا لە دایک بووین و گەورە بووین، بۆ هەموومان پیرۆزە.

لەو وڵاتەدا ئازادی مرۆڤ و شەرەفی مرۆڤایەتی بەرزترە لە هەر شتی دیکە.

لەم دوییانەی سەدەی بیستەمدا قاسملووەکان و شەرەفکەندیەکان لە بەر ئەو بابەتە گرینگە گیانی زۆیان پێشکەش کردوە.

من دەور و بەر ٢٢ ساڵە کە بە وتەی نەستەق بە دزی خواوە زیندووم. چۆن دەبوایە لە گەڵ نەمر دوکتور شەرەفکەندی دا تیرۆر ببومایە. ژیانی خۆم مەدیۆنی یەکێک لە قوتابیەکانی خوم لە زانکۆی هایدێلبێرگی ئاڵمان دەزانم کە بوو بە هۆی ئەوە کە نەچم. لێرەدا وێنەیەکی مێژووییمان هەیە لە سەر شەرەف، بە پێویستی دەبینم هە ر جارە بۆ هەمووانی دووبارە (دوپات) کەمەوە.

ئەڵێن، ڕەشید عالی گیلانی، سەرۆک وەزیری کۆنی پادشای عیراقی تازە دامەزراو لە لایەن بریتانیای مەزنە وە، نامەیەک بۆ نەمر ژنێراڵ

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

بارزانی و لە ڕێگای نوێنەری تایبەتی خۆیەوە ئەنێری. لە نامەکەدا هاتبوو: ئەگەر ئیوە دەست لە خەبات دژ بە دەوڵەتی عیراق هەڵگرن هەر پۆست و بەرپرسایەتیەک کە لایق و شایانی خۆتانی بزانن، دەوڵەت بە دڵئاواڵەییەوە پێتان دەدا.

قارەمانی نەتەوەی کورد دوای خویندنەوەی نامەکە و پاش کەمیک بیر کردنەوە، بە نوینەرەکەی ڕەشید عالی گیلانی ئەڵێ: " سلاو بگەینە بە جەنابی سەرۆک وەزیر و بڵێ کە سوپاسی ئەو هەموو دڵئاوەڵەیی و خۆشەویستیەی دەکەم. بەڵام دەبێ بڵێم، بە بۆچوونی من دوو شتی زۆر گرینگ بۆ هەر مرۆڤیک پێویستە. یەکێک شەرافەتە و ئەوی دیکە ژیانە. یا دەبی مرۆڤ ژیانی بەختی شەرەف بکات و یان شەرەفی بەختی ژیانی بکات. من ئەو مرۆڤەم کە حازرم ژیانم بەختی شەرەفم بکەم و شەرەفی من کوردستانە. بەڵی دوکتور قاسملوو هەمیشە زیندوو لەو ڕیبەرە کوردانە بوو کە وەکو نەمران قازی محەممەد، ژنێراڵ موستەفا بارزانی و پێڕەوانی خۆدی ئەو، وەکو دوکتور سادق شەرەفکەندی و ئەوانی دیکە گیانی خۆی بەختی شەرافەت و میرخاسی (شجاعت و نیکنامی) کرد.

دوکتور قاسملوو لەو کەسایەتیانە بوو کە ژیانی تەنیا لە بەر نەتەوەی کورد خۆش دە ویست و حازر بوو بۆ رزگاری ئەو نەتەوەیە دەست بداتە هەر کاریک. دوای شۆڕشی ٥٧ لە ئیراندا هەر چەند ئایەتوڵلا خۆمەینی کوردەکانی بە شەیتان و دژە شۆڕش دەزانی دوکتور قاسملوو لە ورمێ ١٣٧٠٠٠ دەنگی هێنایەوە بۆ مەجلسی خۆبرێگان و نوینەری خمینی ١١٠٠٠ دەنگی هێنایەوە! ئەوەبوو خۆشەویستی دوکتور قاسملوو لە ناو مروفدا.

لە ماوەی ٢٥ساڵی ڕابردوودا لە سەر دوکتور قاسملووی نەمر، ژیاننامەی سیاسی و هەڵسو کەوتی لە گەڵ حکوومەتە ناوەندیەکان، باشیەکان و هەلەکانی زۆر شت نووسراون.

هێندێک لە خاوەن بیرانی سیاسی، ماموستای زانکۆ، شاعیر، نووسەرە پێشکەوتنخواز و خەڵکیەکانی نەتەوە دەسەڵاتدار لە ئێراندا کە لە نیزیکەوە پەیوەندیان بە کاک دوکتور قاسملوو هەبوو و دوست بوون، زۆر جار دەیانگوت کە دوکتور قاسملووی نەمر شیاوی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران بوو، بەڵام ئەو دەسەڵاتدارە تاوانکارانەی وڵات ئەویان تیرۆر کرد. چۆن دەیانزانی، سیاسەت ئەو درۆستە و لە ئێرانی فرە نەتەوەدا کەسایەتیەکی وریا و ئاگاتر لەو لە کار وباری وڵاتداریدا بوونی نیە.

هێندێکی دیکە تەنانەت لە نەتەوەی خۆمان دۆستانە ڕەخنەیان لە دوکتور قاسملوو دە گرت کە ئەو نەدەبوایە لە گەڵ ئەو تاوانکارانەدا دانیشێتە سەرمێزی وتو وێژ بۆ بە دەست هێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد، یان زۆر بە باوەڕ و ئاشتیخواز بوو و دوژمن لە نەرمی و لەسەرەخۆیی ئەو کەڵکی خراپیان وەرگرت و و. ئەم ڕەخنانە لە ڕووی دڵسۆزیە وەیە، بەڵام لە سیاسەت بە دوورن.

راستیەکەی چی بوو؟ و سیاسەتی دوکتور قاسملوو چۆن بوو؟ یەکەم، دوکتور قاسملوو بە پێچەوانەی بۆچوونە ناکۆکەکان، سیاسەتمەدارێک بوو ئاگا لە بۆاری بارو دۆخی ڕۆژهەڵاتی نیوۆراست و ئەیزانی چۆن دەبێ لە گەڵ دژبەراندا بجووڵێتەوە، هەر چەند ئامانجی دژبەران تەنیا لە نیو بردنی هەڵکەوتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری وەکو خۆدی خۆی و کەسانی وەکو ئەو بوو.

دووهەم، ئەو بە دروستی ئەیزانی کە نائاگایی دەسەڵاتی هەیە بە سەر هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئەبێ ئەو کەم و کاستیە لە نێو بچێت. ئەو بێ گۆمان دەیزانی کە ئەوان شتێکیان لە سەوەتەکەیاندا نیە، بەڵام ئەو نەمرە بۆ سەلماندن بە هەموو نەتەوەکانی ئێران ئاگایانە ئەو ڕیسکەی کرد و دەیویست هیچ بیانوویەک نەداتە دەستی دوژمنەوە کە بە خەڵک بڵێن: پارتە کوردیەکان نایانهەوێ، لە سەر چارەسەری کێشەکان، لە گەڵ ئێمەدا وتو وێژ بکرێ. دوکتور قاسملوو بە دروستی لە خاڵە لاوازەکانی کەمایەتیە نەتەوەییەکان ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە هەمان نائاگایی و ناکۆکی سیاسیە، تێ گەیشتبوو.

ئەو یەکێک بوو لە یەکەم ڕێبەرانی حیزبە سیاسیەکان کە بەو خاڵە گرینگانە گەیشتبوو و ئەیزانی هەتاکو نەتەوەکان ماف و مێژووی خۆیان نەزانن، ناتوانن لە ڕێگای یەکگرتندا دەست بدەنە دەستی یەک وبە دڵ وگیان یەکگرتووانە بۆیە وەدەست هێنانی مافەکانی خۆیان خەبات کەن. هەر بۆیە ئەو بە باوەڕێکی قایمەوە لە پێشمەرگەکانی حیزبەوە دەستی پێکرد. لەوانەیە بتوانرێ بێ باکانە بگوترێ کە یەکەم ڕێبەری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بوو کە وانەی سیاسی بۆ کادر و پێشمەرگەکان دانا و ویستی کە هەموو کەس زانیاری سەرە تایی لە سەر مافەکانی خۆی و مێژوو و سیاسەت فێر بێ و هەیانبێ و بزانن کە بۆچی خەبات دەکان؟ وە ئەو پێسمەرگانە بزانن بۆ چی گیان ئەیدۆڕێنن؟

# ٢٥ شەهیدانی ڤییەن

هایدلبرگ، آلمان فدرال ١٢ ژوئیه

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢٠ی جووڵای ٢٠١٤

## ئەوان نەک بۆ وتووێژ، بۆ کوشتنی پەیامهەڵگری ناشتی هاتبوون (ڕاپۆرتێک لە بارەی ناوەڕۆکی وتووێژە خوێناوییەکەی١٣ژوئیەی ڤییەن)

به قەڵەمی کریس کۆچێرا

وەرگێران لە فارسییەوە: قادر وریا

دوکتور قاسملوو بۆ باس لەسەر داخوازەکانی گەلی کورد لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیو دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ کێشەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ، چووبووە ڤییەن. ئەو قسانەش کە لەو چاوپێکەوتنەدا کرابوونی، هەر لەو پێوەندییەدا بوون. بەڵام ئەوانەی بە ناوی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ وتووێژ لەگەڵ دوکتور قاسملووو هاورێیانی هاتبوون، نیازێکی دیکەیان هەبوو:



ئەوان نەک بۆ وتووێژ بۆ کوشتنی پەیامهەڵگری ئاشتی هاتبوون.

کاتی خۆی ڕۆژنامەی فەرانسەیی »لۆمۆند« ڕۆژی ١ی ژانویەی ١٩٩٨ وتارێکی بە قەڵەمی کریس کۆچێرا لە بارەی نێوەڕۆکی نەواری قسەکانی دوکتور قاسملووو ناردراوانی ڕێژیمی ئێران لە چاوپێکەوتنی ڤییەن دا، بڵاو کردەوە. گۆڤاری »آرش«یش لە ژمارە ٦٥ی خۆیدا وەگێڕدراوی فارسیی ئەم وتارەی بڵاوکردەوە. بەم هۆیەوە کە زۆر لە هۆگرانی کەسایەتیی د.قاسملوو حەز دەکەن بزانن لەم دانیشتنە خوێناوییە دا چ قسەو باسێک لە نیوان د.قاسملوو و ناردراوانی تیرۆریست هاتوونە گۆڕێ، وەرگێردراوی کوردیی ئەم راپۆرتەی کریس کۆچێرا لە 25 ساڵەی شەهید بوونی ئەو ڕێبەرە دا، جارێکی دیکە بڵاو دەکەینەوە.

١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ ، عەبدوڵرەحمان قاسملوو سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە هۆی دوو گوللە کە وەسەری کەوتبوو،لەگەڵ دوو کەسی دیکە لە هاورێیانی، لە ئاپارتومانێکی شاری ڤییەن دا، کوژرا. ئەو کاتە، دە ساڵ بوو کە شەڕ لە نێوان ئەرتەشی تارانو پێشمەرگە کوردەکان دا درێژەی هەبوو. بە دوای یەکەم چاوپێکەوتن لە دیسامبری ١٩٨٨و ژانویەی ١٩٨٩دا، قاسملوو سەر لەنوێ ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ نوێنەرانی [ڕێژیمی] ئێران دەست پێکردەوە. یەکێک لەم نوێنەرانە محەممەد جەعفەر سەحراروودی، جێگری سەرۆکی ئیتلاعاتی (ئیوخۆیی) پاسدارانی شۆرش لە کوردستان بوو، کە لە تەقە کردنەکەدا بۆخۆش برێندار بوو.

سەحراروودی کە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکان خستبوویان، لەلایەن پۆلیسی ئوتریشەوە ئیجازەی چوونە دەر لە نەخۆشخانەی پێدراو توانیی پەنا بۆ سەفارەتی ئێران ببا. ناوبراو لە ٢٢ی ژووئیەدا لە ئوتریش وەدەرکەوت. پارێزەر(ئیسکۆرت)ێکی دیکەی ئێرانی بە ناوی بزورگیان بۆ

ماوەیەک لە ئیدارەی پۆلیس ڕاگیرا، پاشان بڕیاری گرتنی ئەو کەسە کە پێشتر درابوو، هەڵوەشێندراو ئەویش توانیی بگەڕێتەوە ئێران. سێهەم کەس حاجی مستەفەویی لاجەوەردی سەرۆکی بەشی ئیتلاعات (ی نێوخۆیی)لە کوردستان، بە ئازادییەکی تەواوەوە توانیی لە ئوتریش بچێتە دەر.

وتووێژەکانی ناردراوانی تاران‌و ڕێبەرانی کورد بەهۆی بەشدارانی وتووێژەکەوە لەسەر کاسێت تۆمار کراوە. ئەونەوارانە کە لە دەستی پۆلیس دابوون، سەرئەنجام درانەوە بە بەرپرسانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران.عەبدوڵلا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئیجازەی گوێگرتن لەو کاسێتانەی پێداین. عەبدوڵرەحمان قاسملوو قەت بەم وردبینییە دەروونناسییانەوە بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران شی نەکردبۆوە:

پرسیارو وەڵامەکانی لایەنە ئێرانی‌یەکان کە پێیان وانەبوو ڕۆژێک لە ڕۆژان قسەکانیان ئاشکرا دەبن، زۆر بە باشی ناتەبابوونی بۆچوونەکانیان‌و روحیاتی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوان بڕوا هەبوون بە روانگەو دیاردە سیاسی‌یە مۆدێرنەکان‌و بیروبۆچوونەکانی سەردەمی خەلافەتی عەلی‌دا، نیشان دەدەن.

ئایا بکوژانی قاسملوو پاش بیستنی بۆچوونەکانی، بڕیاریان دا بیکوژن؟ یان تەنانەت بەرلە دەست پێکردنی قسەکانی، بڕیاری کوشتنیان دابوو؟ گوێڕاگرتن بۆ نەوارەکان،ئەم سیناریۆیەی خوارەوەمان دێنێتە بەرچاو:

دەسەڵاتدارانی ئێران کە دەیانزانی بزووتنەوەی قاسملوو لە ئاکامی زەبرە نیزامی‌یەکانی ئێران‌و لەتبوونێک کە ساڵی ١٩٨٨ [ئەم بزووتنەوەیە] بەخۆیەوەی دیت، زۆر لاواز بووەو، هەروەها دەیانزانی قاسملوو پێی خۆشە کێشەکە لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر ببێ، هەر بۆیە هومێدی ئەوەیان هەبوو کە لەوانەیە بە نیوەی داخوازەکانی، واتە تێکۆشانی قانوونیی حیزبەکەی رازی بێ. بەڵام پاش ئەوەی قاسملوو لەسەر ئەوە پێدادەگری کە ڕێبەرانی تازەی ئێران (خومەینی ماوەیەک پێشتر لە ٤ی ژوئەنی ١٩٨٩دا مردبوو) دەبێ رابگەیەنن کە داخوازی خودموختارییان قەبووڵە، ناردراوانی تاران بە دوای یەکەم چاوپێکەوتن دا، لەگەڵ بەرپرسانی خۆیان پێوەندی دەگرن کە دیارە دەستووریان پێدەدرێ: بیکوژن.

سەحرارووردی رادەگەیەنێ کە ئێمە پێکەوە ڕێک کەوتووین کە ئەم چاوپێکەوتنانەمان بە تەواوی نهێنی بمێننەوە. چونکە دوژمنانێک هەن کە نایانەوێ ئەو گیروگرفتانە چارەسەر بکرێن. ئەو، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ تەنانەت لەنێو حکوومەتی ئێرانیش دا، کەسانێک هەن کە دژی هەر جۆرە چاوپێکەوتن‌و پێوەندی‌یەکن. لە ئاستی هەڵسووڕێنەرانی وڵات دا تەنانەت قسەکردنی راشکاوانەش لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە مومکین نیە.

عەبدوڵڕەحمان قاسملوو دێتەسەر کاکڵەی مەسەلەکە: لە دوو چاوپێکەوتنی پێشوومان دا، ئێمە لەبارەی دوو خاڵی ئەسڵییەوە قسەمان کرد: قبووڵکردنی ئەسڵی خودموختاری‌و ئەسڵی تێکۆشانی ئازادانەی حیزبی ئێمە لەنێوخۆی وڵات دا. ئێوە وڵامتان دایەوە کە هەڵسووڕێنەرانی ڕێژیم لەگەڵ قەبووڵ کردنی ئەسڵی خودموختاری‌دا نین. لەبارەی خاڵی دووهەمەوە، ئێمە لە دەفتەری سیاسی‌دا باسێکی زۆر دوورو درێژمان هەبوو کە ئایا پێشمەرگەکان چەکەکانیان تەحویل بدەنەوە یان نا؟ دەفتەری سیاسی وا بیر دەکاتەوە کە مومکین نیە چەک تەحویل بدرێتەوە. ئێوە دەبێ لەومەسەلەیە بگەن کە پاش دە ساڵ شەڕو ئەو هەموو قوربانیدانە، خودموختاری بووە بە سەمبولی داخوازەکانی ئێمە. ئێوە دەتانەوێ ئێمە وشەیەکی دیکە بەکار بێنین؟ ئەگەر نیوەرۆکی خودموختاری قەبووڵ دەکەن، چلۆنە کە لە وشەی خودموختاری دەترسن؟ قاسملوو هەر لەو کاتەدا کە خۆی وک پیاوی خودموختاری ناو دەبا، دەڵێ: نەسڵی من، نەسڵی دێمۆکراسی‌و خودموختاری‌یە. پاشان وێڕای داوای درێژەی وتووێژ، وریایان دەکاتەوەو دەڵێ: دڵنیا بن ئەگەر گیروگرفتی کورد چارەسەر نەبێ، ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی دوور بوونەوە لە مەرکەزو جیاییخوازی

سەحرارووردی: ئەوە یەکەم جارە کە لە نێومان دا لەسەر ئەو شتە کە ئیسلام بۆ میللەتەکانی دەکا، باس دەکەین. ئێمە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانمان گوێ بە قسەی کەس نادەین، نە ڕۆژهەڵاتو نە ڕۆژئاوا، ئێمە ئامادەین خۆمان بکەین بە قوربانیی بیروباوەڕمان.

قاسملوو... من دەمەوێ شتێکتان عەرز بکەم، من لەو هەموو کۆسپانەی لە پێوەندی لەگەڵ راگەیاندنی خودموختاری‌دا ناوتان بردن، قانیع نەبووم... لە هەلومەرجی ئێستادا ئەوە ئاغایان خامەنەیی‌و رەفسەنجانین کە نوێژی هەینیی تاران بەڕێوە دەبەن. ئەوان دەتوانن لە بارەی خودموختاریی کوردستانەوە بیروڕای خۆیان رابگەیەنن. قاسملوو پاشان ڕوانگەو بۆچوونی خۆی لە بارەی خودموختارییەوە بە درێژی شی دەکاتەوە:

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

بۆ ئێمە چوار خاڵی بنەڕەتی لەگۆڕێدان: خودموختاری، بە مانای کۆنەبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەند، دووهەم خاڵی بنەڕەتی بۆ ئێمە زمانی کوردی‌یە. کوردی دەبێ ببێتە زمانی ڕەسمیی ناوچە کوردنشینەکان. سێهەم خاڵ دیاریکردنی سنوورەکانی ناوچەی خودموختارە. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ فاکتۆرەکانی جوغرافیایی، ئابووری‌و بەتایبەتی ویستی ئەو خەڵکەی لە ناوچە کوردنشینەکان دا دەژین، سەرنجیان بدرێتێ. چوارەم خاڵی گرنگ بۆ میللەتی کورد، دەبێ ئەمنییەتی نێوخۆیی ناوچە کوردنشینەکان بە هێزی کوردەکانەوە بەڕێوە بچێ... ئێمە شتێکی لەوانە زیاترمان ناوێ. ئەوەندەی پێوەندیی بە وەدیهاتن‌و جێبەجێ بوونی ئەم داخوازانەوە هەیە، ئێمە واقیع بینین. بۆ وێنە لەسەر دیاریکردنی سنووری ناوچەی خودموختار ناکۆکی‌و کێشەی چووکە دەبن. بەڵام کوردەکان ئامادەن نین لەسەر ئەم شتە چکۆلانە بەشەڕ بێن، بە مەرجێک کە ئەسڵەکە قبووڵ بکرێ.

قاسملوو بەم جۆرە ئاکام لە باسەکان وەردەگرێ:

ئەوەیان مومکین نیە کە وشەی خودموختاری چاوپۆشی لێ بکرێ. ئەم وشەیە بۆ نەتەوەی کورد واتایەکی عاتیفی‌و مێژوویی هەیە. ئەم وشەیە سەمبولێکە. من وا هەست دەکەم کە ئێوە نێوەرۆکەکە قبووڵ بکەن بەڵام دەتانەوێ ئێمە واز لە وشەکە بێنین. لە ئیسلام دا هەرکاتێک دەقێکی پیرۆز دەخوێننەوە، ناکرێ بێ گوتنی بسم الله الرحمن الرحیم دەست پێ بکرێ. ئەوەش ڕاست وایە. ئێوە نیوەرۆکی خودموختاریتان قبووڵە بەڵام بە بێ بسم الله الرحمن الرحیم.

ئێرانی‌یەکان (ناردراوانی ڕێژیم) دەڵێن بۆ درێژەی باسەکان کە هومێدێکی زۆریان خوڵقاندوە دەبێ لەگەڵ تاران پێوەندی بگرین. بۆ سبەینێ ڕۆژی ١٣ی ژوئیە سەحراڕوودی دەڵێ لەگەڵ برادەران پێوەندیی گرتوە: ئێوە دوێنێ گوتتان کە بەرپرسانی ئێرانی دەتوانن لە نوێژی هەینی دا لە بارەی خودموختاری‌یەوە قسان بکەن... هێندێک مەسەلە هەن کە بەرپرسان‌و ئیمام جومعەکان دەتوانن لەبارەیانەوە قسە بکەن. بەڵام دەبێ بزانن کە لەسەر هێندێک مەسەلە بۆچوونی جیاوازمان هەن.

سەحراڕوودی باسێکی دوورودرێژ دەست پێ‌دەکا کە هیچ پێوەندی‌یەکی بە مەسەلەکەوە نیە...ئێستا دێینەوە سەر مەسەلەی خودموختاری. لەم بارەیەوە دوو فکر هەن. یەکێک لەم فکرانە دەمانگێڕێتەوە بۆ سەردەمی حەزرەتی عەلی‌و، ئەویش ئەمەیە کە حەزرەتی عەلی لە ناوەندی خەلافەت دانیشتبوو حکوومەتی دەکرد. بەڵام هێندێک ناوچە هەبوون بە ناوی ولایت (ئوستان) کە حاکمەکان (والی‌یەکان) دەسەڵاتی ئەوێیان بەدەستەوە بووو، لە چاو ناوچە خودموختارەکان دەسەڵاتێکی بەربڵاوتریان هەبوو. لەلایەکی دیکەوە کەسانی ئەوتۆ هەن کە ئەم فکرە بە هی سەردەمی عەلی دەزانن‌و لەسەر ئەم باوەڕن کە هەلومەرجی ئەمڕۆ جیاوازە، دوژمن چوار دەوری ئێمەی گرتوە. واتە وڵاتانێک کە ئەندامی پەیمانی ناتۆ (اوتان)ن، ڕێژیمە کۆنەپەرستەکان، کە ناهێڵن خودموختاری هەر لە چوارچێوەی خۆی دا وەمێنێ. ئەوان هەوڵ دەدەن کە چوارچێوەکەی بەرین بکەنەوە تا سەرئەنجام دەگا بە سەربەخۆیی. کە وا بوو خودموختاری مەسەلەیەک نیە کە ئێمە بتوانین بە یەک دوو بەیاننامە لە نوێژی هەینی‌دا چارەسەری بکەین. مەسەلەی دووهەم: حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەیەوێ هەم هەلومەرجی پێشوو بپارێزێ‌و هەم لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وتووێژ بکا، بەڵام من دڵنیام کە ئەوەی لێ‌قبووڵ ناکرێ.

سەحراڕوودی درێژەدانی قسەکانی بە حاجی مستەفەوی دەسپێرێ. ناوبراو دەڵێ: بسم الله الرحمن الرحیم... حیزبە کومونیستەکان لە بارەی میللەتەکانەوە پەیڕەوی لە تیئۆریی ئیستالین دەکەن. عەرەبەکان دەڵێن ئەوە نەزەری ئێمەیە. حیزبە سوسیال دێمۆکراتەکان ڕێگا چارەسەری خۆیان هەیە و ئەویش کە پێوەندیی بە هێزە ئیسلامی‌یەکان‌و کۆماری ئیسلامی‌یەوە هەیە تا ئێستا لەم بارەوە شیکردنەوەو لێکدانەوەیەک نەبووە. ئەگەر بتوانین کارێک بکەین کە کۆماری ئیسلامی بە جیددی بەم مەسەلەیەوە خەریک بێ‌و تیئۆریزەی بکا، ئەوە بۆخۆی سەرکەوتنێکی زۆر گەورە دەبێ. لە ئیسلام دا، گومانی تێدا نیە کە پێغەمبەر، محەممەدو جێ‌نشینانی ڕێوشوێنی تایبەت بە خۆیان هەبووە. هیوادارم کە ڕێژیم مل بۆ ئەم جۆرە مەسەلانە رابکێشێ‌و لە نێوان ڕێوشوێنە سوننەتی‌یەکان‌و ئەوەی ئێوە داوای دەکەن، بتوانێ شتێک لە نێو ئەو دووانەدا بدۆزێتەوە.

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

قاسملوو: ئێوە دەڵێن کە لە هەلومەرجی ئێستادا مەسەلەی ئەسڵی چارەسەری مەسەلەی خودموختاری نیە، بەڵکوو چارەسەری پێوەندیی نێوان حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆماری ئیسلامیی ئێران مەبەستی ئەسڵیە. ئێمە هاتووینە ئێرە کە داواتان لێ بکەین مەسەلەی خودموختاری چارەسەر بکەن.

دوکتور قاسملوو هەوڵ دەدا کە مافی دیاریکردنی چارەنووس شی بکاتەوە کە بە چەندین شێوە جێبەجێ دەبێ: سەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خودموختاری.

لە درێژەی قسەکانی‌دا دەڵێ: ئەوەی بۆ ئێمە مەسەلەیە ئەوەیە کە ئایا کۆماری ئیسلامی بە راستی دەیەوێ کێشەی میللییەتەکان لە ئێران دا چارەسەر بکا؟ ئەگەر وەڵامی کۆماری ئیسلامی بەڵێیە، ئێمە دەمانەوێ بزانین کە دەیەوێ چۆنی چارەسەر بکا؟ ئایا بە شێوەی سەربەخۆیی، فیدرالیزم یا خودموختاری؟ ئێمە کوردەکان لانیکەمی داخوازەکانمان هێناوەتە گۆڕێ. ئێمە فیدرالیزمیشمان قبووڵە، بە دڵنیاییەوە دەڵێم بە بڕوای من بەو هۆیەوە کەکاتی خۆی لە ئیسلام دا جۆرە فیدرالیزمێک هەبووە واباشترە کە فیدرالیزم هەڵببژێردرێ و بۆ وێنە یەکیەتیی کۆمارە فیدراڵەکانی ئێران پێک بهێنرێ. کەوابوو ئێوە ئەگەر نە سەربەخۆییتان قبووڵ بێ، نە فیدرالیزم و نە خودموختاری، ئەو بەو مانایەیە کە ناتانەوێ مەسەلەی میللییەتەکان لە ئێران دا چارەسەر بکەن.

قاسملوو ئەو ئاکامە وەردەگرێ کە :

لەوانەیە سبەینێ بەشێکی دیکەی ئێران خوازیاری خودموختاری بێ. دەبێ ئەو ئازایەتییە هەبێ و بە ئوسووڵ و پرەنسیپی ئەوتۆ، مەسەلە نێوخۆییەکانی ئێران چارەسەر بکرێن کە هەموو لا قبووڵیان بێ. هەم عەربەکان، هەم بەلووچەکان، هەم تورکمەنەکان و هەم کوردەکان ئەگەر لەمڕۆوە نەتوانین ئەو مەسەلانە چارەسەر بکەین دەبن بە موسیبەتێکی گشتی بۆ وڵاتەکەمان.

پاش چەند قسەیەکی دیکە، ئەوان رۆژی داهاتوو بۆ درێژەی وتووێژەکان دیاری دەکەن. فازڵ رەسووڵ، کوردی عێراقی کە نەخشی نێوبژیوانی هەیە لە قسەکانی هەر دوو لا ئەم ئاکامە وەردەگرێ: یان ئێوە دەگەنە هێندێک رێککەوتن و درێژە بە وتوویژ دەدەن بەو مەرجەی شەڕ رابوەستێ، یان بێ ئەوەی شەڕ بوەستێ، وتووێژەکان درێژە پێدەدەن. بەڵام لە هەر حاڵدا باشترە ئەمڕۆ کە هەلومەرج لەبارە، بگەنە رێککەوتن و ئاکام، ٣ ساڵی دیکە، لەوانەیە وەزع بگۆڕێ و موعادیلەکان و هاوسەنگیی هێزەکان بەمجۆرە نەمێنێ و هەلومەرجی ئەوکات شتێکی دیکە بێ.

ئەوە دوا وشەکانن. دەنگی جووڵانی کورسی و مێزەکان دەبیسرێ، پاشان دەنگی چوار تەقەی کپ کە دیارە بە چەکی تەیار بە ئامێری دەنگ کپکەر کراون، دێتە گۆڕێ. ئینجا بێ‌دەنگیی تەواو.

لە ژمارە ٦٣٦ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی : ٢٢ی جووڵای ٢٠١٤

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

## بیری لێنین و باخەکانی سەمەرقەند : گەشتێک بەنێو کتێبخانەکەی دوکتور قاسملوودا

(بەشی یەکەم)

ئاسۆی حەسەن زادە

«...ئەمن زۆر هۆگری خوێندنەوەم. هەموو گۆڤارەکان، رۆژنامە خاریجی و ئێرانی‌یەکان لە کوردستان دەخوێنمەوە و زۆریش هۆگری خوێندنەوەی رۆمان و کتێبە زانستیەکانم. بەڵام شێعرم زۆر خۆش دەوێ. لە کوردستان شەوی شێعر پێک دێنین و منیش شێعر دەخوێنمەوە. هۆگرییەکی یەکجار زۆرم بە شێعری کلاسیکی ئێران هەیە، بۆ نموونە حافز و سەعدی و خەییام و بابا تاهیری عوریان و فیردەوسی. هەروەها بە شێعری کلاسیکی کوردی بەتایبەتی گۆران کە شاعیری سەدەی بیستەمی کوردستانە و ئەحمەدی خانی کە شاعیری کلاسیکی کوردە. لە شاعیرە نوێیەکان نادر نادرپوور و ئەحمەدی شاملووم بەدڵن و دیوانەکانیانم هەیە. پەروینی ئیعتیسامییشم زۆر خۆش دەوێ و هەست دەکەم شێعرەکانی زۆر لە ژیانی ئێستای من نزیکن.» (دوکتور قاسملوو)



***

فرانسوا مۆریاک، ئەندامی ئەکادیمیی فەڕانسە و خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیات، دەیگوت «پێم بڵێ چ دەخوێنیەوە تا پێت بڵێم کێی، بەڵام باشترت دەناسم ئەگەر پێم بڵێی چ شتێک لەسەرڕا دەخوێنیەوە».

ناسین و تێگەیشتن لە جەوهەر و ناخی کەسایەتی و بیروباوەڕی مرۆڤە گەورەکان تەنیا بە پشتبەستن بە ریوایەتی رەسمیی ژیانیان و وتە و کردەوەی ئاشکرایان نایەتەدی. بەڵکوو دنیا و دیکۆری نێو ژیانی تایبەتیی ئەوان و هەڵسوکەوتیان لەو بەستێنەشدا سەرچاوەیەکی هەرە بەنرخی ئەم دەرک و بەدواداچوونەیە. رەهەندێکی گرینگی ئەم دیوە کەمتر دیارەی ژیانی کەسایەتییەکان – بەتایبەتی هی رێبەرانی سیاسی- بواری خوێندنەوە و موتالایە کە بە سەرنجپێدان و لێوردبوونەوەی دەکرێ بە بوارەکانی سەرنج و هۆگریی کەسایەتییەکە ئاشنا بین و تا ڕادەیەک بۆمان دەربکەوێ کە لەژێر کاریگەریی کامە بەرهەمە فیکری و ئەدەبی و کامە تێز و لێکۆڵینەوانەدا (تەنانەت ئەگەر لە ئەنجامی رەتکردنەوەشیاندا بووبێ) دەزگای هزر و روانین و شێوازی ئاخاوتن و دەربڕینی کەسایەتییەکە بیچم و نێوەرۆکی وەرگرتووە.

یەک دوو ساڵە لە بەرە بەری ساڵرۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا ئەو بیرە و ئەو پرسیارە لە مێشکم دا کەڵکەڵە دەکا کە – هەروەک چۆن گەلانی تری جیهان بۆ سەروەران و سەردارانی خۆیانی دەکەن- ئایا ئێمەش دەتوانین چی بکەین بۆ ئەوەی ئەو شتانەی ئەو رێبەرە مەزنە لەدوای خۆی بە یادگار بۆ گەلەکەی بەجێ هێشتوون (لە کتێب و نامە و دەستنووس و فایلە دەنگی و رەنگییەکانی ڕا بگرە هەتا ئەلبۆم و جلوبەرگ و کەلوپەلە تایبەتییەکانی) بە چەشنێک وەسەریەک بخەینەوە کە لە مەترسیی ژاکان و فەوتان رزگاریان بێ و لە هەلومەرجی لەباردا مووزەیەکیان (بۆ نموونە لە «ئاخرین ماڵی ژیانی» لە قەندیل) لێ دروست بکەین کە هەم ببێتە زیارەتگایەک بۆ هۆگران و ئەویندارانی بیروباوەڕ و رێبازەکەی و هەم ئەرشیڤێکی زیندوو بۆ بەردەستی مێژوونووس و لێکۆڵەرانی مەسەلەی کورد. بەشی هەرە زۆری ئەم کەلوپەلە تایبەتییانە لە دەرەوەی وڵاتە (هێندێکیانم لە پاریس دیوە و دڵنیا نیم زۆر باش راگیرابن)، بەشی کەمتریشی لە کوردستانە کە ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کتێبەکانی، لەنێو کتێبخانەیەکی بچووکدا و بە چەشنێک کە شیاوی ئەو یادگارە بەنرخانەیە، لە ژووری کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا راگیراون.

# ٢٥ شەهیدانی ویپەن

لە بیست و پێنج ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا، ئیزنیان پێ دام و ئیزنم بە خۆم دا دەرگای ئەو کتێبخانەیە بکەمەوە و دەست بۆ کتێبەکان بەرم. ساتەکانی دەسپێکی ئەو سەردانە بۆ من پڕ بوو لە هەژان. ئەگەرچی زۆر لەگەڵ تەقەدوسگەرایی نیم، بەڵام بەڕاستی وەک ئەوە وا بوو دەست بۆ کەرەسەیەکی پیرۆز ببەم و پێ بنێمە نێو دیار و دەڤەرێکی ئەفسانەیی، مەملەکەتێک کە لەودا هەستم نەدەکرد میوانێکی نەخوازراوم، بەڵام هەستم بە بچووکی دەکرد. کتێبەکان بۆنی دوکتور قاسملوویان لێ دەهات، هەر ئەو کتێبانە بوون کە لە ساڵانی سەختی خەباتی شاخدا، بەدەم هاڕەی تەیارەی دوژمن و هاژەی تاڤگەکانی کوردستانەوە، لەنێو چادر و لەژێر کەپرەکاندا، هاوڕێ و هاودەمی کاتە نودرەت ئازاد و ئارامەکانی بوون. دەتگوت گەلەریی مێژوون، رەنگی تێپەڕینی رۆژگاریان گرتبوو و دیار بوو سێبەری سەدە و هەزارەیەکی نوێیان بەسەردا کشاوە. پڕ بوون لە سەرەقەڵەمی خۆی و دەسخەتی ئەو نووسەرانەی کتێبەکانیان پێشکەش کردبوو. «تاریکستانی ئەشباح» نەبوو ئەو کتێبخانەیە، چراخانی ئەڕواحی گەش و رووناک بوو.

یەکەم کتێب کە سەرنجی راکێشام کتێبێکی ئینگلیسی بوو سەبارەت بە خودی هونەری کتێبخانەداری کە کۆمەڵێک وتاری ڤیلادیمیر ئێلیچ لێنین-ی سەبارەت بە گرینگیی پەرەپێدان بە فەرهەنگی کتێب خوێندنەوە و سیستمی رێکخستنی کتێبخانەکان لە یەکێتیی سۆڤییەت لە خۆ گرتبوو. دەمودەست کەوتمەوە یادی ئەو بەیانییە بەهارییەی قەندیل کاتێک دوکتور قاسملوو لە ماڵی عەبدوڵڵای حەسەن زادە چاوی لە کتێبخانەکەی ناوبراو دەکرد و حەسەن زادە بە ئیشارە بە من گوتی «ئەوەش کتێبخانەدارەکەمە!». دوکتور قاسملووش لە وڵامدا گوتی: «کتێبخانەداری عیلمە!». ئەوکاتە بۆم پرسیار بوو کە چۆن دەکرێ کارێکی «سادە»ی وەک کتێبخانەداری عیلم بێ و نەمدەزانی لە دنیای پێشکەوتوودا کتێبخانەداری یەکێک لە دیسیپلینە ئەکادیمی و زانستییەکانە.

گەشتێک بەنێو کتێبخانەکەی دوکتور قاسملوودا وێستگە یەک لەدوای یەکەکانی ژیان و خەباتی ئەومان بیر دەخاتەوە و زۆر شتی تازەمان لەبارەی کەسایەتی و بیروباوەڕی ئەو پیاوە سیاسییە کە کتێب خوێنەوەیەکی بەبڕشتیش بوو فێر دەکا. هەڵوەستەی ورد و وەرددانەوەی بەلەبارپی کتێبەکان کۆمەڵێک نیشانەمان سەبارەت بە رەگ و ریشەی بیرۆکەکانی قاسملوو، و بە هەوێنی خەون و خولیا و نیگەرانی و هیواکانی دەخاتە دەست. نیشانەگەلێک کە بۆ ئەوە دەبن لەگەڵ زانیارییەکانی دیکەی پێوەندیدار بە رابردوو و روانگەکانی قاسملوو لە تەنیشت یەک دابنرێن و لە ساغکردنەوەی پازڵی ناردەی قاسملوودا کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

دیارە ئەم کەڵک وەرگرتنە پێویستە زۆر بەپارێزەوە ئەنجام بدرێ چونکە هەرچەشنە ئاکامگیرییەکی رەها لەبارەی کاریگەریی تەک تەکی کتێبەکانی نێو ئەم کتێبخانەیە لەسەر دوکتور قاسملوو لەجیاتی ئەوەی شوێنهەڵگر بێ دەتوانێ شوێنونکەر بێ و بە هەڵەمان دا ببا، بەتایبەتی ئەگەر ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە دوکتور قاسملوو رێبەر و سیاسەتمەدارێکی کردەوەگەرا و واقیعیەت بین و خاوەن خوێندنەوەی تایبەت بەخۆی لە رووداو و ناردەکان بوو و قەت نەدەچووە ژێر باری گوتاری زاڵ و خانەبەندییە تیئۆرییە پێشتر داڕێژراوەکان.

تەنانەت بڕیاردان لەسەر ئەوە کە هەموو کتێبەکان مسۆگەر هەڵبژاردەی خۆی یا جێگای سەرنج و هۆگری خۆی بوون، هەمیشە کارێکی ئاسان نیە. خاڵێکی سەرنجڕاکێش و هەژێنەر سەبارەت بە ساغکردنەوەی پێوەندیی دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەو کتێبانە ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی دوکتور سادقی شەرەفکەندی جێگرەوە و لەڕووی سیاسی و حیزبییەوە میراتگری دوکتور قاسملوو بوو، بەوێنەی سەفەری ژیان و خەبات و گۆڕغەریبیی پێرلاشێزیان، کتێبەکانی نێو کتێبخانەکانیشیان دەستلەملانی یەکتر بوون و زۆر جار دەبینین کە کتێبێکی ئەمیان لە نێو کتێبخانەکەی ئەویاندا ئارامی گرتووە و نەگەڕاوەتەوە شوێنی خۆی. هەروەها هەژێنەرە کە جار جارە لەو کتێبخانەیەدا تووشی کتێبی وا دەبین کە لەپاش مەرگی دوکتور قاسملوو و لەپێوەندی لەگەڵ ئۆدیسەی ژیانی قاسملوودا نووسراون، وەک بۆ نموونە نامیلکەی فەڕانسەیی «دوکتور قاسملوو، پیاوی ئاشتی و دیالۆگ» یا نوسخەی ئیسپانیۆلیی کتێبەکەی کارۆل پرۆنهووبێر، بەناوی «خولیا و مەرگی رەحمانی کورد».

سەبارەت بە کتێبەکانی دوکتور قاسملوو و ئامرازی دەستنیشانکردنی رادەی گرینگیان هێندێک نیشانە هەن کە دەتوانن یارمەتیدەر بن. بەشێک لە بەرهەمەکان رێچکە و شوێنەواریان بە ڕوونی لە قسەکانی دوکتور قاسملوودا وەبەرچاو دەکەوێ، لە نووسینەکانیدا بۆخۆی راستەوخۆ وەک سەرچاو کەڵکی لێ وەرگرتوون، یا لە کۆڕی دۆستان و هاوڕێیانیدا زۆر جار ئاماژەی پێ دەکردن. پێوەندیی نێوان کتێبەکان و دوکتور قاسملوو و

کاریگەرییان لەسەر بیر و خەیاڵی، بێگومان لەو حاڵەتانەشدا ئاسانتر دەدۆزرێتەوە کە لەلایەن نووسەرەکانەوە پێشکەشی کراون یان قەددیان شکاوە و جار جارە و لێر و لەوێ سەرەقەڵەمێکی دوکتور قاسملوویان تێدا بەجێ ماوە. زۆر لە کتێبەکان لەسەر بنەمای تێگەیشتنێک کە دۆستانی دوکتور قاسملوو بەتایبەتی دۆستە بێگانەکانی لە بوارەکانی مەوردی عەلاقەی دوکتور قاسملوو بوویانە، بۆ وی نێردراون. لەنێو هەموو کتێبەکانیشدا بەنرخترینیان لەڕووی بایەخی عاتیفی و مێژووییەوە ئەوانەن کە وەختی خۆی دوکتور قاسملوو بۆخۆی دابین و نیشانەی کردوون. ئەو عادەتی بوو لە لاپەڕەی پێش کۆتایی ئەو کتێبانەدا کە بۆی گرینگ بوون و هی خودی خۆی بوون بە لاتینی و بە خەتێک کە کەمێک وەک خەتی تەبیبەکان دەچێ دەینووسی «ڕەحمان»، خەتێکی بەژێردا دەکێشا و لەخوارەوەی ئەو خەتەش ڕێکەوتی ڕۆژەکەی دەنووسی.

لەگەڵ ئەوەدا کە بەهۆی هەلومەرجی سەختی خەبات و ڕاگوێزرانی بەردەوامی بنکەی سەرکردایەتیی حیزب و دژواریی دەستڕاگەیشتن بە کتێب و سەرچاوەکان لەو سەردەمەدا، ژمارەی سەرجەم کتێبەکان زۆر نیە (کەمتر لە پێنج سەت جڵد کتێب)، هەر لە یەکەم ڕوانیندا دەوڵەمەندیی کتێبخانەکە چ لەڕووی زمان و کات و شوێنی چاپی کتێبەکان و چ لەڕووی جۆراوجۆریی بوار و بابەتەکانەوە سەرنج ڕادەکێشێ. بەڵام مەسەلەیەکی گرینگ کە لە هەڵسەنگاندنی ئەو کتێبخانەیەدا دەبێ لەبەرچاوی بگرین ئەوەیە کە ئەو کتێبخانەیە تەعبیر نەک لە هەموو ژیانی فیکریی دوکتور قاسملوو، بەڵکوو تەنیا تەعبیر لە دەساڵی کۆتایی ژیانی دەکا، ئەگەرچی زۆر کتێبیشی تێدان (بەتایبەتی لەبواری مێژوویی و هزریدا) کە پاش شەڕی دووەمی جیهانی چاپ کراون یان لە شەستەکانی زایینیدا ئەودەم کە دوکتور قاسملوو لە پراگ دەژیا یا لە حەفتاکاندا کاتێک لە پاریس بوو، دابینی کردوون. چاوخشاندنێک بەو کتێبە دێرینانەی دوکتور قاسملوو لەگەڵ خۆی هێناونیەوە کوردستان و بەگشتی بەسەرجەم کتێبەکان، دوو ئاکامگیریی مانابەخشمان لەبواری ئامارگیری و پۆلێنی کتێبەکاندا دەداتە دەست :

**یەکەم،** لەگەڵ ئەوەدا کە دوکتور قاسملوو بە پلەی جیاواز شارەزای نزیک بە دە زمانی زیندووی جیهانی بەتایبەتی رووسی و زمانە سلاڤەکان بوو، زیاتر لە حەفتا لە سەدی کتێبەکانی بە زمانی فەڕانسەیین. سەرنجڕاکێشە کە بزانین تەنانەت کتێبەکانی پێوەندیدار بە مارکسیسزم-لێنینیزمیش کە دوکتور قاسملوو لە گەنجێتیدا بۆخۆی دابین کردوون و ڕایگرتوون، زۆربەیان بە زمانی فەڕەنسیین. لەنێو زمانەکانی دیکەدا کوردی و فارسی بە پلەی دووەم، زمانە سلاڤەکان بە پلەی سێهەم، ئینگلیزی بە پلەی چوارەم، عەرەبی و ئاڵمانی بە پلەی پێنجەم دێن و تاق و لۆقیش کتێب بە زمانی تورکی وەبەرچاو دەکەوێ. هۆی باڵادەستیی زمانی فەڕانسەیی لەم کتێبخانەیەدا تەنیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە لەو ساڵانەدا کە ئەو کتێبخانەیە شکڵی گرتووە زۆربەی ئەو بیانییانەی چ بەمەبەستی ڕۆژنامەوانی و چ بەتایبەتی بۆ یارمەتیدانی پزیشکی و ئینسانی سەردانی کوردستانیان کردووە فەڕانسەیی بوون یا ئەوە کە فەڕانسە وێستگەی یەکەم و سەرەکیی سەفەرەکانی دوکتور قاسملوو بۆ دەرەوەی وڵات بوو. بەڵکوو ئەو مەسەلەیە پێش هەموو شتێک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر لە بنەڕەت ڕا زمانی فەڕانسەیی لە دنیای مەعریفیی دوکتور قاسملوودا جێگەی یەکەم یا هەر نەبێ ریزی یەکەمی هەبوو. کاریگەریی زمانی فەڕانسەیی بەسەر زمانی بیرکردنەوە و ئاخاوتنی دوکتور قاسملووەوە تەنانەت ئەو کاتەی بە کوردی یا بە فارسیش قسەی دەکرد بە ڕوونی دیار بوو، ئەگەرچی ئەو کاریگەرییە نەدەگەیشتە ڕادەی کاریگەریی هەمان زمان لەسەر مێکانیزمی بیر و دەربڕینی دوکتور شەڕەفکەندی و زانستی کەلامی دوکتور قاسملوو شوێنەواری ڕەوانبێژییانەی زیاتر لە زمانێکی سەرەکیی پێوە دیار بوو.

**دووەم،** لەگەڵ ئەوەدا کە بواری پسپۆڕیی ئەکادیمیی دوکتور قاسملوو ئابووری بوو، بە تاق و لۆق کتێبێک لەو کتێبخانەیەدا هەڵدەکەوێ کە پێوەندیی بە زانستی ئابوورییەوە هەبێ ( بۆ نموونە یەک لەو تەنیا دوو کتێبە تورکییەی باسی ئابووریی کوردستانی تورکیە دەکا یان چاپی تورکیی ناmیلکەکەیەکی خۆی سەبارەت بە کوردستانی ئێران کە بە یادداشت و سەرەقەڵەمەکانی نێوەوەی ڕا دیارە دوکتور قاسملوو زۆر لە چاپ و وەرگێڕانەکە ڕازی نیە). لەلایەکی دیکەوە، ئەگەرچی دوکتور قاسملوو لەڕووی تیئۆری و فەلسەفەی سیاسییەوە هۆگر و هەڵگری چەمکە هزرییەکان بەتایبەتی لە مەکتەبی مارکسیستیدا بوو، کەچی کتێبە فیکری و ئیدئۆلۆژیکەکان کەمترین جێگەیان لەو کتێبخانەیەدا بەنسیب بووە و بە پەنجەکانی دوو دەست دەژمێردرێن.

زۆربەی هەرە زۆری کتێبەکان پێوەندییان بە مەسایلی ژیئۆپۆلیتیک و سیاسەتی دەرەوە و ململانەی زلهێزەکان و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی

نێوەڕاستەوە هەیە. کەموکوڕییەکانی سۆسیالیزمی مەوجوود و پێویستیی ریفۆرم، ئەحزابی چەپی دنیا و سۆسیال دێموکڕاسی، مێژووی جیهان بەتایبەتی ئینقلابەکان، بیۆگرافی و بیرەوەرییەکانی سیاسەتمەدارانی ناسراو، کێشە و پێوەندییەکانی جیهانی سێهەم، رۆژهەڵاتناسی و مێژووی ئێران، کوردۆلۆژی، مافی مرۆڤ، تێرۆریزم، خەباتی پارتیزانی و تاکتیکە نیزامییەکان بوارەکانی دیکەی کتێبەکانی نێو ئەم کتێبخانەیە پێک دێنن. بێگومان لەو کتێبخانەیەدا ژمارەیەکی زۆر کتێب و بەرهەمی ئەدەبیش (چ لەبواری رۆمان و شێعری بێگانە بەتایبەتی فەڕەنسی و چ لەپێوەندی لەگەڵ زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا) وەبەرچاو دەکەون. هەروەها سەرنجڕاکێشە کە بزانین لە تەواوی ئەو کتێبخانەیەدا تەنیا یەک دانە کتێب لەپێوەندی لەگەڵ ئایین و ئایینناسیدا هەیە کە ئەویش پێوەندیی بە تێئۆلۆژیی رزگاریی مرۆڤەوە هەیە.

هەمووی ئەمە بە مانای بێمەیلی و گرینگینەدانی چیدیکەی دوکتور قاسملوو بە پسپۆڕییە ئەکادیمییەکەی خۆی و بەگشتی بە بواری فیکر و تیئۆری نیە. بەڵکوو مانای ئەوەیە کە کتێبخانەکەی ساڵانی دوایی ژیانی دوکتور قاسملوو رەنگدانەوەی هەلومەرجی سیاسیی ئەوکات و پێویستییە مەعریفییەکانی ئەو لەو سەردەمەدا بووە. ئەو کتێبخانەیە کتێبخانەی عەمەلیی سیاسەتمەدارێکی عەمەلگەرایە کە لەو دوایین قۆناغەی ژیان و خەباتیدا کە قۆناغی هەرە پڕشنگدار و درەوشاوەی بوو، ئەوەندەی سەرنجی دەدایە پرسەکانی بواری سیاسەتی واقیعی و خەباتی بەکردەوە، ئەوەندە خۆی بە بابەتە سیرفەن فیکری و تیئۆرییەکانەوە خەریک نەدەکرد

لە ژمارە ٦٣٥ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی : ٢٠ی جوولای ٢٠١٤

## بە بۆنەی ٢٥ مین ساڵی تێرۆری رێبەری هەڵکەوتوی کورد د.عەبدولرەحمان قاسملوو

لوقمان زەهرایی

لەو بابەتە دا هەوڵ دەدەم لە چەند رەهەندەوە لێکدانەوە وهەڵسەنگاندن لە بابەت هۆکار وئاکامەکانی تێرۆری رێبەری لێوەشاوەی گەلی کورد د.قاسملوو بکرێ. رەهەندی یەکەم، ئامانجی تێرۆریزمی دەولەتی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆرکردنی د.قاسملوو و ئاکام و کاریگەرییەکانی بۆ سەر حیزبی دێموکرات و خەباتی رزگاریخوازی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان. رەهەندی دووهەم، کاریگەری تێرۆری د.قاسملوو بۆ سەر حیزبی دێموکرات وئاکامەکانی و حیزبی دێموکرات ٢٥ دوای تێرۆری د.قاسملوو. رەهەندی سێهەم، ئاوڕدانەوەیکە لە مەڕ روانگە و بۆچوونەکانی د.قاسملوو بۆ چارەسەری کێشەی سیاسی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان.



### رەهەندی یەکەم، ئامانجی ئەو تێرۆرە سیاسی بوو

لە سەر ئاستی کوردستان،هەوڵ دان بۆ لاوازکردنی حیزبی پێشەنگی جولانەوە، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. دوژمنان بە باشی لە جێگەو پێگە وخۆشەویستی ئەو حیزبە و رێبەرانی لە ناو خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان ئاگادار بوون و بۆیە هەمان سیاسەتیان دووپات کردەوە کە دەرحەق بە کۆماری کوردستان وبە شەخسی پێشەوا قازی مەحەممەد وهاورێیانی لە لایەن رێژیم حەمە رەزاشاوە کرا. مەحاکمە کردن و لە سێدارە دانی پێشەوا قازی مەحەممەد و برا و ئامۆزاکەی بۆ گەلی کورد و بۆحیزبی دێموکرات زەبرێکی یەکجار زۆر قورس وکاریگەر بوو کە ئاکامی زۆر

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

کارەساتاوی بۆ خەباتی رزگاری خوازانە و بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی بە دواوە بوو. چەندین ساڵ دوای ئەو کردەوە جەنایەتکارانەیەش، حیزبی دێموکرات تووشی لاوازی و پرش وبڵاوی تەشکیلاتی ببوو. کۆماری ئیسلامیش بۆ تێکشکاندنی روحیەی بەرگری و خۆراگری ئەندامان ولایەنگرانی حیزبی دێموکرات وخەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان هەمان سیاسەتی گرتە بەر و بۆ ئەو مەبەستەش لە ناوبردن وحەزفی فیزیکی سەرانی حیزبی دێموکراتی کردە ئامانجی سەرەکی خۆی و تیرۆریزمی دەولەتی لە رۆژهەلاتی کوردستان پلان دارێژراو و بە بەرنامە ئەو ئامانجەی بەرێوە برد.

تێرۆری رێبەرانی جووڵانەوە چ لە سەر ئاستی کوردستان و چ لە سەر ئاستی ئێران، کاریگەریی نەرێنیی خۆیان دانا. لە سەر ئاستی کوردستان جووڵانەوەی رزگاریخوازی لە کوردستان بەرەبەرە دەستی بە پاشەکشە کرد و لە ئاکامی راوەستانی بە تەواوی خەباتی بەرگریی چەکدارانە، هێز و دەسەڵاتی بەربڵاوی حیزب بە کردەوە تووشی لاوازی بوو، تا ئاستێک کە بە هۆی کۆمەڵێک هەلومەرجی پێشهاتوو لە ناوچەکە، حیزبی دێموکرات بە ناچاری دەستی لە خەباتی بەرگری چەکدارانە هەڵگرت و دەکرێ ئەوەش بە سەرکەوتنێک بۆ کۆماری ئیسلامی حیساب بکەین کە بە قەولی خۆیان " غائلەی کوردستانیان لە کۆڵ بۆوە".

لە سەر ئاستی ئێران، ئەگەرچی تێرۆرکردنی د.قاسملوو زەبرێکی سامناک بوو کە لە حیزبی دێموکرات و لە کۆمەڵگای کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان کەوت، بەڵام خەسارێکی یەکجار گەورەش بوو کە وەجووڵانەوەی دێموکراسیخوازانە لە سەر ئاستی سەراسەری ئێران کەوت. بە نەمانی د. قاسملوو گەلانی ئێران کەسایەتییەکی هەڵکەوتوو ولێزانیان کە بۆ پرۆسەی بە دێموکراتیزە کردنی ئێران دەور و کاریگەریی زۆر بەرچاوی هەبوو لە دەست دا و ئەوەش بۆ دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقی دەسکەوت و سەرکەوتنێکی گەورە بوو. د.قاسملوو تەنیا خاوەنی جێگە وپێگەیەکی کوردستانی وئێرانی نەبوو، بەڵکوو کەسایەتێکی سیاسی وئاکادەمی جیهانیش بوو.

### ئامانجی ئەو تێرۆرە تێکشکاندنی کەسایەتیی وهۆوییەتی کوردی تاکەکانی کوردە

ئامانجێکی دیکەی تێرۆریزمی دەولەتی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆری د. قاسملوو تێکشکاندنی کەسایەتیی تاکی کورد بووە وبۆ ئەوەی هەستی متمانە بە خۆکردن لە ناخی دابکوژێ. خۆ بەکەم زانین و تەحقیربوون لە لایەن دەسەڵاتدارەوە. هەم لە کەیسی تیرۆری د.قاسملوو دا و هەمیش لە کەیسی تێرۆری د. شەرفکەندی دا کۆماری ئیسلامی هەوڵی تەحقیرکردنی هۆوییەتی نەتەوەیی تاکی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستانی داوە و لە ناوخۆی وڵات لە رێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵی داوە ئەو پەیامە بە گوێی خەڵک لە رۆژهەلاتی کوردستان بگەیەنێ کە " خودموختاریمان دا بە رێبەرەکانتان". لە سەر ئاستی دەرەوەش بە سات و سەودای سیاسی و بازرگانی هەوڵیان داوە کە تێرۆری سەرانی کورد وەکوو شتێکی بێ نرخ و بێ بایەخ بە دونیا نیشان بدەن و خۆیانی لێ بێ بەری بکەن و دیتیشمان کە چۆن دوای تیرۆری د.قاسملوو و هاورێیانی لە وییەن، بە سات وسەودای سیاسی و بازرگانی دمی دەسەلاتدارانی ئەو سەردەمی حکوومەتی ئۆتریشیان بەست و تیرۆریستە نێردراوەکانیان بە بێ هیچ گیرو گرفتێک بە فرۆکە بردەوە تاران.

### ئەو تێرۆرە کاریگەری راستەوخۆی لە سەر سایکۆلۆژی تاکی کورد هەبوو

کرداره تێرۆریستییەکان وحەزفی جەستەیی رێبەرانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی لە رۆژهەلاتی کوردستان جگە لە کاریگەری دانان لە سەر بواری جەستەیی و لەناو بردن، لە بواری سایکۆلۆژیشەوە کاریگەریی خۆیان لە سەر تاکی کورد داناوە. تێرۆری رێبەری هەڵکەتووی کورد د. قاسملوو بە روونی ئەو مەسەلەی دەرخست و کاریگەریی نەرێنی راستەوخۆی لە سەر روحیەی ئەندامانی حیزب بە پلەی یەکەم و بە پلەی دووهەمیش لە سەر روحیە و مۆرالی تاکەکانی کۆمەڵگای کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان داناوە و زۆر کەسی تووشی ناهۆمیدی و بێ هیوایی کرد. ریژیم بەو کارە هەوڵی دا کە بە تەواوی وورەی ئەندامانی حیزبی دێموکرات بروخێنێ و تۆوی ناهومیدی و شکست لە ناو ئەندامانی حیزبی دا بچێنێ و لە خەبات

و شۆرش ساردیان بکاتەوە و لە هەمان کاتدا خەڵک لە پشتگری وپشتیوانی ئەو حیزبە وهێزی پێشمەرگە دوور بخاتەوە و نیشانیان بدا کە دژایەتی کردنی دەولەت ودەسەڵاتەکەی جگە لە زیندان و کوشتن و مەرگ هیچ ئاکامێکی بۆیان نابێ.

## ڕەهەندی دووهەم، کاریگەری تێرۆری د.قاسملوو بۆ سەر حیزبی دێموکرات و ئاکامەکانی دوای ٢٥ ساڵ

تێرۆری د.قاسملوو وعەبدوللای قادری ئازەر سەرەتای دەستدرێژیی تیرۆریزمی دەولەتی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد لە دەرەوەی سنورەکانی کوردستانە. کۆماری ئیسلامی بە بیانووی چارەسەری کێشەی کورد زۆر لە مێژبوو کە پیلانی لە داوخستنی ڕێبەری بلیمەت و لێوەشاوی گەلی کورد د.قاسملووی دارشت بوو، تەنیا لە دەرفەت دەگەڕا تاکوو جێبەجێی بکا و بە داخەوە ئەوجارەش ڕێبەری خەباتی ڕزگاری خوازانەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە فرت وفێل وسوێند وقورعان خواردن و بەڵێنی درۆ " کەوتە داوی عەجەمان" و زۆر درندانە وجەنایەتکارانە وبێ ئەخلاقانە لە سەر مێزی بە ناو وتووێژ بە دەستی تێرۆریستەکانی نێردراوی ڕێژیمی تێرۆریستی تاران کە خۆیان بە دیپلۆمات ناساندبوو شەهید کرا.

ئاکامی ئەو تێرۆرە بۆ سەرحیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان کارەساتاوی بووە. لە راستیدا بە تێرۆری د.قاسملوو حیزبی دێموکرات تووشی شۆکێکی ئەوەندە گەورەی سیاسی وتەشکیلاتی و رێکخراویی وسایکۆلۆژی بووە کە دوای ٢٥ ساڵ نەیتوانیوە قەرەبووی ئەو زەبرە قورسە بکاتەوە و قورسایی سێبەری مەرگی د.قاسملوو بە سەر هەر دووک حیزبی دێموکرات بە تەواوی هەست پێدەکرێ. تەنانەت تێکەڵ بونەوە و وەرسەریەککەوتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وحیزبی دێموکراتی کوردستان . ڕێبەرایەتی شۆرشگێر لە کۆنگرەی ١٠ی حیزب دا هیچکات نەبوو هۆی ئەوەی کە بۆشایی نەبوونی د.قاسملوو پڕ بکرێتەوە وحیزبی دێموکراتێکی یەکگرتوو و بە هێز دروست ببێتەوە.

کێشە ناوخۆییەکانی دوای ئەو تێکەڵبونەوەش ئەوەی بە روونی دەرخست کە یەکگرتنەوەکە زۆرتر رووکەش و ڕواڵەتی بووە نەک لە سەر ئەساسی باوەر وئیمان و متمانە بە یەکترکردن. چەند دەستەیی وناوچەگەرایی لە ریزەکانی حیزبی دێموکرات دا بە تایبەت لە نێو ڕێبەری ئەو حیزبە بوو بە هۆی ئەوەی کە ڕێبوارانی د.قاسملوو بۆ جارێکی دیکە لە سەر ناو ومیراتی سیاسی د.قاسملوو نەسازێن و لە ئاکامی کۆمەلێک کێشەی دەرون حیزبی و بەرژەوەندی شەخسی کۆمەلێک کەس لە ڕێبەری ئەو حیزبە دا، دیسان ریزەکانیان لێک جیابکەنەوە و هەمیسان شەڕی ئەوەیان درێژە پێبدەنەوە کە کامەیان رێبوار و درێژەدەری راستەقینەی رێگای د.قاسملوویە. لە ئاکامی ئەو کێشە دەرون حیزبیانە و دابەش کردنی حیزب بە سەر دوو حیزبدا، د.قاسملووش دابەش بووە و هەر دووک لا کێ بەرکێی ئەوەیانە کە خۆیان و حیزبەکەیان بە درێژەدەری راستەقینەی د،قاسملوو بزانن و بەداخەوە کەسایەتی بەرزی د.قاسملوو لە کەسایەتێکی نەتەوەیی ونیشتمانی وتەنانەت جیهانیشەوە دابەزیوە بۆ کەسایتێکی سرف حیزبی.

هیندێک لە کەسانی نێو ریزەکانی ڕێبەری دێموکراتەکان د.قاسملوویان کردووە بە ئەبزاری بازارگەرمی خۆیان وخۆیان هیچی نوێ و سەردەمیانەیان پێ نیە و توانایی ئەوەشیان تێدانیە کە خۆیان داهێنەر ودارێژەری بیروفکرێکی نوێ سیاسی وسەردەمیانە بن. ئەو شەخسانە توانای ئەوەیان نیە کە خەباتی چەق بەستووی کورد لە رۆژهەلات لەو وەزعە تراژیکەی کە تێدایە ڕزگار بکەن وخوینێکی نوێ وەبەر خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان دابکەنەوە وهەر بۆیەشە هەر لە سەر سفرەی د.قاسملوو دەخۆن و لە ڕابردوو دا دەژین و نەیارانی خۆشیان بە خەیانەت ولادان لە رێبازی د.قاسملوو تاوانبار دەکەن و بەو جۆرە ڕەوایەت بە دابەش بوون و دووبەرەکی و دوو دێموکرات بوون دەدەن. د.قاسملوو دەیفەرموو " باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی رێگایانە". ئایا رێبوارانی د.قاسملوو ئەو وتە بە نرخەی دوکتوری شەهیدیان لە بەرچاو گرتووە وئامادە بوونە یەکگرتوو و یەکریز حیزبێکی نوێ وسەردەمیانە وبە هێزی دێموکرات دروست بکەنەوە وکۆتایی بە دوو دێموکراتی و دووبەرەکی بێنن؟ ئێستا ئیدی بۆتە مۆد، کە هەموو ساڵی ولە یادکردنەوەی ٢٢ی پوشپەر، سالرۆژی تێرۆری د.قاسملوو و هاورێیانی، رێبوارانی د.قاسملوو هەرکامیان بە جودا دەچنە سەر گۆڕی دوکتوری شەهید وبە جودا سمیناری لە دەرەوە ولە باشوری کوردستان بۆ دەگرن.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە گەلۆ،د.قاسملوو بۆ دابەشکردن دەبێ کە ئەو دوو دێموکراتە دابەشیان کردووە و ماوەی چەند ساڵە ولە دوای دابەش بوونی حیزبی دێموکرات بۆ سەر دوو حیزبی دێموکرات،قاسملووی ئێمە و قاسملووی ئەوان دروست بووە؟

باشترین پاداش بۆ رێزگرتن لە د.قاسملوو وهەموو شەهیدانی ئەو دوو حیزبە لە رۆژهەلاتی کوردستان وەسەریەکخستنەوەی هەردووک حیزب دێموکراتە لە سەر ئەساسی دروست کردنەوەی حیزبێکی نوێ وسەردەمیانە بە باوەر ولێبوردن لە یەکتر و وەلانانی دووبەرەکی و یەکتر بوغزاندن ویەکتر سرینەوە و وازهێنان لە دەستەبەندی و ناوچەگەرایی ودابەشکردنی کردنی حیزب بە سەر بەرژەوەندی کۆمەلێک کەس لە رێبەری ئەو دووحیزبە دایە. حیزبی دێموکرات موڵکی تایبەتی هیچ کەسێک نیە وهیچ کەس وگروپێک لە ناو هەر دووک حیزبی دێموکرات کە خۆیان بە رێبوار ودرێژەدەری رێگای د.قاسملوو دەزانن بۆیان نیە حیزب وەکوو کلوب وملک ومالی خۆیان سەیربکەن وبۆ ئامانج و قازانجی شەخسی وبنەمالەیی خۆیان بەکاری بێنن.

رەهەندی سێهەم، روانگەکانی د.قاسملوو بۆ چارەسەری کێشەی سیاسی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان

د.قاسملوو لە کۆوبونەوە و دانیشتن و وێژەکانی دا روانگە وبۆچوونەکانی حیزبی دێموکرات لە مەڕ کێشەی سیاسی کورد لە ئێران و رۆژهەلات و رێگای چارەسەری دەخاتە روو. لە بۆچونەکانی د.قاسملوو دا چەندین خالی گرینگ وسرنجی راکێش هەن کە هەتاکوو ئێستاش هەر تازەن و بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە وئەوەش هۆکاری مانەوەی رێژیمی ئیسلامی و دەسەلاتی دیکتاتۆری کۆمەلێک ئاخوندی شیعەیە بە سەر ئێراندا.

د.قاسملوو بە نیسبەت کوردستان دەلێ " بە تەجروبە بۆمان دەرکەوتووە کە ئێمە بە تاقی تەنیا لە کوردستان دەتوانین وتوانیومانە کوردستان بکەین بە سەنگەری ئازادی ودێموکراسی ئێران، بەلام ئێمە بە تەنیا لە ئێراندا ناتوانین حوکمێکی دێموکراتیک بێنینە سەرکار وبەرێوەشی بەرین وبۆ ئەوە دۆست وهاوپەیمانمان پێویستە. بێگومان لە پێشدا دۆست وهاوپەیمانی ئێمە گەلانی دیکەی زولم لێکراوی ئێران وەک ئازەربایجانی،بەلوچ،تورکەمەن وعەرەبن وبۆیە لە پێشدا پەیامان بۆ ئەوانە کە ئەوانیش وەک ئێمە دژی ئەو رێژیمە خوین رێژە راپەرن. لە گەل رێژیمی خومەینی هیچ رێگای دیکە، جگە لە چەک هەلگرتن و خەباتکردن تاسەر نیە ".

خالی گرینگی ئەو بۆچونەی د.قاسملوو گرینگی پێدان بە هاوپەیمانی کورد لە گەل نەتەوەکانی دیکەی زولم لێکراوی غەیری فارسی ئێرانە و لە سەر ئەو باوەرەیە کە بە بێ دروست بوونی هاوپەیمانێکی لەو چەشنە خەبات بۆ ئازادی ودێموکراسی و چارەسەری کیشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا وەدی نایە. ئەو بۆچوونەی د.قاسملوو دوای ٢٥ سال هەر تازەیە و بە هۆی نەبوونی بەرە یان هاوپەیمانێک لە نێو حیزب و رێکخراوەکانی نەتەوەکانی دیکەی غەیری فارسی ئێران دا، کورد نەیتوانیوە داواکانی خۆی بە سەر رێژیمی تاران داسەپێنێ وئەوەی ئەورۆ دەبیندرێ پاشەکشە وچەق بەستوویی خەباتی رزگاری خوازی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستانە وحکومەتی مەلایانیش هیچ حیسابێک بۆ کورد وحیزبەکانی و مافی ئەو نەتەوەیە ناکا. گرفتی سەرەکی روانگەی دوو دێموکراتە لەوەی دایە کە خۆیان زیاتر بە نزیک کردنەوە لە کەسایەتی وگروپ گەلێک کە زیاتر سەر بە قەومی دەسەلاتدارە خەریک کردووە و بە قەولی خۆیان هەول دەدەن روانگەی ئەوان بە نیسبەت کێشەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بگۆرن و پشتگری ئەوان بۆ لای چارەسەری کێشەی کورد رابکێشن.

ئەو سیاسەتە تاکوو ئێستاشی لە گەل بێ هیچ دەسکەوتی بۆ حیزبی دێموکرات وگەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان نەبووە و بە پێچەوانە زۆربەی هەرە زۆری کەسایەتی و ئەحزابی بە ناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەرەوەی وڵات کە سەر بە قەومی دەسەلاتدارن خۆیان لە کێشەی کورد نەداوە و روانگەکانیان زیاتر لە رێژمی ئیسلامی نزیکترە. ئەوان پیانوایە کە مەسەلەی کورد وباس لە مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا ئەو وڵاتە بەرەو دابەشکردن دەبا وبۆیەش کورد بە جیاوازیخواز دەزانن. بەوهۆکارەشە کە بە هیچ جۆرێک ئامادە نەبوون کە لە گەل کورد وگەلانی دیکەی غەیری فارس بەرەیەکی دێموکراتیک پێک بێنن کە ببێ بە ئالترناتیڤی رێژیمی خومەینی وئێران وەکوو وڵاتێکی فرە نەتەوە وفرە زمان وکولتور وئاین قەبوڵ بکەن. هەر ئەو روانگەی ئەوان وایکردووە کە رێژیمی مەلایان بە کردەوە ئۆپۆزیسیۆنێکی بە هێز ویەکگرتووی نەبێ کە ببێ

به هۆی مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتەکەیان.

د.قاسملوو لە بەشێکی دیکە لە وتەکانی دا لە مەڕ بوونی کێشەی نەتەوەکان لە ئێران دا دەڵێ " بە بێ بوونی رێژیمێکی دێموکراتیکی راستەقینە مافەکانی گەلی کورد دابین ناکرێ وبە بێ دابینکردنی مافی نەتەوایەتی گەلی کوردیش، رێژیم بە مانای تەواوی وشە دێموکراتیک نابێ. ئەگەر دوژمنانی شۆرشی کورد پیانوایە بە سازکردنی بەیت وباوی جیاوازیخوازی گەلی کورد ناچار بکەن حالەتی دیفاعی بە خۆوە بگرێ وداوای مافەکانی نەکا زۆر بە هەڵە چوون. ئێمە داوای دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆمان دەکەین ولە رێگای وەدەست هێنانی ئەو مافەش دا بە هەموو تواناوە تێدەکۆشین. ئێمە دڵنیاین هیچ رێژیمێک لە ئێراندا، رێژیمێکی بە راستی گەلی، دادپەروەر ودێموکراتیک نابێ، ئەگەر نەتوانێ مەسەلەی نەتەوایەتی کە یەکێک لە گیروگرفتە بنەڕەتیەکانی وڵاتی ئێمەیە چارەسەر بکا. راستیەکەی ئەوەیە کە لە ئیراندا گەلانی زۆرلێکراو زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی وڵات پێک دێنن، خویندن بە زمانی زگماکی، پاراستن وپەرەپێدانی فەرهەنگی نەتەوایەتی، لابردنی جیاوازی دانانی ئابوری وسیاسی ولە هەمووی گرینگتر دیارکردنی چارەنووس بە دەستی خۆیان بەشێک لە مافە رەواکانی ئەو گەلەن.

د.قاسملوو لە سەر ئەو باوەرەیە کە " ئێرانێکی دێموکراتیک زامنی دابینکردن وپاراستنی مافەکانی گەلی کوردە وبە نەبوونی دێموکراسی ئەو مافانە دابین ناکرێ و بۆیەش دەڵێ لە گەڵ رێژیمی خومەینی هیچ رێگایەک نیە، تەنیا چەک هەڵگرتن و خەباتکردن هەتا سەر".

ئەو روانگەی د.قاسملوو دوای ٢٥ ساڵ بە سەر شەهید کرانی دا هەر تازەیە و رێژیمی ئیسلامی ئێران نەک بەرەو دێموکراسی وکرانەوە ودابینکردنی مافە سیاسی وکۆمەلایەتیەکانی گەلانی ئێران نەرۆیشتووە، بەلکوو بە پێچەوانەوە دەسەڵاتی دیکتاتۆری عەلی خامنەیی بە هێز وگورتر لە جاران سەرکوتی هەموو جۆرە داواکاری وماف وئازادییەکانی کردووە وئەوەی راستی بێ کوردی رۆژهەلات هیچیشی لە لایەنی بە ناو " ریفۆرم خوازی " حکومەتی ودەرەوەی حکومەتی کە لە سەردەمی مەحەممەد خاتەمی وبە هاتنە سەر کاری ناوبراو وەکوو سەرۆک کۆمار دەستی پێکرد دەست نەکەوتووە وئێستاشی لە گەڵ بێ وبە هاتنە سەرکاری مەلا حەسەن روحانیش وەزعە هەروەکوو خۆیەتی. هەرچەند کوردی رۆژهەلات بە رێژەیەکی زۆر دەنگیان بە مەلا حەسەن روحانی دا، بەڵام ناوبراو ساڵێک دوای بوون بە سەرۆک کۆماریش هەر خەریکی درۆ کردن وهەڵخەتاندنی کوردەکانی رۆژهەڵاتە و هەر رۆژەی درۆیەکیان تەحویل دەدا.

خەباتی چەکداری لە رۆژهەلاتی کوردستان زیاتر لە ٢٠ ساڵە کۆتایی پێهاتووە و خەباتی بە ناو مەدەنیش کە دێموکراتەکان وهیندێک لایەنی سیاسی باسی لێدەکەن و بە قەولی خۆیان سەردەمی ئێستا سەردەمی خەباتی مەدەنی وئاشتیخوازانەیە، هیچ شتێکی ئەوتۆ نابیندرێ کە خەباتی مەدەنی شاروشارۆچکەکانی رۆژهەلاتی کوردستانی گرتبێتەوە وکوردانی رۆژهەلاتی بە خەباتی نافەرمانی مەدەنی لە مەیدان دابن وداوای مافەکانیان بکەن. دوو دێموکرات ولایەنەکانی دیکەی سیاسی رۆژهەلاتی کوردستان نەیانتوانیوە خەباتەکەیان بکەن بە خەباتی جەماوەری و خەڵک لە دەورەی ئامانج وسیاسەتەکانیان کۆبکەنەوە و لە بەر کێشەی ناوخۆیی ودەرونی حیزبیان وکێشەی بەرژەوەندە شەخسییەکانیان، کێشەی سەرەکی ودوژمنی سەرەکیان کە کۆماری ئیسلامیە لە یادکردووە.

رێژیمی ئیسلامی رێژیمێکی فاناتیکی ئیسلامی شیعەیە وئامانجی بڵاوکردنەوەی بیروڕای کۆنەپەرەستانەی خۆمەینی و پەرەپێدانی بیرۆکەی پان شیعیسمە لە هەموو رۆژهەلاتی ناوەراست. ئەوەی ئەورۆ لە لوبنانەوە هەتاکوو عێراق روودەدا دەرخەری ئەو راستییە کە کۆماری ئیسلامی لە فکری دروست کردنی ئیمپراتۆرێکی شیعەیە لە ناوچەکە دا لە دژی سوننە مەزهەبەکان وئاینەکانی دیکەی ناوچەکە. بۆیە چاوەروانی لەو رێژیمە کە دژی دێموکراسی وئازادی ومافەکانی ژنان ومافەکانی گەلانی غەیری فارس وشیعەیە کە بەرەو کرانەوە وگۆران ودێموکراسی هەنگاو بنێ و دان بە مافەکانی کورد وباقی گەلانی غەیری فارس وشیعە دابنێ ولە ئێراندا دێموکراسی ودادپەوەری ویەکسانی پێک بێنێ چاوەروانێکی زۆر ساویلکانەیە وجگە لە خۆفریودان و خۆ دزینەوە لە راستییەکان هیچ نێویکی دیکەی لێ نانرێ.

حیزبەکانی رۆژهەلات، بە تایبەت دوو حیزبی دێموکرات پێویستە بە خۆیان و بە سیاسەتەکانیان دابچنەوە و لە پەیوەندی بە سیاسەت وهەڵویستیان بە نیسبەت دابینکردنی مافەکانی کورد لە رۆژهەلات کێشەکانیان وەلا بنێنن و بە روحی لێبوردویی و تەبایی و یەکریزی ویەکتر قەبول کردن، حیزبی دێموکراتێکی نوێ و یەکگرتوو و بەهێز دروست بکەنەوە. حیزبێک کە ببێتە جێگای هیواوهومید ومتمانەی هەموو خەلکی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ورمێ وە تاکوو ئیلام وئەوڵاتریش خۆیانی تێدا ببینەوە. ئەو کات خوێنی د.قاسملووی شەهید وهەموو شەهیدانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە فیرۆنەچووە و ڕوحی هەموویان شاد دەبێ.

سەرچاوە : ماڵپەڕی حدک میدیا / ڕێکەوتی : ١٣ی جووڵای ٢٠١٤

## قاسملوو بۆ بەرەو پیلی مەرگ چوو؟

ئاگری باڵەکی

دوکتور قاسملوو ئەوەی کرد کە پێشەوا کردی، بەڵام لە کات و شوێنی جیاوازدا،دوکتور قاسملوو پڕمەترسیترین ڕێگای گرتەبەر تا بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بە دۆخی ئەمڕۆ نەگات.



ئەو سەرتیترەی سەرەوەپرسیارێکەکەماوەی ٢٥ ساڵە لە مێشکی ئێمەدا دێت و دەچێ! ئەرێ بۆ قاسملوو بە دەستی خۆی بەرەوپیلی مەرگ چوو؟ لە ڕاستیدا لەسەر ئەو پرسیارەزۆر گوتراوە و زۆر بیستراوە.

ئەرێ بۆ د. قاسملوو بەو هەموو زیرەکییەی کە هەیبووە، لە داوێک کەوت کە بەدەیان جار سەبارەت بەم جۆرەپیلانانەهاوڕێیان و ئەندامانی حیزبیی خۆی ئامۆژگاری دەکرد کە قەت باوەڕ بە عەجەم نەکەن، هەر چەند دەتوانم بڵێم ئەم قسەیەی کە باوەڕ بە عەجەم نەکەن، لە باپیرەوەبۆی مابوویەوە. هەر وەک خۆی لە چەندین بۆنەدا ئەمە باس دەکات، چونکە لەو ساڵەدا کە (سمکۆی شکاک ) بە دەستی سوپای ئێران تیرۆر کرا، قاسملووش لەدایک ببوو . ئەو چاک دەیزانی کە نابێ بە بیانووی گفتوگۆ لەگەڵ عەجەم بەنهێنی دابنیشێ، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە نەدەبوو ڕوویدابا، ڕوویدا.

قاسملوو هەروەک بۆخۆشی باسی دەکرد، سێ ئەسڵی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دانابوو: گفتوگۆکان دەبێ ئاشکرا بن، لایەنی سێیەم دەبێ بەشدار بێت و لەگەڵ دەوڵەتیش بێت. هەرچەندە بەردەوام خۆی جەختی لەسەر ئەو ئەسڵانە دەکردەوە، بەڵام لە ئاخرین دانیشتنی لەگەڵ بەناو نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەم ئەسڵانەی بە ئەنجام نەگەیاند.

بەڵام ئەگەر قاسملوو ئەو شتانەی دەزانی، بۆ بەرەو پیلی مەرگ چوو؟ بۆ د.قاسملوو بڕیاری دا کە گفتوگۆ بکات؟ قاسملوو بۆ بڕیاری دا بە تەنیا دابنیشێت؟ چۆن قاسملوو ڕازی بووە بەبێ لایەنی سێیەم لە گفتوگۆکاندا بەشدار بێت؟ چۆن بوو قاسملوو بێ ئەوەی ئاگادار بێت لە شێوەو کەسەکانی وەفدەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵیان دانیشت؟ بۆ هیچ کەرەسەیەکی پارێزگاری پێ نەبوو؟ یان پارێزگاری لەگەڵ نەبوو؟ ئەوانە و کۆمەڵێک پرسیاری تریش تا ئێستا وەڵامێکی گونجاویان بۆ نەدیتراوەتەوە یان ئەگەر وەڵامیشیان درابێتەوە، ئەوەندە وەڵامەکان تەم و مژاوین کە بەڕاستی مرۆڤ بە قەناعەت ناهێنێ.

ڤییەن، پێنج شەممە، ١٣ی ژووئیەی١٩٨٩ ڕۆژێکی لەیاد نەچوو لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، ڕووداوی تیرۆری قاسملوو ماوەی ٢٤ ساڵە بێ وەڵام ماوەتەوە، بێ وەڵامی لەوەی نا کە بکوژەکان کێ بوون یان سەر بە چ لایەنێک بوون، بێوەڵامی لەوەی کە نازانرێ چۆن د. عەبدوڵڕەحمان قاسملوو ڕازی بووە کە بە دەستی خۆی بکەوێتەنێو داوێک کە خۆی لە هەموو کەس زیاتر ڕاوچییەکانی باشتر ناسیوە.

### کەسایەتیی گوماناویی نێو پلانەکە:

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

فازڵ رەسووڵ ( ئەنوەر) کێیە؟ بۆچی بەشێک پێیانوایە کە فازڵ رەسووڵ لە تیرۆرەکە ئاگادار بووە؟ ئایا تیرۆریستان بۆ لەنێوبردنی شاهید ئەویشیان لەناو بردووە؟ ئایا ئەو ویستوویەتی ببێتە کەسێکی مێژوویی کە لەسەر دەستی ئەو، کێشەی پارچەیەک چارەسەر بێت.

فازڵ رەسووڵ (ئەنوەر) کەسێک بووە کە زۆربەی وەرگێڕادراوەکانی لەسەر کۆماری ئیسلامی بوون یان نووسەرانی ئەو کتێبانەی کە ئەو وەریگێڕاون، لە دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامی بوون، وەک نموونە وەرگێڕانەکانی لە فارسییەوە بۆ عەرەبی: "ئێران غوربەتی سیاسەت و شۆڕش، ئەبولحەسەن بەنی سەدر. سنووری جیاکەرەوەی سیاسەت و دین، مەهدی بازرگان. نەوت و کۆنترۆڵ، ئەبولحەسەن بەنی سەدر"، یاخود لە نووسینەکانی وەک نموونە "ئاوا عەلی شەریعەتی دوا؛ بە زمانی عەرەبی". ئەمانە گومان لەوە دەکەن کە فازڵ رەسووڵ وەک کەسێک زۆر نزیک لە بیرۆکەی کۆماری ئیسلامی ژیاوە و بەپێی ئەو هەڵسوکەوتی کردووە، بەڵام بەراستی فازڵ رەسووڵ کێیە؟

دکتۆر (فازڵ مەلا مەحموود مەلا رەسووڵ) لەساڵی ١٩٤٧ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە. لە قۆناغی ناوەندی لە سەردەمی حکوومەتی (بەکر سدقی) زیندانی کراوە. لە سەرەتای لاویەتیدا جموجۆڵی رۆشنبیری و سیاسی هەبووە و وەک "چەپییەکی مائۆیی" خەباتی کردووە. لە حەفتاکاندا یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان. لە نیوەی حەفتاکاندا بەرەو ئەوروپا دەکەوێتە رێ و لە نەمسا دەگیرسێتەوە و پەرە بە خوێندنی خۆی دەدا. لە ساڵی ١٩٨٥ لە بەرلین بڕوانامەی دکتۆرای بە دەست هێنا لە زانستی سیاسەتی نێو دەوڵەتی. ساڵی ١٩٨٦ لە بەیروت گۆڤاری (مینبەر ئەلحیواری دامەزراند. چەندین کتێبی نوسیووە و وەرگێڕانی کردوون. (سەرچاوە: ویکیپیدیا - کتێبی رەحمانی کوردان)

هەموو ئەو کەسانەی فازل رەسووڵیان دەناسی لەئاڵوگۆڕیەک لەدوایەکی بیروبڕوای سیاسیو ئیدئۆلۆژیکیی ئەو بەباشی ئاگادارن؛ لە عێراق خەباتکارێکی کورد بوو، و هێندەی پێنەچوو بوو بەمائۆئیستو دوایە رۆیشتە تاراوگە. لایەنگرێکی توندوتیژی(مائۆ تسەتۆنگ) بوو. ساڵی١٩٧٨ چوو بۆ چینو گەڕایەوەو لەساڵەکانی١٩٨٣و ١٩٨٤دا، دووجار بەسەفەر چۆوەئەویٚو پاشان، بیرو بڕوایخۆیگۆڕیو بوو بەموسوڵمان. (رەحمانی کوردان، کارۆل پرونهوبێر).

مام جەلال تاڵەبانی لە دیمانەیەکدا دەربارەی فازڵ رەسووڵ دەڵێ: «هەر بۆیەش قاسملووی هان دا بچێتەڤییەن. کابرایەکی(فازل رەسووڵ) هەلپەرست بوو. بەنیسەدرو بزبیللا باش نایناسن. لەسەردەمی منداڵییەوە دەمناسی .

لەخوێندنگەی ناوەندییەوە، دەگەڵبرا گەورەکەی، هاوکلاس بووین. ئەو نوێنەری رێکخراوی خوێندکارانو حیزبەکەمان بوو. کاتێک حیزبی کۆمەڵەی عێراقمان پێک هێنا، دەگەڵ کەوت. دوایماوەیەک چوو بۆ لایحیزبی کۆمۆنیستی عێراقو دەگەڵ باڵی شۆڕشگێڕەکان کەوت. پاشان بوو بەمائۆئیستو سەرئەنجام ئیسلامییەکی بناژۆ. ئاخرییەکەشی، بەهۆی ئیسلامیبوونێکی تەواو بناژۆ، پێوەندییەکی باشی دەگەڵ(بەنیسەدر) و (بن بیللا) دامەزراندبوو." مام جەلال هەر دەربارەی (فازڵ رەسووڵ)ەوە دەڵێ «فازڵ کەوتبووە ژێر پۆزو لەخۆبایی بوونەوەو هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو زەینی خەڵکی بۆلای خۆی راکێشیٚو هەمیشە دەگەڵ کچان تێکەڵاو بوو. لەوڵاتی ئێمە دەزانن کاریوا چ ئاکامێکیهەیە.

تەنانەت ماچکردنی کچێک وەک جینایەتێک چاوی لێدەکرا». لە کۆتا قسەکانیدا مام جەلال تەکید دەکاتەوە کە ئەو لەسەر ئەو بڕوایەبوو کەئێرانییەکان دەیانەویٚ قاسملوو بکوژنو رەسووڵیان پێباشترین کەس بوو بۆ بەڕێوەبردنیپیلانەکەیان. تاڵەبانی دواتر دەڵێ: «لەسەر ئەو بڕوایەم بۆیەئەویان هەڵبژارد بوو چونکەلایەنە لاوازەکانی ئەویان زۆر باش بۆ دەرکەوتبوو». (رەحمانی کوردان، کارۆل پرونهوبێر).

بەڵام هۆکاری چ بوو کە قاسملوو لەو داوە کەوت و دوور لە چاوی هاوڕێ و ئەندامانی حیزب خۆ لەقەرەی کارێکی وەها پڕ لەمەترسی دەدات؟

د. قاسملوو کەسایەتییەکی دوور ئەندێش بوو، بە فاکت و هۆکارەوە بۆ داهاتوو دەیڕوانی،هیچ کات بڕیارێکی بەبێ پرس و راو و ئاکامەکانی نەدەدا، هەر بۆیەش لە بارەی گفتوگۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا وا بیری دەکردەوە، زۆر هۆکار هەبوون کە قاسملووی پاڵ پێوەنا بۆ ئەوەی لەوەها داوێک بکەویت، لێرەدا چەندین فاکت دەخەینەبەر دیدی خوێنەران کە بۆخۆیان لەوبارەوە قەزاوەت بکەن.

فاکتی یەکەم کە دەتوانریٚ گرینگترین فاکتیش بێت، هەروەک هەموو لایەک ئاگادارین لە کاتی تیرۆرکرانی د. قاسملوو دا ماوی چەند مانگێک بوو کە ئێران و ئێراق شەڕی هەشت ساڵەیان راگرتبوو، و بە کردەوە ئاگربەستیان لە هەموو بەرەکانی شەڕدا رەچاو دەکرد. خومەینی ماوەی مانگێک بوو لە ژیاندا نەمابوو، رەفسەنجانی بۆ ماوەی کاتی جێگای گرتبوویەوە، هەڵبەتە مردنی خومەینی ناتوانین داببنێین بە یەکێک لە

فاکتەرەکان، چونکە پێش مردنی خومەینیش، د. قاسملوو لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئیران دانیشتنی هەبوو.

لە ٣٠ و ٣١ی دیسامبری ١٩٨٨ و ای جولای ١٩٨٩ بە ناوبژیوانی نوێنەرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان. بۆیە مردنی خومەینی ناتوانین دابنێین بە فاکتەری بەهێز بۆ ئەوەی د.قاسملوو چووە سەر میزی گفتوگۆ، بەڵام دوکتور قاسملوو لەوە دەترسا کە دیسان پەیماننامەیەکی دیکە وەک ئەوەی ئەلجەزائیری ١٩٧٥ دووبارە بێتەوە، کە حکوومەتەکانی ئەوکاتی ئێران و ئێراق لەسەر لەناوبردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان رێک کەوتبوون . د. قاسملوو لە نسکۆیەکی تر دەترسا، ئەو دەترسا لە بوونی وەها قەراردادێکدا ئەوەی ئەو چەند ساڵە هەوڵی بۆ داوە، هەمووی بە یەک واژۆ لە ناو دەچێت. ئەوانەی لەکاتی خۆیدا لە ساڵی ١٩٨٨ لە کاتی ئاگربەستی ئێران و ئێراق لە بنکەکانی حیزبی دێمۆکرات بوون لە قەندیل، ئەوە چاک دەزانن پێش چوونی د. قاسملوو بۆ دەرەوەو هەروەها گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران باسێک لەنێو حیزبدا هەبوو بەنێوی رۆژی رەش یانی ئەو رۆژەی کە ئێران و ئێراق لەسەر بزووتنەوەی کورد دەگەنە تەواففیک و دیسان رێککەوتنی ئەلجەزائیرێکی دیکە دووبارە دەبێتەوە.

د. قاسملوو ئەوەی باش دەیزانی لە بوونی وەها پەیمانێکدا بزووتنەوەی کورد چ لە رۆژهەڵاتی کوردستان و چ لە باشووری کوردستان تووشی نسکۆیەکی

تر دەبێت، هە ربۆیە ویستی بەهەر نرخێک بێت رێگاچارەیەک ببینێتەوە بۆ ئەوەی بزووتنەوەکە لەو قەیرانە رزگار بکات، بەڵام نەیدەزانی کە گیانی لەو

پێناوەدا دادەنێت.

هەڵبەتە دەتوانم بڵێم قاسملوو چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کە ساڵێک دواتر لەسەر هەڵەیەکی (سەدادم حوسێن) راپەرینی بەرینی جەماوەری لە باشووری کوردستان روو بدات، بەڵام دەتوانم ئەوە بڵێم کە بەرپرسانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان ویستوویانە کە کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە گفتوگۆ لەگەڵ ئێران چارەسەر بێت، هەروەک لەوەوپێشیش دوکتور قاسملوو لە ساڵی ١٩٨٤ هەوڵی دابوو کە کێشەی کوردی باشوور لەگەڵ رێژیمی (سەددام حوسێن) بە گفتوگۆ کۆتایی پێ بێنێت و ئەو گفتوگۆیانە لە بەغدا و بە نێوبژێوانی د. قاسملوو لە نێوان کوردی باشوور و حکوومەتی ئێراق بەڕێوە چوون کە بە "موفاوەزاتی ٨٤" ناوبانگی دەرکرد و بەداخەوە ئاکامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە.

دەتوانم بڵێم قاسملوو دەیهەویست کە پشگیری لە رووداوێکی نەخوازراو بکات و بەهەر شێوەیەک بێت نەهێڵێ کە شۆڕشی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تووشی شکست بێت . دەتوانین بڵێین کە د.قاسملوو ئەوەیکرد کە پێشەوا قازی محەممەد لە کاتی خۆیدا کردی، بەڵام لە کات و شوێنی جیاوازدا.

هێلێن (نەسرین خانم) لە بارەی ئەوەی کە بۆ د. قاسملوو چووە سەر میزی گفتوگۆ دەڵێت: "عەبدورەحمان چوو دەگەڵگورگان دابنیشێ، رۆژێک پێشتر پێیگوتم دەچێتەڤییەنو لەسەر ئەو بڕوایەبوو رەفسەنجانیو دەوڵەتیئێران ناوێرن هیچیلێبکەنو لەوەبەتەواویئەرخەیان بوو کەدەوڵەت پێویستیبەرێککەوتنێک دەگەڵخۆیو دەگەڵکوردەکان هەیە. بۆ ئەوەیبیروبڕوایتوندوتیژییخەڵکیدنیالەدژیخۆیان خاو کەنەوە,پێویستیان بەرێککەوتنێک دەگەڵئێمەهەیە، هەروەها بۆ مانەوەولەسەر دەسەڵات پێویستیان بەو رێککەوتنەهەیە".

جاناتان رەنداڵ، دەربارەی ئەو هۆکارانە چ بوون کە پاڵی بە قاسملووە نا کە بچێت بۆ ڤییەن و لەگەڵ ئەو نوێنەرانە دابنیشێ دەڵێ: "بەلەبەرچاوگرتنیرابردوو و ژیانیدوورودرێژیخۆم، پێموایەدەزانم بۆچی قاسملوو لەو رۆژانەدا کەبەرەو کوژران دەڕۆیشت، هەستیبەپیربوونیخۆیدەکرد. پەنجاوهەشت ساڵەبووو بەشێوەیەک خۆیبەتەمەنتر دەزانیو لەهەوڵیئەوەدا بوو ژێتۆنەکانیخۆیلەئەرزیبداو بەدەسەڵاتێک بگا کەلەمێژبوو مێشکیداگیر کردبوو". رەنداڵ لە درێژەدا دەڵێ: "دژایەتیلەبەرانبەر رێبەرایەتییقاسملوو لەنێوخۆیحدکادا بەرەو زیادبوون دەڕۆیشتو کەوابوو دەتوانین بڵێین چوونیبۆ ڤییەن قومارێکیپڕ لەمەترسیبوو. کوردەکان لەو شێوەقومارەپڕ لەمەترسییانەدا زۆر بەناوبانگن". جاناتان رەنداڵ بە لێکدانەوەی خۆی لە وەزی ئەوکات و وەک مێژوونووسێک ویستوویەتی شیکاری رووداوە بکات، ئەو دەڵێ ساڵێک

پێش شەهید بوونی د. قاسملوو ، دەستەیەک لە حدکا جیا ببوونەوە، د. قاسملوو دەترسا دژبەرانی روو لە زیادبوون بکەن و بۆیە پەنای بردە بەر وەها کارێک بۆ ئەوە بتوانێ حدکا لەو قەیرانە کە تێی کەوتووە و لەوانەشە لە داهاتوودا تێبکەوێت، رزگار بکات.

قاسملوو کاتێک تیرۆر کرا، ماوەی چەند هەفتەیەک بوو کە ئیجازەی پێ درابوو کە سەفەر بۆ ئەمریکا بکات، کاتێک ماڵپەری ویکیکیس دۆکومێنتە نهێنییە دیپلۆماسییەکانی ئەمریکای بڵاو کردەوە، لە چەند دۆکومێنت کە تایبەت بوون بە نوێنەرایەتی ئەمریکا لە بەغدا دەردەکەوێ کە د. قاسملوو لە هەوڵدا بووە کە پشگیری مەعنەوی ئەمریکا بەدەست بهێنێت و لەگەڵ ئەوەیدا کە دژی ئیمپریالیزم بووە، بەڵام لەو بڕوایەشدا بووە کە لە سیاستەدا دەبێ بەدوای بەرژەوەندیدا بگەڕێیت . لەو دۆکومێنتانەدا هاتووە: "رێبەری پێشووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران جەختی کردووەتەوە پارە یا خود چەکی ناوێ، بەڵکو ئەوەندە بەسە کە پشتیوانی سیاسی و مەعنەوی لێبکرێت" ( سەرچاوە: ویکلیسکس)

هەروەها (بەنیسەدر) لە وتوێژێکدا دەڵێ : «زۆرم پێسەیر بوو کەقاسملوو دەگەڵ ئەو جەماعەتەبێفەرهەنگەوتووێژیدەکرد. هیچ پریستیژێکیان نەبوو، بەڵام، سووزان ( ژنی فازڵ رەسوڵ) پێیگوتم قاسملوو بەتەواویشەکەت ببوو بۆیەداوایوتووێژیدەکرد» .

نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی نەیانتوانیبوو جاری یەکەم زەفەر بە قاسملوو بەرن و تیرۆری بکەن، ئایا هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مام جەلال باسی دەکات و دەڵێ: «یەکەمین کۆبوونەوەبەیانیبەڕێوەچوو. دووکەس لەچەکدارەکانمان لەبەر دەرگا دانابوو. چەکێکم پێبوو. قاسملووش لەکیفێکیچکۆلەدا دەمانچەیەکیپێبوو. بەئێرانییەکانمان نەگوتبوو کۆبوونەوەکەلەکوێدەبێ. هەموو شتێکمان بۆ میوانداریلەوان ئامادەکردبوو،و بەیانییەکەیئەوێرۆژێماشێنێکمان نارد بیانهێنێ. و نەیاندەزانیدەبێبچنەکوێ . کۆبوونەوەدوایکۆبوونەوە، شوێنەکەمان دەگۆڕیو بەمجۆرەهەرگیز نەیاندەزانیکۆبوونەوەیدواییلەکوێدەبێ ! قاسملووو عەبدوڵلاو ئەمن پێش هەموو کەس دەچووین. هەموو نیگابانەکانمان چەکدار بوون». دەکرێ بگوترێ ئێرانییەکان جاری یەکەمیش هەر ئەو نەزەرەیان هەبووبێت، بەڵام بەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە مام جەلال باسیان دەکات، نەیانتوانیوە کارەکەیان ئەنجام بدەن، هەر وەک لە لابەلای دۆکومێنەتەکانی حیزبی دێمۆکراتیشدا دیارە جاری یەکەم نەک گفتوگۆکان سەرکەوتوو نەبوون، بەڵکو لەسەر داوی زۆربەی ئەندامانی رێبەریی ئەوکات داوا کراوە کە درێژە بە گفتوگۆکان نەدرێت، بەڵام د. قاسملوو رێگایەک بوو دەستی پێکردبوو، چونکە ئەو باوەڕی قووڵی بە جێبەجێکردنی کێشەکە بە رێگای گفتوگۆ هەبوو، بۆیە زۆر نەچووە ژێر کاریگەری قسەکانی ئەندامانی رێبەریی حیزب.

هیچ کەس، بەتایبەتیکوردەکان، بەدرێژاییسەدەکان، نەیاندەتوانیوەک قاسملوولەفێڵبازیو خیانەتو نامەردییکەسانیدەوروبەریخۆیبگا ـ دەوڵەتیئێران هەر بۆ باسکردن نابێ. چ رێژیمیشاو چ رێژیمیخومەینیکەزۆر لەمێژ بوو بۆ تێکشکاندنیبزووتنەوەیکوردەسەربزێوەکان بڕیاریان دابوو.

ئەوەکەبەڕوونیدەرکەوتبوو قاسملوو لەلایەن دەسەڵاتدارەئاینییەکانەوەوەک دژیمەزهەب ناسرابوو، بێهیچ ئەملاوئەولایەک لەلایەن رێژیمیرۆژ دەگەڵرۆژ توندوتیژیئاخوندیکەمانگێک پاش مردنیخومەینیو دوایشەڕێکیهەشت ساڵەکەخومەینیلەدژیعێراق وەڕێیخستبووو تەنیا ساڵێک بوو ئەو شەڕەتەواو ببوو لەسەر ئەو بڕوایەبوون کەقاسملوو باشترین کەس بوو بۆ دەسەڵاتدارانیرێژیم کەدەبوو بیکوژن. داخوا لەبەر ئەوەکوشتیان کەهەستیان بەلاوازبوونیرێژیمەکەیان دەکرد؟

دەتوانم لەم چەند خاڵەدا نەزەری خۆم لەو بارەیەوە بڵێم..

د. قاسملوو دەیهەویست لە جیهانی دوو جەمسەریدا رێگای سێیەمیش ببینێتەوە، بۆیە دەیهەویست سیاسەت بکات، دەیهەویست لە هەمانکاتدا کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، حیزبێکی چەپە، بەڵام دەبێ پەیوەندیشی لەگەڵ ئەمریکای سەرمایەداریدا هەبێ، چونکە د. قاسملوو ئابووری خوێندبوو، ئەو زۆر لەمێژبوو بۆی دەرکەوتبوو کە عەداڵەت و یەکسانی دوو شتی لیک جیاوازن. بۆی دەرکەوتبوو کە جیهانی سۆسیالیستی تاک لەناو دەبات و بڕیار بۆ کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، هەر بۆیەشە لە کۆنگرەی ٧ی حیزبی دێمۆکراتدا سۆسیالیزمی دێمۆکرات دێنێتە نێو بەرنامەی

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

حیزب، ئەو سۆسیالیزمە دیمۆکراتیکەی کە زۆربەی وڵاتانی ئیستای رۆژئاوا کاری پێ دەکەن و تێیدا سەرکەوتوو بوون، قاسملوو دەیهەویست لە جیهانی دوو جەمسەری خۆی رزگار بکات و کورد نەبێتە گەنمی نێوان دوو بەرداشان و بەردەوام بهاڕدرێت.

لە لێکدانەوەی دووەمدا دەتوانم بڵێم کە دوکتور قاسملوو پڕمەترسیترین رێگای گرتە بەر تا بزووتنەوەی کوردی رۆژهەڵات بە دۆخی ئەمڕۆ نەگا، بەڵام بەداخەوە نەک بە مەرگی پێشی لەو کارەساتە نەگرت، بەڵکو بە مەرگی ئەو، زۆر هاوکێشەکان لە کوردستانی ئێران بە قازانجی دوژمن هەڵگەڕانەوە.

د.قاسملوو دەیهەویست پێش لە نسکۆیەکی تر بگرێ. دەیزانی ئەگەر دۆستایەتیی نێوان ئیران و عێراق بەردەوام بێت، ئەوە گۆڕ بۆ شۆڕشی کورد لە باشوور و رۆژهەڵات هەڵدەکەنن و هەربۆیە زوو بە دوای رێگاچارەیەکدا دەگەڕا کە بتوانێ پێشگیری لەو کارەساتە بگرێت.

دوکتور قاسملوو ئەوەی کرد کە پێشەوا کردی، بەڵام لە کات و شوێنی جیاوازدا . پێشەوا لە کاتی خۆیدا پشگیری لە کوشت و کوشتاری خەڵکی مهاباد گرت و ویستی بەو هۆیەوە هیچ تاکێک لەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژیا، تووشی ئەزیەت و ئازار نەبێت و پیشەوا ئەوەی کردە سەرمەشق کە ئازادی خوێنێ دەوێ، هەر بۆیەش قاسملوو بە دەرسوەرگرتن لەو راستییە مێژووییە، ویستی بە گیانبەختکردنی کارێکی وا بکات کە بزووتنەوەی رۆژهەڵات لە شکست نەجات بدات.

کەڵک وەرگیراوە لە:

١- رەحمانی کوردان، کارۆل پرۆنهوبێر
٢- پەنجا ساڵ خەبات، عەبدوڵڵا حەسەنزادە
٣- ماڵپەڕی ویکیپیدیا
٤- ماڵپەڕی ویکیلیکس
٥- نووسینێکی کورتی تاهیر قاسمی
٦- نووسینێکی کورتی ئیبراهیم جەهانگیری

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / رێکەوتی : ١٢ی جوولای ٢٠١٤

## د.قاسملوو ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە گۆڕەپانی دیپلۆماتیکدا

هەژیر عەبدوڵڵاپوور



کاراکتێرو کەسایەتیی کارێزمای د.قاسملوو لە چ رادەو ئاستێکدا بوو کە توانی لە ماوەیەکی کورتدا قورسایی‌و پێگەیەکی بەرین لە نێو کۆمەڵگەی کورد بۆ خۆی مسۆگەر بکاو تەنانەت ناوبانگێکی ئەوتۆی جیهانیی بۆ خۆی دابین بکا؟ بە لەبەرچاوگرتنی چ تایبەتمەندگەلێک بوو کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی پیلانی تیرۆری ئەو هەڵکەوتەیەیان دارشتو بەرێوەیان برد؟

د.قاسملوو رووناکبیرێکی بیرمەند بوو بە هۆش‌و بیرتیژیی زۆر لەسەرێوە؛ ناوبراو لە دەربڕینی بۆچوون، هەڵسەنگاندن‌و لێکدانەوەشدا زۆر بەتوانا بوو؛ جیا لەوانە لە فەلسەفە، کۆمەڵناسی، زانستی ئابووری‌و سیاسەت‌و ئەدەبیات‌و هتددا لێوەشاوەو شارەزا بوو؛ بەجۆرێک کە لەگەڵ دیپلۆمات،

دیپڵۆمات لەگەڵ ئابووریزان، ئابووریزان، لەگەڵ کۆمەڵناس، کۆمەڵناسو بگرە لەگەڵ شاعیر و ئەدیب، شاعیرو ئەدیب بوو. ئەو تایبەتمەندییە کەسێنیو دیارانەی د.قاسملوو، کەسێتییەکی دیکەیان بەو بلیمەتە بەخشی بوو بە جۆرێک کە لە دانیشتنو پێوەندیی لەگەڵ هەر کەس یان هەر کۆڕو کۆمەڵێک دەکەوتە بەر چاوو سەرنجی بەشدارانو کەسایەتیو لێهاتوویی ئەو بەرزەمرۆڤە زیاتر بەرچاو و دەردەکەوت.

بەڵام بەڕاستی جیا لەو تایبەتمەندییانە، رۆڵی د.قاسملوو لە جووڵانەوەی کوردستانو بزاڤی سەرانسەریی ئێرانو تەنانەت لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوینو جیهانی چ بوو کە لە نێو جەرگەی وڵاتانی ئازادو دیمۆکراتیکدا پیلانی تیرۆری بۆ دارێژرا؟

لە ئاستی نێونەتەوەییدا هێندێک لە بزاڤە کۆمەڵایەتی، نەتەوەییو سیاسییە بەناوبانگەکان بە ناوی کەسایەتییە بلیمەتەکانەوە دەناسرێنەوە یان بەوانەوە دەبەسترێنەوە. بزووتنەوەی دژی داگیرکاریی هیند بە ناوی گاندی، بزاڤی رەشپێستەکانی ئەمریکا بە ناوی مارتین لۆتێر کینگ، جووڵانەوەی دژی نەژادپەرستیی ئەفریقای باشوور بە ناوی نێلسۆن ماندێلاو بزووتنەوەی میللی . دێموکراتیکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی دوکتور قاسملووەوە گرێ دراوە.

دوکتور قاسملوو تەنیا لە کوردستانو ئێران و ناوچەدا  بە دوای دوست  پەیداکردن بۆ کوردو دۆزەکەیدا نەبوو، بەڵکوو بەردەوام هەوڵی دەدا کوردو پرسەکەی لە ئاستی نێونەتەوەییشدا، بناسێنێ.

نەمر دوکتور قاسملوو لە پێوەندییە دیپلۆماسییە نێونەتەوەییەکانیدا زۆر سەرکەوتوو بوو و توانیبووی راو سەرنجی زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی ئورووپایی بۆ لای دۆزی کورد رابکێشێو هەر کات سەردانی ئورووپای دەکرد، هەموو هەوڵی لەو پێناوەدا دەخستە گەڕ کە وەک باڵوێزو نوێنەری بزاڤی رزگاریخوازی کورد، ئامانجو پرسی ئەو گەلە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دونیای رۆژاوا بناسێنێ. هەر ئەو پێوەندییە دیپڵۆماتیکە نێونەتەوەییانەی ئەو بوو کە توانی لە لەقاودانی جینایەتەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە کوردستانو داسەپاندنی شەڕ بەسەر گەلی کورددا دەوری باشی هەبێو هەروەها لە ناساندنی خەباتی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستی نێونەتەوەییو لە نێو راگەیەنە گشتییەکانیشدا رۆڵێکی کاریگەر بگێڕێ. ئەگەر چاوێک بە رادەی پێوەندییەکان، وتووێژەکانو بەشداری لە کۆنگرەو سیمینارە نێونەتەوەییەکانی د.قاسملوودا بخشێنین، ئاستی پێوەندیو چالاکییە سیاسییەکانی ناوبراومان زیاتر بۆ دەردەکەوێ.

بەڕێز عەزیز مامڵێ لە وتارێکدا لە ژێر ناوی "د.قاسملوو دیاردەیەکی نوێ لە بزاڤی کورددا" ، لەم پێوەندییەدا دەڵێ: "لە پێوەندییە دیپلۆماسییەکانداا کاتێک بۆ یەکەم جار لە گەڵ کاربەدەستێکی پایەبەرزی کابینەی وەزیری دەرەوەی فەڕانسەو چەند کەس لە هاوکارانی کۆبۆوە، ئەوان زۆر زوو تامەزرۆی شێوەی قسە کردنو لێکدانەوەی وەزعی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئێرانو کوردستان بوون و لە نێو چاوانی ئەو دیپلۆماتە پایەبەرزانەدا رێز و کرنۆش بۆ د.قاسملوو دەبینرا" .

د.قاسملوو بە شارەزایی و لێهاتوویی‌یەک کە لە دیپڵۆماسیدا هەیبوو، لەراستیدا لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییە پلە یەکەکانی سەردەمی خۆیدا بەرابەری دەکردو بە کورتی هەموو مەرجەکانی دەوڵەتکەسایەتییەکی کوردی لە خۆیدا کۆکردبۆوە.

لایەنی دیپڵۆماسیی دوکتور قاسملوو و زاڵبوونی گوتاری ئەوان لە ئاستی وتووێژو پێوەندییەکان لە کوردستانیشدا زۆر سەرنجڕاکێش بوو. لەم پێوەندییەدا بەڕێز مستەفا شەڵماشی لە دۆستانی نیزیکی نەمر قاسملوو دەڵێ: "لە دەفتەری سیاسیدا ئێمە زۆرجار میوانی گەورەی سیاسیو سەرکردەی سیاسیمان دەهات. هەر لە رێبەرانی کوردەوە، هەتا رێبەرانی رێکخراوە ئێرانییەکان، هەتا نوێنەرانی دەوڵەت، هەتا رۆژنامەنووسانی ناوچەییو دەرەوە سەردانیان دەکردین. لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا، لە سەرکەوتنو نسکۆدا، لە هەموو ئەو کاتانەدا کە دەفتەری سیاسیمان لە مهاباد، لە سەر شاخانی ناوچەی مهاباد، لە شیوەجۆی ناوچەی سەردەشت، لە مەزناوێی ناوچەی سەردەشت، لە گەلاڵێی باشووری کوردستان و لە گەورەدێی باشووری کوردستان لە نیزیکەوە ئاگام لە هەڵسوکەوتی دوکتور قاسملوو بوو. لەو دیدارانەدا، قەت نەمدی، رێبەرایەتیی دانیشتنەکەی لە دەست دەربهێنرێ. دوکتور قاسملوو بە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن و دەرخستنی زانستی خۆی کارێکی وای دەکرد کە میوانەکان زۆرتر دەبوونە گوێگر هەتا وتەبێژ. دوکتور هەمیشە بە سەر دانیشتنەکاندا زاڵ بوو، بە جۆرێک کە سەرکردە بەناوبانگەکانیش، بە دڵخوازی خۆیان رۆڵی سەرکردەی کۆبوونەوەکەیان پێدەسپارد" .

## ٢٥ شەهیدانی وییەن

د.قاسملوو سەرەڕای ئەوەیکە کوردستانی بە مەیدانی سەرەکیی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی دەزانی، بەڵام بۆ بەرین کردنەوەی خەباتو چالاکی لە دژی ئەو ڕێژیمە، بەردەوام لە هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەک لە هێزە دێموکراتە ئێرانییەکان بە چەپو راستەوە بوو.

نەمر د.قاسملوو لە هەستیارترینو دژوارترین هەلومەرجەکاندا باشترین هەڵوێستو سیاسەتی گرتەبەر و بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی لە ئەستەمترین قۆناغەکاندا رێبەری کردو بە هەق لە درێژەدەرانی راستەقینەی رێگای نەمر قازی محەممەد بوو و هەتا ئەمڕۆش لە رێبازیدا کە بە "ڕێبازی قاسملوو" ناسراوە، زیندووە.

بە سەرنجدان بەو تایبەتمەندیانەو زۆر تایبەتمەندیی بەرچاوی دیکەی د.قاسملوو بوو کە دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی پیلانی تیرۆری ئەو رێبەرە مەزنەی کوردیان دارڕشت.

بە تیرۆری د.قاسملوو کورد تەنیا سەرۆکی حیزبێکی لە دەست نەدا، بەڵکوو کەڵە دیپلۆماتێکی هەڵکەوتووی لە دەست چوو، کە ئەگەر مابا، بەدڵنیایییەوە دەیتوانی لە پێوەندییە نێونەتەوەیییەکانی کورددا نەخشی دیار و بەرچاو بگێڕێ.

لە ژمارە ٦٣٥ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١١ی جووڵای ٢٠١٤

### شرۆڤەیەک بۆ بنەماکانی خەباتی دوکتور قاسملوو

ئارەش لورستانی

و. سیروان موساپوور



دوکتور قاسملوو رێبەرێکە لە سەردەمی هاوچەرخ دا ژیاوەو زۆر لە هاوخەباتەکانی هەنووکەش لە ژیاندا ماون. بەڵام بۆ نەوەی ئەمڕۆو کەسانێک کە چالاکانی سیاسیی ئیستاو داهاتووی کۆمەڵگەو نەتەوەکەیانن، رێبەرێک کە نێوی لە مێژووی خەباتی مرۆڤایەتی بە زیندوویی ماوەتەوە، چۆن ناسراوەو چۆن لێی تێ دەگەن؟

لەم وتارەدا هەوڵ دراوە بە کورتی بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکیو بە لۆژیکی کۆمەڵگەخوازو مافتەوەر، گرینگترین پایەو بنەماکانی خەباتی ئەم رێبەرە مەزنە شی بکرێتەوە. لە پێناو زیاتر نزیککردنەوەو روونکردنەوەی ئاسۆی فکریی خوێنەر، سەرەتا ١٠ بنەمای گرنگ دەخەینە روو، کە ئەمڕۆکەش کارایی و بایەخی زۆریان لە کاروانی خەباتدا تێدا بەدی دەکرێو، دواتر هەر کامیان بە شێوەیەکی کورت شرۆڤە دەکەین:

١- بەردەوامیی خەباتی نەتەوەییو شوناستەوەری کورد لە سەر بنەمای ئامانجەکانی کۆماری کوردستانو راپەرینی ساڵەکانی ١٣٤٦و ١٣٤٧ بەڵام بە شێوازێکی نوێ،

٢ - پرۆفیشنالیزە کردن و پەرەپێدانی بزووتنەوە لە رێگەی «سیاست کاربردی»یەوە،

٣- دانانی ئۆتۆریتەی تایبەت بە پێی بارودۆخی راستەقینەی خەبات،

۴- بەربڵاوی و بەرفراوان بوونی پانتایی خەبات لە کوردستانی ئێران بە شێوەیەکی بێ وێنە،

۵- کەڵکوەرگرتن لە دەروونناسیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها کلتووری سیاسیی گونجاو لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵگە،

۶- پراگماتیزمی دەرئەنجامخواز،

۷- بەشداریی ژن بە شێوەیەکی بەربڵاو و جیددی لە خەباتدا ،

۸- تێپەڕین لە سۆسیالیزمی کلاسیک و خستنە ڕوی سوسیالیزمی دێموکراتیک بە شێوەی پراکتیکی،

۹- دامەزرانی پێوەندیی بەربڵاو لەگەڵ حیزبە ئێرانی و کوردستانییەکان،

۱۰- هێنانەگۆڕو جێخستنی پرسی نەتەوەی کورد لە ئاستی نێونەتەویی‌دا،

### شیکردنەوەی کورتی ئەم خاڵانە:

١- دوکتور قاسملوو لە سەردەمێکدا بوو بە سکرتێری گشتیی حیزب، کە حیزبە سەرانسەرییە ئێرانییەکان خاوەن هێزو نفووزێکی زۆر بوون. شۆڕشی ٥٧ یش لەو فاکتەرانەیە کە دەیانتوانی خەباتی نەتەوەیی کورد بخەنە ژێر بارودۆخی خۆیانەوە. سێهەمین فاکتەر شەڕی ٨ ساڵەی ئێرانو عێراقە، کە ئەوەش کاریگەریی تایبەتی خۆی لەسەر بیروڕای گشتی هەبوو. فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستانو سەرکوتی نەتەوەی کوردیش دەیتوانی لە حاڵەتی ناکارامەیی پارت و لایەنە کوردستانییەکان پاشهاتی زۆر خراپی بەدواوە بێ. لە لایەکی دیکەوە کۆماری کوردستانو شۆڕشی ساڵەکانی ١٣٤٦و ١٣٤٧ کە راستەوخۆ بە بەشێک لە شانازیەکانی حیزبی دیموکرات دێنە ئەژمارو بێجگە لەوانەش، مێژووی دوورودرێژی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد لە تەواوی بەشەکانی کوردستان، هەستیاریی بەردەوامی خەباتی نەتەوەییان زەقتر دەکرد. و... لەگەڵ هەموو ئەو فاکتەرە زۆر هەستیارانە، دوکتورقاسملوو بەردەوام بوو لە خەباتی نەتەوەییو شوناستەوەری کورد لە سەر بنەمای ئامانجەکانی کۆماری کوردستانو ئەمڕۆکە دوای ٢٥ ساڵ دەبینین کە دروستترین ریگەی خەبات، هەروا هەوڵدان بۆ دیاریکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسو بەرگری لە شوناسو بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کوردە.

٢- لە سەردەمی کۆمەڵەی ژ.ک، تا سەردەمی رێبەریی دوکتور قاسملوو لە حیزبی دمکراتدا بەردەوام خەبات بە شێوەیەکی پچڕپچڕو (ناتخصصی) بەڕێوە دەچووو لۆژێکی بزووتنەوە زیاتر لە سەر بنەمای ئەو پرەنسیپانە نەبوو کە بەشێوەی زانستی گشتێنرابوون، بەڵام بە هۆی ئەزموونو شارەزایی بەرزی دوکتور قاسملوو لە تواناییەکانی بزووتنەوە، لە ئەگەری پرۆفشناڵیزە و تەکنۆکراتیزە بوونیو، هەروەها تێگەیشتنی دروستی دوکتور قاسملوو لە لایەنە سیاسییە ئیرانی، کوردستانییەکانو پرۆسەی خەباتو لۆژێکی سیاسیی نێونەتەوەیی، بزووتنەوی نەتەوەی کورد لە کورستانی ئێران بەڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوو لە ماوەیەکی زۆر کورت دا پرۆفشنالیزەو لە رێگەی سیاسەت کارامەوە پەرەی گرت.

٣- یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی تێپەڕ بوون لە خەباتی پچڕپچر بۆ خەباتی بەردەوام، هەمیشە هەبوونی خەباتی ئۆتۆریتە بە واتای توانایی پیادەکردنی دەسەڵات بە شێوەی هەرەمی لە چوارچێوەی کۆمەڵەیەکی سیاسییە. ئەو ئۆتۆریتە تایبەتە کە دوکتور قاسملوو بۆ بەرەو پێشبردنی بزووتنەوە لە حیزبدا بەکاری هێنا، ئۆتۆریتەیەک بوو بە ناوەرۆکی سانترالیزمی دێموکراتیکەوە کە دوو لایەنی بە پێوەندییە نێوخۆییەکانی حیزب دەبەخشی کە بە پێی بارودۆخی راستەقینەی خەبات ئامادەو گەڵاڵە کرابوو. هەر ئەم ئۆتۆریتەیە بوو بە هۆی ئەوە کە لە ماوەی دوو دەیە خەباتی چەکدارانە ئاماری کوژراو و بریندار و وێرانکارییەکان بۆ حیزبی دێموکرات بگاتە لانی کەمی خۆی.

٤- سروشتییە کاتێک ئەو سێ فاکتەرەی هاتنە بەرباس، وەگەڕ کەوتن، پانتایی نفووز و بەربڵاوی بزووتنەوە لە کوردستانی ئێران بۆ یەکەم جار بە شێوازێکی بێوێنە بە تەواوی کوردستانی ئیرانی گرتەوە. ئەم نفووزەش هێزی مرۆیی، مادیو مەعنەویی زۆری بۆ بزووتنەوەی کوردو بە تایبەت حیزبی دێموکرات لە گۆڕەپانی خەبات دا کۆ کردەوە.

٥- ناسینی دەروونناسیی سیاسیو کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیەک گرینگترین فاکتەری بردنەسەری بەشداریی سیاسی یان وەڕێخستنی نافەرمانییە سیاسیو مەدەنییەکانە. زاراوەکانی دەروونناسیی سیاسیو کۆمەڵایەتیی بنەما پتەوەکانی شکڵگرتنی کلتووری سیاسیی گونجاو لەگەڵ پێکهاتەکانی کۆمەڵگە پێکدێنو ئەم کلتورە سیاسییە دەتوانێ هێزێک بێ لە بەرژەوەندی بزووتنەوە یان دژی رەوتی جووڵانەوەکە. دوکتور قاسملوو توانی دەروونناسیی سیاسیو کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی ئێران بناسێو کلتووری سیاسیی گونجاو لەگەڵ شوناسی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد جێگیر بکا.

باشترین بەڵگەش کەشوهەوای چالاکو پیشەی سیاسیو مەدەنیی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێرانە، کە هەمیشە کوردستانی لە سەرەوەی هەڵسەنگاندنی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دادەناو دادەنێ. بەڵگەی دیکەی جێگەی سەرنج پێدان، رادەی هۆگریو هەستیاریی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە دوکتورقاسملووو حیزبی دێموکراتو کارو کردەوەکانییەتی.

٦- پراگماتیزم ( کردەوەخوازی) کە دەکرێ لەگەڵ پێوانەی ئەنجامگیریی ئەرێنی هەڵبسەنگێندرێ، یەکێکە لە دەسکەوتەکانی سەردەمی دوکتور قاسملوو کە لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ بە شێوەیەکی بەردەوام لە کۆمەڵگەی کوردستانو حیزبی دێموکراتدا بەباشی بەرچاو دەکەوێ، پراگماتیزمیش حیزبو بزووتنەوەی لە حاڵەتی ئارمانیو درووشمخوازی هێنایەدەرو بە شێوەی هێزێکی کارامە لە پێناو ئامانجو بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە خستە کارەوە. پراگماتیزمی سەردەمی دوکتور قاسملوو تەنانەت تا ئەمڕۆ زۆر جار بۆتە پێوانەی خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەو چالاکییە حیزبییەکان.

٧- یەکێک لە گرینگترین پێوانەکانی بزووتنەوەی سیاسیی یان مەدەنیی هاوچەرخ، بەشداریی ژنان بە شێوەی بەربڵاوو جیدییە لە چەقی خەباتدا. لە سەردەمی دوکتور قاسملوودا ژنان بە شێوەی سیستماتیکو پیشەیی هاتنە ریزی خەباتەوە، بە شێوەیەک ئەمڕۆ دەبینین ژن تەنانەت لە پێگەی بڕیاردانو بەڕێوەبەرێتیی ئۆرگانو پێکهاتەی رێبەریی حیزبی دێموکراتدا بایەخی تایبەتی خۆی هەبووەو ئەم کارە بۆتە هۆی دڵگەرمیو راکێشانی نیوەی کاریگەرو زۆر هەستیاری کۆمەڵ لە بەشداریی سیاسیو مەدەنیو هەمیشە لە حاڵی گەشەو پێشوەچوون دایە.

٨- تێپەڕین لە سوسیالیزمی کلاسیکو خستنەڕووی سوسیالیزمی دێموکراتیک بەشێوەی زانستی لە حیزبی دێموکراتدا کە لەلایەن دوکتور قاسملووە خرایە روو، لەسەردەمێکدا بوو رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هزری چەپی کلاسیکو راستی میانە تا توندڕۆ، باری چالاکیو سەنتەری کۆمەڵگەی تووشی گەنگەشە ئەبستراکتەکان دەکردو لەڕاستیشدا تووشبوون بەو ئەندێشە تئۆریکانە، لە کاتێکدا کە کۆمەڵگە پێویستی بە هەنگاوو بڕیاری جیددیو دەرەنجامی کردەیی هەبوو، دەیتوانی خەباتی نەتەوەیی کورد خەوشدار بکا یان بە لاڕێدا بەرێ. بەڵام دوکتور قاسملوو توانی بە خستنەڕووی گەلاڵەی سوسیالیزمی دێموکراتیک کە ئازادییەکانو مافە کۆمەڵایەتیو تاکەکەسییەکان هاوسەنگ رابگرێ، سڵامەتی بزووتنەوەو رەوتی بەرەوپێشی حیزبی دێموکرات بپارێزێ.

٩- دەتوانین بڵێین پێوەندییو تێگەیاندنو رێکخستنی هێزە خەباتگێڕە کوردو ئێرانییەکان لە سەردەمی دوکتور قاسملوودا شێوازو ناوەڕۆکێکی نوێی بە خۆوە گرت، بە شێوەیەک کە نە نەتەوەی کورد لە ئامانجەکانی خۆی پاشگەز بۆوەو نە لایەنە سیاسییە ئێرانییەکان لەلایەن خەباتگێڕانی کورد هەستیان بە مەترسی دەکرد تەنانەت کاتێک کە کۆماری ئیسلامی دەستی بە پاکتاوو وەدەرنانی هێزە سیاسییەکان لە تارانو شارەکانی دیکەی ئێران کرد، کوردستان بوو بە پەناگەیەک بۆ ئەو کەسانەی لە بەرامبەر حکوومەتدا ئامادەی رێککەوتنی کوێرانە نەبوون. بێجگە لەوە حیزبی دێموکرات بە رێبەرایەتیی دوکتور قاسملوو لەگەڵ کوردەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان بەتایبەت کوردە خەباتکارەکانی کوردستانی عێراق پێوەندییەکی دۆستانەی زۆر نزیکی هەبووو زۆر جار لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا یارمەتیی ئەو حیزبو هێزانەی دەدا.

١٠- ئامادەبوونی دیپلۆماتو هەواڵنێرە رۆژئاواییەکانو تەنانەت کادرە دەرمانییەکانی وڵاتانی بیانی لە بنکەکانی حیزبی دێموکرات، هەروەها ئەندامبوون لە ئەنتێرناسیۆنال سوسیالیست بۆ یەکەم جار لەلایەن دوکتور قاسملۆوە، هەنگاوێکی درەوشاوە بوو کە روخساری راستەقینەی کوردی بە بیروڕای گشتیی دنیا نیشانداو پەردەی لەسەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لادا.

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

بەو هیوایەی ئەم وتارە توانیبێتی گۆشەیەک لە بەهاو بایەخی دوکتور قاسملووی بە خوێنەری بەرێز بەتایبەت وەچەی ئەمڕۆ نیشان دابێ، رێبەرێک کە تا زیندوو بوو خەباتی بۆ مرۆڤایەتیو مافە مرۆییەکان کردو تەنانەت شەهیدبوونیشی بوو بەهۆی ریسوابوونی هەمیشەیی دوژمنانی ئازادیو دادپەروەری.

لە ژمارە ٦٣٥ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١١ی جوولای ٢٠١٤

## قاسملوو، ڕێبەرێکی کوردستانییو ئەخلاق تەوەر لە سیاسەتدا

وحدت قلی زادە پیرانجوق

و: سیروان مووساپوور

### پێشەکی

٢٥ ساڵ لە تیرۆر کرانی یەکێک لە دیارترین و شوێندانەرترین کەسایەتییەکانی مێژووی کوردستان و ئێران واتە دوکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملوو تێدەپەڕێ. سەبارەت بە دوکتور قاسملوو وتارگەلی جۆراوجۆر بە زمانە جیاوازەکان لە هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی ژیان، ئامانج و کارەکانی نووسراوە و دەنووسرێ، بەڵام لەم نێوەدا کەمتر کەسێک ئاماژەی بە یەکێک لە بەرچاوترین جیاوازییەکانی ئەو لەگەڵ ڕێبەرانی دیکەی بزووتنەوە ئازادیخوازییە هاوشێوەکان و تەنانەت جیاواز لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە. هەروەک لە ناونیشان وتارەکەش ڕا دیارە، ئەم جیاوازییە بەئەخلاقیی و ئەخلاق تەوەر بوونی قاسملوو لە سیاسەت و بەرەودان بەم پرەنسیپە لەنێو بەدەنەی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستان و تەنانەت بزووتنەوە ئازادیخوازییەکانی وڵاتانی دیکەیە. پێش باسکردنی ئەم بابەتە واباشترە بە کورتی ئاوڕ لە ژیانی پڕ لە هەوراز و نشێوی ناوبراو بدەینەوە:



### قاسملوو کێیە؟

عەبدولرەحمانی قاسملوو لە شەوی یەلدای ساڵی ١٣٠٩ لە ئاوایی قاسملوو سەر بە شارستانی ورمێ چاوی بە ژیان هەڵێناوە. خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە شارەکانی ورمێ و تاران تەواو کردووە. سەردەمی لاوێتیی ئەو هاوکات بوو لەگەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان بەڕێبەرایەتیی قازی محەمەد لە مەهاباد. دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ یەکەمین چالاکیی سیاسیی ناوبراو بوو. دوای رووخانی کۆماری کوردستان بۆ درێژەدانی خوێندن چوو بۆ تاران و لەوێشەوە رووی لە پاریس کرد. لەبەر چالاکییە سیاسییەکانی بە دژی شای ئێران ناچار کرا پاریس جێبێڵێ و بۆ درێژەدانی خوێندن رووی لە پراگ کرد. لە ساڵی ١٣٣١ قاسملوو گەڕایەوە ئێران و دوای پێنج ساڵ چالاکیی سیاسی لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستان گەڕایەوە چەکسلۆواکیا و لە ساڵی ١٣٤١ توانی بڕوانامەی دوکتۆرا لە ڕشتەی زانستی ئابوور وەربگرێ و لە هەمان زانکۆدا دەستی بە وانەوتنەوە کرد. لە ساڵی ١٣٤٩ لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێیانی بەرپرسایەتیی زیندووکردنەوەی

ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە ئەستۆوە گرت. دواتر لە کۆنگرەی سێیەمی حیزب لە ساڵی ١٣٥٠ وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردرا و تا کاتی شەهیدبوونی لە ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ لەم پۆستەدا مایەوە.

## قاسملوو، ڕێبەرێکی مرۆڤدۆست

لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی دنیا زۆر نەتەوە بۆ بەدەسهێنانی ئازادیی و دەستەبەرکردنی مافەکانیان خەباتیان کردووە و دەکەن. هەموو ئەم بزووتنەوانە ڕێبەری تایبەت بە خۆیان هەبووە، بەڵام لەم نێوەدا کەمن ئەو ڕێبەرانەی کە وەک دوکتور قاسملوو هیچکات ئەخلاقیان فیدای بەرژەوەندییە تایبەتیی و تاکەکەسیی و تەنانەت گرووپییەکانیش نەکردبێ. بۆ سەلماندنی ئەم ئیددیعایە ئەوەندە بەسە کە ئاورێک لە ڕەفتاری قاسملوو لە سەردەمی شەڕی داسەپاوی ڕێژیم بەدژی خەڵکی کوردستان بکەین. قاسملوو تەنانەت ئەوکاتە کە ڕێژیمی ئێران هێرشی کردە سەر کوردستان، ئیزنی بەدکرداری و هەڵسوکەوتی نەشیاوی لەگەڵ دیلەکانی شەڕ بە پێشمەرگەکان نەدەدا. لەم بارەوە مەجید حەقی چالاکیی سیاسی لە چاوپێکەوتن لەگەڵ خاتوو سووسەن محەمەدخانی دەڵێ: " ئەو لە بارودۆخی شەڕیشدا لە هەوڵی بەرەوپێشبردنی بەها ئومانیستیی و مرۆییەکاندا بوو و دژایەتی توندی لەگەڵ هەر چەشنە هەڵسوکەوتێکی نامرۆڤانە لەگەڵ دیلەکانی شەڕ و بێڕێزی بە تەرمی کوژراوانی شەڕ دەکرد." بە گێڕانەوە لە ژمارەیەک لەو سەربازانەی کە لەلایەن پێشمەرگەکانەوە بە دیل گیرابوون و بە بڕیاری قاسملوو ئەوانیان بە چەکی بێفیشەک ئازاد دەکرد بۆ ئەوەی تەنانەت لە کاتی گەڕانەوەدا لەلایەن بەرپرسانیانەوە ئیزافە خزمەتیان بۆ لێنەدرێ. چونکە قاسملوو باوەڕی بە پرەنسیپی ئازادی و مافی مرۆڤ هەبوو و خەباتی نەتەوەی کوردیشی لە پێناو خزمەت بە مرۆڤایەتی و گەیشتنی کۆمەڵگەی ئێران بە بەها بەرزە مرۆییەکان دەزانی و لەم ڕێگەیەشدا هەموو چالاکییەکانی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانی لە چوارچێوەی بنەما سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ و جاڕنامەکانی جیهانیی ڕێکخراوی نەتەوەکان دەزانی و ئەم خەباتەی بۆ گەیشتنی کۆمەڵگە بە مافە مرۆییەکان لێک دەدایەوە.

## قاسملوو، ڕێبەری ڕیالیست (واقیع گرا)

قاسملوو ڕێبەرێکی ڕیالیست و جیهانبین بوو. ئەو هەرگیز بەپێی داخوازییە کەسییەکانی خۆی بڕیاری نەدەدا. بە ئاوڕدانەوەیەک لە هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی قاسملوودا، ئەم ڕاستییە بە ڕوونی دەردەکەوێ. لە ساڵی ١٣٥٨ و لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکاندا بۆ تەئیید و وەدەسهێنانی ڕەوایی بوونی کۆماری ئیسلامی، لە حاڵێکدا کە تەواوی حیزب و گرووپەکان، تەنانەت ئەو حیزبانەی کە بڕوایان بە سێکۆلاریزم هەبوو، بۆ پشکداربوون لە دەسەڵات دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی دا، حیزبی دێموکرات بە ڕێبەرایەتیی قاسملوو بە هیچ جۆرێک ئامادەی لەژێرپێنانی بەها دێموکراتییەکان نەبوو و بە لەبەرچاوگرتنی بنەمای ئەخلاق تەوەری ئەم هەڵبژاردنانەی بایکۆت کرد. چونکە قاسملوو بڕوای وابوو کە بەشداریی حیزبێک و ئەویش کۆماری ئیسلامی و هەبوونی یەک بژێرە، بەهیچ چەشنێک لەگەڵ بەها و بایەخەکانی کۆمەڵگەی دێموکرات ناگونجێ و بەم هۆیەشەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەریی قاسملوو ئەم هەڵبژاردنانەی تەحریم کرد.

## قاسملوو، دژبەری بارمتەگرتن

ئەگەر بەپێی ڕوانگەیەکی واقیع بینانە و بەدوور لە دەمارگرژیی ڕەگەزیی ئێستاکە لە کەسایەتی قاسملوو و بڕیارێکی ٣٥ ساڵ لەمەوبەری بڕوانین، کەسایەتی بەرچاو و ڕۆڵی گرینگ و سەرەکی ئەو بە باشی خۆی دەنوێنێ. لە کەشوهەوای سیاسی کە شۆڕشی جەماوەری بە دژی دیکتاتۆرێک سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و لەلایەن ڕێبەری ئەو شۆڕشە، واتە ئایەتوڵڵا خومەینی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و بە تایبەت ئەمریکا بە "شەیتانی گەورە" دادەنرێن و کەشی سیاسیی ئێران بە دژی ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا بوو، مەسەلەی بارمتەگیریی ٦٦ دیپلۆماتی ئەمریکایی هاتەگۆڕێ. لەم ڕووداوەدا ئەمجارەش تەنیا حیزبی دێموکرات بە ڕێبەرایەتیی قاسملوو بوو کە بەپێچەوانەی هەموو ڕەوتە سیاسییەکان بە ڕوونی

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

ئەم کارەی بە پێشێل کرانی یاسا نێونەتەوەییەکان زانی و ئیدانەی کرد. لەڕاستیدا بڕیاردان لە وەها هەلومەرجێکدا زۆر دژوار و زەحمەت بوو، بەڵام حیزب لەژێر ڕێبەرایەتی قاسملوودا بەم هەڵوێستە لێبڕاو و جیهانگرە، سیمایەکی ئاشتیخوازانە و جیهان پەسندی لە بزووتنەوەی مرۆڤدۆستانەی نەتەوەیەک نیشان دا کە چەندین سەدە بوو بۆ وەدەسهێنانی ئازادی خەباتی دەکرد و لاپەڕەیەکی زێڕینی لە مێژووی سیاسیی کوردستاندا بۆ هەمیشە تۆمار کرد. هەڵوێستێک کە نە تەنیا بۆ حیزبی دێموکرات، بەڵکوو بۆ بزووتنەوەی سەرانسەریی کوردستان، بە سەرکەوتن و دەسکەوتێکی گەورەی مێژوویی دەهاتە ئەژمار کە هەنووکەش جێگەی شانازیی نەتەوەی کوردە.

### قاسملوو، ڕێبەرێکی جەماوەری

قاسملوو ڕێبەرێکی جەماوەری و مرۆڤدۆست بوو. ئەو هەرگیز بڕوای بە سیاسەتی تێدابردنی هاووڵاتیانی ئاسایی نەبوو و هەمیشە پێداگری لە پرەنسیپی پارێزگاریی لە خەڵکی سڤیل دەکرد. لەسەر ئەم بنەمایە دەبینین کاتێک کە حیزبی دێموکرات لەوپەڕی دەسەڵاتدا بوو و زیاتر لە ١٢٠٠٠ پێشمەرگەی بە ڕەسمی هەبوو و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران لە ماکۆوە تا کرماشانی لەگەڵ بوون و زۆربەی گوند و شارەکانی کوردستان لەژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوون، دوای بۆمباران کردنی شارە ئازادکراوەکان لە بارودۆخێکدا کە کۆنترۆڵی زۆر شاری ستراتیژیکی وەک مەهاباد، سەردەشت و ... لەدەست پێشمەرگەدا بوو، قاسملوو فەرمانی پاشەکشەی لە شارەکان دا، چونکە دەیزانی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو لە سەرکوتی خەڵکی کوردستاندا خۆ لە هیچ کردەوەیەک نابوێرێ، هەر بۆیە بەم هەنگاوەی نەیهێشت ڕێژیم بەم بیانوویە خەڵکی ئاسایی سەرکوت بکا. هەرچەند کە ئەو بە باشی دەیزانی ئەم پاشەکشێیە لایەنی نەرێنی بۆ حیزب بەدواوە دەبێ، بەڵام ئەو حیزبی دێموکراتی بە ئامرازێک بۆ خزمەت کردنی نەتەوەی کورد دەزانی و هەرگیز نەتەوەی فیدای حیزب نەکرد.

### قاسملوو، دێموکرات و ئاشتیخواز

دوای شۆڕشی ٥٧ و لە ڕەوتی خەباتی حیزبەکانی دیکەی دژبەری کۆماری ئیسلامی، کوردستان کە لەژێر ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بە ڕێبەریی قاسملوودا بوو، ببوو بە پەناگایەکی هێمن بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ئەم هێزانە. لەم نێوەدا دەتوانرێ ئاماژە بە بڵاوکردنەوەی بەخۆڕایی بەرنامە ڕادیۆییەکانی حیزبی "کارگر" لە ڕادیۆی حیزب بکرێ کە تەنانەت زۆر جار ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی حیزبیش دەگرت. ئەمە نیشانەی پابەندبوونی حیزب و ڕێبەرەکەی بە یەکێک لە بنەما ئەخلاقییە گرنگەکانی حیزب بوو کە ئەویش هاوکاریی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دژبەری ڕێژیم بوو.

دوکتۆر قاسملوو لەو دەگمەن ڕێبەرانەی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستان بوو کە لە سەردەمێکدا کە گوتاری شەڕی چەکدارانە و توندوتیژیی شۆڕشگێڕی زاڵ بوو، قسەی لەسەر پێویستیی چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد لە کوردستان دەکرد، ئەو لە کتێبی "کوردستان و کورد" کە لەساڵی ١٩٦٤ نووسیبووی، چارەسەرکردنی کێشەی کوردی بە پەرەسەندنی ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن لە گشت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرێ دابوو و بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی ناوچەکە پێشنیاری دامەزراندنی کۆنفدراسیۆنی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی دەدا کە تێیدا فیدراسیۆنی کوردستان یەکێک لە بەشەکانی بێ. بە دەسپێکردنی شەڕی کۆماری ئیسلامی بە دژی خەڵکی کوردستان، قاسملوو و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە لە پێناو سیاسەتی دیالۆگ و پێویستیی وتووێژ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ئێران هەوڵیان داوە. بێجگە لەمە قاسملوو لایەنگرێکی چالاکی گەشەسەندنی هاوپێوەندیی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە کوردستان و ئێران بووە و هەوڵی دەدا کە هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوری لانیکەی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی بۆ گەشەی دێموکراسی و لێک تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی کۆ ببنەوە.

### قاسملوو، بەرهەڵستکاری تاک پەرستی و داکۆکیکاری ڕێبەریی بەکۆمەڵ

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی کەسایەتی قاسملوو کە لەنێو ڕێبەرانی جیهاندا زۆر دەگمەنە، دژایەتیی توندی قاسملوو لەگەڵ تاک پەرستی بوو.

قاسملوو لە هەمان کاتدا کە خاوەنی هەموو توانایییەکانی ڕێبەرێکی نەتەوەیی و سیاسی بوو و لە سەردەمی سکرتێربوونی ناوبراو، کەسایەتی ئەو بە باشی لەلایەن هەموو ڕێبەرانی حیزبە کوردستانی و ئێرانییەکان دەبینرا و لەبەرچاو دەگیرا، هەرگیز هەوڵی بۆ تاک تەوەری نەدا و خۆی تەنیا بە پێشمەرگەیەکی سادە دەزانی و بە توندی دژایەتیی تاکپەرستی لە حیزبدا دەکرد.

لە جەریانی میتینگی مەهاباد لە سەرەتای شۆڕشی ئێراندا، کاتێک قاسملوو خەریکی وتاردانە و حەشیمەتێکی دەیان هەزار کەسی دروشمی بژی قاسملوو دەڵێنەوە، قاسملوو لەو کاتەدا پێش بەم کارە دەگرێ و داوا لە خەڵک دەکا ئەم دروشمە نەڵێنەوە.

هەروەها ئەو چەندین جار لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بینینی وێنەکانی خۆی کە خەڵک لە دار و دیواریان دابوون، داوای لە پێشمەرگەکان دەکرد وێنەکان لێبکەنەوە و پێشی بەم جۆرە کارانە دەگرت. چونکە ئەو بە باشی دەیزانی کە زۆربەی ڕاپەڕینە نەتەوەیییەکانی کورد بەهۆی پاوانخوازیی و هەبوونی تەنیا کەسێک وەک ڕۆڵگێڕی سەرەکی، تووشی تێکشکان ببوون و دوای لەنێوچوونی ڕێبەری ئەو بزووتنەوانە، تەواوی بزووتنەوەکەش تووشی هەڵوەرین و لەنێوچوون بووە. هەربۆیە قاسملوو بەم کارە بێجگە لە پێشگرتن لە ئۆستوورەسازیی هەڵە، خەڵک و پێشمەرگەکانی حیزبی خۆی فێر دەکرد هەمیشە کەڵک لە ڕێبەریی بەکۆمەڵ وەربگرن و بەم شێوازە تاک پەرستی لە حیزبی خۆیدا بن بڕ کرد.

## قاسملوو، ڕێبەرێکی کوردستانی

کریس کۆچێرا سەبارەت بە کەسایەتی عەبدولڕەحمانی قاسملوو دەنووسێ:" قاسملوو هەرگیز خۆی تەنیا تایبەت بە کوردستانی ئێران نەدەزانی و هەرکات قسەی لەگەڵ ئوروووپاییەکان دەکرد، باسی هەموو کورد، واتە ٢٥ میلیۆن کوردی دەکرد."

لەوانەیە بتوانرێ لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە لە کەسایەتی کوردستانیی عەبدولڕەحمانی قاسملوو بڕوانرێ و باسی بکرێ. جاناتان ڕاندێل سەبارەت بە قاسملوو دەنووسێ:" لە یەکێک لە سەفەرەکانی قاسملوو بۆ ئوروووپا ئەو لیستێکی پێ نیشان دام! کاتێک لە قاسملووم پرسی ئەم لیستە چیە و بۆ چیتە؟ گوتی: ئەم لیستە هی ئەو شار و گوندانەیە کە پڕۆسەی ئەنفالی ڕێژیمی بەعسیان تێدا بەڕێوە دەچێ و ئەم لیستەم بۆ وڵاتانی ئوروووپایی ئامادە کردووە."

بێشک بە سەرنجدان بە پڕۆسەی سیاسیی ئەم ساڵانەی دوایی کوردستانی عێراق، ئەم بابەتە بۆ هەمووان ئاشکرا بووە کە قاسملوو ڕۆڵی سەرەکی لە ڕووداوە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان هەبووە. ئەو بە هۆی لێهاتوویی لە دیپلۆماسی، گەورەترین کەسایەتی سیاسیی کوردستان بوو کە سەرنجی هەموو جیهانی بۆ لای مەسەلەی کورد و خەباتی ڕزگاریخوازیی ئەم نەتەوەیە ڕاکێشابوو. زۆربەی دیپلۆماتەکانی ئێستای ڕۆژئاوا کە وەک نوێنەری وڵاتەکانیان لە کوردستانی ئێراقن، باسی ئەوەیان کردووە کە لەڕێگەی شەهید قاسملوو ئاگاداری مەسەلەی کورد بوون. بۆ نموونە لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنسولگەریی فەڕانسە لە شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان، بێرنارد کۆشنێر وەزیری دەرەوەی پێشووی فەڕانسە، وتارەکەی بەم شێوەیە دەسپێکرد:" بە یادی عەبدولڕەحمانی قاسملوو کە کورد و کوردستانی بە من ناساند!"

هەروەها فردریک تیسۆ سەرکونسولی پێشووی فەڕەنسا لە هەرێمی کوردستان لە چاوپێکەوتن لەگەڵ کوردستان تیڤی دەڵێ:" زۆربەی ئوروپایی و سیاسەتمەدارە ئوروپاییەکان لە ڕێگەی ناسینی قاسملووەوە سەرنجیان داوەتە مەسەلەی کورد".

**قاسملوو ڕێبەرێکی کوردستانی بوو. ئەو هەمیشە پێداگریی لەسەر دوو پرەنسیپی سەرەکی دەکرد کە بریتین لە:**

١- دەستێوەرنەدانی حیزبەکانی بەشەکانی کوردستان لە کاروباری نێوخۆیی یەکتر.

٢- یەکگرتوویی و هاوکاری هەموو حیزبە کوردستانییەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردستان.

دەستێوەرنەدانی حیزبەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، بەم واتایەیە کە قاسملوو بڕوای وابوو کوردی هەرکام لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، باشتر دەتوانن بۆ ئەو بەشە بڕیار بدەن و هەروەها دوکتور قاسملوو بە باشی دەیزانی کە بەبێ یەکگرتوویی، کوردەکان هیچ کات ناتوانن سەربکەون. ئەو بە سەرنجدان بەوە کە مێژووی کوردستانی بەباشی دەزانی، ئاگاداری خاڵی لاوازی کوردان واتە نەبوونی یەکگرتوویی بوو و توانی لە سەردەمی ڕێبەرایەتی خۆیدا لاپەڕەیەکی زێڕین لە یەکگرتوویی کوردەکان تۆمار بکا. دەزانین کە لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی ئەودا چۆن پێشمەرگەکانی دوو حیزبی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانی ئعراق و حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیە، شانبەشانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرەکانی شەڕ بە دژی کۆماری ئیسلامی شەڕیان دەکرد و تەنانەت لەم ڕێگەیشەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە پێشمەرگەکانی ئەو دوو حیزبە شەهید بوون.

ئەم توانایییە لەڕادەبەدەری قاسملوو تا ئەمڕۆش لەنێو حیزبە کوردستانییەکانی هیچ یەک لە بەشەکانی کوردستان نابینرێ لەحاڵێکدا قاسملوو ٣٠ ساڵ لەمەوبەر بە ئاسانی ئەم یەکگرتووییە پیرۆزەی نێوان ڕۆڵەکانی کوردی پێک هێنابوو.

قاسملوو لە هەمان کاتدا کە یارمەتی حیزبەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانی دەکرد، هەر لەو کاتیشدا کەڵکی لە پێگە و کەسایەتی خۆی بۆ چارەسەری کێشەی کورد وەردەگرت. بۆ نموونە هەوڵی دەدا مەسەلەی کورد لە ئێراق لە ڕێگەی ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکا و لەم پێوەندییەدا دەتوانرێ ئاماژە بە بە چاوپێکەوتنەکانی هەیئەتی یەکیەتیی نیشتمانی بە ڕێبەرایەتی جەلال تاڵەبانی لەگەڵ حکوومەتی بەعسی عێراق بە ناوبژیوانی دوکتور قاسملوو بکرێ.

زۆرکەس ڕەخنە لە پێوەندیی حیزبی دێموکرات و خودی دوکتور قاسملوو لەگەڵ حکوومەتی پێشووی عێراق دەگرن، بەڵام بەڵگە و نیشانەکان هەموویان دەرخەری کەسایەتی تەواو سەربەخۆ و بێهاوتای دوکتۆر قاسملوو لە بڕیاردانەکانی لەم پێوەندییەدان.

لەکاتێکدا کە حیزبی بەعسی عێراق شاری هەڵەبجەی بۆمبارانی شیمیایی کرد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی قاسملوو کە ئەوکات لە ناوچە سنوورییەکان جێگیر بوون و خەریکی بەربەرەکانی و خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی بوون، بە توندی ئەم کردەوەیەی دەوڵەتی عێراق و حیزبی بەعسی ئیدانە کرد. کارێک کە لەوانەیە کەمتر حیزب و ڕێکخراوێک لەو سەردەمدا غیرەتی ئەنجامدانیان هەبوو.

مەحموود عوسمان سیاسەتمەداری باشووری کوردستان و ئەندامی پەرلەمانی عێراق دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعسی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ دوای ئاشکرابوونی بەڵگەنامەکانی دەزگای زانیاری عێراق دەڵێ:" زۆرکەس وایان دەزانی ئەگەر ڕۆژێک بەڵگەنامەکانی دەزگای زانیاری عێراق ئاشکرا بن، بەڵگەکانی هاوکاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەعس دەبیننەوە! بەڵام ئێستا دەوڵەتی ئێراق نەماوەو هەموو ئەم ئاشکرا بوون، بەڵام شتێک کە لە حیزبی دێموکرات بەدەست کەوتووە، نیشاندەری نەبوونی هاوکاری لەگەڵ بەعسە و تەنانەت لە زۆر بابەتدا حیزبی دێموکرات بەرژەوەندییەکانی خۆی فیدای بەرژەوەندیی کوردەکانی عێراق کردووە و ئەمە شانازییەکی گەورە بۆ هەموو کورد و حیزبی دێموکرات".

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانە، کەسایەتیی کوردستانیی و نەتەوەیی دوکتور قاسملوو و ڕۆڵی دیاریکەر و چارەنووس سازی ئەو بۆ هەمووان دەردەکەوێ و بەم هۆیەوە دەتوانرێ نەک وەک ڕێبەری حیزبێک و بەشێکی کوردستان، بەڵکوو وەک ڕێبەرێکی کوردستانی باسی بکرێ.

دەبێ یەکێک لە تاڵترین کۆمێدییەکانی مێژوو بێ کە بکوژانی یەکێک لە بەئەخلاقترین ڕێبەرانی ئازادیخوازیی نەتەوەیەک لەبەر بێئەخلاقییەکانی حیزبی دەسەڵاتداری ئەوکاتی وڵاتێک بەبێ دادگایی کردن و هیچ چەشنە کێشەیەک بۆ وڵاتەکەیان بگەڕێنەوە. لەم پێوەندییەدا وا باشترە ئاماژە بە قسەی خاتوو نەسرینی قاسملوو بکرێکە دەڵێ:" بەرپرسانی ئۆتریشی تەنیا بەئەدەب بوون و تەواو..."

لە بیست و پێنجەمین ساڵڕۆژی تیرۆری کەسێک کە هەمیشە و لە هەر بارودۆخێکدا پابەندی بنەما ئەخلاقییەکان لە خەبات بە دژی دیکتاتۆری ئاخوندی بوو، ڕێز لە یادی بگرین‌و ئەم جینایەتە دژە مرۆییە مەحکووم بکەین. بە ئاواتی ڕۆژێک کە بکوژانی ئەم ڕێبەرە لە دادگا

خەڵکییەکاندا دادگایی بکرێن و بە سزای کردەوکانیان بگەیەندرێن.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١١ی جوولای ٢٠١٤

## ٢٢ی پووشپەڕ، ڕۆژی مەحکوومکردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی

قادر وریا

له ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ (٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨) دا، د.عەبدوڵڕەحمان قاسملوو،سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکرات، لە ڤییەن کەوتە بەردەسرێژی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی. تیرۆری ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ی ڤییەن، یەکەمین و تەنانەت دوایەمین تیرۆری دەوڵەتی نەبوون کە کۆماری ئیسلامی ئەنجامی دابوون. بەڵام لە نێو ڕۆژ و بۆنە تاڵەکانی مێژووی ئەم سێ دەیەی دوایی دا، ڕۆژی "٢٢ی پووشپەڕ" و بیرەوەریی «تیرۆری د. قاسملوو» بوون بە دەرفەتێک بۆ نارەزایەتی دەربڕینی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم ڕۆژە و لە بیرەوەریی تیرۆری د.قاسملوودا نەک تەنیا ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات، بەڵکوو خەڵکی غەیرە حیزبی بەڵام خەباتگێر و بە هەڵوێستیش، هەروەها لایەنگرانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە و کۆمەڵانی خەڵکی ئاساییش، هەڵوێست دەگرن، یەکگرتووانە بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی دەردەبڕن، یادی د.قاسملوو و خزمەتەکانی بەرز رادەگرن و وەفاداریی خۆیان بە ڕێگاکەی ئەو، کە ڕێگای ڕزگاریی گەلی کورد و نەمانی ستەم و چەوسانەوەی جۆراوجۆرە، دووپات دەکەنەوە.



بۆ دۆزینەوەی هۆی قبووڵکرانی ٢٢ی پووشپەڕ وەک ڕۆژی مەحکوومکردنی تیرۆریزمی دەولەتیی کۆماری ئیسلامی،دەبێ لە سەر دوو بابەت راوەستین.یەکەمیان چییەتیی پیلانێک کە بۆ تیرۆری د.قاسملوو ڕێک خرابوو، دووهەمیش گەورەیی کەسایەتی و بۆچوونەکانی د.قاسملوو. وێڕای ئەم دوو بابەتەش،دەبێ فاکتەری سەرهەڵدان و دروستبوونی روانینی نەتەوەیی و سەرووی حیزبیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بیر نەکەین کە لەوەڕێخستنی هەڵوێستی نەتەوەیی و گشتگیر، لە نێو گەلەکەمان دا جێگای خۆی هەیە.

راستییەکەی ئەوەیە شەهیدکرانی د.قاسملوو و هاورێ عەبدوڵڵا قادری ئازەر لە سەر مێزی وتووێژ ئەم تیرۆرەی تا رادەیەکی زۆر لە تیرۆرە سیاسییەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی، جیا کردۆتەوە. راستە ئەوانی دیکەش، هەر کردەوەیەکی تیرۆریستیی و مەحکووم بوون و بە هۆی ئەوانەوە زەبر لە هێزی خەباتکار و کەسایەتیی تێکۆشەر و بەتوانا دراوە، بەڵام کەڵکوەرگرتنی کۆماری ئیسلامی لە تاکتیکی وتووێژ و قۆستنەوەی نیازپاکیی د.قاسملوو بۆ نیازێکی چەپەڵ، قوبحی ئەو تاوانەی لە هەموو سنوورێک تێپەڕاند. لێرەدا مەسەلەکە هەر ئەوە نییە کە تیرۆرەکە، تیرۆرێکی دەوڵەتییە، هەر ئەوەش نییە کە لە بەرزترین ئاستی دەوڵەت و نیزامی کۆماری ئیسلامی دا نەخشەی تیرۆری د.قاسملوو دارێژراوە و بەڕێوەچووە، بەڵکوو پێشێلکردنی عورف و ئەخلاقی سیاسی بە زەقترین شێوەش، لە پشت تاوانەکە دەبینرێ و سەرجەمی ئەوانە بە یەکەوە بوون بە هۆی بریندارکردنی ویژدانی گشتیی و غورووری نەتەوەیی خەڵکی کوردستان.

کەسایەتیی بەرزی د.قاسملوو و دیموکراتیک و ئینسانی بوونی بیروبۆچوونەکان و باوەڕی بە دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد، و شەهیدبوونی لەم پێناوەدا، بیرەوەریی تیرۆری ئەو ڕێبەرە و تووڕەیی لە پیلان و تاوان بۆ لە نێوبردنی ئەوی لە حافیزەی نەتەوەکەی دا، بە نەمری هێشتۆتەوە. راستە د.قاسملوو لە کاتی شەهیدکرانی دا سکرتێری گشتیی حیزبێکی سیاسیی خەباتگێربوو، بەڵام لەو کاتەدا کە بەرامبەر بە

# ٢٥ شەهیدانی وییەن

ناردراوانی ڕێژیمی تاران لەسەر مێزی بەناو وتووێژ دانیشتبوو، نوێنەرایەتیی پرسی ڕەوای نەتەوەیەکی دەکرد، ئەو تیرۆریستانەش کە کۆماری ئیسلامی لە بەرگی دیپلومات و بە رواڵەت بۆ وتووێژ لەگەڵ د.قاسملوو ناردبوونی، بە سێرەگرتن لە دڵ و مێشکی ئەو کەسایەتییە، بە خەیاڵی خۆیان، دەیانەویست مێشک و چاوی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیەک بپژێنن. هەر بۆیە خەڵکی کوردستان، تیرۆری ڤییەن بە شتێکی گەورەتر لە کوشتنی چەند کەسی خەباتکار، بە سووکایەتی بە نەتەوەیەک دەزانن و ئامادە نین لەم سووکایەتییە خۆش بن.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە قاسملوو و پوشپەریان کردوە بە ڕەمزێکی نەتەوەیی و خەباتگێرانە، وەک گوترا ئەو تێگەیشتنە نەتەوەیی و خەباتگێرانە بەرزەیە کە بە خۆشییەوە لە نێو نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، سەری هەڵداوە. هەتا دێ ئەم تێگەیشتنە لە نێو خەڵکی کوردستاندا بەهێزتر دەبێ کە خەبات و بەربەرەکانێ دژی ڕێژیمێکی زۆردار و دڕندەی وەک کۆماری ئیسلامی پێویستیی بە یەکیەتی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی و یەکهەڵوێستی هەیە. ئەم ڕاستییەش دەخوازێ کە بە سەر سنوور و چوارچێوە حیزبی و ڕێکخراوەیی‌یەکاندا، زاڵ بن و د.قاسملوو و ٢٢ی پووشپەڕ نەک وەک مڵک یا پرسی حیزبی دیموکرات، بەڵکوو وەک پرسی خۆیان چاو لێ بکەن. هەر بۆیە حیزبی دیموکراتیش، نارەزایەتیدەربڕینی ٢٢ی پووشپەڕی هەموو ساڵێک، نەک وەک چالاکیی حیزبی بەڵکوو وەک ململانیی نەتەوەیەک لەگەڵ ڕێژیمێکی زۆردارو دژە کورد، چاو لێ دەکا. ململانێیەک کە دەبێ سەرئەنجام کورد تێیدا سەربکەوێ.

لە ژمارە ٦٣٥ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١١ی جوولای ٢٠١٤



# ٢٥ شەهیدانی وییەن






**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی : رەحمان نەقشی**

*گەلاوێژی ٢٧١٤ی کوردی - جوولای ٢٠١٤ی زایینی*